# هارۆن ئەلڕەشید



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# هارۆن ئەلڕەشید

## شانۆنامە

نووسینی:

**موکری**



کتێب: هارۆن ئەلڕەشید – شانۆنامە
نووسینی: موکری
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٠٦
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی دووەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٧٦٢)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# پێشەکییەکی پێویست

بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیە سوودم لە گەلێ سەرچاوەی مێژوویی وەرگرتووە. لێرەدا ناوی هەندێ لەو سەرچاوانە دەنووسم، چونکە زۆربەی سەرچاوەکان، لەمەڕ هەندێ، لە ڕووداوە مێژووییەکانەوە یەک شت دەڵێن، بۆیە پێم چاکە ناوی زۆربەیان ڕیز نەکەم...

هەروەها گەلێ سەرچاوەی دی هەن دەبا سەرنجم دابان بەڵام بەداخەوە دەستم نەکەوتن... ئەوەی گرنگە لێرەدا بۆ خوێنەری هێژای ڕوون کەمەوە ئەوەیە کە من یەک لایەنی زاڵی هارون ئەلرەشیدم هەڵبژاردووە، ئەویش حەزی بەخوێنڕشتن و زوڵمکردن و قەتڵ و عامی بەرمەکییەکان و عەلەوییەکان بوو... ئەڵبەتە ئەو قۆناغەی هارون حوکمی تیا دەکرد قۆناغێکی ناسک و وەرچەرخاندنە لە نێو خەلیفەکانی ئالی عەباس... ڕەنگە سۆنگەی ئەم وەرچەرخاندنەش بگەڕێتەوە بۆ بەرمەکییەکان و هاندانیان بۆ تەرجەمە کردن...

لە ماوەی حوکمڕانی هاروندا گەلێ کاری چاک کراوە بەڵام من بەئەنقەست فەرامۆشم کردو لایەنە زاڵەکەم هەڵبژارد...

ئەوەی کە گرینگە بیڵێم ئەمەیە:

لە هەموو سەرچاوەکان زیاتر، ئەم کتێبە زیاترین سوودی پێ گەیاندم: (هارون ئەلرەشید وشب سرخ بغداد) ناوی نووسەرەکەیشی خەسرەوی موعتەضیدە.



لە پاڵ ئەم کتێبەوە ئەم سەرچاوانەش کەم تا زۆر سوودیان لێ وەرگیراوە.

١- العصر العباسي الأول: دراسة في التاريخ السياسي والاداري والمالي: الدكتور عبدالعزيز الدوري/ ١٩٤٥ مطبعة التفيض الأهلية.
٢- أبو الحسن علي بن حسين المسعودي- مروج الذهب جلدی دوو.
٣- محەمەد بن جرير طبری جلد ١٢ ل٥٢١٥,
٤- تأريخي يعقوبي (أحمد بن أبي يعقوب) إبن واضح يعقوبي جلد دوو ل ٤٠٦ .
٥-الكامل- عزالدين على بن الأثير جلد ٢ ص ٤٥-٤٧ .
٦- بلعمي ل ١١٨٢.
٧- تأريخ الرسل والملوک/ طبری- ترجمه أبوالقاسم پابنده- جلد دووەم- تهران ص ٧٥٥.
٨- د. ر. ناث و پرۆفیسۆر گلدزیهر- إسلام در ایران (شعوبیه) مقاومت ملی ایران.
٩- ویل دورانت- تأریخ تمدن- عصر إیمان- جلد دووەم- تمدن إسلامی- ترجمهء أبوالقاسم پابنده-تهران ٧٢-٧١.
١٠- سریل الکوڤر- تأریخ پزیشکی ایران- پیشین
١١- أبو حەنیفە أحمد داود دەینوری - اخبار الطوال - ترجمهء - دکتر محەمەد مهدی دامغانی - تهران ل٤٢٨.
١٢- برگزیده الأغانی - أبو الفرج الاصفهانی - جلد دووەم ص٢٨١.
١٣- جرجی زیدان - تأریخ تمدن إسلام ترجمهء علی جواهر کلام/ تهران - امیر کبیر- جلد اول ص ١٤٩٠.
١٤- تأریخ طب إسلامی - ئەدوارت براون - ترجمهء - مسعود رجب نیا.
١٥- إبراهيم ايوب - التاريخ العباسي السياسي والحضاري - الشركة

العالمية للكتاب.
١٦- هارون الرشيد د. أحمد أمين بگ.
١٧- إبن الاثير.
١٨- رسالة در تأريخ أديان - مير چاليادة - ترجمةء - جلال ستارى سروش - تهران ١٣٧٢.
١٩- المرزباني - معجم الشعراء.
٢٠- د. عبدالمنعم الحفني - موسوعة الطب النفسي.
٢١- إبن المعتز - طبقات الشعراء.
٢٢- إبن الاثير - الكامل في التاريخ.
٢٣- العيارون والشطار البغادرة في التاريخ .
٢٤- إبن قتيبة - الشعر الشعراء.
٢٥- د. فيليب حتى - تأريخ العرب.
٢٦- العميد الركن نزار أبوسعيد - رجل وامبراطوريتان.
٢٧-إبراهيم ايوب - التاريخ العباسي السياسي والحضاري - الشركة العالمية للكتاب.
٢٨- إبن كثير - البداية والنهاية.
٢٩- د. شوقي ضيف - العصر العباسي الأول.
٣٠- د. محمد أحمد عبدالمولي.
٣١- المقدسي ج٦ ص ١٠٤.
٣٢- الجهشياري ص ١٩٠.
٣٣- المقريزي.
٣٤- دائرة المعارف الاسلامية ج١ ص ٦٦٤.
٣٥- مقدمة إبن خلدون (طبعة مصطفى محمد عن طبعة بيروت).



٣٦- براون ج١ ص ٢٥٩.
٣٧- الفخري ص ١٥٦.
٣٨- العباسة أخت الرشيد/ جرجي زيدان.
٣٩- قورئانی پیرۆز.

جگە لەوەی، چەندین جار ئەم سەرچاوانە دووبارە دەبنەوە. ئەم سەرچاوانە تەنها بۆ ڕووداوە مێژووییە گرینگەکانە دەنا من خۆم بەرپرسیرم لە ئاست دراماو کارە هونەرییەکانی دی و بەبۆچونێکی دییەوە سەرنجی ئەو قۆناغە و ئەو ئەشخاسانەم داوە.

هەروەها هەندێ ناو هەن گۆڕیومن چونکە بۆ زمانی کوردی قورسن وەک ابو عصعە - یا أبو البحترى - یا مهەلبیە... ماوەتەوە ئەوە بڵێم، هەر لە ئێستاوە سوپاسی ئەو قەڵەمانە دەکەم کە هەڵەکانی ئەم دەقە شانۆییەم بۆ ڕاست دەکەن.

# کارەکتەرەکانی ئەم شانۆنامەیە

١- هاڕونی یەک - هاڕون ئەلڕەشید.

٢- هاڕونی دوو - جمکی هاڕون ئەلڕەشیدە، هەر لە نێو سکی دایکیا هاڕونی یەکەم خواردوویەتی و لە ناخی خۆیدا پەروەردەی کردووە... ئەو ڕۆژەی هاڕونی یەکەم دەمرێ - ئەم وەکو هەڵمی لە چاوەکانییەوە دێتە دەرێ و قەد و قەوارەی خودی هاڕونی یەک وەردەگرێ.

٣- خەیزەران: دایکی هاڕونە.

٤- زوبەیدە: ژنی هاڕونە.

٥- هادی: برای هاڕونە و بەر لە هاڕون خەلیفەیە.

٦- یەحیای بەرمەکی: یەکە پیاوی جێی متمانەی هاڕونە وەک سەرۆک وەزیرانی ئەمڕۆ وایە.

٧- جەعفەر: کوڕی یەحیای بەرمەکییە - سیاسەتمەدارە.

٨- فەوزل: = = = کاروباری دارایی پێیە.

٩- مووسا: = = = کاروباری سەربازی.

١٠- محەمەد: = = =.

١١- عەباسە: خوشکی هاڕون ئەلڕەشیدە.

١٢- فەریدە: کەنیزی عەباسەیە.

١٣- مونا: کەنیزی خەیزەرانە.

١٤- جەمیلە: = =.

١٥- عوتبە: = =.



١٦- عەبادە: = =.

١٧- مهتاب: = =.

١٨- ئەرمانوسە: کەنیزێکی ئەرمەنییە.

١٩- عەزیزە: ژنی هادییە.

٢٠- دوڕە: کەنیزێکە هاڕون بەدیاری بەخشیویەتی بە جەعفەر.

٢١- أبو قوەڕیش: پزیشک.

٢٢- جبریل بەختیشوع: پزیشکی تایبەتی هاڕونە.

٢٣- مسرور: جەلادی هاڕون.

٢٤- یاسر: = =.

٢٥- قارون: کەنیز فرۆش.

٢٦- عەبدولمەلیک: ئامۆزای هاڕونە.

٢٧- کەسائی: مامۆستای ئەمین و مەئمون.

٢٨- عەبدوڵڵا بن مالک: سەرۆکی پۆلیسی خەفیە.

٢٩- فەزلی کوڕی ڕەبیع: سەرۆکی حەرەسە.

٣٠- یەحیا کوڕی عەبدوڵڵا: عەلەوییە و هاڕون بەدوژمنی خۆی دەزانێ.

٣١- سندی شاهک: پیاوی هاڕون والی بەسرەیە.

٣٢- قازی یەک: قازییە.

٣٣- قازی دوو: قازییە.

٣٤- چوار شەللاتی.

٣٥- تاهیر بن حسین: ئەفسەرێکە لە فەوجی مەرو.

٣٦- دووسەرباز.

٣٧- پاسەوان.

٣٨- چەند خولامێک.

٣٩- چەند کەنیزێ دەوری پەری وەردەگرن.

# بەشی یەکەم

## دیمەنی یەک

*(هێشتا پەردەی شانۆ لانەدراوە، بەدەنگی بەرز سێ جار هاوار دەکرێ)*

خوێن... خوێن... خوێن

دە بیارە... دە بیارە... بیا

*(پەردە لادەدرێ، دیمەن بیابانە)*.

هاڕونی دوو: (دوو دەسکی دارە مەیتێکی لەسەر شانە دوو دەسکەکەی دیشی لەسەر ئەرزە و ڕایدەکێشێ).

هاڕونی یەک: (لە نێو تابووتەکەیدایە... تابووتەکە بزمار ڕێژ کراوە).

هاڕونی دوو: (لە قوولایی شانۆوە دێتە پێشێ).

هاڕونی یەک: (لە نێو تابووتەکەوە) خوێن... خوێن... خوێن

دە بیارە... دەبیارە... بیا...

هاڕونی دوو: (بەتووڕەییەوە تابووتەکە لەسەر شانی خۆی بەردەداتەوە، پێلەقەیەک دەداتە سەر ئەو شوێنەی تابووتەکە کە دەمی هاڕونی یەکی تێدایە).

بەسە... بەسە...

تێر نەبوویت...؟

(لاسایی هاڕونی یەک دەکاتەوە و بەهەمان ڕیتم).

خوێن... خوێن... (بەتووڕەییەوە) هیچوپووچ... تێر نەبوویت!؟



هاڕونی یەک: (لە ناو تابووتەکەوە). نەخێر تێرنەبووم هەموو دەریاکانیش ببن بە خوێن تێرم ناکەن.

هاڕونی دوو: لە مردنیشتدا، هەر تێنوی خوێنیت؟

هاڕونی یەک: نەمردووم!

هاڕونی دوو: بەمردوویی... درۆ دەکەی؟

هاڕونی یەک: گوتم نەمردووم!

هاڕونی دوو: چل ڕۆژی ڕەبەقە، ئەم جەستە بۆگەنەت لە نێو ئەم تابووتەدایە... لەسەر شانمی و پەلەکێشت دەکەم...

هاڕونی یەک: تابووتەکە خاڵییە!!

هاڕونی دوو: لە ژیاندا هەندت درۆ کرد... بەمردووییش هەر درۆ دەکەی...

هاڕونی یەک: گوتم: یەکەم نەمردووم. دووهەم: تابووتەکە خاڵییە.

هاڕونی دوو: (بەدەوری تابووتەکە دەسووڕێتەوە، بەتووڕەییەوە) ئەی ئەم بۆگەنییە چییە...؟ کاس بووم. چ بۆنێکی پیست هەیە...

چل ڕۆژە... هەر ڕۆژەو گۆڕێکت بۆ هەڵدەکەنم... ئاە... هەر کە دەمەوێ لە گۆڕت نێم... گۆڕەکە یاخی دەبێ خۆی پڕ دەکاتەوە... ئەمە چل ڕۆژە... چل گۆڕم بۆ هەڵکەندوویت...

هاڕونی یەک: گوتم نەمردووم!! منیش وەکو تۆم.

هاڕونی دوو: وەکو من؟

هاڕونی یەک: بەڵێ.

هاڕونی دوو: (بەتووڕەییەوە پێلەقەیەک دەکێشێتە سەر ئەو شوێنەی تابووتەکە - کە دەمی هاڕونی یەک - ی تێدایە) ئەم درۆ زلە چییە؟ کەی تۆ وەکو منی کەس وەکو من نییە... ڕاستتر کەس وەکو من و تۆ نییە... کەس وەکو من و تۆ نەبووە... باوەڕ ناکەم بشبێت.

من و تۆ هەردووکمان، لە سکی دایکێکدا جمک بووین... هەر لە نێو منالّدانی ئەو دایکەدا... تۆ منت خوارد...

هارِونی یەک: گەر ئەمەم نەکردبا... تۆ منت دەخوارد.

هارِونی دوو: وانییە!

هارِونی یەک: قەدەر وای کرد... ڕاستتر وای دەخواست.

هارِونی دوو: دیسانەوە وانییە.

هارِونی یەک: با... وایە... قەدەر.

هارِونی دوو: قەدەر... قەدەری چیتە؟ تۆ کەسێکی مردوویت!

هارِونی یەک: نەمردووم... دەبا هەر لە مندالّداندا بتخۆم... دەنا تۆ منت دەخوارد.

هارِونی دوو: وانییە.

هارِونی یەک: با... ئەگەر قابیل بکوژەکە نەبا، ئەلّبەت هابیل دەبووە بکوژ.

هارِونی دوو: لە شتێ دەدوێیت من تێناگەم.

هارِونی یەک: ناحەقت نییە... دەبا یەکێکمان لە بری ئەوی دی چێژی گوناهی خوێنی خۆمژین بکات.

هارِونی دوو: تێناگەم.

هارِونی یەک: دەلّێم بوونی هەریەک لە ئێمە زەروور بوو... هەریەکەو دەوری خۆمان دەبینین...

هارِونی دوو: تێناگەم.

هارِونی یەک: دەبا بکوژو کوژراوێک لە یەک بۆتەدا کۆکرێتەوە...

هارِونی دوو: تێناگەم.

هارِونی یەک: (بەهێمنییەوە) تۆ نەمردوویت!

هارِونی دوو: (بەبێ حەوسەلّەییەوە) بەلّام تۆ ئێستا مردوویت.



هارِونی یەک: نەخێر.

هارِونی دوو: پێم دەلّێی: تۆ نەمردوویت! تۆ نەتهێشت ڕۆشنایی ببینم... تۆ منت خوارد...

هارِونی یەک: ...گوتم نەمردوویت... لە نێو ناخمدا دەژیایت... وەکو من بالّات دەکرد، گەورە دەبووی... چێژت وەردەگرت... تووڕە دەبووی... بزەت هەبوو... دەشگریایت...

هارِونی دوو: دەلّێم ڕۆشنایی ژیانم نەبینی...

هارِونی یەک: من لەجیاتی تۆ بینیم... لەباتی تۆ ژیاوم...

هارِونی دوو: (بەتووڕەییەوە) نەخێر لەباتی من نەژیایت... تۆ بۆ خۆت ژیایت... بۆ خۆیشت مردیت... من ئێستا تەمەنم چل ڕۆژە... ژیانی من لەگەلّ مەرگی تۆدا دەستی پێکرد.

هارِونی یەک: (بەدەنگی بەرز پێدەکەنێ).

هارِونی دوو: پێمەکەنە... ئەو ڕۆژەی تۆ مردی... دەیان کەس بەدیار سەرتەوە بوون... من وەک هەلّمێ لە نێو چاوەکانتەوە هاتمە دەرێ... ئەم قەد و قەوارەیەم وەرگرت... هەموو ئەو کەسانەی بەدیار تەرمەکەتەوە بوون... هەموویانم دەبینی زۆربەیانم دەناسی... کەچی ئەوان هەستیان بەبوونی من نەدەکرد... قسەکانی ئەوانم دەبیست... ئەوان وەک نەیاندەبینم، نەیاندەژنەوتم...

هارِونی یەک: (بەدەنگی بەرزتر پێدەکەنێ).

هارِونی دوو: پێمەکەنە...لەگەلّ حەشاماتەکەدا، کەوتمە دووی تەرمەکەتەوە... لە گۆڕیان نایت... دەوروبەریان چۆلّ کردی... تەنها من بەدیار گۆڕەکەتەوە مامەوە (دەم دەنێتە سەر تابووتەکە، ئەو شوێنەی گوێی هارِونی یەکی تێدایە) گوێت لێمە؟

هارِونی یەک: (پێدەکەنێ).

هاڕونی دوو: (بەتووڕەییەوە) دەڵێم گوێت لێمە؟

هاڕونی یەک: (بەپێکەنینەوە) چاکم گوێ لێیە... قسەکانت تەواوکە!

هاڕونی دوو: ئاگات لێ بوو. (بەترسەوە) چ دەنگێکی زل لە گۆڕەکەتەوە هەڵسا...

هاڕونی یەک: دەنگێکی ئاسایی بوو...

هاڕونی دوو: نەخێر... دەنگێکی زل بوو، بەتووڕەییەوە نەڕاندی بۆ دەرەوە... گۆڕەکەت دەمی داچەقاند تووڕی هەڵدایتە دەرێ...

هاڕونی یەک: (پێدەکەنێ).

هاڕونی دوو: پێمەکەنە... گۆڕەکەت، بەپەلە خۆی پڕ کردەوە.

هاڕونی یەک: (هەر پێدەکەنێ).

هاڕونی دوو: ئیدی گۆڕەکەت پێکەنی بەدەنگی بەرز پێدەکەنێ گەلێ پێکەنی. بەمنی گوت: چیدی ئەم بۆنە پیسە هەراسانم ناکات!

هاڕونی یەک: زانی نەمردووم، بۆیە هەڵیدامە دەرێ.

هاڕونی دوو: (ڕوو لە بینەران دەکات) باوەڕی پێمەکەن، لە ژیانیشیدا هەر درۆزن و فێڵباز و خوێنڕێژ بوو... ئەمە (دەست بۆ ناو تابووتەکە درێژ دەکات) ناوی هاڕونە... منیش ناوم هاڕونە... ئێستا چل ڕۆژ لە چل و پێنج ساڵ و چەند ڕۆژ و مانگێک دەرکەن... بێجگە لەم چل ڕۆژە... سەرلەبەری تەمەنی (دەست بۆ تابووتەکە دەبات) ئەم هاڕونە گۆڕستانی من بوو... گۆڕستانێکی گەڕۆکی من بوو...

هاڕونی یەک: (بەهێمنییەوە) ئێستاش دەورەکانمان گۆڕیوەتەوە... تۆ گۆڕستانی منی... (بەتووڕەییەوە) بگەڕێ... بسووڕێوە... بگەڕێ.

هاڕونی دوو: ئەوا چل ڕۆژە دەگەڕێم... دەسووڕێمەوە... من گۆڕستان نیم... بەڵام لە گۆڕستانێ دەگەڕێم، ئەم جەستەیەتی پێ بسپێرم.

هاڕونی یەک: (بەدەنگی بەرز پێدەکەنێ).



هاڕونی دوو: پێمەکەنە...

هاڕونی یەک: خۆت ئەزیەت مەدە...

هاڕونی دوو: بۆ؟

هاڕونی یەک: دەڵێم بستە زەوییەک نادۆزیتەوە... قایل بێت... بیێتە گۆڕم...

هاڕونی دوو: لەبەر بۆگەنی و پۆخڵێت؟

هاڕونی یەک: نەخێر... لەبەر ئەوەی نەمردووم...

هاڕونی دوو: (پێدەکەنێ) بەبەرچاوی خۆمەوە مردی... هەر مردنەکەی تۆ بووە هۆی ئەوەی من ڕۆشنایی ببینم...

هاڕونی یەک: (پێدەکەنێ).

هاڕونی دوو: لە گۆڕیان نایت...

هاڕونی یەک: (پێدەکەنێ).

هاڕونی دوو: شینیان بۆ گێڕایت... فرمێسکی ساختەیان بۆ ڕشتی!

هاڕونی یەک: ئەمانە ڕاستن... بەڵام من نەمردووم!

هاڕونی دوو: (بەسەرسوڕمانەوە بەدەوری تابووتەکە دەسووڕێتەوە و پێدەکەنێ).

هاڕونی یەک: وەک ئەوەی چۆن من تۆم خوارد، تۆ نەمردی ئێستایش ئاوها...

هاڕونی دوو: (قسەکەی پێ دەبڕێ ڕوو لە بینەران دەکات) سەیرکەن، مردوو قسان دەکات... مردووە... تێنووە، داوای خوێن بارین دەکات چل ڕۆژە، ئۆقرەی لەبەر بڕیوم،... هەموو ڕۆژێ (لاسایی دەکاتەوە) خوێن... خوێن... خوێن... ئەم (دەست بۆ تابووتەکە دەبات) خوێنڕێژە لە خوێنی منەوە دەستی پێکرد... سەیرکەن، بزانن چۆن بووە خەلیفە... چۆن خوێنی دەمژێ... چۆنیش...؟.

## دیمەنی دوو

*(نهۆمی دووەمی کۆشکێکی مەزنی، خەیزەرانە... هۆڵێکی بەرین، بانێژەیەکی، بەرینتر، هۆڵەکە گەلێ ڕازاوەیە چەندین شمشێر و قەڵغان بەدیوارەکانییەوە، هەڵواسراون چەندین فەرشی نایاب ڕاخراوە... چەند دەرگایێکیش بەلای ڕاست و چەپی هۆڵەکەدان)...*

خەیزەران...

جەمیلە...

مونا...

مەهتاب...

خەیزەران : (وەک ئەوەی لەمێژە سەرگەرمی گفتوگۆییێک بن، بەتووڕەییییەوە) ئەو کچە تیوە ئەحمەقە زۆر دواکەوت... بێ ئەویش چ کارێکمان بۆ ناچێتە سەر...

مونا: (بەچاپلوسییەوە) گەورەم، ئیزنم دەدەن جامێ شەڕابتان بۆ بێنم، تا دەمارگیری و کەم حەوسەڵەییییەکەتان خاو بێتەوە...

خەیزەران: (بەبزەیەکی تەوس ئامێزەوە)... شەڕاب! نە... نە... لەبری ئەوەی شەڕابم بۆ بێنی هەوڵدە ئەرکەکانت وەجێ بێنە...

جەمیلە: خانمی گەورەم.

خەیزەران: تۆ بێدەنگ بە... دەزانم ئێستا دەڵێی ئێمە بەدڵ و بەگیان فەرمانەکانی ئێوەمان جێبەجێ کردووە (لە ناو هۆڵەکە پیاسە



دەکات و لەپڕ دەوەستێ) مونای ئازیز... بلێ بزانم چم بۆ دەکەی؟

مونا: (بەبزەوە) دەست دەنێمە بنا قاقای (پەنچەکانی هەردوو دەستی لە گەردنی نادیاری گیردەکاتەوە) ئاوها ئا... ئاوها... تا نەیتاسێنم بەری نادەم...

خەیزەران: (قاقا پێدەکەنێ) جەمیلە ئەی تۆ چ دەکەی؟

جەمیلە: (باسکی وەکو قەفی گوریس لێ دەکات وەک ئەوەی بەرانبەر کەسێ وەستابێ، گوشار دەخاتە سەر گەردنی" ئا... ئاوها... بەم شێوەیە... بەدۆزەخی دەسپێرم).

خەیزەران: (سەر با دەدات) ئەو، گەردنی هەند ئەستوورە تۆ ناتوانی بەم دەستە ناسکانەت بیخنکێنی... ئەو هەندەی جوانە گایێک بەهێزە... بەرلەوەی گەردنی بشکێنن، گەردەنتان وردو خاش دەکات...
(جەمیلە و مونا، بەسەرسوڕمانەوە سەرنجی خەیزەران دەدەن).

مونا: (بەنازەوە) بە چەکە کوشندەکە لە نێوی دەبەین!

جەمیلە: (بەبزەییێکی مانادارەوە) بەوەو... بە شتی دیش.

خەیزەران: ئەم چەکە کوشندەیە مونا باسی دەکات و ئەم شتی ترەی تۆیش یەک بگرن نەک جوانەگا بەڵکو فیلیش لە پێ دەخات.

مونا: (بەگەوجییەوە) بۆ هەموو پیاوێ؟

خەیزەران: بەڵێ، هەر هەمووویان، ئەوان بە ژنان دەڵێن عەقڵیان نوقستانە... ئێمەیش دەبێ بۆیان بسەلمێنین، عەقڵەکەیان لە کوێیە!!

جەمیلە: خانمی گەورەم ڕێم دەدەی پرسیارێ بکەم.

خەیزەران: (بەبێ هەمییەتییەوە) فەرموو...

جەمیلە: ماوەییێکە کەمحەوسەڵەیت... زۆرجاریش نیگەرانیت پێوە دیارە...

مونا: پێشتر بەبزەوە ئەمرت دەکرد، ئێمەیش وەک ئاو خواردنەوە، جێبەجێمان دەکرد... کەچی ئێستا...

خەیزەران: (قسەکەی دەبڕێ... بەوردی سەرنجیان دەدات) ئەمجارەیان، جیاوازە... ئەم دوژمنە سەرسەختە لەنێوبردنی هەروا ئاسان نییە...

مونا: پێم وایە لە ئاو خواردنەوە ئاسانترە...

جەمیلە: ئاسنت بۆ دەکەین بەهەویر.

خەیزەران: پەلە مەکەن... شەوی هەینی داهاتوو، ئێوە تووشی قورسترین ئەرک دەبنەوە... گەر سەرکەوتن ئەوە دەبێتە دوا ئەرکی ئێوە... لە کەنیزیش ئازاد دەبن.

مونا: دەڵێی پەلەتە... چ جارێ وا بەپەلە نەبوویت... پێت گوتووین: فرسەت هەڵبژێرن، گرنگ سەرکەوتنە... بۆ وەدەستهێنانی سەرکەوتنیش نابێ پەلە بکرێ...

خەیزەران: ئەمجارەیان جیاوازە... دەبێ پەلە بکەین... دەنا ئەو لە نێومان دەبات. (جەمیلە و مونا بەدەنگی بەرز پێدەکەنن).

مونا: یانی ئەوەندە بەهێز و دەسەڵاتدارە؟

خەیزەران: بەڵێ:

جەمیلە: (بەنازەوە) دەبێ ئەو دوژمنە کێ بێ؟!

خەیزەران: گەلێ بەهێز و خەتەرناکە... ئەگەر شەوی هەینی لە نێو نەچێت، ئیدی ئەوا هەرگیز لە نێو ناچێت...

جەمیلە: ناشێ وەزیرە سەگڕیشە موراهیقەکە بێ؟

خەیزەران: نەخێر...

مونا: خۆ ئەو شێخە عەرەبە نییە کە غەیرە عەرەب بەئینسان نازانێ!؟

خەیزەران: نەخێر... ئەو نییە...

جەمیلە: ڕەنگە سەرکردەی سوپا بێ!

خەیزەران: نەخێر...



مونا: ڕەنگە عەلەوییێک بێت بیەوێ دژ بەخەلیفەی کوڕتان کودەتا ڕێکخات...

خەیزەران: نەء.

جەمیلە: من و مونا، بەفەرمانی ئێوە تا ئێستا زیاتر لە چل گەورە پیاوی ناحەز بەدەوڵەتی عەباسیمان لە نێو بردووە... کەسیان وەک ئەم نهێنی ئامێز نەبووە، یەکسەر پێت گوتووین: ئەم جارەیان نۆرە هاتووەتە سەر فلانی کوڕی فلان... کەچی ئێستا زۆر بەجیاوازی قسە دەکەن.

خەیزەران: دەزانم... وەکو گوتم ئەمەیان جیایە.

(مونا و جەمیلە)، بەشێوەی سەماکردن ئەملاو ئەولای خەیزەران دەگرن، بەپەلە قسە دەکەن، لەگەڵ هەر کەلیمەیەکدا، جۆرە خۆبادانێ دەکەن. خەیزەرانیش بەدەنگی بەرز پێدەکەنێ...

مونا: یەکێکیانم بەقاوە، بەدۆزەخ سپارد (خۆی بادەدات).

جەمیلە: ژەهرم تێکەڵی خۆراکی کرد (خۆی بادەدات).

مونا: یەکێکیانم هەند مەست کرد، ئاگای لە خۆی نەما (خۆی بادەدات).

جەمیلە: ئەمەیان مەینۆش نەبوو، شووشەی هاڕراوم تێکەڵ بەقاوەو خۆراکەکەی دەکرد...

مونا: یەکێکیان گەلێ شانازی بەپیاوەتی خۆی دەکرد... وام لێکرد بەتەواوی خۆی خاڵی بکات... بەرەبەیان بەشەقیش هەڵنەدەستا... دوا ژەمم دەرخوارد دا... ئەو خەوەی خەوتەوە هەڵنەسایەوە... (مونا و جەمیلە بەچەپڵەڕێزان لەسەر ڕیتمی گۆرانی).

مونا: سەرکردەی پێشووی سوپا...

جەمیلە: من بەجوانی مەستم کرد...

مونا: من بەگۆرانی...

جەمیلە: مەستتر ببوو...
مونا: تۆیش بەسەما... من بەئاواز... ئەو شەوە... هەر ئەوشەوە... بۆ دۆزەخمان نارد (قاقا پێدەکەنن).
خەیزەران: (بەتووڕەییـیەوە) بێدەنگ بن (بەسەرسوڕمانەوە، هەردووکیان دەوەستن) ئەمەیان، مانەندی ئەوانەی پێشوو نییە. (بەپەلە)
ئەمەیان تێری شەڕابە... تێری ژنە... تێری هەموو مەستی و بەنگییەکە... تێری هەموو لەزەتەکانە... ئەمەیان... ئای... لەمەیان... چ ترسناکە... (بەترسەوە)
گەر سەرنەکەوتین، ئیدی من و ئێوە، هەرگیز ڕۆشنایی نابینینەوە... (بەپەلە)
ئەو خوێنە... ڕقە... کینەیە... دوژمنی منە... (مونا و جەمیلە بەترسەوە، سەیری یەکدی دەکەن...). (بەجدییـیەوە) ئێوە کاری خۆتان چاک دەزانن... دەشزانن چ کارێکی پیرۆز ئەنجام دەدەن... خوالێخۆشبووی مێردم مەهدی کە بڕیاری دەدا کەسێک لەنێو ببات، بەرژەوەندی وای دەخواست بەدزییەوە بیکوژێت... تا تایفە و عەشیرەتەکانیان وابزانن بەمردنی ئاسایی لەنێوچوون... منیش گەورەترین دوژمنی گیانی و سامانم بەئێوەی دەسپێرم...(هەندێ بێدەنگی) ئەو پیاوە عاشقی مەهتاب-ە... (بەبێ حەوسەڵەویی) نازانم ئەم مەهتابە... بۆ وا دواکەوت.
مونا: (بەڕاڕاییـیەوە) خانمی گەورەم، شتێ نارەحەتی کردووم... ئەویش ئەوەیە هەرگیز ئێوەم نەبینیوە نارەحەت بن. دەمەوێ بزانم، کێیە ئەو کەسە، وا ئێوەی نارەحەت کردووە... تا بۆ ئەو شوێنەی بنێرین، ئێوە ئاسوودەکات.
خەیزەران:( هەردوو دەستی دەخاتە سەرشانی مونا و جەمیلە، لە یەکیان نزیک دەکاتەوە، بەچپەوە شتێکیان پێ دەڵێ، جەمیلە و مونا



دەقیژێنن و بەسەر چۆکا دەکەون، ڕەنگ بەڕوویانەوە نامێنێ).
مونا: (دەلەرزێتەوە) زمانم بەبڕین چێ...
جەمیلە: (دەلەرزێتەوە) گوێیەکانم کەڕ بن...
مونا: (بەگریانەوە) خودان و سەروەری من پێدەچێ ئێوە گەلێ تووڕەبن...
جەمیلە: (بەگریانەوە) یا گەلێ ڕەنجابن... یا دەتەوێ ئێمە تاقی کەیتەوە (هەردووکیان لەسەر چۆک، باوەش بەئەژنۆکانی خەیزەراندا دەکەن).
خەیزەران: (دەست دەخاتە سەر مونا و جەمیلە، بەرزیان دەکاتەوە، بەئەوپەڕی خوێنساردییەوە) بێدەنگ بن و گوێ شلکەن... ئەم بڕیارە بۆ تاقیکردنەوەی ئێوە نییە...(دەست دەبات، قامچییەکی ئاوێزانی قەد دیوارێک، دەگرێتە دەست، چەند جارێ لە هەوادا ڕایدەوەشێنێ) بڕیارم داوە بکوژرێ... دەزانن کێ بڕیاری داوە؟ (مونا و جەمیلە بەترسەوە سەیری خەیزەران دەکەن).
مونا و جەمیلە: (بەلەرزەوە) خانمی خانمان، گەورەی ئێمەی بڕیار داوە...
خەیزەران: (بەئەوپەڕی دڵنیاییـیەوە) خەیزەرانی پڵنگە مێی بریندار... خەیزەرانی دەڵە گورگی کیبریا ء ڕووشاو بڕیاری داوە... ئەوەی بیستتان مەگەر گڵ لە دەمتان ببیستێ!! (مونا و جەمیلە ئیرادەیان بەسەر هەڵلەرزینی خۆیاندا نەماوە دەکەونە سەر پێیەکانی خەیزەران، بەگریانەوە ماچی دەکەن) تەمەنی بیست و شەش ساڵە... زیاتر لە چل کەنیزی جوانی بردووەتە حەرەمسەراکەی... هەموو هەفتەیەکیش یەک دوو کەنیزی دی دەکڕێ... مەینۆشێکی قەهارە... هەر لە بەیانییەوە، تا ئێوارە دەخواتەوە... مەست دەبێ ئیدی فەرمانی کوشتن و چاو هەڵکۆڵین دەردەکات...
جەمیلە: (هێشتا وڕو کاسە، بەلێوە لەرزەوە) خانمی گەورە... ئەو... گەلێ بەهێز و وەرزشکارە... بەچاوی خۆم بینیم، ئەسیرێکیان لەسنووری

ڕۆمەوە هێنایە بەر دەستی، بەشمشێر وەشاندنێ لە تەوقی سەرەوە، جەستەی کردە دوو کەرتەوە... بۆیە پێم چاکە بیر لەوە بکەنەوە. کە من و مونا دوو کچۆڵەین...

خەیزەران: (بەبێ ئەهمەتییەوە) مەبەستت؟

جەمیلە: (وڕوکاسە) هاوکاریمان بکەن.

خەیزەران: کێ؟

جەمیلە: ئەو دوو کەنیزەی دیش... با بەشداریمان بکەن.

خەیزەران: (بەتووڕەیییەوە) ئەگەر بمەوێ دەنگ و مقۆمقۆ بەرپاکەم، ئەوا فەرمان دەدەم بەغولامەکانم لەت و پەتی بکەن... بەلام نامەوێ، هیچ جۆرە گومانێک ڕێ بۆ دڵی ناحەزان خۆشکات... تەنانەت نامەوێ شوێنەواری هیچ شتێ بەجەستەیەوە دیاربێ...دەبێ ئێوە بەئەوپەڕی بێدەنگی و ئارامییەوە ڕوحی بکێشن...

جەمیلە: هەر بەزەهرە هیندییەکە؟

مونا: دەبێ دەرخواردی دەین... ئەمەیان وەکو ئەوانی دی نییە... ئەمەیان تێری ژنە... ئەمە لەگەڵ ئێمەدا نانوێت تا بەدەسماڵە ژەهراوییەکە...

خەیزەران: (بەبزەوە) باش بوو، خستتەوە بیرم... دەسماڵەکە دەدەینە مەهتاب...

جەمیلە: ژەهرەکە لە ڕێی خۆراکەوە، زۆر زووتر کاری خۆی دەبینێ...

خەیزەران: (بەپەلە) لەنێو خۆراک... میوە... شەڕاب... قاوە دەسماڵەکە... ئەگەر جەستەی بەرگری کرد، هەردووکتان سەرین دەخەنە سەر دەمی، تا هەناسەی لەبەر دەبڕێ لەسەری دادەنیشن... چاکترین شت، بۆ ئەو کەسانەی کێشەمان بۆ دروست دەکەن، ئەوەیە خۆمان لە مەحرەمەکانیان نزیک کەینەوە... لەڕێی ئەو کەسانەوە کە جێی متمانەیانن ژەهرخواردیان کەین... (دەست دەخاتە سەر شانیان) دڵنیاتان دەکەم، پێشبینی هەموو وردە شتەکانم کردووە، پێنج



هەزار دینار بەرتیلم داوەتە پزیشکە تایبەتییەکەی... ئەویش لە ڕێی یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکییەوە... کە ئێستا لە زینداندایە و زۆریش جێی ڕێز و تەقدیری منە... کاتێ ئێوە بەرەو دۆزەخی دەنێرن پزیشکە تایبەتەکەی سۆنگەی مردنەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ زۆر خۆری و زۆر نۆشی...

مونا: دەڵێم، جگە لە مەهتاب. با ئەو دوو کەنیزەش هاریکاریمان بکەن، خۆتان دەزانن "عوتبە" و عەبادە" چ عیشوە و ناز و جوانییێکیان هەیە... من و جەمیلە لەچاو ئەواندا جگە لە دوو کچۆڵە بەولاوە، شتێکی ئەوتۆ نیین...

خەیزەران: (بەڕامانەوە دەڕوانێتە نێو چاوەکانی مونا... دەنگی جەمیلە ڕایدەچڵەکێنێ).

جەمیلە: خانمی گەورەم، ئێوە خۆتان فێرتان کردووین کە: پۆخڵ و بەدکار و نەگریس، دەبێ بەچەکی جوان ڕیشەکێش بکرێن ئەو دوو کەنیزە جوانن... دوژمنەکەشمان پۆخڵە و بەدکار... ئەو دوو کەنیزە هەند بێ وێنەن، تەنها لە ڕێی جوانییەکانیانەوە، دەتوانن ڕەقترین دڵ نەرم کەن!

خەیزەران: (بەبێ حەوسەڵەیییەوە، بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات) بۆ تا ئێستا مەهتاب نەهات... ئەو دوو کەنیزەی ناوتان هێنا پێتان چاکە بەشداریمان بکەن.

مونا و جەمیلە: (بەیەکەوە) بەڵێ...

خەیزەران: خراپ نییە... پێشنیارەکەتان خراپ نییە... لە هەقیقەتدا لەم گەمەی مەرگەدا، نەخشەی سەرەکیم بۆ مەهتاب داناوە... چاکە... (چەپڵەیە لێدەدات، غولامێکی ڕەشپێست دێتە ژووری کڕنۆش دەبات).

غولامەکە: ئەمرکەن گەورەم.

خەیزەران: بەپەلە بچۆ و بزانە مەهتاب... بۆ وا دوا کەوتووە! (غولامەکە، بەپەلە دەچێتە دەرێ. خەیزەران ڕوو لە هەردوو کەنیزەکان دەکات). ئێوە دەزانن، گەلێ غولامم هەیە، ئامادەن، تەنها بەیەک ئیشارەتی من، هەرکەسێکم بوێ لەنێوی بەم دەیکوژن. بەڵام نە ٴ... با بەچەکی جوانی دزێوەکان لەنێو بەین... ژەهری سەر گۆپکەی جووتە مەمکی خڕ دەخەینە نێودەمی... ئیدی بێ قڕە...

جەمیلە: (وەک بێ ئاگاییەک و بەشڵەژانەوە) نازانم چۆن ئەم کارە ئەنجام دەدرێ... دەترسین ئێوە پەشیمان بنەوە... یا تۆڵەمان لێ بسێننەوە...

خەیزەران: (چاو دەبڕێتە ناو چاوی جەمیلە) ترسەکەت لە جێی خۆیەتی... بەڵام بەرژەوەندی دەوڵەت دەخوازێ ئەم شێتە پەتەڕییە خەتەرناکە لەنێوبچێت... ئەگەر ئێوە وەک من بزانن ئەم حەڕامزادەیە چەند تاوانبارو خوێنڕێژە، قەد بەزەییتان پیا نەدەهاتەوە...

مونا: (بەپاڕانەوەوە) مەسئەلەکە بەزەیی نییە...

جەمیلە: ئێمە وا پەروەردە نەکراوین بەزەییمان ببزوێ... مەسئەلەکە ئەوەیە دەترسین... لەتۆ دەترسین و بەس!

خەیزەران: دڵنیاتان دەکەمەوە، من هەرگیز پەشیمان نابمەوە... (مونا و جەمیلە دەکەونە سەر پێیەکانی خەیزەران و ماچی دەکەن...).

مونا: ئەو، لە چ ڕوویەکەوە زۆر لاوازە؟

خەیزەران: زۆر خۆری چڵێسە... نەتێری خۆراک و خوێن دەبێ، نە تێری شەراب و ژن... کە باوکی لەژیاندا بوو، ئەم لە ئەرمەنستان بوو. گەلێ حەزی لە خۆراکی ئەرمەنییە..."ئەرمانوسە" ئەو ژنە ئەرمەنییە خۆراکی بۆ لێدەنێ... (هەندێ بێدەنگی) ئەرمانووسەی قوڕ بەسەر هەند بەدبەختە، هەموو جارێ کە لەگەڵ ئەمدا دەنوێ. پاشان شێتانە بەقامچی تێیبەر دەبێ... هیچ کەسێ نییە هەندەی



ئەرمانووسە ڕقیلێبێت... هەر ئەوڕۆ ئەویشم بانگ کرد و ژەهرەکانم پێ سپارد...

جەمیلە: ئێوە دەزانن "ئەو" پێشخۆرێک و خۆراک چێژێکی هەیە... بەمردنی پێشخۆرەکە، نەخشەکەمان هەڵدەوەشێتەوە...

خەیزەران: (بەوردی گوێ بۆ ئەم قسانەی جەمیلە هەڵدەخات) چاکە... کارەکەی تۆ و مونا ئەوەیە، بەناز و عیشوەی ژنانەی خوتانەوە، دڵی پێشخۆرەکە بەلای خۆتان ڕاکێشن، هەست و هۆشی پەرت کەن... دەمارەکانی ببزوێنن تا لە بیری بچێت کارەکەی چییە... ئێوە سەرگەرمی گفتوگۆو دەسبازیی بکەن...

مونا: (بەترسەوە) ئەم کارە هەر بەقسە ئاسانە... ئێوە دەزانن پێشخۆرەکەی چ جانەوەرێکی ئازار بەخشە، جگە لەمەیش خەسێنراوە، بەئێمە فریو نادرێت!

خەیزەران: (بەتووڕەیییەوە، ئەمسەر و ئەوسەری هۆڵەکە پەی دەکات) گەلێ چاکە، من غولامێکی تورکم هەیە (پێدەکەنێ) هەرکە من ببینێ، لەسەر چۆک دەکەوێتە سەر زەوی (بەقاقاییێکی بەرز پێدەکەنێ) ئەمیش بەختی منە لەبری ئەوەی قەیسەری ڕۆم، یا نەجاشی حەبەشە... یا خاقانی تورک، عاشق و شەیدای من بن... کەچی غولامێکی تورک شێت و شەیدای من بووە. (بەپێکەنینێکی پڕ ماناوە سەرنجی مونا و جەمیلە دەدات) گەلێ بەهێزە... مەبەستم بازووەکانی هەند بەهێزە، دەتوانێ بەمستێ گەردنی جوانەگایەک بشکێنێ... فەرمانی دەدەمێ، بەدزییەوە، لە ڕاڕەوەکەدا پێشخۆرەکە بکوژێ... ئەمەیش لەوکاتە دەبێ، ئێوە حەزەکانی "ئەو" بگەشێننەوە، زیاتر شەرابی ئالوودەی دەرخوارد دەن و دەسبازی لەگەڵ کەن...

جەمیلە: (بەترسەوە) ئەو هیچ کاتێ بەتەنها بۆ هیچ لایەک ناڕوات...

هەمیشە خەڵکێکی زۆری لەگەڵدایە...

خەیزاران: (بە خێسەوە) من لەم پرسیار و ترسەی ئێوە بێزارم لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا دەیان کاری قورستان بۆ ئەنجام داوم... کەچی ئێستا پرسیاری پڕ لە ترستان وای لێ کردووم بڵێم، پەشیمانم ئەم ڕازەم لە لای ئێوە درکاندووە (بەتووڕەییییەوە ئاوڕ لە مونا دەداتەوە) کە تۆم بەو تورکە وەحشییە بەخشی، قەت ترست لێ نەنیشت، بەدوو هەفتەی نازو عیشوە... ئەو خوێنڕێژەت ڕام کرد. کەویت کرد... گەر بەژەهر نەتکوشتبا ، ئەوا لە کەنیزی ئازادی دەکردی و دەیخواستی... کە چی ئێستا ترس وای لێ کردووی، جورئەتی پرسیارکردن پەیداکەی...

مونا: (بەزەردەخەنەی ترس ئامێزەوە) من فەرمانی ئێوەم جێبەجێ کردووە...

خەیزەران: (گوێ لە مونا ناگرێ ڕوو لە جەمیلە دەکات) ئەو پیرەمێردە وەزیرە ئەحمەقە، کە پێی لە بەڕەکەی خۆی، زیاتر درێژ کردبوو، چیت لێ کرد...؟

جەمیلە: (بەترسەوە) یەک مانگی تەواو لە هاوەندا شووشەم دەکوتی، وەک ئاردم لێ دەکرد، تێکەڵی خۆراکەکەیم دەکرد. شەراب نۆش نەبوو... لەبەر خاتری من فێری شەراب نۆشی بوو. شەوانە گۆزەیەکی دەخواردەوە... کە مرد هەموو خەڵک پێیان وا بوو، مردنەکە لەبەر نەخۆشی و پیرییە...

خەیزەران: ئەو ژەهرەی لە ژێر نینۆکەکانتدا چەسپاندووتە، لە کاتی پێویستدا بەکاری دەهێنی بۆ شفا بەخشین و تەندروستییە... یا بۆ ئەوەی دوژمنانی من، بەرەو زبڵدان بنێری.؟

جەمیلە: ئێمە کەنیز و عەبدی ئێوەین... پەروەردەی دەستی ئێوەین هیچ عەشق و سۆزێکمان بۆ هیچ پیاوێ نییە... هەرچییەکیشمان لە



گەڵدا بکەن... ئێمە قایلین... چونکە دەمانەوێ فەرمانەکانی ئێوە جێبەجێ بکەین بەڵام ئەم جارە... کارەکە گەلێ قورسترە لەوەی کە تەسەوری بکەین...(دەلەرزێتەوە) ئاخر چۆن دەبێ لە بەرچاوی خۆتان ئەم کارە بکەین ئێوەیش بەجووتێ چاوەوە سەیرمان بکەن... (زیاتر دەلەرزێتەوە) لە ئێستاوە لەرز دایگرتووم...

خەیزەران:(بەدەنگی بەرز پێدەکەنێ، مونا و جەمیلە وەک دوو منداڵ سەر کز دەکەن باوش بەیەکا دەکەن) ئێوە لە قەسرو حەرەمخانەدا، جوان فێری ئەوە بوون، قسان بکەن، پاکانەی بەهێزیش بێننەوە بۆ ئەو کارانەی نەتانەوێ بیکەن.

موانا: (دەچەمێتەوە، باوەش بەئەژنۆکانی خەیزەران دەکات) بۆ دواجار دەپرسم، چ چارەیەکی دی نییە؟ (بەترسەوە) ئە... ئە ئەڵێم...

خەیزەران: (نایەڵێ قسەکەی تەواوکات) نەخێر مەرگ تەنها چارەیەتی و هیچی تر...

مونا: (بەپارانەوە و چاپلوسییەوە) من ئەو دڵە گەورەیەی ئێوە دەناسم، ئاخر چۆن بڕیار دەدەن...

خەیزەران: (دەست بەسەر مونادا دێنێ) حەق بەتۆیە... بەڵام ئەگەر بزانی ئەم شێتە چ خەیاڵێکی لەسەر دایە... ئەم قسانەت نەدەکرد... فەرمانی داوە بێ قڕە لە ناوم بەرێت و تەرمەکەم بخەنە نێو کیسەیەک و هەڵمدەنە نێو ڕووباری دیجلەوە... پێم وایە ئێستا تۆ پێم دەڵێی... پەلە کە... پەلە...

جەمیلە: (بەترسەوە) نازانم بۆ ناتوانم باوەڕ بەخۆم بێنم کە ئێوە بەڕاستی ئەم بڕیارەتان داوە...

خەیزەران: (قسەکەی پێ دەبڕێ) ئێوە نایناسن... چەند مانگێ لەمەوبەر دەزانن چی لە کچە چوار ساڵەکەی کرد؟ ئەو شێتە مەست بوو خەوی لێ کەوتبوو... ئەو کچۆڵەیە خەنجەرەکەی باوکی گرتبووە

دەست، گەمەی پێدەکرد... ئەو خەبەی دەبێتەوە، خەنجەری ڕووت بەدەستی ئەو کچۆڵەیە دەبینێ... یەکسەر دەست دەبا لە گەردنەوە دەیگرێ، بەجۆرێ دەیکێشێتە قەد دیوارەکەوە، دەستبەجێ مێشکی دەپژێ و دەمرێ...

مونا: (نزیک خەیزەران دەبێتەوە بەترسەوە دەستی ماچ دەکات و لەسەرخۆو بەئاسیایی: گەورەم... بەزەییت... ناکرێ جارێکی دی بەنەخشەکەتاندا بێنەوە)؟

خەیزەران: (بەغەزەبەوە سەیری دەکات، بەتوندیش دەستی لە نێو دەستەکانی مونا دەکێشێتەوە، خەریکە بەپشتا بکەوێ جەمیلە باوەشی پێدەکات...) مانگێ لەمەوبەر، تۆ خۆت لەوێ بوویت، ئەو حەرامزادەیە دارێکی بۆ ڕوخسارم هاویشت، گەر سەرم لانەدابا دەیکوشتم... هەفتەی ڕابردوو لەبەر چاوی ئێوەو خەڵکەکەدا بەقەحپە ناوی هێنام! دەیانجار پێی گوتووم قەحپە (سەرنجێکی هەڕەشە ئامێزیان تێدەگرێ) ئەگەر جارێکی تر لەمەڕ ئەم مەسئەلەیە سووکە گازاندەیێک ببیستم... ئەوا خۆتان دەخەنە بەر غەزەب و تووڕەیی منەوە... وایشی لە قەڵەم دەدەم نیازی خیانەتتان هەیە ،دەتانەوێ نەخشەکەم ئاشکراکەن... ئێوە دوو ژنی زۆر گەوجن هەر دەزانن لنگتان...

جەمیلە: (لە بانێژەکەدایە و سەیری دەرێ دەکات) ئەوا مەهتابیش هات.

خەیزەران: (تووڕەیە، هەند گرنگی بەم هەواڵە نادات ... بەتووڕەییەوە دەچێتە ژوورێکی دی... جەمیلە ئاگای لەوە نییە خەیزەران چووەتە ژوورێکی دی) سەیرکەن: هەر وەکو ساڵانی پێشو هەر جوانە... ئە ژنە تا تەمەنی هەڵکشێ جوانتر دەبێ،هەر ئەم جوانییە بوو وایکرد(لادەکاتە لاوە، خەیزەران نابینێ، بە مونا) کوا؟

خەیزەران: (لە ژوورەکەی دییەوە، خۆی دیار نییە) جەمیلە قسەکەت تەواو کە...



جەمیلە: دەترسم.

خەیزەران: مەترسە!

جەمیلە: هەر جوانییەکەی بوو، وایکرد، بەرەحمەت بێ خەلیفەی مێردتان شێت و شەیدای بێ.

خەیزەران: (لە ژوورەکەی دییەوە، بەپێکەنینەوە) ها... ها... ڕەحمەتی... ژنبازێکی عەجیب بوو... عەجەب شەواڵ چێڵێسێ بوو... منیش لەوەوە فێربووم!!

جەمیلە: بەرەحمەت بێ، بەزەوق بوو... ئەگەر من پیاو بام هەر تۆم هەڵدەبژارد...

خەیزەران: (لە ژووەکەی دییەوە) درۆ مەکە! من پیاو بام مەهتابم هەڵدەبژارد... سەرباری جوانییەکەی عیشوە و نازێکی ئەوتۆی هەیە... منی ژنی چەند جارێک بزواندووە...

مونا: (تەنها بۆ بەشداری کردنی قسە) من پیاوبام هەردووکتانم هەڵدەبژارد...

خەیزەران: یانی وەک خەلیفەی ڕەحمەتی لە نێوان هەردووکماندا دەنوستی؟! لە نێوان من و مەهتاب...

مونا: (بەپێکەنینەوە) بەڵێ تۆو مەهتاب.(لەم کاتەدا مەهتاب دێتە ژوورێ، ڕوو لە مونا دەکات).

مەهتاب: ناوی منت هێنا؟

مونا: (بەپێکەنینەوە، بەرەو پیری دەچێت) بەڵێ... گوتم ئەگەر پیاوبام، خەیزەران و مەهتابم هەڵدەبژارد...

مەهتاب : (پێدەکەنێ) کوا خانمی گەورەمان؟

جەمیلە: (ئیشارەت بۆ ژوورێ دەکات ، مەهتاب نزیکی ژوورەکە

دەبێتــەوە، لە دەرێی ژوورەکـەوە) سـەروەری من، حـەزدەکـەم خـوا
بمکات بەسەگ و نەمکاتە پیاو.

خەیزەران: (لە ژوورەکەی دیبەوە) بۆ؟

مــەهتــاب: تا کــەنیــز بووم، دەیانکڕیم... دەیانفــرۆشــتم... بەدیاری دەیانبەخشیم... بەدیاری چەند ڕۆژەش ئەم دەست و ئەو دەستیان پێدەکردم... هەر هەموو ئەو پیاوانەی ناسیومن، لە نوێندا کڕنۆشیان بۆ بردووم پێیان ماچ کردووم... تا پلەو پایەیان بەرزتر بووبێ زیاتر کڕنۆشیان بۆ بردووم... کەوشەکانیان دەڵێسیمەوە... خانمی گەورەم، ببم بەپیاو، پێی ژنان ماچ کەم، کەوشەکانیان بلێسمەوە... نا... نا... خوا بمکات بە سەگ نەک بە پیاو...

خەیزەران: (لە ژوورەکەیە، وشەکانی پچڕپچڕن) مە... هتاب... ب... مەھ... تابی جوان... ناز... نازدارم... منیش... سەر... سەر دە... مانێ... کەنیز بووم چەند... جا... ڕێ... فر... فرۆشراوم... بە... بە... دیاریش... پێشکەش کراوم... دواجار... مەهدی... خەلیفەی ڕەحمەتی... بەزێڕ... منی کڕی... دوو کورم لێبوو... ئەوسا لە کەنیزی ئازاد کرام... کە... کە... کەنیز بووم... بە... بە... ئارەزووی ئەوان... ئەوان... وەک ئێستا... ئێستا نەبووم... بەئارەزووی خۆم، کات و جێ و کەسەکە هەڵبژێرم... (جەمیلە و مونا دەستیان ناوەتە سەر دەمی خۆیان پێکەنینەکانی خۆیان گرتووە...).

مەهتاب: سەروەری من جگە لە فرۆشتنەکە بوختانیان پیادەکردم... بەفەرمانی خەلیفە جەڵدەیان لێدەدام دووبارەی دەکەمەوە، بمکات بەسەگ و نەمکاتە پیاو...

خەیزەران: (لە ژوورەکەی دیبەوە بەدەنگی بەرز پێدەکەنێ).

مەهتاب: کامیان زۆر عاقل و بەویقارە... کچۆڵەیەک دەتوانێ بیخەڵەتێنێ و بیکاتە بازیچەی دەستی خۆی...



خەیزەران: (بەپێکەنینەوە) ڕاست دەکەی بێ سەروبەرن... بەڵام ژیانی بێ پیاویش هیچ مانایێکی بۆ نامێنێ... ژیان بەدرۆ و فرت و فێڵ و فرمێسکە ساختەکانی ئەوانەوە جوانە...فرمێسکە ساختەکانیان ئەوەندەی دی تام بەژیانەکە دەبەخشێ... ژیانی بێ پیاو... قورسترە لە مەرگ... پیاو... پیاو... (دەرگاکە دەکاتەوە، دێتە دەرێ بەپەنچەکانی هەردوو دەستی، دوگمەی سەر سینگی دادەخات، هەر بەپەنچەکانی پرچی ڕێکدەخات... مەهتاب لەسەر چۆک کڕنۆشی بۆ دەبات... هەر لەم کاتەدا لە هەمان ئەو ژوورەی خەیزەرانی لێ هاتە دەرەوە غولامێکی بالابەرز دێتە دەرێ لە بەردەم خەیزەران و مەهتابدا دەوەستێ... خەیزەران شانی مەهتاب دەگرێ و بەرزی دەکاتەوە)...

خەیزەران: (بەجەسارەتەوە) وەک لەمەوبەر نەریتی پیاوانم خستووتە ژێرپێ ئێستایش نەریتیان لە ژێر پێی تۆ دەنێم...

مەهتاب: هەمیشە هەر ڕچەشکێن بوویت... دەتزانی پیاو چییە و ژنیش چی! دەتزانی عەقڵیان لە کوێیدایە...

خەیزەران: ئەوان ژنانیان بەدیاری بۆ چەند شەوێ دەبەخشیە گەورە پیاوانی خۆیان... ئەوا منیش پیاوان دەبەخشمە گەورە ژنانی خۆمان (دەستی غولامەکە دەگرێ و دەیخاتە نێو دەستی مەهتابەوە).

مەهتاب: (بەزەردەخەنەوە) دیاری ئێوە لە سەرچاوانە.

خەیزەران: لەسەر چاوان و لەسەر(قاقا پێدەکەنێ جەمیلە و مونا مەهتابیش پێدەکەنن...) ئاگات لێ بێ وریابە...زۆر...

خەیزەران: (ڕوو لە جەمیلە و مونا دەکات) ئەو حەرامزادەیە بوختانی بەمدا کرد (دەست دەخاتە سەرشانی مەهتاب) گوایە ئەم بەستەزمانە حەزی لێیەتی عەشقبازی لەگەڵ دەکات. ئەم قسەیە گەیشتە

خەلیفەی مێردی ڕەحمەتیم... بڕیاری دا جەڵدە لە مەهتاب بدەن...

مەهتاب: تا ئێستاش شوێنەواری برینەکانی سەرشانم هەر دیارن (بەچاو لە غولامەکە دەگەیێنێ، سەرشانی بۆ ڕووت بکاتەوە) فەرموو سەیرکە... بەرەحمەت بێ، بەدەستی چەپ پرچی گرتبووم، بەدەستی ڕاستیش خەنجەرەکەی خستبووە سەر گەردنم... پێی گوتم: لەگەڵ ئەو حەرامزادەیە عەشقبازی دەکەیت؟ بەگریان و بەپارانەوەوە گوتم: نە... بەقورئان... بەخوا... بەپێغەمبەر... کەچی ئەوەندە تووڕەبوو خوێن بەر چاوی گرتبوو. پێی گوتم: قەحپە، بەڕەشە خەڵکەکەم دەزانی، دەتەوێ بەو سوێندانەت باوەڕ بکەم... بۆ منیش ئەو خەڵکە بێ عەقڵەم ئەو وشانە بکەیتە چەشە و لە قولاپیی سۆزمی گیرکەیت؟ ئەگەر لەسەر هیچ سزات نەدەم لەسەر ئەم گەوجی و نەفامییەت بڕیار دەدەم جەڵدەت لێدەن... چەنێ گریام و پاڕامەوە، بێ سوود بوو. سەیری شوێنەواری ئەو جەڵدانە بکەن... ئەمیش بەزمی ئەو درۆزن و بوختانکەرە!

خەیزەران: (بەبێ ئیرادە) نەک هەر ئەوەندە... حەرامزادەیشە!!(هەر چوار ژنەکە لە غولامەکە دوور دەکەونەوە، دەست دەخەنە سەر شانی یەکدی، سەریان لەیەک نزیک دەکەنەوە تەنها وشەی (شەوی هەینی) بەڕەوانی لە دەمیان دەردەچێ... ئەوجا بەنیمچە سەماییێک لە یەکدی جیادەبنەوە).

پەردە



## دیمەنی سێ

*(سەرەتای شەوە،ماڵێ خەلیفە، هادی برای هاڕونە لەگەڵ سەرۆکی خەفیە نووسانی دەوڵەتی عەباسیدا دانیشتووە کە ناوی سەعید-ە...)*

هادی: (ڕووگرژە) سەعید... لەوێدا دانیشە...(بەبێزارییەوە) جامێ شەرابم بۆ تێکە...

سەعید: (جامێکی بۆ پڕدەکات) فەرموون گەورەم.

هادی: (جامەکە وەردەگرێ و یەک بین هەڵی دەدات) ها... بڵێ... چیت دەوێ...

سەعید: داوادەکەم ئەمیری موئمنین ئیجازەم بدەیتێ و ڕازی بن هەندێ خائینی غەیرە عەرەب هەن بیانگرم و لە زیندانیان قایم کەم ...

هادی: (هەر ڕوو گرژە) تۆ جارێ جامێ شەڕابی دیم بۆ تێکە...

سەعید: (بەپەلە جامەکەی بۆ پڕ دەکات )

هادی: (جامەکەی لە دەست وەردەگرێ و دەیخواتەوە) ئەو غەیرە عەرەبانە بۆ من بەجێ بێڵە... خۆم دەزانم چ دۆزەخێکیان بۆ دادەگیرسێنم... بڵێ بزانم، هەواڵی تازە...چی دەزانی...؟

سەعید: گەورەم قاسیدێک، لە بەغداوە چۆتە لای هاڕون ئەلڕەشیدی برات... داوای لێ کردووە، بەپەلە بگاتەوە بەغدا...

هادی: چۆن ئەمەت زانی...

سەعید: کە قاسیدەکە لە ئەرمینیا گەڕایەوە، ئێمە گرتمان لە ژێر ئەشکەنجەدا، دانی بەوە ناوە کە پەیامێکی گرنگی گەیاندۆتە هاڕون.

هادی: وەلامەکەی هاڕون... بلّی بزانم چ وەلامێکی داوەتەوە؟

سەعید: گەورەم ئێوە دەزانن هاڕون پیاوێکی قایم کارە... گوتوویەتی: زوبەیدەی ژنم دووگیانە... با منالّەکەی ببێت ئەوسا لەگەلّ زوبەیدەدا دەگەڕێینەوە بۆ بەغدا...

هادی: ئەم قسەیە چ دەگەیێنێ؟

سەعید: پێم وایە، ئەم وەلامە بۆ چاوبەستە... دلّنیام بەر لەوەی زوبەیدەی ژنی بزێت، دێتەوە بۆ بەغدا.

هادی: بۆچی؟

سەعید: بۆنی شتێک دەکەم.

هادی: وەک؟

سەعید: دایکت!

هادی: بەجاسوسی لە دایکت بوویت.

سەعید: بۆ جاسوسی لە دایک بووم.

هادی: ئەوەندە خۆت کەر مەکە... چ خەبەرێکی تازەی قەسرەکەی "ئەو"ت لایە.

هادی: (بەتەوسێکی نادیارەوە) دەلّێن: ئا دەلّێن خەریکی خواپەرستییە... جگە لە کەنیزەکانی خۆی پێشوازی لە چ کەسێکی دی ناکات!!

هادی: ئەی هەوالّی ئەو پیرە کەرە مەجوسییە چییە؟

سەعید: مەبەستتان یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکییە؟

هادی: حەیوان، جگە لەو من بەکێ دەلّێم پیرەکەر.



سەعید: هێشتا ئەشکەنجەمان نەداوە... لە زینداندا تەنها برسیمان کردووە... ئەگەر دەفەرموون بەنینۆک کێشان زمانی دەکەینەوە...

هادی: لێگەڕێ..ئیعتراف دەکات یا نە ء... لە لای من یەک شتە... نەک هەر خۆی... سەبرم لێکە... بڕیارم داوەتە نەجارەکانی بەغدا بۆ شەمەی داهاتوو هەزار قەنارەم بۆ ئامادە بکەن...

سەعید: (بەسەرسوڕمانەوە) هەزار قەنارە؟

هادی: (بەخوێنساردییەوە) بۆ قۆناغی یەکەم هەزار. لە قۆناغی دووەمدا... هەزاری دیش بۆ ژنانیان لە قۆناغی سێیەمدا هەزار قەنارەش بۆ منالّەکانیان دەبێ بەغدا لە غەیرە عەرەب پاک کەمەوە...

سەعید: گەورەترین کارێ کە مێژوو بەزێڕ بۆتانی بنووسێتەوە.

هادی: قسەی قۆڕ... مێژووی چی... من ئاسوودەیی خۆمم دەوێ... ئەرێ گوتت "ئەو" جگە لە کەنیزەکانی چاوی بەکەسی دی ناکەوێت؟

سەعید: بەلّێ گەورەم.

هادی: (قسەکانی بچڕبچڕن) یانی دەسبەرداری... بەقەولی خۆی تۆبەی کردووە...

سەعید: بەلّێ گەورەم... هەینی ڕابردوو بەفرمانی دایکت...

هادی: (قسەکەی دەبڕی و دەنەڕێنێتە سەری) ناوی مەهێنە مەلّێ دایکت... هەر بلّێ ئەو من تێدەگەم...

سەعید: (بەترسەوە) ئەمر دەکەی... هەینی ڕابردوو هەزار هەژاری بەغدای کۆکردبووەوە دووعایان بۆ تەندروستی و تەمەن درێژی خەلیفە کردووە...

هادی: سەیرە... ئەمە بۆچی وادەکات (بەڕووکرژییەوە) ئەم ڕەفتارەی بێ مەلامەت نییە (لە بەرخۆیەوە) ئەم قەحپەیە داوای تەمەن درێژیم بۆ

دەکات!! بووەتە خواناس؟ مەجلیسی خۆشگوزەرانی شەوانەی تەرک کردووە!! (بەتووڕەییەوە) ئەرێ... ئەو پزیشکە لەمەڕ تاقیکردنەوەکانییەوە گەیشتە چی؟

سەعید: گەورەم دەڵێ، ڕشانەوە و پیسایەکە وشک بوونەتەوە هی ئەوە نین تاقیکردنەوەیان لەسەر بکرێ... دەڵێ دڵنیا نیم مەرگی مەرحومی باوکتان مەهدی مەرگێکی ئاسایی بێت... هەروەها دەشڵێ دڵنیانیم زەهر خوارد کرابێ.

هادی: بەڵام من دڵنیام ئەو دایکە هیچوپووچەم زەهری دەر خوارد داوە... هەرمێ و ترێی زەهراوی داوەتێ... خوی بەدایکی من دەزانێت... دڵنیام باوکمی زەهرخوارد کردوە... ئاگادارت دەکەمەوە... دەبێ ئەمە بە پەنهانی بمێنێتەوە... ئەگەر ئاشکرابێت بۆ ئالی عەباس ڕیسواییێکی گەلێ گەورەیە.

سەعید: وایە گەورەم...

هادی: خۆ هیچ دەلیلێکم نییە... بەڵام دڵنیام "ئەو" زەهر خواردی کردووە... گەلێ تەماحکارە، بۆ دەستهێنانی دەسەڵات و سامان، دەست لە هیچ شتێک ناپارێزێ... گەورەترین خەتایێک باوکم کردوویەتی و لێی نابوورم... ئەوەیە ئەم کەنیزەی ئازاد کردوە!

سەعید: گەورەم دایکە.

هادی: (بەتووڕەییەوە دەنەڕێنێتە سەری) حەیوان نەمگوت ناوی مەهێنە... لە باوکم نابوورم، خوێنی پاک و ڕەسەنی عەرەبی ئێمەی تێکەڵ کردووە... خۆزیا... دەمتوانی نیوەی ئەو خوێنەی لە جەستەمدا هات و چوو دەکات و هی ئەو ژنە غەیرە عەرەبەیە دەرهێنم...تەنها بە بەشە خوێنە پاکە عەرەبییەکە دەژیام. (بەتووڕەییەوە) بڵێ بزانم چ هەواڵێکی دیت پێیە؟



سەعید: (بەترسەوە) هەواڵێ... هەواڵێ... دەربارەی خێزانەکەتان عەزیزە... دایکی مناڵەکانت...

هادی: (قسەکەی دەبڕی) ئەمجارەیان لەگەڵ چ سەگێکدا؟

سەعید: (زمانی تێکدەئاڵێ) لەگەڵ کوڕەکەی ڕەبیع کە ناوی فەزل-ە هەواڵەکە نیگەرانی کردووم...

هادی: (بەتووڕەبوون و هەڵچوونەوە) ئەم کەنیزە هیچوپووچە، چوار کوڕم لێیەتی و ئازادم کردووە... هێشتا هەر هەوەسی کۆنە یارەکەی خۆی لەسەرە...

سەعید: فەرمانم بەخەفیەکانی خۆم داوە... بەوردی بیخەنە ژێر چاودێرییەوە، بزانن چ گفتوگۆیەک لە نێوانیاندا دەکرێ.

هادی: (بەتووڕەییەوە) مەبەستت چییە کە دەڵێی دەکرێ؟ ئادەی جامێ شەڕابم بۆ تێکە... بۆ خۆتیش تێکە...

سەعید: (جامێکی بۆ تێدەکات) هادی یەکبین دەینێ بەسەرییەوە)

هادی: گوتم بۆ خۆتیش تێکە.

سەعید: گەورەم ئێستا کاتی ئێشکردنمە...نامەوێ...

هادی: ئەمرت پێدەکەم...

سەعید: (جامێ بۆ خۆی تێدەکات و دەیخواتەوە)

هادی: بڵێ بزانم...

سەعید: دەڵێم... مادامێ ناتوانین... بەقەڵماسنگ[1] پاسی کەین ئەوا ڕێیە ئاسانترەکەم هەڵبژاردووە.

هادی: (بەگەوجییەوە) چییە؟

سەعید: (بە خوێنساردییەوە) ڕێی یەکدی بینینیان بۆ خۆش دەکەم...

(١) ئیدیۆمێکی کوردیە دەڵێ: قوز بەقەڵماسنگ پاسناکرێ.

هادی: (بەهەمان گەوجییەوە) ئەم کارەت لە کاری سەرۆک خەفیە نووسان دەچێتە دەر... ئەمە کارێکە خۆت دەزانی چی پێ دەگوترێ!

سەعید: (بەجدییەوە) دەبێ سەرۆکی خەفیە نووسان شارەزای هەموو کارێک بێت. (بەبزەوە) بەرژەوەندی وڵات لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە...

هادی: (سەر ڕادەتەکێنێ) کاتی خۆی جامێ شەربەتی زەهراویم دایە ڕەبیعی باوکی ئەم حەرامزادەیە... پێم گوت: حەز دەکەم ئەم شەربەتە لە حزووری مندا بنۆشی...ئەویش یەکبین شەربەتەکەی هەڵدا... پاش چەند ڕۆژێ تۆپی... ئێستایش نۆرەی کوڕە حەرامزادەکەیەتی...

سەعید: گەورەم پەلە مەکەن... دیوارەکانیشم بۆ کردوون بەچاوو بەگوێ... لە حسێبی مردووانن، مادامێ ناویان کەوتۆتە نێو، خەفیە نووسانی منەوە... ئەوا کۆتاییییان پێ هاتووە، مەسەلەکەیش تەنها کاتە و هیچی دی... لێگەڕێ با زیاتریان لێ بزانین چاکتر دۆست و دوژمنانمان بۆ ئاشکرا کەن...

هادی: تێناگەم مەبەستت چییە؟

سەعید: وەک عەرزم کردی، دار و بەردم لێ کردوون بەچاوو بەگوێ... وریێنەش بکەن پێم دەگاتەوە (دوو جام شەڕاب تێدەکات، یەکێکیان بۆ هادی ئەوی دیش بۆ خۆی، یەکبین هەڵی دەدات).

هادی: (جامە شەڕابەکە دەخواتەوە) دوو جامی دیکەش تێکە.

سەعید: (هەردوو جامەکە پڕدەکات)

هادی: دەمەوێ بزانم چۆن لە حسێبی مردووانن؟

سەعید: ئەم نهێنییە خەفیە نووسەکان چاک دەیزانن...

هادی: (بەبێ حەوسەڵەییییەوە) بڵێ بزانم چۆن.

سەعید: خەفیە نووسان دەزانن کەوتوونەتە بەر غەزەبی ئێوە، بۆ ئەوەی لە



ئێوە نزیک بنەوە بەتاغیان هەڵدەدەنەوە...بەدووری مەزانە بوختانی گەورەیان پیاکەن، شتی سەیریان بۆ بهۆننەوە.

هادی: بە چی دەزانی وا دەکەن...

سەعید: منیش خەفیەنووس بووم...

هادی: بۆ وادەکەن؟

سەعید: ئەم شەرابەی ئێوە، نەک تەنها کلیلی زمان دەکاتەوە بەڵکو ناخ دەخاتەوە ڕوو هەرچییەکی تیادایە ئاشکرای دەکات... گەورەم ئەمە تەبیعەتی ئینسانی سووک و چرووکە... هەموویش تەنها بۆ ئافەرینێکی ئێوەیە!!

هادی: خەریکە تێدەگەم...

سەعید (تەنها جامێ شەراب بۆ خۆی تێدەکات و دیخواتەوە)

هادی: ئەی بۆ من.

سەعید: (دوو جام تێدەکات یەکیان بۆ هادی و ئەوی دیشیان یەکبین هەڵی دەدات) گەورەم... بۆ نموونە... یەکێکی بێ نموودو هیچوپووچ لە خۆت نزیک کەوە... لەبەر چاوی خەڵکدا دەست بەپشتیا بێنەو ستایشی بکە... ئیدی سبەینێی ئەو ڕۆژە دەیان ڕاپۆرتی چاک لەسەر ئەو کەسەو باو باپیریشی دەنووسرێ کە چ خزمەتکارێکی بەوەفای ئالی عەباس بوون...

هادی: ئەمەیان بۆ دەکەن؟

سەعید: بۆ ئەوەی ئێوە بخەنە ئەو خانەیەوە کە قەناعەت بەخۆتان بێنن کە کارێکی چاکتان کردووە...

هادی: خەریکە... تێدەگەم... بەڵام هەردەپرسم بۆ؟

سەعید: گەورەم عەرزم کردی، هەموو خەمێکیان ئەوەیە تۆ ڕازی کەن،

تەنانەت، هەرچییەک بکەیت، ئارایشتی ئەو کارەت بۆ دەکەن. کە زانا و لێهاتوویت و لە کارەکان تێدەگەیت...

هادی: گەر بەدکاریش بکەم. ؟

سەعید: ئەمەیان چاکتر دەڕازێننەوە...

هادی: گەورەترین خزمەت بەلای ئەمانەوە چییە ؟

سەعید: تەنها دڵی تۆ نەڕەنجێنن...

هادی: چۆنە وا ئەمشەو بەم شێوەیە قسان دەکەی؟ هەندێ شتم پێدەڵێی خەریکە دڵم دەڕەنجێ...

سەعید: گەورەم شەرابەکەتان! (جامێکی دی دەخواتەوە) ئەگەر چی دڵیشتان دەڕەنجێ، ئیجازەم بدەنێ، بەر لە شەوی هەینی کە ئێوە لای دایکتان دەعوەتن... قەسرەکەی بپشکنم... هەموو ئیحتیاتاتی خۆمان وەرگرین...

هادی: (بێدەنگەو بیردەکاتەوە) پێویست ناکات تا ئەم ڕادەیە بایەخ بەو پەرپووتە بدەین... لەم ڕۆژانەدا لە دەست و پێ دەکەوێ... یا دەیخەین!

سەعید: فەرمووت دەیخەین؟

هادی: بەڵێ لەمێژە بڕیارم داوە.

سەعید: ئەی چۆنە وا دواتان خستووە. ؟

هادی: زۆر شتی شاراوەی باوکمی لایە... دەمەوێ ئەو شوێنانەم بۆ ئاشکرا بکات کە تیایدا شاراونەتەوە... بڕیاری داوە هەندێ کەنیزیشم بەدیاری بداتێ.

سەعید: جا ئێوە چ پێویستتان بەکەنیزکانی ئەو هەیە. هەموو وڵاتانی ئیسلام لە بەردەستتانە... دەتوانن هەزاران کەنیز بکڕن.

هادی: ڕاست دەکەی، بەڵام دەمەوێ بزانم، ئەو کەنیزانە کێن و چ شوهرەتێکیان هەیە ؟



سەعید: (بەبێ ئەهەمیەتییەوە) کەنیزە هەر کەنیزا!

هادی: (بەتووڕەییەوە) حەیوان... لەبەر جاسوسی چاوت جوانی نابینێ... چۆن بە ژنان دەڵێی هەمموویان وەک یەکن... ئەمەیان یەک، دووهەمیان کەنیزەکانی قەسری "ئەو" دانسقەو هەڵبژاردەن.

سەعید: ببوورە گەورەم.

هادی: شەوی هەینی تۆیش لەگەڵ مندا دەبی... ئەڵبەتە پاسەوانەکان و گاردە تایبەتییەکەی خۆم، لە هەموو شوێنێکدا دادەمەزرێنی. وریابە، دەمەوێ بەپۆشاکی مەدەنی و بەنهێنییەوە چەکەکانیان هەڵگرن.

سەعید: ئەمرەکەی گەورەم (دوو جام تێدەکات یەکێکیان بۆ هادی ئەویتریان یەکبین هەڵدەدات).

هادی: نامەوێ بکەونە بەرچاو، خەڵکی وابزانن من لەو ژنە دەترسم.

سەعید: (بەتەوسەوە) گەورەم سوێندی خواردووە.

هادی: (قسەکەی پێ دەبڕێ)نەک خەفیەنووس، بەڵکو سەرۆکی خەفیە نووسانی کەچی دەتەوێ بەهەندێ قسە دڵم بڕەنجێنی...

سەعید: گەورەم ئەو شەرابەی ئێوە... شەرابێکی زۆر جیاوازە...

هادی: حەیوان شەرابی ملوکانەیە.

سەعید: پیاو لە خۆی دەگۆڕێ...

هادیک خۆ نەیکردوویت بە مەلیک...؟

سەعید: نەء... بەڵام جورئەتی مەلیکانەی پێ بەخشیوم...

هادی: یانی دەتەوێ بڵێیت، سوێندی خواردووە... تۆبەی کردوە، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ پیاوە بێگانەکاندا نەماوە... ڕایەخی فسق و فجووری پێچاوەتەوە...

سەعید: گەورەم لەمە زیاتر تەحقیری مەکەن...

هادی: وەعدم داوەتێ، ئەو شوێنانەم بۆ ئاشکرا بکات، منیش عەفووی بکەم... (هەڵدەستی، لەتر دەدات) کە باوکم مرد... خەیزەران ... خەیزەرانی دایکم... دە ڕۆژ حوکمڕانی کرد، هەزاران هەزار دینارو موجەوهەراتی لە خەزێنە دەرکرد... من ئەم شەرابەم زۆر خۆش دەوێ، تا زۆری لێ نەنۆشم لە خۆم تێناگەم... ئێستا دەزانم کوڕی چ قەحپەیێکی دزم...

سەعید: گەورەم منیش هەر بەهۆی ئەم شەرابەوە ئەم ڕوداریبیە دەکەم... دووبارە داوا دەکەم ئیجازەم بدەیتێ بەر لەوە شەوی هەینی قەسرەکەی تەفتیش کەم.

هادی: بێدەنگ بەو چیدی لەمەڕ تەفتیشکردن قسان مەکە... خەڵک چۆن باسی دەکەن؟!

سەعید: گەورەم لە نێو خەڵکیدا بەدایکی ئەمیر ئەلمؤمنین ناسراوە...

هادی: ئەمیری چی؟

سەعید: گەورەم پێدەچێ زۆرت خواردبێتەوە.

هادی: (بەتووڕەییبیەوە) دوو جامی دی تێکە!

سەعید: (دوو جام تێدەکات یەکێکیان دەداتە دەستی هادی، دەیەوێ ئەوەی خۆی بخواتەوە)

هادی: سەبرکە. لە سەلامەتی کێ دەخۆیتەوە...

سەعید: گەورەم لە سەلامەتی ئەمیری موئمنین...

هادی: گوتم ئەمیری چی؟

سەعید: (بەترسەوە) ئەلمؤمنین...

هادی: (بەجەسارەتەوە) گەر ئەمیری موئمنین... ئەمە بەزمی بێت... دەبێ ڕەعیەت لە چ وەزعێکدا بن؟



سەعید: (بەترسەوە ) لە سایەی ئێوە زۆر باشن!

هادی: هەر زۆر؟

سەعید: بەڵێ گەورەم.

هادی: منیش باشم بەڵام... شتێک هەراسانی کردووم...

سەعید: (بەگەوجیبیەوە) چیبەو ئەو شتە؟

هادی: ئاگری بن کایەکە...

سەعید: خەیزەران؟

هادی: حەیوان نەمگوت ناوی مەهێنە! نەخێر... ئەو نییە... هاڕونە... هاڕونی برام لەو ڕۆژەوەی بیستوویەتی ولایەت عەهدیم لێ سەندووەتەوە و داومەتە مووسای کوڕم... تووڕەیەو ناڕازی... ئەو زیاتر خوێنی دایکم لە نێو دەمارەکانیا هاتوچوو دەکات.

سەعید: شوکر تۆ لە باوکت دەچی...

هادی: مشوورێکی هاڕونم بۆ بخۆ...

سەعید: هەر بەهەمان چەک.

هادی: لەو چەکە باشترمان هەیە؟

سەعید: نەخێر...

هادی: با هاڕون بکەوێتە دوای کوشتنەکەی خەیزەرانەوە...

سەعید: ئەمر دەکەن... (هادی دەستی سەعید دەگرێ بەرزی دەکاتەوە، هەردووکیان گەلێ مەستن و لەتر دەدەن)

هادی: ئەو قەحپەیە (لاسایی دەنگی دایکی دەکاتەوە و بەدەنگی ژنانە) پێی دەگوتم: کوڕم، ئەم پیاوەم بۆ بکە بە والی... ئەم گەنجەش کوڕی فلانە دڵسۆزە... بیکە بە سەرکردەی سوپا... ئەمەشیانم بۆ بکە بە قازی (سەعید خۆی بەپێوە بۆ ناگیرێ، هادی دەیگرێ بۆ ئەوەی

نەکەوێ، دەست بۆ شوێنێکی نادیاری نێو ژوورەکە دەبات و بەهەمان دەنگی ژنانە...) وریا بە... وریا بە... ئەوە عەرەبێکی بیابان نشینە... کەللەڕەقە...نەفامە... لەو شوێنە گرنگانە دای مەنێ... ئەمەیان باشە... عەرەب نییە...ئەسڵ زادەیە...

هادی: (لەپڕ دەوەستێ) چاکە... هەرچەند ڕۆژێکی دی... بەغدای بۆ دەکەمە دۆزەخ... خۆی و هاڕونی کوڕی دەکەمە ئەو شا پلیتەیەی گڕ لە دۆزەخەکە بەردات.... (دەست دەخاتە ملی سەعید، هەردووکیان لەتر دەدەن)

سەعید: گەورەترین کارێ ئەمیری...

هادی: (قسەکەی دەبڕێ) ئەمیری چی؟

سەعید: ،: گەورەم... موئمنین...

هادی: چی...؟

سەعید: چاکترین کارێکت ئەوەیە ئەو دۆزەخە دروست کەیت (هەردووکیان لەتر دەدەن و بەسەر چۆکا دەکەون).



## دیمەنی چوار

*(سەر لە ئێوارە شەوی هەینی، ژوورە تایبەتییەکەی خەیزەرانە...)*

خەیزەران مەهتاب.

خەیزەران: بەهەر نرخێک بێت، دەبێ ئەمشەو بەسەلامەتی لەم قەسرەوە نەچێتە دەرێ... دەنا هەرهەموومان دەکوژێ... ڕەنگە بەپرچ من ببەستێتەوە بە کلکی چەمووشترین ئەسپ و لە بیاباندا بەڕەڵام کات...

مەهتاب: (بەخوێنساردیەوە) بەشداری من بەرژەوەندیەکی دوو سەرەیە... یەکەمیان بۆ بەرژەوەندی خانمی گەورەم و دەوڵەتی عەباسییە...
دووهەمیشیان ئەو ڕۆژەیە کە لەناخمدا ئاواتە خوازی بووم... تۆڵەی خۆمی لیکەمەوە...

خەیزەران: دوو مانگە بڕیاری کوشتنی منی دەرکردووە. لەم یەکدوو ڕۆژەشدا، هەواڵم پێگەیشتووە... بەنیازە بەغدا بکاتە دۆزەخ بۆ غەیرە عەرەب... من و تۆیش هیچمان عەرەب نین... مانگێ لەمەوبەر یەکدیمان بینی پێم گوت: فلاَنە وەزیفە بدە بە فلاَنە کەس، پێی گووتم: ئەو وەزیفەیەم بۆ پیاوی لایق داناوە... منیش بەیادی جارانەوە پێم گوت: بێ ئەدەب بوویت قسەکانم جێبەجێ ناکەیت... پێیگوتم: بەو قەحپە دایکە بڵێ، چ کەسێ نەکاتە واستە... گەر ببیستم یەکێ لەسەردارەکانم بێنە لات و داوای کارت لێ بکەن ئەوا گەردنی ئەو حەرامزادنە دەپەڕێنم...

مەهتاب: ئەمیش نەخۆشیەکەی "مەهدی"ی باوکی هەیە ئەویش عەجەب خوێنڕێژێ بوو... ژنبازێکی سەیر بوو... دەیان ژنی رووت دەکرد، هەندێ جار هەر سەیری دەکرد و جار جارەش مەلەی لەگەڵ دەکردن... تۆی خۆشدەویست...

خەیزەران: (قسەکەی دەبڕێ) ئەحمەق مەبە... ئەمانە نازانن کەسیان خۆشبوێ...

مەهتاب: مەبەستم ئەوەیە، کە کەنیزی تۆ بووم، بەرلەوەی بەوەم ببەخشی، پێی گوتم، با خەیزەران نەزانێ من و تۆ چیمان لەبەیندایە...

خەیزەران: پێم نەگوتی، نازانن لەغەیری خۆیان کەسیان خۆش بوێ...

مەهتاب: مەهدی ڕەحمەتی مێردت...

خەیزەران: پێدەچێ گەوج بیت... ڕەحمەتی چی؟! لەبیرت چوو، لەبەینی هەردووکمان دەنووست... کە ئێمە خەومان لێدەکەوت، هەڵدەستا یەک بەیەک کەنیزەکانی دیی بەسەر دەکردەوە ئیدی ڕەحمەتی چی؟

مەهتاب: مردووە و نەماوە...

خەیزەران: (بەبێزارییەوە) مردووە، کوژراوە... ژەهر خواردکراوە هەرچییەکی بەسەرهاتووە... زۆڵێکی وای بۆ جێهێشتووین...

مەهتاب: ئەمما زۆڵە.

خەیزەران: لەبەزمی شەوانەیدا، ژنانی وەزیر و گەورە پیاوانی دەوڵەتیش دەهێنێتە مەجلیسەکەی... بەیانی لەمەڕ هەر یەک لەو پیاوانە بەخشندە بوو، دیارە شەوێ ژنەکەی لەززەتی زیادی پێبەخشیوە... تێر بووە خۆی ژن بۆ گەورە پیاوانی خۆی دەهێنێ...

لەهەر ژنێ تێر بێ. بۆ یەکێ لەگەورەپیاوانی خۆیی دەخوازێ...

مەهتاب: (باسەکە دەگۆڕێ). ئەرێ... دەمەوێ بزانم... لەجۆری ژەهرەکە دڵنیایت؟



خەیزەران: گەلێ دڵنیام...

مەهتاب: دەرترسم، ژەهرەکە... یانی دەڵێم ژەهری تەواو نەبێ.

خەیزەران: دەڵێم... دڵنیابە...

مەهتاب: دەڵێم... چاکترە تاقیکەینەوە...

خەیزەران: خەمت نەبێ بەجۆرێکی سەیر تاقیمکردووەتەوە...

مەهتاب: چۆن؟

خەیزەران: یەکەمجار لەگەڵ بەڕێوەبەری زینداندا ڕێککەوتم، پیرەمێردێکی زیندانیم بۆ بنرێ... ژەهرەکەم دایێ بەنیو سەعات گیانی لەدەست دا پاشان داوای گەنجێکم کرد، ئەویش هەر بە نیو سەعات گیانی دەرچوو.

مەهتاب: گەنجەکە عەرەب بوو...

خەیزەران: دووبارە ئافەرین بۆ زیرەکیت... منیش دوودڵ بووم... داوام کرد گەنجێکی تەمەن بیست و شەش ساڵەم بۆ بدۆزنەوە، باوکی عەرەبی و دایکی غەیرە عەرەب بێت بۆیان هێنام... بەر لەوەی ژەهرەکەی لەسەر تاقیکەوە... تاقیکردنەوەیێکی دیم لەسەر کرد...

مەهتاب: ئەڵبەتە وەکو دووڕەگێ سەر کەوتوو بوو؟

خەیزەران: ئافەرین... خۆشترین لەززەتی پێبەخشیم...

مەهتاب: ئەی تۆ؟

خەیزەران: منیش تەمەنێکم پێ بەخشی...

مەهتاب: یانی ژەهرەکەت لەسەر تاقی نەکردەوە؟

خەیزەران: پێم وابوو لەمە زیرەک تری، وا بەسادەیی ئەم پرسیارە بکەی.

مەهتاب: تێناگەم... چۆن هاونوێنی یەک سەعات بارتەقای تەمەنێک دەبێ؟!

خەیزەران: گەر بمابا، چیدی لەم لەززەتەی دەست نەدەکەوت... لە چاوەڕوانی

و لەحەسرەتدا ژیانێکی دۆزەخ ئاسای بەسەر دەبرد... بۆ یە منیش بەو ژەهرە دۆزەخەکەم بۆ کوژاندەوە... لەگیانەلا بوو چاوی بڕیبووە چاوانمەوە... سواڵی لەززەتێکی تری دەکرد...

مەهتاب: بەزەییت پیادەهاتەوە؟

خەیزەران: بەزەیی؟ تۆ باسی شتێ بکەی لێی تێبگەم! بۆ تۆ خۆت لەبەزەیی دەگەیت؟

مەهتاب: نەخێر... هەر ئەوەندەم بینیوە، پیاوان بەزەیی ساختەیان بەمندا هاتووەتەوە... هەر هەمووشیان لەززەتیان لەمن دەویست...

خەیزەران: (وەک هاوسۆزی دەست دەخاتە سەر شانەکانی مەهتاب) ژیانەکەی منیش لەوەی تۆ کەمتر نەبوو...

مەهتاب: مەبەستم ئەوەیە... من ئەو تاقیکردنەوەیەم نییە... لەیەک کاتدا لەززەتێکی زۆرم پێ ببەخشن و بەخشەندەکەیش بە بەرچاومەوە بۆ مەرگ بتلێتەوە... من خۆم هەمیشە لەززەت بەخش و بەخشندەکە بووم...

خەیزەران: بەگەنجەکەم گووت، ژیانی داهاتووت گەلێ قوورس دەبێ، گووتی: دەزانم... پێم گوت: چێژی شتێکت کردووە، چیدی دووبارە نابێتەوە... گوتی دەزانم گوتم: ئەی پاشان؟ گوتی: ژیانەکەم دەبێتە چاوەڕوانییێکی بێ هوودە... گوتم: گەر وابێ ژیانەکەت، لەژیانی ژەهر خواردوویەک قورستر دەبێ... هەر کە ئەمانەی بیست رشایەوە، بەدەما کەوت، مرد!

مەهتاب: ئێستا من بەزەییم بەو گەنجەدا دێتەوە!

خەیزەران: گوتت لەمانای بەزەیی تێناگەم!

مەهتاب: بەڵێ... بۆ ئەو کەسانەی لەززەتم لێدەدۆشن... تا ئێستا ئەو تاقیکردنەوەی ئێوەم نەبووە، بەئارەزووی خۆم هەڵبژێرم... هەر خۆم



بەخشندە و میهرەبان و لەززەت بەخش بووم...

خەیزەران: یانی لەجیاتی من بایت ئەو گەنجەت نەدە...

مەهتاب: بەڵی نەمدە...

خەیزەران: (قسەکەی پێ دەبڕێ) دەبێ بیر لە بەرژەوەندی دەوڵەت بکەیتەوە... گەر نا، ئەوا ئەو گەنجەیان لەدەست دەردەهێنای و گەنجی تری مانەندی ئەوت دەستنەدەکەوت...

مەهتاب: (بەگەوجییەوە) تێناکەم!

خەیزەران: بەرژەوەندی ئەوەیە، دەسەڵات بپارێزێ... گەر ئەو گەنجەم لەنێو نەبردبا، نەمکردبایەتە تاقیگە و بەزەییم پیا هاتبا، ئەوا دەبوو دەسبەرداری ئەسڵی کارەکەو تاقیکردنەوەکە بام... ئەو کاتە بەرژەوەندی ساتەوەختی تایبەتی خۆم فەرز دەکردە سەر بەرژەوەندی دەوڵەت...

مەهتاب: (بەسەرسوڕمانەوە) دەوڵەت!

خەیزەران: (بەجدییەوە) بەڵێ... دەوڵەت... دەزانی دەوڵەت یانی چی... یانی ئەو خوانە ڕازاوەیە کە هەموو جۆرە خۆراکێکی لەسەرە... دەمەوێ چێژ لەهەموو خۆراکەکان وەربگرم... لەهەموویان... لە هیچیشیان بێزار نەبم... بۆ یە من هەمیشە بەرژەوەندی دەوڵەت (دەخەمە سەر!) بەرژەوەندییەکانی خۆم... تێگەیشتی...

مەهتاب: (هەر بەگەوجییەوە) بلێ...

خەیزەران: (بەمەکرەوە) بلێ بزانم دەیخەمە سەرچی؟

مەهتاب: (وە ئاگا دێتەوە و بەبزەوە) سەر بەرژەوەندییەکانی خۆت...

خەیزەیران: ئافەرین...

مەهتاب: سەرەوەری من... دەبێ من بە ئێوە بڵێم ئافەرین سەد ئافەرین... ئێوە لەژیان گەیشتوون و حەقی ئەو ژیانە دەدەنە دەست... (باسەکە

دەگۆڕێ) دەڵێم ئیحتاتی پاش ئەنجامدانی ژەهر خواردنەکەی چۆنە؟

خەیزەران: (بەبزەوە) بەرژەوەندی دەوڵەت وا دەخوازێ بۆ ئەم کارە تەنها ئەم چەند ژنە نەبین... لەگەڵ چەند کەسێکی گەورە پیاوی دەوڵەت، کە، جێی متمانەی منن، قسەم کردووە...لەدەرێی قەسردا چاوەڕێی یەکەمین هەواڵی مەرگی ئەو هیچ و پوچەن هەر کە کارەکە ئەنجامدرا... دەسبەجێ دەگەنە ئێرە... دەگەنە کوێ؟

مەهتاب: (بێ ئیرادە) دەگەنە ئێرە...

خەیزەران: ئێرە کوێیە؟

مەهتاب: قەسر!

خەیزەران: گەوجە، ئێرە خوانە و خۆراکەکانی لەسەرە... ئەوانیش، چێژی یەک بەیەکی خۆراکەکانی دەکەن...

مەهتاب: گەورەم حاڵی بووم!

خەیزەران: (بەدڵنیاییەوە) یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکی بەفەرمانی ئەم حەیوانە! ئێستا لەزینداندایە... دەسەڵات و ناسیاوێکی زۆری لەنێو سوپادا هەیە... لەگەڵ موسای کوڕیا ڕێککەوتووم... سێ فەوج لەشکری ئامادە کردووە، هاریکاریمان دەکەن... هەمووشیان پۆشاکی مەدەنییان لەبەرە... فەوجێکیان بۆ زیندانە گەورەکەی بەغدا... دوانەکەی دیشیان گەمارۆی تەواوی ناوچەکە دەدەن!

مەهتاب: گەورەم، گومان لەزیرەکی تۆ ناکرێ، دڵنیام وردە حیسابت بۆ وردترین شت کردووە... دەڵێم "عوتبە" و "عەبادە" دیار نیین؟

خەیزەران: پەلە مەکە... لیرەن... ئەوانیش مانەندی تۆن دەیانەوێ تۆڵەی خۆیانی لێ بکەنەوە... "ئەو" هیچ و پووچە، زۆر حەزی لەنێو ژیانە... هەر کە ئێوە لێرە ببینێ، بڕیار دەدات شەو لێرە بمێنێتەوە... دەبێ ئەمشەو... بەڵێ ئەمشەو بەزیندوویەتی نەچێتە دەرێ...



مەهتاب: دەبێ دوا شەوی بێت...

خەیزەران: سبەینیش، یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی خیلافەتی هارون-ە... هەر بەیانی زوو گەورە پیاوانی سوپا و بازرگانەکان ئامادەن، بەیعەتی بۆ بکەن، ئەو حەرامزادەیە هارونی دوورخستووەتەوە ناردوویەتی سەر زەمینێکی گەلێ دوور...

مەهتاب: جا لەو سەر زەمینە دوورەوە، چۆن بەیانی دەگاتە ئێرە و بەیعەتیش بۆ دەکەن!؟

خەیزەران: گوتم پەلەمەکەن... حسێبم بۆ هەموو شتێ کردووە... لەو ڕۆژەوەی کە هەردوو کچەکانمی لەنێو قەسرەکەی خۆیدا، زیندانی کردووە لەو ڕۆژەوە خەریکی نەخشەکێشانم...

مەهتاب: گوتت، کچەکانم لەنێو قەسرەکەیدا زیندانین؟

خەیزەران: بەڵێ... بەهەردوو کچەکانمی گوتووە: خەیزەرانی دایکی ئێمە بەدڕەوشتە! زیناکارە! دەبێ ئێوە نزیکی ئەو نەبنەوە... تا بەدڕەوشتیەکانی کار لەئێوەش نەکات!

مەهتاب: ئێرەییت پێ دەبات، ئێوە جێی ڕێزی گەورەپیاوان و بازرگانەکانی دەوڵەتن... هەندێ لەشاعیرانیش بە شیعر ستایشت دەکەن!

خەیزەران: بەگومانە، گوایە، پەیوەندی نامەشروعیشم لەگەڵ ئەو شاعیرانەدا هەیە... بەر لە ساڵ و نیوێک، بۆ دە ڕۆژ فەرمانڕەوای تەواوی وڵاتی ئیسلامیم لەئەستۆ گرتبوو، لەو دە ڕۆژەدا، هەر کەسێکم دامەزراندبوو، کەچی "ئەم " کەدەسەڵاتی گرتە دەست هەر هەموویانی دەرکرد... چەند هەفتەیەک لەمەوبەر، ئاشپەزە تایبەتیەکەی هاتە لام... نازانم بەچ بۆنەیەکەوە بوو کاسەیێک چێشتی تایبەتی پێ بوو، گوتی: ئەمە دیارییە... کاغەزێکی لەگەڵدا بوو، نووسیبووی: من لەم چێشتەم خوارد، گەلێ

بەلەززەتە... ئەوا منیش بۆ ئازیزی خۆمی دەنێرم... بەهیوام بیخۆیت
و لەززەتی لێ وەرگریت... دیارە خوا منی خۆشدەوێ... ئیرادەی وایە
من زیندوو بم و بەردەوامی بەکارە چاکەکانم بدەم... دژ
بەستەمکارانیش بووەستم...

مەهتاب: (قاقا پێدەکەنی)

خەیزەران: باوەڕ ناکەی؟

مەهتاب: بەچی؟

خەیزەران: بەوەی کە خوا منی خۆشدەوێ...

مەهتاب: ئەمەیان گومانی تیادا نییە... پێکەنینم بەوە دێ، لەیەک کاتدا
دوو لای زۆر نزیک بەیەک، هەوڵدەدەن هەر لایەک ئەوی دی لەنێو
ببات... پێکەنینم بەو هاتەوە دوولایەنەکە نێرو مێن... نێرەکەیان
وەک هەمیشە گەوجانە رەفتار دەکات کەچی، مێ یەکەیان،
بەزیرەکی ئەمسەرو ئەوسەری کارەکان هەڵدەسەنگێنێ،
بەخاترجەمی بڕیاری یەکجارەکی دەدات...

خەیزەران: ئەوان لەئاست "مێ"دا عەقڵیان سووک دەکەوێتەوە... پیشەی
باوباپیریانە، لەئاست "مێ"دا میراتگری بێ عەقڵی نێرایەتین...
ئەمانیان بۆ کەس نییە – بەتایبەت بۆ ئەوانەی خزمەتیان دەکەن...

مەهتاب: تێنەگەیشتم... باسەکە تێکەڵ بوو... من باسی پیاوم دەکرد...

خەیزەران: راست دەکەی منیش باسی پیاوانی ئالی عەباس دەکەم، کە
ئەمانیان بۆ کەس نییە... ئەو کەسانەی خزمەتیان بکەن،
چارەنووسیان قەد لە ئەبو موسلمی خۆراسانی چاکتر نابێ (بیر
دەکاتەوە) ئەرێ باسی چیمان دەکرد؟ ئەم هەتیوە شێتە هەند بیری
مژوول کردووم... تا ئەم حەرامزادەیە مابێ ئاوها شت لەبیر دەکەم...

مەهتاب: باسی کاسە چێشتەکە...



خەیزەران: خەریک بوو لەچێشتەکە بخۆم، کەنیزەکەی... یانی عەزیزە کە
دایکی چوار مناڵیەتی هاتە ژوورێ، کە کەوچکەکەی بەدەستمەوە
بینی، بەقیژەوە هاتە لام کەوچکەکەی لێوەرگرتم... بەدەنگی بەرز
گوتی: خۆ هیچت لەم چێشتە نەخواردووە؟ منیش بەسەرسوڕمانەوە
گوتم: نەء... نیازم وایە ئێستا لێی بخۆم... "عەزیزە" دەستی گرتم و
هاواری کرد: نەکەی لێی بخۆیت... بەچاوی خۆم بینیم، یەکێ
لەپزیشکە جولەکەکانی بانگ کردبوو پزیشکەکە، هەندێ شتی
مانەندی وردە ئاردی تێکەڵ کرد، بە کەوچک تێکی وەردا
بەدڵنیاییەوە پێی گوت: ئەگەر یەک کەوچک لەم چێشتە بخوات،
بەجۆرێک خەو دەیباتەوە... تارۆژی قیامەت بەخەبەر نابێتەوە...
پاشان کیسەیەکی پڕ لەزێڕی خستە نێو دەستی پزیشکەکەوە پێی
گوت، ئومێدەوارم رەنجەکەی تۆ بێتە بەر... منیش بیم بە شاهیدی
گیانەڵای ئەو فاحیشە نەگریسە...

مەهتاب: وەک گوتم لەم کارانەدا "نێرینە" عەقڵیان سووکە... هەر کاتێ
پیاوان لەبەرچاوی ژناندا تان و پۆی کودەتایان چنی، هەرگیز ئەو
کودەتایە سەرناکەوێ... جا بۆیە من دڵنیام لەسەرکەوتنی خۆمان...
چونکە چ نێرینەیەک لەگەڵماندا بەشداری ناکات...

خەیزەران: (وەک ئەوەی گوێی لەم سەرنجە نەبووبێ، بەردەوام بوو!) عەزیزە
قسەکانی تەواو کرد... من دەمزانی عەزیزە مێردەکەی خۆشناوی، لە
دڵی خۆمدا گوتم، ڕەنگە بیەوێ تۆمەتێکی بۆ دروستکات... گوتم
با تاقیکەینەوە... سەگێکیان پەیدا کرد... هەندێ لەچێشتەکەی
خوارد، هێشتا لموزی لەنێو کاسەکەدا بوو، دەستی بەلورەلور کرد و
کەوتە سەر زەوی و گەوزایەوە، ڕشایەوە، گیانی دەرچوو... کە
عەزیزە ئەمەی بینی باوەشی پیاکردم و گوتی: قسەکانم ڕاست
بوون... تۆ نازانی چ جانەوەرێ بووە بەمێردم...

مەهتاب: (بەغەمبارییەوە) عەزیزەیش لەمن کلۆڵترە... بەدیاری بەخشیانە ئەو...

(مۆنا دێتە ژوورێ، سەلام دەکات)

مۆنا: خانمی گەورەم، ئەوا عەزیزە و ئەرمانوسە گەیشتن...

خەیزەران: با بێنە ژوورێ. (عەزیزە و ئەرمانوسە دێنە ژوورێ، سەلام دەکەن، خەیزەران جێی دانیشتنیان بۆ دەستنیشان دەکات...)

(بە عەزیزە) بەسەر قسەی خۆتا هاتییت... ویستم باسی ئەو دوو کچە بۆ مەهتاب-ی خۆشەویست بکەم... مادامێ خۆتان هاتوون... فەرموون هەر خۆتان باسی بکەن...

عەزیزە: (ڕوو لە مەهتاب دەکات) جانەوەر و خوێنڕێژی وەها نەبووەو نابێتەوە...

مەهتاب: منیش دەیناسم...

عەزیزە: ڕەنگە باوەڕ نەکەی... چ وەحشییەکە... شەوێک لەگەڵ چەند ژنێکی دیدا لە حزوری ئەودا بووین، خزمەتکارێ هات و بەئاسپایی شتێکی چپاندە گوێی... هەڵسا، گوتی، لێرە بن و بەهیچ شوێنێکدا نەچن... ڕۆیشت و پاش هەندێک گەڕایەوە... هەرەسی هێنایە سەر دۆشەکەکەی، بەپەلەیش هەناسەی دەدا... داوای شەرابی کرد... خزمەتکارێ هات، سینییێکی لەسەر دەست بوو، بوخچەییێک لەنێو سینییەکەدا بوو... "ئەو" بەخزمەتکارەکەی گوت: سینییەکە ڕۆکە سەر زەوی... پاشان بەمنی گوت: بوخچەکە هەڵگرە و بیکەرەوە... بوخچەکە تەڕ بوو، هەر کە بوخچەکەم کردەوە، بەجۆرێ قیژاندم وامزانی هەموو بەغدا گوێیان لەدەنگم بوو... دوو سەری بڕوام بینی کەچی "ئەو" زۆر بەخوێساردییەوە گوتی: جوان دیقەتیان بدە، بزانە کێن... هەردوو سەرەکە لەنێو بوخچەکەوە کەوتنە سەرقاڵییەکە... دوو کەنیزم هەبوون... سەری ئەو



دوو کەنیزە بوون... زۆر خۆشمەدەویستن، هەرگیز لەوانە جوانتر و پاکتر و بەوەفاترم نەدیبو... ئەو دوو کەنیزە عەرەب نەبوون... لەقسەزانی و نەجابەتدا کەم وێنە بوون(عوتبەو عەبادە جەمیلە دێنە ژوورێ بە بێدەنگی دادەنیشتن)

مەهتاب: (بەسەرسوڕمانەوە) مێردەکەت سەری بڕیبوون؟!

عەزیزە: (بەپەژارەییەوە) بەڵێ...

مەهتاب: بۆ؟

عەزیزە: لەمێردەکەم پرسی بۆچی ئەم دوو کەنیزەت سەربڕیوە؟

گوتی: بۆ نازانی؟ گوتم: نەء، گوتی: هەوڵیان دامێ ئەم دوو کەنیزە عاشقی یەکدین. شەوانە لەنێو یەکدا نوێندا دەنوون و لەگەڵ یەکدیدا عەشقبازی دەکەن... زووتر ئەم هەواڵەیان پێدابووم... پێم گوتووبوون، هەر کاتێ چوونە نێوە نوێنەوە، ئەو کاتە ئاگادارم بکەن... ئاگاداریان کردمەوە... هەردووکیانم لەنێو یەک نوێندا بینی... بێ سێ و دوو سەرم بڕین... کاتێ مێردە شێت و وێتەکەم قسەکانی تەواو کرد، هاوارم کرد، شیوەن و زاریم بەرپا کرد... پێم گوت: بۆ لەمنت نەپرسی، کچە بچوکەکە شەوانە موتەکە دەنیشێتە سەر سینگی، نیوەشەوانیش هەراسان دەبێ، لەخەو ڕادەپەڕێ و هاوار دەکات... من داوام لە کچە گەورەکە کردبوو، چەند شەوێ لە پاڵیا بخەوێ، بۆ ئەوەی نەهێڵێت هاوار بکات و کەسانی نێو قەسر هەراسان کات... ئەم دووانە خوشکن ئەو کەسەی ئەمەی پێکردی، تۆی کردوووەتە داردەستی خۆی و بەدەستی تۆ ناحەزەکانی خۆی لەنێو بردووە...

مەهتاب: کە زانی خوشکن و چکۆلەکەیان نەخۆشە، هیچی نەوت، مەبەستم پەشیمان نەبووەوە؟

عەزیزە: هەرگیز پەشیمانی نەزانیوە... گەر ڕۆژێ خوێن نەڕێژێ، ئیدی شەو

تا بەیانی خەوی لێناکەوێ ڕۆژێکیان کەسی نەکوشتبوو، شەوێ ئۆقرەی لێ هەڵگیرا، جوانترین کەنیزی خۆی کوشت، لەبەر ئەوەی سیری خواردبوو... کەنیزی دووهەم و سێهەمیشی لەسەر هەمان شت کوشت... پاش ئەوەی خوێنی بینی، ناڵەی بیست، ئاسودە بوو، خەوی لێکەوت... سەیر ئەوەبوو سبەینێ لەبیری چبووەوە لەسەرچی کوشتوونی...

(روو لەحەیزەران دەکات)...

حەیزەران: (سەرنجی هەموویان دەدات) ڕوو لە مەهتاب دەکات، یەکەم دەوری سەرەکی هی تۆیە... چۆن باوکییت رامکرد، ئەو وەحشیەت کردە بازیجەی دەستت... ئاوهاش لەگەڵ ئەمدا بە... ئەگەر تۆی جیاکردەوە، بەیەکەوە چوونە ژوورێکەوە... ئیدی خۆت دەزانی لە چ دەرگایەکەوە بەرەو دۆزەخی دەنێری...

مەهتاب: (بەبزەوە) زۆربەی ئەو گەورە پیاوانەی پێشکەشیان دەکرام لەسەر چۆک دەکەوتن، کڕنوشیان بۆ دەبردم، دەیانگوت: دەرگای بەهەشت، لێرەوەیە...

خەیزەران: (وە ئاگادێتەوە لەمەڕ چی قسان دەکا، قاقا پێدەکەنێ) ئەرمانوسە و عەزیزەیش بەوردی ئیشی خۆیان دەزانن... ئەم چەند ژنە بەرانبەر بەیەک شەیتان وەستاون... دەبێ بیسەلمێن، ژنانی مانەندی ئێوە دەتوانێ شەیتانەکانی حەوت ئیقلیم لەگۆڕ نێن...

مەهتاب: (بەبزەوە) خودی شەیتان، دەبێ ئەمشەو لەئێمەوە فێربێ...

خەیزەران: ئێوە کە خەریکی کارەکانی خۆتان دەبن من خۆم دەدزمەوە، دەچمە نهۆمی خوارێ بۆ لای وەزیرەکان و فەرماندەو یاوەرەکانی... لەگەڵیاندا قسان دەکەم... سفرەی شاهانەیان بۆ دەڕازێنمەوە ئەگەرچی هەندێ لە سەرکردەکانی سوپاو گەورە پیاوانی دەوڵەت بەفەرمانی "ئەو" حەیوانە، لە زینداندان... بەڵام ئەوانەی ئەمشەو



دەیانبینم، خۆیان لە مەلاس دەنێن گوایە ئیستفادە دەکەن... من درێژە بەقسەکانم دەدەم وەعدیان دەدەمێ، ئەمەو ئەمەیان بۆبکەم... یا هەر هیچ نەبی لەلای (ئەو) شەفاعەتیان بۆ بکەم... زیاتر درێژە بەقسەکانم دەدەم... تا ئێوەیش سەرگەرمی کارو فرمانی خۆتان بن... "ئەو" ڕێ نادات وەزیران و کاربەدەستانی بێنە حەرەمسەراوە، بۆیە کارەکانتان ئاسان دەبێ... تا پێتان دەکرێ زۆری دەرخوارد دەن... زیاتر شەرابی بدەنێ... ئێستا کاتی ئەوەیە بگاتە ئێرە... (ڕوولە مونا دەکات) مونا بچۆرە سەر بانێژەکە... بەدیقەتەوە سەیرکە...

(مونا دەچێتە دەرێ)

(پاش هەندێ)

مونا: (دێتەوە) لە دوورەوە مەوکبیەکەیان دەرکەوت...

خەیزەران: دەبچۆرە سەر بانێژەکە...

(مۆنا دەچێتە سەر بانێژەکە)

مونا: (لە بانێژەکەوە) ئەوا بەرەو قەسر دێن.

خەیزەران: چیدی دەبینی؟

مونا: ئەوا نزیک بوونەوە...

خەیزەران: جوان سەیرکە... چیدی دەبینی...؟

مونا: هەندێ سوارەی فەوجی تایبەتی خۆی لە پشتی مەوکبەکەوەن.

خەیزەران: ئەی ئەو؟

مونا: سواری ئەسپەکەیەتی... دە دوانزە فەرماندەی سوپا، ئەملا و ئەولایان گرتووە... هەندێکیان لە پشتەوەن...

خەیزەران: ئەسپ سوارەکان چییان پێیە؟

مونا: ئالآی ڕەش ... ئەوا نزیکی دەرگای باغەکە بوونەوە...

(لەم کاتەدا دەنگی تەپڵ و شەیپوور و کەڕەنا بەرز دەبێتەوە...)

## دیمەنی پێنجەم

تاریکی

*(لە دەروازەی دەرێی قەسرەکەی خەیزەران... و چەند کەنیزێ لە پێشوازی خەلیفەدان...*

هادی: (ڕوو لە کەنیزێک دەکات) دایکم لە کوێدایە؟

(بەر لەوەی کەنیزەکە وەڵام بداتەوە، خەیزەران لە ناوەڕاست چەند کەنیزێکدا، کە هەموویان ڕووبەندی تەنکیان لەسەر ڕوخسارە، دێنە پێشەوە، خەیزەران ئەوەندە سەر نەوی دەکاتەوە، تا هادی دێتە قسە)

هادی: دایکە سڵاو... هاتووم بۆ دیدەنیت... تا چیدی گلەیی نەکەیت و نەڵێیت نایێت بۆ دیدەنیم و ئەرکی دایک و فەرزەندی وەجێ ناهێنێت.

(هەندێ بێدەنگی، سەرنجی ئەملاوئەولا دەدات) سوپاکەم، لە دەرێی قەسردا دەمێنن من و وەزیرەکان و شازادەکان، بۆ خۆراکی شەو میوانی تۆین...

خەیزەران: با خەلیفە... کوڕە گەورە هەرە خۆشەویستەکەم... بەرەو حەرەمسەرا... هەنگاو هەڵهێنێ...

هادی: من ئەمشەو تەنهام، هاوسەرەکانم لەگەڵدا نین... لەبەر دڵی تۆ لە لەشکرگاوە هاتوومەتە ئێرە... پێم چاکە، لەبری ئەوەی بچمە



حەرەمسەرا... ئەوا لەگەڵ هاوڕێکانمدا شیڤ دەخۆم... (ڕوو لە شازادەکان دەکات) ئێوە دەڵێن چی؟ بەیەکەوە لەگەڵ ئێوە شیڤ بخۆم یا بچم لەسەر سفرەکەی دایکم دانیشم...؟

وەزیرێ: ئەوەی خەلیفەی مەزن پێی چاکە، پیرۆزە...

هادی: (ڕوو وەردەچەرخێنێ بێ ئەوەی سەیری چاوەکانی دایکی بکات) ئەڵبەتە، پاش نوێژ، لە کاتی میوەو شیرینی خواردندا، ئەو کاتە بەیەکەوە قسە دەکەین... بەڵا بۆ شیڤ خواردن دەمەوێ هاوسفرەی وەزیرو شازادەکانم بم... چونکە کاروباری لەشکرکێشیمان لە پێشدایە...ڕۆمییەکان پێویستیان بەدەرسێکی دیبیە؛ گەلێ کاروباری دیش هەن دەبێ ئەمشەو ئەنجام درێن...

خەیزەران: (بەڕووخۆشییەوە) ئیرادەی ئێوە... ئەی خەلیفەی مەزن و کوڕی بەڕێزم لەسەر سەرە...

هادی: (بەساردییەوە) ئایا شتێکی دی هەیە بگوترێ؟

خەیزەران: (دەچێتە بناگوێی) دەربارەی خەزێنەکەی باوکی ڕەحمەتیت و... هەندێ شتی دیش هەیە دەبێ عەرزی ئێوەی کەم...

هادی: (بەبێ ئەهەمیەتییەوە) کاتم کەمەو باوەڕناکەم ئەمشەو بۆ ئەو کارە کاتێکی موناسیب بێ... چاکترە، سبەی فەرمانبەری تایبەتی بەدیوانی داراییەوە بنێرمە لات، تا ئەو کاروبارانەی پەیوەستن بەخەزێنەکانی باوکمەوە حەل و فەسڵ کرێن... چەند ڕۆژێکە لە موسڵەوە گەڕاوەمەتەوە ...ماندووم...

خەیزەران: (بەمیهرەبانییەوە) بەڵام من نیگەرانم ئەو خەزێنەیە دەستاودەست بکات و گوم بێ یا شتێکی لێ کەم بێت، ئیدی تاهەتایە ڕووڕەشیم بۆ بمێنێتەوە...

هادی: نیگەرانییەکەت بێ هوودەیە... سامانێ هی باوکم بێ تۆ بتەوێ یا

نەتەویٚ هەر دەگاتە دەستی من... حەز ناکەم تۆ لەم ڕووەوە نیگەران بیت...

دەبیٚ پاش شیڤ خواردن، بگەڕێمەوە... بەیانی نیازی شکارم هەیە... بەرەو بیابان دەکەومە ڕیٚ

خەیزەران: تۆ ڕوو لە دایکی خۆت وەردەگێڕی لە میهر و خۆشەویستی دایکایەتی بیٚ بەشم دەکەیت...بەڵام من تۆم خۆشدەویٚ، هەر لەبەر ئەم خۆشەویستییە پێت دەڵێم... چەند هەفتەیێک کۆششی ئەوەم کرد تاڕازی بێت و سوێندەکەی بشکێنیٚ بێتە ئێرە تا دڵ و دەروونی تۆ ڕۆشنکاتەوە... تا بۆ هەمیشەیش ببێتە هی تۆ...

هادی: (لە مەبەستی دایکی تێنەگەیشتووە، بەبیٚ ئەهەمیەتییەوە) وەک گوتم، پاش شێف خواردن دەبیٚ بگەڕێمەوە قەسرەکەی خۆم... کاتم کەمەو ئیشم زۆرە. (وردە وردە لەگەڵ دایکیا بەرەو حەرەمسەرا دەڕۆن، سەعید لە خەلیفە نزیک دەبێتەوە، هادی بە سەعید)

حەیوانە! بۆ دواوە... نازانی ئێرە حەرەمخانەی دایکمە...

سەعید: (بەنیمچە پاڕانەوە) گەورەم ئیجازەم بدەن چەند خەسێنراوێک...

هادی: (بەتووڕەییەوە) پێویست ناکات... دەی بۆ دەریٚ... (سەعید هەندیٚ دوور دەکەوێتەوە)

خەیزەران: (بەسۆزی دایکانەوە) کوڕە ئازیزەکەم... جگەر گۆشە خۆشەویستەکەم... بەرەو پێش هەنگاو هەڵهێنە، بزانە چی دەبینی...

هادی: مەبەستت چییە؟

خەیزەران: (بەپەنجە ئیشارەت بۆ سەر پەیژەیێک دەکات، ژنێکی ئەورێشم پۆش هێدی هێدی دێتە خواریٚ، ڕووبەندێکی تەنکی بەڕوخسارەوەیە تەنها چاوە ڕەشەکانی بەجوانی دیارن... هادی بەدیقەتەوە سەیری دەکات، ژنەکە وردە وردە ڕووبەندەکەی ڕوخساری خۆی لادەدات.



خەیزەران" بەنازەوە" ئەمە هەموو نیشانەی میهر و خۆشەویستی منە بۆ تۆ...

من ئەم دیارییە بەنرخەت پێشکەش دەکەم...من دەزانم و دڵنیام، لەم جیهانە بەرینەدا کەسیٚ نییە ئەوەندەی ئەمە (دەستی مەهتاب دەگریٚ و دەیخاتە نێو دەستی هادی) لە لای تۆ خۆشەویست بیٚ...

هادی: (لە خۆشییا گەوجانە پێدەکەنیٚ).

خەیزەران: ئەمە کەنیزێکی ئازاد کراوە، پاش مردنی باوکی ڕەحمەتیت مێردێکی بۆ خۆی هەڵبژارد... مێردەکەیشی مرد... بانگهێشتم کردووە، پێشکەشی تۆی بکەم... (هادی بەحەپەسانەوە سەیری دەکات، بیٚ ئیرادە دەست دەبات سەر شانەکانی خۆی دەخورێنیٚ...)

خەیزەران: ئەمە مەهتابە نازەنینەکەی تۆیە... ئیدی ئەمە هی تۆیە... جارێکی دی ناگەڕێتەوە بۆ "مەدینە" دەیەویٚ تاهەتایە لە کەناری تۆدا ژیان بگوزەرێنیٚ...

هادی: (بەگەوجییەوە) تۆیت!؟

مەهتاب: (بەناز و عیشوەوە) بەڵیٚ منم...

هادی: وام بیستووە بڕیارت داوە لە مەدینەدا ژیان بگوزەرێنی...

مەهتاب: بەڵیٚ ڕاستە... بەڵام گەڕامەوە...

هادی: چۆن؟

مەهتاب: فەرمانەکانی دایکی بەڕێزتانم وەجیٚ هێنا... نامەی بۆ نووسیم، داوای لیٚ کردم بێمە ئێرە... تا دڵی خۆشەویستترین کەسی خۆش کەم... ئەگەرچی پاش مردنی مێردەکەم، سوێندم خواردبوو هەرگیز سەیری پیاو نەکەم... بەڵام قسەی دایکی ئێوەم پیٚ ناشکیٚ... بۆی نووسیبووم، بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت ئەمەی دەویٚ...

هادی: چی دەویٚ!؟

مەهتاب: ئەوەی دەویٚ کە من دلّشکێنی ئەمرەکانی ئێوە نەبم... نامەویٚ
مانەندی خاچپەرستان تەرکی دنیا بکەم... ئێستاش رِیٚ بەخۆم
دەدەم لە رِەسمیات دوورکەومەوە بەناوی خۆتەوە بانگت بکەم و
بلّێم... هادی ئازیز و خۆشەویست، وەک لەمەوبەر خۆشمدەویستی،
لە ترسانا نەمدەوێرا خۆشەویستییەکەم بدرکێنم... (بەمەبەستەوە
سەرشانەکانی خۆی دەخورێنیٚ) ئێستا بەکامی دلّ و بەدەنگی بەرز
دەیدرکێنم... خۆشم دەوێیت هادی...

هادی: لە بیرتە لەبەر خاتری تۆ باوکم برِیاری دا جەلّدەم لێدەن...؟

مەهتاب: (بەناز و شەرمەوە) لە بیرمە و چۆن لە بیری دەکەم...

هادی: دلّت بە من سووتا؟

مەهتاب: بەلّیٚ بەلاّم هیچم لە دەست نەدەهات...

هادی: چۆن هیچت لە دەست نەدەهات؟

مەهتاب: من کەنیزی دایکت بووم... دایکت منی بەخشییە باوکت... ئایا
کەنیز هیچی لە دەست دیٚ؟

هادی: گەلیٚ کارت لە دەست دەهات... شۆخ و شەنگیەکەت ئاگری لە دلّ و
گیان وەردەدا...

مەهتاب: بەداخەوەم جەلّدەیان لیٚ دایت...

هادی: (بەگەوجییەوە) لەبەر خاتری تۆ... داوام لە باوکم کردبوو
دەستبەرداری تۆ بێت... بتبەخشیٚ بە من...

خەیزەران: (بەمیهرەبانییەوە خۆی تێکەلّی قسەکانیان دەکات) باوکت
بەرِەحمەت بیٚ حەقی بوو لێت توورِە بیٚ... چما داوای چیت لیٚ
کردبوو... داوای روحی خۆییت لیٚ کردبوو...

هادی: (وەک ئەوەی لە بیری کردبیٚ دایکی لەگەلّیاندا وەستاوە، روو
وەردەچەرخێنیٚ، بەنیونیگایەکەوە سەرنجی دەدات و بەئەسپایی



دەلّیٚ) لە بەرچاوم ون بە، لێگەرِیٚ با بەتەنها لەگەلّیا بم...

خەیزەران: هەرچییەک تۆ بتەویٚ باوابیٚ... ئەوا من دەرِۆم... بەلاّم دەمەویٚ
بزانم سفرە لە سەریٚ و لە حەرەمخانە رِاخەین... یا لە خواریٚ و لە
تەلاری گشتیدا؟!

هادی: مەعلومە لە سەریٚ... مەهتاب... لێرەیە و چاوەرِیٚی ئەوەش دەکەن
لەگەلّ ئەو گەجەرو گوجەرانەدا... خۆراک بخۆم...

خەیزەران: وابیٚ لەگەلّ ئێمەدا شیڤ دەخۆی؟

هادی: لەگەلّ تۆدا نەء. بەلاّم لەگەلّ مەهتابدا، ئا...

خەیزەران: ئەرمانوسە-یش بەلەززەترین خۆراکی ئەرمەنیی بۆ لێناویت...

هادی: ئەویش لێرەیە؟

خەیزەران: (بەنازەوە) مونا... جەمیلە... عوتبە... عەبادە...

هادی: جوانترین کەنیزانی دەنگ خۆش و مۆسیقاژەن و سەماکەر ئەوانەی
ناوت هێنان پەری رِوخسارن... بەلاّم من دەیانکەمە خزمەتکاری
کەوشەکانی مەهتاب... سەعیدم بۆ بانگ کەن...

خەیزەران: (چەپلّەیێک لێدەدات، غولاّمیٚ دێتە ژووریٚ کرِنۆش دەبات)
بەپەلە بچۆ خواریٚ سەعید بانگ کە و بلّیٚ: ئەمیری موئمنین ئیشی
پێیە...

هادی: (لەگەلّ بیستنی وشەی ئەمیری موئمنین لە دەمی دایکییەوە دێتە
دەر، بەسەرسورِمانەوە روو وەردەچەرخێنیٚ و رِوو لە دایکی دەکات...
مەهتاب بەدیقەتەوە سەرنجی ئەم وەرچەرخانە دەدات... زوو فریای
وەزعەکە دەکەویٚ و دەستی هادی دەگریٚ...)

مەهتاب: ئەمیر ئەلموئمنینە خۆشەویستەکەم (بۆ لای خۆی رِایدەکێشیٚ)
لەمەولا ئەمیری منی ... منی موئمنینە... دەبیٚ لە سەرانسەری

جیهاندا دەنگ بداتەوە! (بەم ستایشە گەلێ کەیفخۆش دەبێ...
غولامێک دێتە ژووریٚ ڕوو لە خەیزەران دەکات و کڕنۆش دەبات).

غولامەکە: ئەوە سەعیدە...

هادی: بابێتە ژووریٚ... (غولامەکە دەچێتە دەرێ، پاش هەندێ سەعید دێتە ژووریٚ)

سەعید: گەورەم سلاو...

هادی: (وەلامی سەلامەکەی ناداتەوە) وەزیر و شازادەکان بامێنن و لە تەلاری گشتیدا شیڤ بخۆن... لە پیاوە تایبەتییەکانی خۆشم تەنها دە کەس بمێننەوە، ئەوانی دی ئیزن دە بچنەوە بۆ قەسر... ئەگەر تا پاش نیوە شەویش نەهاتمەوە ئەوا بچنەوە بۆ سەربازگا...

سەعید: (بەترسەوە) دەڵێی بڕیارەکەتان گۆڕیوە... دەتانەوێ ئەم شەو لەم قەسرەدا بمێننەوە...

هادی: (بەبێ ئەهەمیەتییەوە) بەڵێ...

سەعید: دەتوانم بپرسم بۆ؟

هادی: (بەتووڕەییییەوە) حەیوان... هەند هەرزەگۆ مەبە! بزانە درێژی بەڕەکەت چەندە... دەی بۆ دەرەوە...

سەعید: کڕنۆش دەبات، بەبێ ئەوەی سە ربەرزکاتەوە بە کڕنۆشبردن پاشەوپاش دەکشێتەوە) فەرمانی خەلیفە لەسەر سەرە...

مەهتاب: (دەستی هادی گرتووە، بەرەو شوێنی ئامادەکراوی دەبات، عوتبە، عەبادە، مونا، جەمیلە، لەبەریان هەڵدەستن... کەرەسەکانی ئاهەنگ ئامادە دەکەن)
ماوەییکە یەکدیمان نەبینیوە... شەوێکی خۆشیش چاوەڕێمانە. با ئەم شەو بکەینە شەوی تۆڵە... تۆڵەی ئارەزووە تاساوەکانمان... تۆڵەی ئەو تاسانەی ترس خەفەی کردبوون... تۆڵەی...



هادی: (قسەکەی دەبڕێ) پێم ناخۆش بوو باوکم بڕیاری دا جەڵدە لەتۆیش بدەن...

مەهتاب: (بەنازەوە) من پێم خۆش بوو...

هادی: بۆ؟

مەهتاب: ئەو عیشقەی ئازاری لەگەڵدا نەبێ... ئەوە عیشق نییە و گەمەی منالانە، گەمەیش هەرچەندە خۆشبێ مرۆڤ لێی تێر دەبێ... هەر کەتێر بوو، لێی بێزار دەبێ... جائەگەر بێزاری کەوتە نێو، عەشقەوە، دیارە ئەسڵەن لەسەرەتاوە عەشق نەبووە، جۆرێ بووە لە گەمەی خۆو ئەوی دی خەڵەتاندن... بەلام عەشقێ، ترس تاساندبێتی، بەبێدەنگی درەوشابێتەوە، پیتە نەگوتراوەکانی لەنێو دڵی مەعشوقدا چاندرابێ... دڵنیا بە ئەو پیتە بێدەنگە وەکو ئەمڕۆ دێنە دەنگ... باوکی ڕەحمەتیت پێی گوتم (وەک مەهدی ڕەفتار دەکات، بەدەستی چەپ پرچی هادی دەگرێ و سەری لار دەکاتەوە و لێی هەڵدەستێتە سەرچۆک بەتووڕەییییەوە) قەحپە...چۆن کوڕە خۆشەویستەکەم فریو دەدەی... وات لێ کردووە جورئەت بکا، تۆ لە من بۆ خۆی بخوازێ و پێم بڵێ (دەنگی خۆی دەگۆڕێ لاسایی دەنگی هادی دەکاتەوە) گەورەم... ئەی ئەمیری موئمنین... دەستبەرداری مەهتاب بە... مەهتاب. حەزی لە منە... بۆ من شێت بووە... شەیدای منە... منیش حەزم لەوە (دەستی هادی دەگرێ، دەیخاتە سەر پرچی خۆی بەشێوەیەکی نازئامێز سەری خۆی نزیکی سینگی هادی دەکاتەوە و بەدەنگێکی ژنانەی ناسک دەپاڕێتەوە) گەورەم... ئەوەی ئێوە باسی دەکەن، هیچ ئاگاییێکم لێ نییە...
(خۆی دەخاتە سەر زەوی، پرچی لە مەچەکی هادی دەئاڵێنێ وەک ئەوەی بەقژ ڕایکێشن، بەدەنگی نێرانەو لاسایی دەنگی مەهدی دەکاتەوە).

قەحپە... ئەوەندە بەگەوجم دەزانی... کەی مەست و عاشق دەتوانن وەک هەن خۆیان دەرنەخەن ... عاشقن... چاوی شاهیدی لەسەر دەدات... سەیری چاوەکانت دەکەم... وێنەی ئەو حەرامزادەیەی تێدایە...

هادی: (قسەکەی دەبڕێ) باوکم بەوە ناسرابوو، زیرەک و ژن ناس بوو... (بەگەوجییەوە پێدەکەنێ).

مەهتاب: (بەهەمان دەنگی مەهدی) ئێستاش تێتدەگەیێنم سزای خیانەت دەکاتە چی... فاسق... فاحیشە... (خۆی دەخاتە سەر پشت، قژەکەیشی بەدەستی هادییەوەیە، بەگریان و دەنگی ژنانەوە). گەورەم، سوێند بەوە دەخۆم کە لەلای ئێوە پیرۆزە... هەرگیز خیانەتم لە ئێوە نەکردووە... ئەوەی دەربارەی من بەئێوە گوتراوە، سەرلەبەری درۆیە...

هادی: (قەڵسە...)

مەهتاب: (هەڵدەستێ، سەری دەچەمێنێتەوە، بەدەنگی مەهدی) هیچوپووچ... درۆزن، ڕووڕەش... تۆ کورەکەمت فریوداوە... (وەئاگادێتەوە) بۆ کوڕە ئازیز و خۆشەویستەکەمت فریوداوە...

هادی: (بەگەوجییەوە پێدەکەنێ...)

مەهتاب: (خۆ دەخاتە سەر پشت، ڕێک پشتی لەسەر ئەژنۆکانی هادیدایە، (بەدەنگی ژنانەوە)، ئەمە تۆمەتە گەورەم... لە دووجار زیاتر کوڕەکەی ئێوەم نەبینیوە... ئەویش لە دوورەوە بینیومە... بەڵام دەمزانی کوڕەکەت بەچاوێکی دیبەوە سەیرم دەکات... یەکدوو جار پەیامی عاشقانەی بۆ ناردووم... داوای کردبوو ئەگەر قایل بم ئەوا جورئەت پەیدا دەکات، من لە تۆ بخوازێ بەڵام من هیچ وەڵامێکم نەدایەوە.



هادی: (قەڵسە، دەستەکانی خۆی لە قژی مەهتاب دەکاتەوە، دەستی مەهتاب-یش لە قژی خۆی دەکاتەوە) بۆ وەڵامت نەدامەوە؟

مەهتاب: (بەنازەوە) خیانەت لە خەلیفە دەکرێ؟

هادی: (بەبێ حەوسەڵەییەوە) من خۆشم دەویستی... ئێستایش...

مەهتاب: ئەگەر لەمەولا، کەسێکی دەسەڵاتدار پەیدابێ و منی خۆشبوێ... دەکرێ هەر لەبەر ئەوەی خۆشی دەوێم خیانەت (دەست دەخاتە سەر سەری هادی) لە خەلیفەی گەورەم بکەم؟!

هادی: (دەگەشێتەوە، سەری مەهتاب دەخاتە سەر سنگی خۆی... موناو جەمیلە بەبێدەنگییەوە، لاسایی ڕەفتارەکانی مەهتاب و هادی، بەسەمایێکی خاو دەکەنەوە... عوتبە و عەبادەیش، بەپێی جۆری سەماکان، ڕیتمی مۆسیقاکانیان ڕێکدەخەن، خەیزەرانیش مانەندی زابت ئیقاع، ڕووبەندەکەی بەدەستەوەیە، بەرز و نزمی دەکاتەوە...)

مەهتاب: (بەدەنگی مەهدی) دەزانی من تۆم خۆشدەوێ (دەست بەپرچەکەی هادیەوە دەگرێ، مونا و جەمیلەش هەمان شت دەکەن...) خۆشم دەوێت. باوەڕیشم پێتە ئەوا بڕیارم دا نەتکوژن... بەڵام لەبەر ئەوەی گەوجیت لەم قەسرە پەروەردە بوویت، هێشتا حاڵی نەبوویت. لەبەر گەوجییەکەت، دەبێ چل جەڵدەت لێدەن... ئەمەیان لەبەر گەوجییەتی و ناحاڵییەتیت... کە پێت وایە ئێمە بەسوێند باوەڕ... دەکەین... یا بەپاڕانەوە، بەزەییمان دەبزوێت... ئێمە کەی بەزەییمان هەیە... تەختی خیلافەت پایەدار نابێت گەر بەزەییمان نەکوژین... دە جەڵدەی دیشت لێدەن... ئەمەشیان بۆ ئەوەیە تا لە خەونیشدا، بیر لە خیانەت نەکەیتەوە... (بەپێکەنینەوە) سەدوپەنجا. جەڵدەیش لەو تووتکە سەگە بدرێ... تا جەستە خوێناوییەکەی ببێتە عیبرەت بۆ کەسانی دی... (بەدەنگی ژنانەوە)

گــەورەم... ڕوحی من تەنهــا هی تۆم... تۆ مـــەولای منیت... ئەی ئەمـــیـــری مـــوئمنین، هەرگـــیـــز بەســـۆزەوە ســـەیری هادی کـــوڕە خۆشەویستەکەتانم نەکردووە!

هادی: (وەک ئەوەی ئەم نمایشە ڕاست بێ، پەست دەبێ بەدەست ئیشارەت دەداتە مەهتاب، تێیدەگەیێنێ شەرابی بداتێ. مەهتاب... بەلەنجەو لارەوە، هەڵدەستێ جامێ شەرابی ئالودەی دەداتێ، هادی یەک بین دەیخواتەوە، مـەهتـاب پلە گۆشت دەخاتە دەمی هادییـەوە... ساز ژەنەکان ئاواز دەژەنن، جەمیلە و مونا-ش سەما دەکەن... مەهتاب دوو جامی دیی شەرابی دەداتێ... لە جامی چوارەمدا لەبری ئەوەی جامەکە لە دەستی مەهتاب وەرگرێ... دەستی بەجامەکەوە دەگرێ بۆ لای خۆی ڕایدەکێشێ، دەینووسێنێ بەسنگی خۆیەوە... بەجۆرێ شـەرابەکـە دەخـواتەوە، هەندێ شـەراب بەچانەگـەیا دێتـە خـوارێ... بەنیـمچە مەستییەوە) مەهتـاب... مەهتابی-ی خۆشەویست... تۆ یەکەم ژن بوویت حەزم لێ کـردی، خـۆشم ویسـتی (بەهەمـان جـۆر مـونا، جـەمـیلە ڕادەکـێشـتـە لای خـۆی سـینگی بەسنگی خـۆیەوە دەنووسـێنێ، ڕیتـمی سـازەکـان بەپەلەتر دەبن) ئیـدی هیـچ ژنێک تامی تۆی نیـیــە... ئەمــە جگە لـەوەی من لەســەر تۆ، بەدەســتی خـۆشـەویسـتـتـرین کـەسـانی خـۆمـەوە، تا ڕادەی مـردن ئازار درام... ئەمـانە هەمووی لەبەر خاتری جوانییەکەی تۆ بوو... تۆ ئەو ئامانجە دوورە دەستە بوویت، وا ئێستا لە نزیکمدایت... لەنێو دڵ و لەنێو بیلبیلەی چاوەکانمدای...

مەهتاب: منیش وەکو تۆ... شەیدا بـووم... بەڵام کەنیز ئیرادەی لەکوێ بوو... کەی تـوانیـومـانە بڵێین، ئەوەمـان خـۆشدەوێ... یا ئارەزوومـان لەو پیـرەمێردە نییە (فرمێسک بەچاوانیـا دێنە خوارێ) دەفرۆشرێین... پارەدار شـیلەمـان دەمـژێ، ئارەزووەکـانی ئێـمـە لەنێـو گـەرمی



پارەکـانیـان دەتوێتـەوە... هەناسـەی بێ ئومـێـدیمان هەند گـەرمـە، ئارەزووەکـانمان دەکـاتە هەڵم، بەرەو ئاسمـانی بێ کۆتـایی... بەرەو عەرشی عەزیمی دەنێرێ...

هادی: (فرمێسکەکانی بۆ دەسرێ) باوکم تۆی بەچەند کڕی؟

مەهتاب: من کەنیزی دایکت بووم... ڕازی عەشقی من و باوکت خەریک بوو لای دایکت ئاشکرا بێت... دایکت جـوامـێـرە... بەدیاری منی پێشکەش بەباوکت کرد...

هادی: دایکم هەمیشە زیرەک بووە... دەڵێم بەر لەم حاڵەتە، ئەو دەمە من خەلیفە بام... ئامادە دەبووم نیوەی بەیت ئەلمالم دەدایە نرخی تۆ...

خـەیزەران: کـوڕی شـیـرینم دایکیـشت لەو نرخـە کـەمـتـری نەداوەتە ئەم پەرییـە... منیش درکم بەوخـۆشەویسـتـییەی نێوانی تۆ و مـەهتـاب کـردبوو... بەڵام منیـش نەمـدەوێرا لەگـەڵ باوکـی ڕەحـمـەتیت، لەم ڕووەوە قسەی لەگەڵ بکەم...

(جامە شەرابێکی ئالودەی بەدەستەوەیە، چەند جارێ دەیشڵەقێنێ، دەیداتە دەستی مەهتابەوە، هادیش لە مەهتابی وەردەگرێ، یەکبین دەیخواتەوە...)

مەهتاب: (بەنازەوە) شەو درێژەو پەلەت چییە!

هادی: (دەستی مەهتابی بەدەستەوە بەرەو سفرەی ڕازاوە دەڕۆن) مادامێ لەگەڵ تۆدام، دەبێ چێژ لە چکۆڵەترین ساتەکانی ئەمشەو وەرگرم... دەبێ لەگـەڵ هەر مـژێکی ئەم شـەرابەدا تۆبشـی تیـا بنۆشم... تا بەتەواوی تێکەڵی خوێنم دەبی...

مـەهتـاب: (پارووە خـۆراکی زەهراوی دەخـاتە بەردەمی هادییـەوە) پەلە مـەکـە...شـەو درێژە... منیش دەمـەوێ ئەمـشـەو تۆڵەی شـەوانی بێ تۆیی... شەوانی پڕ تاسەی نائومێدی...دەمەوێ تێرتێر بم... جڵەوی ئەو عەشقە بێدەنگەم بەرەم هاوار بکات، هەموو بەغدا و سەرتاپای

ولاتی ئیسلامی بزانێت هادی... خەلیفە هادی هی منە... ڕوحی منە... دەمەوێ ئەمشەو حەزەکانم سەما بکەن و بتگرنە باوەش!
(دەنگی مۆسیقا و سەما گەرمتر دەبێ...)

خەیزەران: (دەچێتە خوارێ، پاش ماوەییەک دێتەوە سەری، پاش خەیزەران یەکسەر سەعید خۆی دەکاتە ژوورێ).

سەعید: گەورەم... ئەمیر ئەلموئمنین چۆنە؟

هادی: (بەئەوپەڕی تووڕەبوونەوە هەڵدەستێ زللەیەکی لێدەدات) حەیوان بۆ دەرێ...ئەمەیان یەک... دووهەم کوێری، نابینی ئەمیر ئەلموئمنین لە چ ناز و نیعمەتێکدایە. شەراب... شەرابەن... تەهورە حور... حور ئەلعەین... سێهەم چۆن جورئەتت کرد بەبێ ئیزن بێیتە حەرەمسەراکەی دایکم... حەیوان...یەکەم کاری سبەینێم، سەرت بە دیاری دەنێرمە لای ژنە (هێڵنج دەدات)... پۆخڵەکەت.

سەعید: (ڕەنگی پەڕیوە) گەورەم ئەمر دەکەی... مەبەستم ئەوەبوو بزانم هیچت پێویست نییە.

هادی: (بەتووڕەییەوە بناقاقای دەگرێ) هیچوپووچ بۆ لە بیاباندا گیرم خواردووە... (بەڕەڵای دەکات، سەعید بەپشتا دەکەوێ، هەڵدەستێ) دەی بۆ دەرەوە... (سەعید پشتاوپشت دەچێتە دەرێ...)

خەیزەران: کوڕە ئازیزەکەم باش نییە بەمجۆرە لە سەرۆکی خەفیە نووسانی خۆت تووڕەبی... ئەو دڵسۆزی بۆ ئێوە نواند...

هادی: (دەچێتە لای گۆزەیێکی پڕ لە شەرابی ئالودە... هەر لە گۆزەکە، شەرابەکە دەخواتەوە، چۆڕی لێ دەبڕێ... بەدایکی) قسەی قۆڕ... دڵسۆزی سەرۆکی خەفیە نووسان... ئەمانە... ئەم جۆرە پیاوانە (هێڵنج دەدات) هەموو کار بۆ یەک شت دەکەن (هێڵنج دەدات)



ئەویش من ڕازی کەن! (هێڵنج دەدات) شتێکی تریش دەکەن... نایانەوێ ڕاستییەکان بزانم... لێم دەشارنەوە... شتی تریش دەکەن، نایەڵن خەڵکی زوڵملێکراو بگەنە من... شتی تریش دەکەن... دەزانی چییە... گەوادی... (هێڵنج دەدات) سەرۆکی خەفیە نووسان!!

خەیزەران: مەبەستم ئەوەیە بۆ تەندروستیت باش نییە تووڕەبیت...

هادی: ئەو حەیوانانە بەتووڕەبوون و نەقیزە نەبێ هیچ وەرناگرن... (هێڵنج دەدات).

خەیزەران: ئەگەر ئیجازە بفەرموون ئەم کەنیزانە جۆرە سەمایەک فێربوون، زیاتر لەززەت بەخشە.

هادی:(بەوپەڕی مەستییەوە) ئەو سەمایە چۆنە؟!

خەیزەران: (بەوردی سەیری ناوچاوەکانی هادی دەکات) سەماییەکی نیمچە ڕووتە...

هادی: بەمەرجێ مەهتابیش سەما بکات... (هێڵنج دەدات) یەک جار سەمای مەهتابم بینی... هەر ئەوکاتە عاشقی بووم... سەدوپەنجا جەڵدەم خوارد...

مەهتاب: (بەنازەوە جامە شەرابێکی بۆ درێژ دەکات) منیش پەنجا!!

هادی (لەتر دەدات، خەریکە بکەوێ، خۆی بەسینگی مەهتابەوە دەگرێتەوە) بەهەردووکمانەوە دووسەد.

مەهتاب: یانی ئەمشەو بەدووسەد ماچ شوێنەواریان سارێژ دەکەینەوە...

هادی: دابەشی دەکەین... من سەدوپەنجا... تۆیش پەنجا ماچ.

مەهتاب: بەپێی شەرعەکەی ئەمیری ئەلموئمنین لێرەیشدا ژن سێیەکی بەردەکەوێ!

هادی: (گەلێ مەستە) ئافەرین... (بەدەنگی بەرز گۆرانی دەڵێ).

خەیزەران: (بەچاو کەنیزەکان تێدەگەیێنێ، پرچەکانیان بەردەدەنەوە مەهتاب دەست دەخاتە کەمەری هادی ، هەردووکیان دەکەونە ناوەڕاستی سەماکەران، بۆ ئەوەی ژەهرەکە زیاتر کاری تێبکات بەتوندی دەیسوڕێنێتەوە، هادی دەکەوێ، مەهتاب بەنازەوە بەرزی دەکاتەوە...)

مەهتاب: پێم وابوو... ئەمیری موئمنینی من دەتوانێ دە گۆزە شەراب و دە کەنیزە بەرێ خات... کەچی...

هادی: (قسەکانی تێکەڵ و پێکەڵن)

مەهتاب: ئەم هەموو سەما جوانەم بۆ کردی... دەستت بەرنادەم تا چەند سووڕێ بەیەکەوە... ئەم سەمایە نەکەین...

هادی: کام سەما...؟

مەهتاب: سەمای مەرگ...

هادی: (وەخۆ دێتەوە) کام مەرگ؟

مەهتاب: مەرگی شەوانی بێ ئومێدی... ئەو شەوانە بڕۆن و نەگەڕێنەوە... ئەو شەوانە بەخەیاڵ دەستم دەنایە گەردنی (دەست دەخاتە گەردنی) ئەمیرەکەم...

هادی: دەی... دەی (شێتانە سەما دەکەن)...

خەیزەران: (بەکەنیزەکان) دەنگی ساز و سەنتوورەکانتان بەرزکەنەوە گۆرانی بچڕن... بەدەنگی بەرز گۆرانی بچڕن... (کەنیزەکان، فەرمان جێبەجێ دەکەن، (بەهادی)، دڵی مەهتاب مەشکێنە...

مەهتاب: (بەئەنقەست دەستەکانی هادی بەردەدات، هادی بەجۆرێ لەتر دەدات، بەئاستەم دەتوانێ خۆی بەپێوە بگرێ... باسکی لە کەمەری



هادی گیردەکات بەپەلەتر دەیسووڕێنێتەوە، ئەمجارەیان بەئەنقەست خۆی شل دەکات و بەیەکەوە لەگەڵ هادیدا دەکەونە سەر زەوی مەهتاب هەڵدەستێ، هادی ناتوانێ، مەهتاب بەرزی دەکاتەوە...

دوو کەنیزەی میسریش لە دەرێی ئەم هۆڵەدا بەجۆرێک پێشخۆرەکەیان مەست کردووە بەدەنگی بەرز گۆرانی دەڵێ):

هادی: ئەم گۆرانییە بێ سەروبەرە... ئەم دەنگە ناخۆشە کێیە؟

خەیزەران: دەنگی پێشخۆرەکەتانە!

هادی: (بەهەردوو دەست سکی خۆی دەگرێ) ئاخ... ئاخ... سکم دێشێ...

خەیزەران: ڕەنگە هی ئەو داوودەرمانەی نێو خۆراکە ئەرمەنییەکان بێت. ها جامێ شەربەتت دەمێ (جامێ شەربەت پڕ دەکات لە زەهر، دەیداتە دەستی، وەری دەگرێ، هەڵی دەدات...)

هادی: (تەنگەنەفەسە... هێڵنج دەدات) شەراب... شەراب...

خەیزەران: (جامێ شەرابی ژەهراوی بۆ درێژ دەکات، دەیەوێ وەری گرێ خەیزەران نایداتێ)

بەدەستی خۆم دەیکەمە نێو دەمتەوە...

هادی: (لەسەر پشت ڕادەکشێ، دەمی دادەچەقێنێ، خەیزەران وردە وردە دایدەچۆڕێنێتە نێو دەمی) خەریکە هەناوم دەسووتێ...

مەهتاب: (جامێ شەرابی پڕ زەهری دەداتێ) ئەمەی دەستی خۆشەویستەکەت نۆش کە... دەسبەجێ چاک دەبیتەوە ...

هادی: (دەست بۆ جامەکە دەبات، ناتوانێ وەری گرێ... مەهتاب دەست دەخاتە ژێر سەری بەرزی دەکاتەوە... جامە شەرابەکە دادەچۆڕێنێتە نێو دەمی...)

هادی: هەناوم، ئاگری تێ بەربووە ئاوم بدەنێ... ئاو... ئاو

خەیزەران: (بەکەنیزەکان) دەنگی ساز و سەنتورەکان بەرزکەنەوە سەما گەرمتر کەن.

(سەما گەرم دەبێ، کەنیزەکان شێتانە بەدەوری هادیدا سەما دەکەن، هادی وەک حەپەساوێ لەجێی خۆیەوە سەر بادەدات و سەیری سەماکانیان دەکات مەهتاب، هادی هەڵدەستێنێتە سەر پێ، بەئاستەم خۆی بەپێوە بۆ دەگیرێ)

مەهتاب: (جامێ شەرابی پێیە، بەتوندی کەمەری هادی گرتووە بەر نەبێتەوە)

ئا ئەمەش بۆ خاتری چاوەکانی من بخۆرەوە (دەرخواردی دەدات دەستی بەردەدات و هادی دەکەوێ... هەوڵ دەدات هەڵسێت یەک دوو لەتر دەدات و دەکەوێ...)

هادی: (وەک ئەوەی هەست بکات چی بەسەرهاتووە، ڕوو لەدایکی دەکات قەحپە... قەحپە... (هەڵدەستێ و دەکەوێ).

مەهتاب: (بەخەیزەران) دەنگی بەرزە... یاساوڵەکانی دەرێ...

خەیزەران: خەمت نەبێ چوار یاساوڵن هەشت کەنیزم بۆ ناردوون... لەگەڵ پێشخۆرەکەدا ئەوەندەیان خواردووەتەوە، خۆیان بەخەلیفە دەزانن!

هادی: (لەسەر چۆک کەوتووە، دەستی لەسەر سکییەتی، دەیەوێ بەچۆک بەرەو دەرگا بڕوات، ناتوانێ، هاوار دەکات بەجوانی دەنگی دەرناچێ... تەنها ئەم وشانە بەناڵەو ئازارەوە لە دەمییەوە دێنە دەرێ ). قەح... پە... منیشت... بە... بە... دەردی... مەهدی... باوکم... برد...قە... حپە...

(دەکەوێتە سەر دەم بە سکەخشێ دەیەوێ بگاتە دەرگاکە خەیزەران ڕێی لێ دەگرێ، قالیچەیێک دەداتە سەریاو بەکەنیزەکان دەڵێ) وەرن...

(کەنیزەکان لەسەر قالیچەکە دادەنیشن، مەهتاب. دەکێشێتە



سەری ژێر قالیچەکە)

مەهتاب: ئەمە حەقی ئەو سووکایەتییەی کە پێت کردم بیخۆ...

(کەنیزەکان، کە دڵنیادەبن، هادی نووزەی تیا نەماوە قالیچەکەی لەسەر لادەدەن، دایدەنیشێن، دەم و پلی پاک دەکەنەوە... خەیزەران مەشخەڵ دادەگیرسێنێ لە بانێژەکەوە یەکدووجار مەشخەڵەکە بەڕاست و چەپا دەسووڕێنێتەوە... فیکەیێکی دوور و درێژ دەبیستڕێ...

تاریکی

# بەشی دووەم

## دیمەنی یەک

*(ڕۆژی پاش مردنی هادی، یەکەم ڕۆژی خیلافەتی هارون ئەلڕەشیدە... دیوانی خیلافەت هارون لەسەر تەختی خەلیفەیی دانیشتووە، یەحیای بەرمەکی لەتەنیشتی دانیشتووە... ئامادەبووانی ئەو مەجلیسە هەموو ڕووگەش و دەم بەخەندەن...)*

یەحیا: ئەمڕۆ ڕۆژێکی موبارەکە... یەکەم ڕۆژی لەسەر تەخت نشینی ئێوەیە...

هارون: ئەمشەو هادی برام لەبەر زۆر خۆری و زۆر نۆشی گیانی لەدەست دا... گەلێ حەزی لە خۆراک و شەراب و ژن بوو...

یەحیا: زۆر خۆر و ژنباز بوو. منیش ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی ئازادیمە... ئەمڕۆ بەرەبەیان لەزیندان ئازاد کرام...

هارون: (بەشەرمەوە) گەورەی من... تۆ لەجیاتی باوکی منی... ئەم پلەوپایەی ئێستای من... پەیوەستە بەکارە زیرەکانی ئێوەوە...

یەحیا: (قسەکەی دەبڕێ) هەروەها زیرەکییە لەڕادەبەرەکەی دایکی خۆشەویستتان، خانمی خانمان، خەیزەرانی بێ هاوتای هەموو جیهان...

سوپاس بۆ ئەو پێزانینەی ئێوە، بەهیوام ئەوانی دیش فەرامۆش نەکەی!

هارون: مەبەستت کامیانە؟



یەحیا: عەزیزە... ژنەکەی هادی!

هارون: چ پاداشتێکی بدەمێ؟ (خەیزەران و مەهتاب. مونا و جەمیلە و عەزیزە و ئەرمانووسە دێنە ژوورێ... گویان لە قسەکەی هارون دەبێ کە دەڵێ چ پاداشتێکی بدەمێ...)

خەیزەران: بیبخوازە!

هارون: (ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕێ) ئێوە هەمیشە ڕێی ڕاستتان نیشانی ئێمە داوە... ئێوە ئەمر دەکەن... بەڵام لەبەر خاتری زوبەیدەی ژنم کە ئێستا دوو گیانە... ماوەیێک دوای دەخەم...

یەحیا: گرنگ ئەوەیە فەرامۆش نەکرێ... چونکە ئەو نەبا ئێستا دایکت نەمابوو... کە دایکت نەمابا... ئێوەش نەدەبوونە خەلیفە... ئێوەش بەخەلیفە نەبان منیش ئازاد نەدەکرام و لە زینداندا دەڕزام... بۆیە دەبێ.

هارون: (قسەکەی دەبڕی و بەساکارییەوە) هەرگیز فەرامۆشی ناکەم...

خەیزەران: نەک هەر ئەو... بەڵکو یەحیایش کە عەقڵی ڕاستەقینەی ئێمە بوو... لە زیندانەکەی خۆیەوە، نەخشەی بۆ داناین و ڕانمایی دەکردین... (بەهارون) هەموو سەرکەوتنەکانی ئێمە، قەرزاری عەقڵی (دەست دەخاتە سەر شانی یەحیا) ئەم پیرەمێردە کەم وێنەیەیە...

هارون: ئەڵبەتە... هەر بۆیەش لەمڕۆوە پلەی موهرداری خیلافەتی پێ دەسپێرم... (بەیەحیا) هەر لە ئێستاوە، خەریکی کاروباری ئیداری دەوڵەتی ئیسلامی بن... تەواوی دەسەڵاتت پێ دەبەخشم وەک دایکم گوتی من قەرزاری عەقڵی ئێوەم...

خەیزەران: (بەهارون) دوێنێ شەو سوپاکانی خۆراسان بەسەرکردایەتی مووسای کوڕی(دەست بۆ یەحیا دەبات) ئەم پیاوە، بەغدایان

گەمارۆ دابوو... مووسا بەهێزە تایبەتییەکەی خۆی گەیشتە قەسرەکەی من... مویەموو... هەموو نەخشەکانی بەئەنجام گەیاند...

هارون: (بەدڵخۆشییەوە پێدەکەنێ ڕوو لە یەحیا دەکات) باوکی خۆشەویستی من... ئێستا ئێوە هەموو دەسەلاتێکتان هەیە، بۆ دامەزراندن و لەسەر کار خستنی هەر کەسێک!

یەحیا: (قسە لەگەڵ هارون دەکات و سەیری خەیزەران) گەورەم سوپاس بۆ خوای مەزن و هۆشیاری و زیرەکی ئەم ژنە هەرە دڵسۆز و وریایەی دایکتان... لەبری ئەوەی ئەمڕۆ هەڵواسرێم، کەچی ئیرادەی خوای مەزن ئەوە بوو ئازاد بم... هادی براتان فەرمانی دابوو نەجارەکانی بەغدا هەزار دار قەنارە داتاشن... هەر ئەمڕۆ هەزار کەس لە خانەوادەی ئێمەی بەرمەکی هەڵواسێ... (پێدەکەنێ).

خەیزەران: (قەڵسە) نامەوێ چیدی ناوی ئەو خوێنڕێژە ببیستم...

هارون: (لەژێر لێوەوە) عەجەب خوێنڕێژێ بوو... بێ خوێنڕشتن ئیدارەی نەدەکرد...

(خەیزەران و کەنیزەکان دەچنە دەرێ)

یەحیا: ئەم بەرەبەیانە گۆڕهەڵکەنەکان، گوتوویانە: هەر کە تەرمەکەی هادیمان لە گۆڕ نا... کونێ لەنێو گۆڕەکەی دەمی کردەوە، لە دۆزەخەوە هالاوی بۆ گۆڕەکە دەنارد... دەڵێن، هادی هاتە زمان و گوتی؛ هەر لە ئێستاوە دۆزەخ، دەڵێن، هالاوەکەیش هاتە زمان و گوتی... ئاگری دۆزەخ نیم، ئاگری ئەو ڕوحانەم کە تۆ کوشتووتن...

هارون: (بەسەرسوڕمانەوە) جا شتی وا دەبێ!؟

یەحیا: لە ئاینی کۆنی باوباپیرانی مندا، گەلێ حیکایەتی لەم جۆرە هەیە... گوایە گەلێ جار گۆڕەکە دێتە زمان و قسە دەکات. گەلێ جار گۆڕەکە خۆی وەها دەخاتە ڕوو کە قایل نییە، کەسی مردووەکە بگرێتە خۆی.



هارون: (بێ مەبەست) بۆیە زەردەشتیەکان... یانی ئایینەکەی باوباپیرانت مردووەکانی خۆیان لە گۆڕ نانێن...

یەحیا: هەر ئاینی زەردەشتی نییە مردووەکانی لە گۆڕ نانێن... بودایییەکان... هیندۆسەکان یۆنانییە کۆنەکان، مردووەکانی خۆیان دەسووتێنن...

هارون: (بەتەوسەوە) ئەوەندە دوژمنی ئەو خشۆکانەن... ڕزقی ئەوانیش دەسووتێنن...

یەحیا: (هەست دەکات داشی سوارە) کەرەمی هادی گەیشتبووە ڕادەیەک بەتەمابوو هەزار کەسی سەر بەخانەوادەی بەرمەکی بخاتە سەر سفرەی ئەو خشۆکانە!

هارون: (بۆ ئەوەی خۆی لە باسەکە بدزێتەوە، چەپڵەیەک لێدەدات، غولامێک دێتە ژوورێ)

(غولامەکە، کڕنوش دەبات) کوا" نەیانهێنا...

غولامەکە: گەورەم، سەعاتێ زیاترە لێرەدایە... خۆتان فەرمووتان، با چاوەڕێ بکات...

هارون: (بەتووڕەبوونەوە) بیهێننە ژوورێ... (غولامەکە دەچێتە دەرێ، غولامێکی دی دێتە ژوورێ دەچپێنێتە گوێی هارون): گەورەم مەرجانی کەنیزت کوڕێکی بوو...

هارون: (بە یەحیا، بەپێکەنینەوە) یەکەم ڕۆژی خیلافەتی من و لە یەکەم ڕۆژی ئازادی تۆدا"مەرجان" کەنیزە ئێرانییەکەم کوڕێکی بوو... کەنیزەکەم وەکو ئێوە ئێرانییە... دەمەوێ تۆ ناوێ لەو کوڕەم نێیت!

یەحیا: لە ڕۆژێکی موبارەکدا لەدایک بووە... تەمەن درێژ و بێوەی بێ... بەهیوام جێی متمانە بێ، هەر ناوی متمانە بوونی لێنێ، یانی مەئمون...

هارون: زارخۆش... ناوی دەنێن عەبدوڵڵای مەئمون...

یەحیا: تەمەن درێژ بێ... خوای مەزن دەست بەباڵایەوە بگرێ... (یەکدوو غولام کەسێک بەپاڵ دەهێننە ژوورێ کەسەکە لەسەر چۆک بەرانبەر بەهارون دەوەستێ کەسەکە ناوی عومەرە...)

عومەر: ئەمیری موئمنین، پیرۆزباییت لێ دەکەم، کە لەسەر تەختی خیلافەت دانیشتوون... هەروەها پیرۆزبایی کوڕەکەتان لێ دەکەم، کە ئەمڕۆ لەدایک بووە...

هارون: تۆ چوزانی کوڕمان بووە.

عومەر: لە دەرێ، لە غولامەکانم بیست...

هارون: کەی؟

عومەر: سەعاتێ زیاترە...

هارون: وابێ تۆ بەر لە من ئەم هەواڵەت بیستووە...

عومەر: نازانم گەورەم... بەڵام ئەوەندە دەزانم، هەواڵ کە گەیشتە دەست و پێوەن... مەبەستم نۆکەر و خزمەتکارانە ئەوا بەپەلە ئەو هەواڵە بڵاودەبێتەوە، بەپێی حەزی ئەو کەسانەش کە بڵاوی دەکەنەوە، لە هەواڵەکە زیاد دەکەن، یا لێی کەم دەکەن.

هارون: (قسەکەی دەبڕێ) تۆ پیرۆزباییم لێ دەکەی؟

عومەر: بەڵێ گەورەم!

هارون: (بەبزەوە) بەڵام من سەرەخۆشیت لێدەکەم!

عومەر: منیش بەبۆنەی مەرگی کوتوپڕی ئەمشەوی هادی براتان سەرەخۆشیتان لێ دەکەم...

هارون: من لەبەر مەرگی براکەم سەرەخۆشیت لێ ناکەم!

عومەر: (ترس دەنگی پێدەگۆڕێ) من پیاوێکی خزمەتکار و چکۆلەم.



خزمەتی برازاکەتم کردووە... ئومێد دەکەم لەم ڕووەوە لەمن نەڕنجابی (زمانی تێکدەئاڵێ) من تێناگەم بۆچی ئەمیری موئمنین سەرەخۆشیم لێ دەکات. ئەگەر لەبەر مەرگی هادی برات بێ ئەوا ئێمە هەردووکمان پرسەدارین...

(بەگەوجییەوە سەرنجی ئەملاوئەولا ئەدات) بەڵێ گەورەم...

هارون: (بەدەنگی بەرز) جەلاد.

مەسرور: (ڕەشپێستێکی زۆر زەبەلاحە) ئەمرکەن گەورەم...

هارون: (بە عومەر) پیرەمێردی مەکرباز و نەگریس... لەبیرت چوو چ جۆرە ڕەفتارێکت لەگەڵ کردم... هەر کە من و ئەو مێردمنداڵەی برازام بەیەکەوە باین... یەکسەر سەرزەنشتت دەکردم... گەر لەسەر خواندا باین دەتگوت... ئەها... با لە پێشدا"وەلی عەهد" دەست بۆ خۆراک ببات لەهەر دەرگایەکدا مەبەستی چوونە ژوورەوەمان هەبا دەتگوت؛ هارون بوەستە با وەلی عەهد پێشکەوێ... بەغەزەبەوە سەیرت دەکردم، دەنگت بەسەرمدا بەرزدەکردەوە... هەرچی با دەتگوت: با لەپێشدا وەلی عەهد، ئەوجا تۆ... لەبەرچاوی برازاکەمدا چەند جارێ منت دەشکانەوە... هەر بۆیە لە ئێستاوە سەرەخۆشیت لێ دەکەم!

عومەر: (دەکەوێتە سەر زەوی و پێیەکانی هارون ماچ دەکات، هارون پێلەقەیێک لەسەر سینگی دەدات، عومەر، بەپشتا دەکەوێ...)

هارون: نەگریسی نمەک حەرام، هەڵسە بزانم، چەند ژن و چەند کەنیزت هەیە... چەند غولامت هەیە... چەند منداڵت هەیە...

عومەر: (هەڵدەستێ لەترسا دەلەرزێ) چوار ژن... شەش کەنیز... دە غولام و چواردە منداڵیشم هەیە... شەشیان کوڕن، ئەوانی دیش کچن...

هارون: چەنیان ئەسڵ زادە و چەندیان کەنیززادەن؟

عومەر: پێنجیان ئەسڵ زادە، ئەوانی دیش کەنیززادەن.

هارون: کەنیزەکانت گەنجن یان پیرن؟

عومەر: دوانیان بەتەمەنن و چواریان گەنجن.

هارون: ئەو سامانەی هەتە لەباوباپیرتەوە بۆت ماوەتەوە یا لە دەربارداً، لە لایەن باوباپیرانی منەوە وەدەستت هێناوە...

عومەر: (دەپاڕێتەوە) من پیاوێکی هەژار بووم، لە دەرباری مەهدی و مەنسوری باوباپیرت، بەلوتف و عینایەتی ئەوانە ئەم سامانەم بەیەکەوە ناوە!

هارون: چەند موڵکت هەیە؟ دراوی نەقدت چەندە؟

عومەر: دوو خانووم هەیە... باغێکیش لەدەرێی بەغدادایە... هەروەها سێ هەزار سکەی زێڕم هەیە...

هارون: (ڕوو لەیەکێ لە بەردەستەکانی دەکات) بنووسە...

نووسەرەکە: فەرموو گەورەم...

هارون: بڕیارم دا (نووسەرەکە دەنووسێت) دوو کەنیزە بە تەمەنەکە بنێرمە ئاشپەزخانەی قەسر، چوار کەنیزەکەی دیش پەیوەندییان بە منەوە دەبێ... هەروەها دراوە نەقدەکەیشی بۆ من دەبێ... کچەکانی بکرێن بەکەنیز و بفرۆشرێن، کوڕەکانیشی بنێرنە نێو کەشتییەکانی دەریا بۆ سەوڵ لێدان... هەردوو خانووەکە و باغەکەیشی بۆ من دەبێ!!

عومەر: (بەگریانەوە) نازانم چ گوناهێکم کردووە...

هارون: گوناهەکەت ئەوەیە، نەتتوانیوە قەدری ئەو نیعمەتە بگری کە باوباپیرانی من بە تۆ عەتایان فەرمووە...

عومەر: (بەپاڕانەوەوە) بەزەییێک.

هارون: ناجسن لەبیرت چوو چ دەردێکت دەدامێ... کە دەگری و داوای



بەزەیی دەکەیت، فرمێسکەکانت مانەندی فرمێسکی مۆمە، ڕقی من زیاتر دەگەشێنێتەوە[1]

(بەدەنگی بەرز) با ئەو مێرد منداڵە بێتە ژوورێ...

(مێرد منالێ ناوی جەعفەرە برازای هارونە و کوڕی هادییە دێتە ژوورێ، لەترسا ڕەنگ بەڕوخساریەوە نەماوە، خۆی دەکەیێنێتە مامی، کرنۆش دەبات، هارونیش بۆ ئەوەی زیاتر ئیهانەی بکات پێیەکانی بۆ درێژ دەکات... جەعفەر پێیەکانی هارون ماچ دەکات...)

هارون: (بەخوێنساردییەوە) کرۆ... بڵێ بزانم وەزعت چۆنە؟

جەعفەر: (بەترس و لەرزەوە) دوعا بۆ ئەمیری موئمنین دەکەم...

هارون: تۆ کێیت؟

جەعفەر: من جەعفەری کوری هادی براتم... خۆم بەغولام و نۆکەری ئێوە دەزانم...

هارون: (بەپەنجە ئیشارەت بۆ عومەر دەکات) ئەو پیاوە دەناسی؟

جەعفەر: بەڵێ.

هارون: بەناوی خۆیەوە بانگ کە.

جەعفەر: عومەر.

هارون: تفێکی لێ کە.

جەعفەر: (تفی لێ دەکات).

هارون: وەکو کەریش سواری بە.

جەعفەر: (سواری پشتی عومەر دەبێ).

هارون: تاوی، دە، ڕاکات...

---

(١) لە شیعرێکی سائیب وەرگیراوە.

جەعفەر: (بەئەژنۆکانی دەکێشێتە قەبرغەی عومەر، ئەمسەر و ئەمسەری پێ دەکات)

هاڕون: بووەستە، لەسەر پشتی ئەو کەرە دامەبەزە... بۆم باس کە چی پێ دەکردم؟

جەعفەر: (دەگرییێت) هەر بۆ ئەوەی باوکە شێت و وێتەکەم قایل بێت، بە منی دەگوت، پێشی ئێوە بکەوم و بەر لە ئێوە دەست بۆ خۆراک ببەم...

هاڕون: چی تر؟

جەعفەر: هیچ.

هاڕون: ئەی هانی نەدەدای بمکوژیت؟

جەعفەر: (بەگریانەوە) بەڵێ...

هاڕون: ئەی پێی نەدەگوتی ئەم مامەت دەبێتە کۆسپ لە ڕێی بەخەلیفە بوونی تۆ... دەبێ...

جەعفەر: (بەگریانەوە) بەڵێ.

هاڕون: نەیدەگوت هاڕونی مامت دەیەوێ خۆی ببێ بە خەلیفە.

جەعفەر: بەڵێ.

هاڕون: چاکە ئێستا چی لێ بکەم؟

جەعفەر: (بەگریانەوە) بیکوژە.

هاڕون: تۆ ئامادەی بیکوژی؟

جەعفەر: ئەگەر خەلیفە ئەمر بکات!

هاڕون: (بەمەسرور) ئەو شمشێرە بدە دەستی جەعفەر بزانین چ پیاوێکە...

یەحیا: (دەیەوێ قسان بکات، هاڕون دەستی ڕاستی بەرز دەکاتەوە، یەحیا بێدەنگ دەبێ، جەعفەر بەشمشێر وەشاندنێ عومەر دەکوژێ...



(یەحیا خۆی پێ ناگیرێ).

یەحیا: گەورەم، یەکەم ڕۆژی خیلافەتی خۆتت بە خوێن سپارد... خەڵکی، چاوەڕوانی ئەوە دەکەن ئێوە لە بەردەمی کۆشکدا، پێشوازییان لێ بکەیت، تا شوێنەواری خوێنی بەر لە خۆتان بسڕنەوە...

هاڕون: (قسەکەی دەبڕێ) لە کاتێکی دیدا پێشوازییان لێ دەکەم!

یەحیا: (بەنیمچە گازەندەوە) پەلەت کرد... نەدەبوو لە کاتی تووڕەبووندا بڕیار بدەی... ئەمڕۆ بەتووڕە بوونەوە بڕیارتان دا...

هاڕون: (وەک ئەوەی ڕازێکی پێ بێ و نەیەوێ بیدرکێنێ) شتێک دەزانم هی گوتن نییە...

پەردە

## دیمەنی دوو

*کات، شەوە*

*شوێن: (قەسرەکەی یەحیا ، هۆڵێک چ کەمتر نییە لە هۆڵی خەلیفە ، یەحیا لەگەڵ هەر چوار کوڕەکەی، فەزل، جەعفەر، محەمەد، مووسا...)*

جەعفەر: (وەک ئەوەی لە مێژە خەریکی گفتوگۆبن، ڕوو لە باوکی دەکات) ئەو شتانەی باست کرد، هەر هەمووی دەچێتە خانەی مێژووەوە... ڕاستە خوێنڕێژ بوون... بەڵام مەرج نییە، ئەمیش وەکو ئەوان... مەبەستم وەک باوباپیرانی بێت...

یەحیا: با، وەکو ئەوانەو ڕەنگە خوێنڕێژتریش بێ... هەر ئەم بەیانییە، کە یەکەم ڕۆژی خیلافەتەکەیەتی لەیەک کاتدا چەند تاوانێکی کرد... برازاکەی خۆی ئیهانە کرد پاشان کردیە بکوژی مامۆستاکەی... دەستی بەسەر ماڵ و موڵکی عومەردا گرت، کچە ئازادەکانی کردە کەنیز، کوڕەکانی نارده نێو کەشتییەکان... ئا ئەمانە هەموو لە یەکەم ڕۆژی دەسەڵاتیا کردی...

جەعفەر: باوکە، خۆت دەزانی من و هارون هەردووکمان بەمناڵی بەیەکەوە گەورە بووین، دەیناسم چ کوڕێکە، دەزانم خاوەن چ دڵ و دەروونێکە...

یەحیا: بۆ ئەو دەمە ڕاست دەکەی! بەڵام ئێستا من ڕاست دەکەم. ئەو دەمە تامی دەسەڵاتی نەچەژتبوو... ڕەنگە بەزەیی بەهەژارێکدا



هاتبێ... ڕەنگە بۆ لێقەوماوێ گریابێ، ڕەنگە حەزی کردبێ، گەر هەندێ پارەی زیاتری بەدەستەوە با، کەنیزێ بکڕی و ئازادی کات... ڕەنگە بەهاوڕێکانی گوتبێ: گەر دەسەڵات و پارەم هەبێ، نەهێڵم زوڵم زۆر لەم کەنیزە جوانانە بکرێ... ڕەنگە و ڕەنگە... بەڵام ئێستا دەسەڵاتی هەیە... تەواوی بەیتولمالی لەبەر دەستایە... ئێستا ڕووە حەقیقییەکەی دەکەوێتە ڕوو... هەر ئەمڕۆ دژ بەئاینەکەی خۆی ڕەفتاری کرد... ئەوەی لەمەڕ مێژوویانەوە باسم کرد، تەنها بۆ بیرهێنانەوەتان بوو... من باو باپیرانیان دەناسم...

محەمەد: باوکە ئێمە مەهدی باوکی هارون – یشمان بینیوە...

یەحیا: دەمەوێ لە مەبەستم حاڵی بن...

جەعفەر: (قسەی باوکی دەبڕێ) من دەزانم ئەمیان لەگەڵ ئەو برا شێتوویێتە ڕەحمەتیەی، جیاوازیێکی زۆری هەیە... هادی نیمچە خوێنەوار بوو، ڕقی لەو کەسانە دەبووەوە کە حەرفێ زیاتریان دەزانی... پێی وابو عاقڵترین کەسەو بەڵام ئەمیان خوێنەوار و ڕۆشنبیرێکی بەربڵاوی هەیە... خاوەنی عەقڵێکی گەورە و دڵ و دەروونێکی بەخشندەیە...

فەزل: باوکە منیش لەگەڵ قسەکانی جەعفەر دام... هارون خاوەن سۆزێکی ئەوتۆیە، گەر لە مەجلیسی ئاین و وەعزدا دانیشێ، زیادەڕەوی لە دینداری دەکات، جاری وا هەیە سەد ڕکات نوێژ دەکات... کە دەشچێتە مەجلیسی گۆرانی و خواردنەوە، بەتەواوی ئیرادەی لە دەست دەدات و دەکەوێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە... گەلێ جار گۆرانیش دەچڕێ.

یەحیا: ئەمەیە ئیشکالەکە... ئەمەیە کێشە قورسەکە... سەرلەبەری گرفتی ئەم عەباسییانە ئەوەیە لەسەر ئاستێکدا ئۆقرە ناگرن خاوەنی

میزاجی سەیرن، بۆیە ئاگادارتان دەکەمەوە ئەگەر زۆریان لێ نزیک بنەوە دەتانسووتێنن... هارون ئاگرە... زۆریشی لێ دوورنەکەونەوە، دەنا لە تاریکیدا دەژین... دەبێ مەسافەییێک هەبێ لە نێوان ئێوەی ئینسان و ئەوی ئاگردا...

مووسا: باوکە، ئەم پیاوە گەلێ بەختی یارە... کە خەیزەران ئاگاداری کردمەوە، نیازی چییە... خۆم و سوپاکەم، هەر ئەوەبوو نەدەفڕین... لە کاتی دیاریکراودا گەیشتینە بەغدا... پێم وایە ئەمجۆرە بەختەوەرانە تا سەر بەخت یاریان نییە... منیش دەڵێم دەبێ مەسافەییێک هەبێ لە نێوانی ئێمە و ئەودا...

یەحیا: ئەم، بەختی لە سیفەتەکانی گەورەترە... دنیای بۆ لواوە، چاکەی کەسانی دیی بەم بەخشیوە... دنیا کە پشتی لە ئێمە کرد، چاکەکارییەکانی خۆشمانی لێ سەندینەوە... کە لە زیندانی هادیدا بووم دەمزانی خەڵکانێک هەن کە ئێمە خزمەتمان کردوون و یارمەتیمان داون. کەچی حەزیان بەوە دەکرد، هەڵواسرێین و ستایشی ئەو کەسانەش بکەن کە سەرکەوتوونەتە سەر ئێمە...

جەعفەر: (بەمەبەستەوە قسەکە دەگۆڕێ) باوکە سەرلەبەری تەمەنی منالێمان بەیەکەوە گوزەراندووە، بەڵام ئێوە دەفەرموون، ئاگاداربین... ئێمەش فەرمایشتەکانی جەنابتان لەسەر سەر دائەنێین...

یەحیا: مەبەستی سەرەکیم ئەوەیە بزانین دۆستانی ئێمە کێن... دوژمنانیشمان کێن...

مووسا: دۆستە هەرە دڵسۆزەکەی ئێمە خەیزەرانە...

محەمەد: لەبەر ئەوەیە ئەویش عەرەب نییە...

فەزل: جوانییەکەی خۆی بۆ شتی دیش بەکار دەهێنێ...



یەحیا: (قسەکەی بێ دەبڕێ) ئێمە پێویستیمان بەو بوو ئەویش پێویست بەئێمە بوو... ئێستایش ئەو پێویستیی بەئێمە هەیە... ئێمەیش ئێستا پێویستیمان بەو هەیە بۆیە دەبێ زیاتر هانی دەین، زیاتر ئەو کەسانە لەنێو بات کە لە ڕێی ئارەزووەکانیدا کۆسپن...

محەمەد: خۆی وریایەو دەست ناپارێزێ...

یەحیا: دەمەوێ چاکتری بناسن، ئامادەیە هەر کەسێ... دەڵێم هەر کەسێ... بکوژێ گەر ڕێ لە شەهوەتبازییەکەی بگرێ... یا کۆسپ بێت لە ڕێی زیاتر دەوڵەمەندتر بوونی... ڕاستە عەرەب نییە... بەڵام هەندێ سیفاتی عەرەبی تیایە... یا ڕاستتر هەندێ سیفاتی عەرەبی کاری لێ کردووە... کاتێ کە مەهدی ئەم کەنیزەی کڕی زۆر جوان بوو، زۆریش زیرەک بوو، هەر زوو پەیی بە نهێنییەکانی دەوڵەتی عەباسی برد... هەر زوو تێگەیشت، زەهر چ دەورێکی هەیە... تێگەیشت زەهر چ دەورێکی چارەنووس سازی هەیە بۆیە دەبێ ئێمە لەم دۆستەیشمان بترسین...

محەمەد: بترسین...؟

یەحیا: گەوج ئەو کەسەیە بەقەدەر دوژمنەکانی لە دۆستەکانی خۆی نەترسێ...

جەعفەر: هەموو کاتێ.

یەحیا: بەڵێ... بەتایبەتی لە کاروباری دەوڵەتدا... دۆستان نهێنی یەکدی دەزانن... لەترسی ئاشکرا نەبوونی نهێنییەکان دەبنە ئەو دوژمنە نادیارەی تەنها بەلەنێوبردنی یەکدی دەحەسێنەوە...

محەمەد: ئێستا تێگەیشتم مەبەستت چییە لە مەسافە... دەتەوێ بڵێی ئاگامان لەوە بێت نهێنییەکانی نەزانین؟

یەحیا: بەڵێ زۆربەی نهێنییەکانی...

جەعفەر: ئەی بۆ خەیزەران؟

یەحیا: هەمان شت، بەڵام بەجۆرێکی دی... یانی خۆمانی لێ گێل کەین... خۆمان وابخەینە ڕوو کە نازانین... یان بێ ئاگاین...

جەعفەر: خەیزەران هەند ساکار نییە...

یەحیا: هەموو کەسێ کە زیاد لە پێویست خەمی بەرژەوەندییەکانی خۆی بوو... ئەوا ساکارتریش هەنگاو دەنێ... بۆ خەیزەران دەبێ ڕازەکانی داپۆشین ... بۆ هارونیش دەبێ هاندەرێ حەرەمسەراییێک دروست کات، جوانترین ژنانی دنیای بۆ بێنن... کە مژولی ژنانی جوان بوو، ئیدی هەند زوبەیدەی لەبیر نامێنێ... زوبەیدە دوژمنە سەرەکییەکەی خانەوادەی ئێمەیە... ئەگەر بتوانین هارون لە زوبەیدە دوور خەینەوە ئەوا بەئاسودەیی کاروبارەکانی لەدەست وەردەگرین.

جەعفەر: خەیزەران دەست وەردەداتە کاروبارەکانەوە... ترسی ئەوەم هەیە بیێتە هەڵسووڕێنەری کاروبار... باوکە گەلێ تەماحکارە... بە هیچ شتێ تێر نابێ... هەژدە هەزار پۆشاکی ئاورێشمیی هەیەو بەتەمای زیاتریشە... دەبێ ئەمیش مژول کەین...

محەمەد: چۆنە حەرەمسەراێیکی پیاوی بۆ دروست کەین؟

یەحیا: هەیەتی!

فەزل: قۆزترین گەنجانی خوراسانی بەدیاری بۆ بنێرین...

یەحیا: ئەمەشیانی هەیە...

مووسا: حەزی لە غوڵامە تورکەکانە...

یەحیا: دەزانم...

محەمەد: بیر لە حیلەییێکی شەرعی بکەینەوە...

یەحیا: وەک؟



محەمەد: تێی بگەیێنین... بەسیغە هەرچەند شەو جارێک مارەی لە کەسێک ببڕین...

یەحیا: دەک ئافەرین... چۆنە وا من بیرم لەو شتە نەکردۆتەوە...

محەمەد: گەر بەمە ڕازی بێ... ئەوا هەنگاوی یەکەمی مەبەستەکەمان وەجێدێنێ... ئیدی دەتوانین لە شەڕی مەزهەبی دوژمنانمان وەک قەلغانێ بەکاری بێنین...

یەحیا: نەء... قەلغان بۆ کەسێکە لە شەڕدا بێ... ئەم جەنگەی ئێمەیش جەنگی تیرو شیر نییە تا پێویستمان بەقەڵغان بێ. ڕاستتر ئەوەیە بیکەینە قاوغ و لە کاتی مەترسیدا خۆمانی پێداپۆشین...

فەزل: لەمەڕ سیغەکەوە ئیشکالێکی شەرعیمان هەیە.

یەحیا: چییە؟

فەزل: پاش هەر شوویەک دەبێ سێ مانگ -عودە- چاوەڕێ کات.

یەحیا: ئەمەیان عیلاجی ئاسانە...

فەزل: چییە...

یەحیا: گوتم ئاسانە و تێبگە...

جەعفەر: گرنگترین شت ئەوەیە بەچاکی بیانناسین باوکە تۆ زۆر شتت لێ بینیون تۆ چاکتر دەزانی ئەمان چین!

یەحیا: دەنگێ لە ناخمدایە، زوو زوو ئاگادارم دەکاتەوە، زوو زوو هوشیارم دەکاتەوە، کە وردە کار بم تێبگەم... بزانم هەر کەسێ خزمەتی ئەم بنەماڵەیەی کردبێ هەر بەدەستی ئەم بنەماڵەیە کوژراوە...

عەبدوڵڵای سەفاح وەزیرێکی غەیرە عەرەبی هەبوو ئێرانی بوو ناوی ئەبوسەلمای خەلال بوو... ئەم وەزیرە گەلێ هەوڵ و کۆششی دا تا عەباسییەکان بێنە سەرحوکم... پاشان هەر بەدەستی غەیرە عەرەب، بەدەستی ئەبو موسلیمی خوراسانی کوشتی... کە ئەبو جەعفەری

مەنسوور هاتە سەر حوکم، خالیدی باوکی من... گەلێ کاری بۆ کرد... هەرەسی بەشۆڕشی کوردەکانی موسڵی بۆ هێنا...

ئەبو جەعفەری مەنسوور، هەر لە سەردەمی عەبدوڵڵای سەفاحی برایدا ، ڕای وابوو دەبێ هەرچی زووە ئەبو موسلیمی خوراسانی بکوژێ... عەبدوڵڵا بەقسەی نەکرد... کە سەفاح مرد، ئەبوجەعفەر خۆی ئەبو موسلیمی کوشت... سەیر لەوە دابوو، سوپاکەی ئەبو موسلیم بەر دەرگای قەسریان بەرنەدەدا، دەیانویست دڵنیابن لە سەلامەتی سەرکردەکەیان، کەچی ئەبوجەعفەر سەرەبڕاوەکەی ئەبوموسلیمی خستە نێو، قالیچەیێک و سێ هەزار دیناری زێڕی تێوە پێچا، لە بانێژێکەوە بۆی هەڵدان... سوپاکە هەند خەمی زێڕەکانیان بوو ئەوەندەیان مەبەست نەبوو بزانن سەرکردەکەیان بۆ کوژراوە...

جەعفەر: ئەبو جەعفەر گەلێ خوێنڕێژ بوو.

یەحیا: خوێنڕێژ و فێڵباز بوو... هەموو مامەکانی کوشت... یەکێ لە مامەکانی بەسوپایەکی زۆرەوە یاخی بوو، ئەبوموسلیمی بۆ نارد، لەلای نزیکەکانی خۆی دەیگوت: چەند چاکە دوژمنێکی نائاشکرات بنێریتە سەر دوژمنێکی ئاشکرا... سەر ئەنجام یەک لەو دوو دوژمنەت لە نێو دەچێ، ئەوی دیشیان لاواز دەبێ... ئەبوموسلیم سوپاکەی مامی ئەبوجەعفەر دەبەزێنێ مامەکەی ئەبوجەعفەر ڕادەکاتە لای برایەکی خۆی کە والی بەسرە بوو... والیەکەیش لە ئەبوجەعفەر ئەماننامەی بۆ وەردەگرێ... پاش ئەمانانامەکە مامەکەی خۆی دەگرێ، لە بەغدادا حەوت ساڵ زیندانی دەکات... پاشان زیندانێکی بۆ دروست دەکات بناغەکەی لە خوێ... جۆگە ئاوێک بەر دەداتە سەر زیندانەکە، خوێیەکە دەتوێتەوە و زیندانەکە دادەپێتە سەر مامەکەی دەمرێ...



محەممەد: ئەی ئەمانی وەرنەگرتبوو...؟

یەحیا: ئەم بنەماڵەیە لە ناوەڕۆکی "ئەمان" بەو شێوەیە دەگەن کە تا چەند لەگەڵ بەرژەوەندییان دەگونجێ... کە خیلافەتیان لە ئەمەوییەکان وەرگرت، پاش خوێنڕێژێکی زۆر "ئەمان" دەدەنە حەفتا کەس لە ئەمەوییەکان پاشان ئەو ئەمەوییانە دەعوەت دەکەن. شاعیرێکی عەباسی بەشیعرێکی حەماسی وا لە عەباسییەکان دەکات هەر لەسەر خوانی خواردندا ئەو حەفتا کەسە بکوژن...

فەزل: ئەمانە هەمووی پاش "ئەماننامەکە" بوو...؟

یەحیا: بەڵێ ... ئەمەیش جۆرێکە لە نەخۆشی ... بەکورتی ئێمە تووشی ئەم نەخۆشانە بووین... ئەم نەخۆشییەیان بە میرات بۆ ماوەتەوە، بۆ نەوەکانی خۆشیان دەگوازنەوە... ئێمە دەبێ بە وردی بزانین چی دەکەین... ئێستا ڕێک کەوتووین لەسەر ئەوەی هارون بخەینە سەر کەڵکەڵەی دروستکردنی حەرەمسەرا... ئەمە کافی نییە... دەبێ دەزگایەک تایبەت بەخۆمان دروست کەین دەزگاکە هەند نهێنی بێ، بەهیچ جۆرێک ئاشکرا نەبێ.

جەعفەر: ئەمەیان گەلێ زەحمەتە... هەر بەئاستەم یەکێکیان ئاشکرا بێت... ئیدی تەواوی دەزگاکە هەڵدەوەشێتەوە...

یەحیا: ڕاستە.

فەزل: دەزگاکە بەئاگاداری هارون دروست دەکەین و ناوی ئەوەی لێ دەنێین کە بۆ خزمەتی دەوڵەتی ئیسلامی و خودی خەلیفەیە...

مەحەممەد: ئەو دەزگایە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا هەیە.

یەحیا: دەزگای هادی بوو... ئێمە دەزگای هارون دروست دەکەین... هەرچەند ڕۆژێکی دیش وا دەکەین هارون خۆی داوای حەرەمسەرا بکات...

# دیمەنی سێ

*(هارون، لەگەڵ نووسەرە تایبەتییەکەی خۆی کە ناوی حوسێنە...)*

هارون: باوەڕ ناکەم... ئەم ژمارەیە باسی دەکەیت. هوشەی پێوە دیارە

حوسێن: گەورەم...

هارون: (قسەکەی دەبڕێ) تۆ ئەم باسەت لە کوێ بیستووە. ؟

حوسێن: گەورەم من زمانی پەهلەوی دەزانم...

هارون: سەدان کەس هەن ئەم زمانە دەزانن...

حوسێن: هەر کەسێ زمانی پەهلەوی بزانێت... ئەوا سەدان حیکایەت و داستان و هەواڵ لەمەڕ شاهەکانی مەجوس لەو کتێبانەدا، دەخوێنێتەوە...

هارون: (چەپڵەیێک لێ دەدات، غولامێک دێتە ژوورێ کڕنۆش دەبات).

غولامەکە: ئەمر کەن گەورەم...

هارون: بڕۆ بزانە یەحیای بەرمەکی و جەعفەری کوڕی لەگەڵ عەباسەی خوشکمدا بۆ وا دواکەوتن... لەمێژە ناردوومەتە دوایان...

(غولامەکە کڕنۆش دەبات، دەچێتە دەرێ).

یەحیای بەرمکەی و جەعفەری کوڕیشی زمانی پەهلەوی دەزانن... عەباسەی خوشکیشم، زمانی فارسی دەزانێ ئەمەوێ ئەوانیش گوێیان لەم هوشانەی ئێوە بێ... (بەتوورەییییەوە) ئەرێ شەرم ناکەیت لە ڕووی خەلیفەدا ئەم هوشانە دەکەیت... با یەحیا و



جەعفەر بێن ئەگەر ئەم قسانەی تۆ نەسەلمێنن، ئەوا بەرەو لای ئەوانەت دەنێرم کە درۆیان بۆ هەڵدەبەستی... بەرەو دۆزەخت دەنێرم... حاڵی بوویت.

حوسێن: ئەمرەکەن گەورەم... ڕەنگە من زۆر کەم بزانم.

هارون: کەم؟

حوسێن: بەڵێ، لە چاو یەحیا و جەعفەری کوڕیان...

هارون: یانی ئەوان لە تۆ زیاتر دەزانن...

حوسێن: ئەڵبەتە...

(غولامێک دێتە ژوورێ کڕنۆش دەبات)

غولامەکە: گەورەم ئەوا لە دەرێدان...

هارون: با بێنە ژوورێ.

(یەحیا، جەعفەر، عەباسە، دێنە ژوورێ کڕنوش دەبەن، دادەنیشن. حوسێن کە عەباسە دەبینێ سەر دادەخات).

هارون: (بەحوسێن) هێی... پیاوەکە... لە حزووری عەباسەی خوشکە خۆشەویستەکەمدا نارەحەت مەبە... سەر دامەخە... دەمەوێ قسەکانت دووبارە کەیەوە بزانم لە نێو کتێبەکانی مەجوسەکاندا چ نووسراوە... ئەوانە بگێڕەوە کە لەمەڕ پاشاکانیان. لەمەڕ ژنەکانیان... نووسراوە...؟

حوسێن: گەورەم، ئەوانەی خوێندوومەتەوە دوور و درێژن...

هارون: گوتم، بڵێ با ئەمانیش گوێیان لێ بێ... گوتت "خەسرەو پەروێز" پادشای مەجوسەکان، لە حەرەمسەراکەیدا سێ هەزار ژنی هەبوو...

حوسێن: بەڵێ گەورەم...

هارون: گوتت ژمارەی دەربارەکانی دوانزە هەزار کەس بوون.

حوسێن: بەڵێ گەورەم... ئەمەم عەرز کردی...

هارون: (قاقا پێدەکەنێ) (بە عەباسە) خوشکێ دەبینی ئەم عەجەمانە چەند هوشەبازن... حەز دەکەن باپیرە مەجوسەکانیان بکەنە ئەفسانە (دێتەوە سەر خۆی کە یەحیا و جەعفەر دانیشتوون) ناڵێم هەر هەموویان... بەڵکو زۆربەیان... هی وایان هەیە ئەوەندە جەربەزەیە، بێ پەروا بە شیعر هەجوومان دەکات... ئەو شاعیرە کوێرە فارسە... بەشاری کوڕی بورد، چەنێ هەجووی باوکمی کرد...

یەحیا: (هەندێ قەڵسە) ئێمە بووینە ئیسلام... لە ئیسلامیشدا درۆ کردن گوناهە...

هارون: چی؟ (قاقا پێدەکەنێ) مەبەستم ئێوە نییە (دەست بۆ حوسێن دەبات) قسەکانی ئەوەندە قەبەو نامەعقولە...

یەحیا: ڕاستە بەشار هەجووی باوکتی کرد...

هارون: (قسەکەی دەبڕێ) قەت لەسەر ئەو هەجووە نەبوو وا لە ژێر جەڵدەدا مرد... بەڵکو لەبەر ئەوەی (پێدەکەنێ) زەندیق بوو...

عەباسە: (درک بەناهەمواربییەکە دەکات و باسەکە دەگۆڕێ) منیش لەمەڕ پاشاکانی مەجوسەوە هەندێ شتم بیستووە. (سەرنجێکی جەعفەر دەدات)

هارون: (بە جەعفەر) ئەی تۆ دەڵێی چی؟

جەعفەر: ئەوەی ئەمیری موئمنین فەرمانی لەسەر بێ، هەر ئەوەیە...

هارون: (دەست دەخاتە سەر شانی جەعفەر) من نامەوێ موجامەلەم بکەیت... دەمەوێ بزانم ئەم پیاوە هوشە دەکات یا نەء؟

جەعفەر: نەء... هوشە ناکات، منیش لە چەندین کتێبدا خوێندوومەتەوە، کە خەسرەو پەروێز شاهەنشای ئێران، سێ هەزار ژنی هەبوو... مەیلی گۆڕینیشی هەبا، نامەی دەنووسی بۆ والییەکانی خۆی تا لە



قەیسەری ڕۆم و فەغفوری چین و خاقانی تورک... تەنانەت لە میرە عەرەبەکان داوای ژن و کچی جوانی بۆ بکەن.

هارون: (بەجۆرێ پێدەکەنێ خەریکە بەپشتا بکەوێ، جەعفەر و عەباسەیش پێدەکەنن) باشە بڵێ بزانم خەسرەو پەروێز چ جۆرە ژنێکی لاپەسەند بوو...

حوسێن: (وەک ئەوەی کتێب بخوێنێتەوە، بەدەنگێکی هەندێ بەرز). بەلای ئەوەوە چاکترین ژن ئەو ژنە بوو، کەڵ مل، برۆ قەیتانی، چاوڕەش گۆنا سوور، لووت قنج، پەرچەم خاو، ناو قەد باریک، نەرم ڕەفتار، نازپەروەر، خۆش گوفتار، نەسەب ڕەسەن، بەئەدەب، زمان کورت، دەنگ نزم... ئەو ژنە دەبێتە مایەی زینەتی ماڵ و دوژمن کوێرکەر.

هارون: (بەسەر سوڕمانەوە) بەڕاستی پێم بڵێین، خەسرەو پەروێز سێ هەزار ژن و دوانزە هەزار خزمەتکاری لە نێو حەرەمسەراکەیا دەژیان؟

جەعفەر: (بەدزییەوە سەیری عەباسە دەکات) بەڵێ... ئەمە ڕاستە...

هارون: ئەگەر نیوەی ئەم ژمارەیەش ڕاست بێ، ئەوە دەگەیێنێ، خەسرەو پەروێز زانیویەتی. چۆن بژێ... من وام دەزانی گەورە پیاوانی عەجەم هەمیشە لە جەنگدان و خەریکی خوێنڕێژین. وام دەزانی مانەندی قەیسەرەکانی ڕۆم ترسنۆک و بێ نموودن... بەڵام ئەمڕۆ بۆم دەرکەوت خاوەنی زەوقێکی گەلێ بەرز بوون، زانیویانە چۆن سوود لە تەمەنی خۆیان وەرگرن... بەڕاستی پاشاکانی مەجوس حەقی ژیانیان داوەتە دەستەوە...

(ڕوو لە یەحیا دەکات) من دەمەوێ لە یەک کاتدا دوو شتم بۆ بکەی.

یەحیا: ئەمر کەن.

هارِون: یەکەم: کارێ بکە زوبەیدە قایل بێ... دووەم: والییەکانی دەوڵەتی عەباسی ئاگادارکەوە هەرچی کەنیزی جوان و نایاب و کەم هاوتا هەیە بینێرنە بەغدا... حەرەمسەرایش دروست کە...

یەحیا: ئەمرەکەی گەورەم، ئێوە سبەی شەو لای زوبەیدە بن، من کارێکی ئەوتۆ تەرتیب دەدەم، زوبەیدە قایل بێت...

هارِون: زوبەیدەی ئامۆزام قایل بێت... یا قایلی کەیت... ئەوا قەرزار بارم دەکەیت...

یەحیا: غەمت نەبێ گەورەم...

هارِون: یانی دڵنیا بم؟!

یەحیا: گەورەم عەرزم کردی، گوڵمەزێکی ئەوتۆ دروست دەکەم، زوبەیدە خانم خۆی کەنیزت بۆ بکڕێ...

هارِون: ئێوە هەمیشە قەرزارم دەکەن (ڕوو لە جەعفەر دەکات). دەمەوێ تۆیش بەغدام بۆ بکەیتە ئەو پایتەختە کە مانەندی نەبێ...

جەعفەر: ئەمر دەکەی گەورەم، دەبێ بەغدا بکەمە پایتەختێ، ناوبانگێکی ئەوتۆی هەبێ... تەنها ناو هێنانی بەغدا، مانای ڕۆشنبیری و زانست و هونەر ببەخشێ... قەسری ئەوتۆی جوانی تیا دروست دەکەم...

یەحیا: جێی هەزار کەنیزی تیا بێتەوە.

جەعفەر: حەوزی مەلەی ئەوتۆی تیا دروست دەکەم.

یەحیا: سەدان کەنیز بە شیر خۆیانی تیا بشۆن.

جەعفەر: باغی ئەوتۆی تیا دروست دەکەم.

یەحیا: سەدان کەنیز ببنە حۆری ئەو باغانە.



هارِون: (بەپێکەنینەوە ڕوو لە یەحیا دەکات) بتبینم سبەی بەچ گوڵمەزێ قەناعەت بەزوبەیدە دەهێنی...

یەحیا: غەمت نەبێ گەورەم...

(عەباسە و جەعفەر... سەرنجی یەکدی دەدەن)

پەردە

# دیمەنی چوار

*(ژوورە تایبەتییەکەی هارون... قارون (نەخاسە) کەنیز فرۆش).*

غولامێک: (کڕنۆش دەبات) گەورەم ئەوا زوبەیدە خانم هات...

هارون: با بێتە ژوورێ...

(زوبەیدە دێتە ژوورێ چاوی بە کەتەیەکی یەک چاو دەکەوێ بەپارچە پەڕۆیەکی ڕەش چاوێکی بەستووەتەوە... زوبەیدە دەیەوێ بگەڕێتەوە، هارون بەپێکەنینەوە بانگی دەکات).

زوبەیدە خانم وەرە، گەورەی خانمان وەرە سەیری ئەم کەنیز فرۆشە کە بزانە چ دەڵێ:

قارون: (کڕنۆش دەبات)

هارون: (بەزوبەیدە) ئەم پیاوە کەنیز فرۆشە دنیادیدەیە هەند گەڕاوە، کەم قەسری گەورە پیاوانی دنیا ماوە، سەری پیا نەکردبێ... ناوی قارونە و جوولەکەیە، گەورەترین بازرگانی کەنیز فرۆشی بەغدایە...

زوبەیدە: (بەبێزارییەوە) نەفرەت لە خۆی و مانەندەکانی... تەنانەت کەنیز کڕەکانیش...

قارون: (بەقاقاوە) خانمی گەورەم، من نۆکەر و غولامی ئێوەم... چ خراپەیەکم دەرحەق کردوون وا نەفرەتم لێ دەکەن؟!

هارون: حەق بەگەورەی خانمانە... ئەگەر قەولیشم بداتێ جارێکی دی لە من عاجز نابێ... ئەوا تۆ دەدەمە دەستی و سەرت لە جەستە



جیاکاتەوە... ئەم جەستە گەنیوەت بکاتە دوو کەرتەوە... هەر کەرتەی لە دەروازەیەکی شاردا هەڵواسرێ...

قارون: (بەدڵنیاییەوە) بەر لەوەی بمکوژێ دەچپێنمە گوێیەکانی خانمی گەورەم و پێی دەڵێم کە خەلیفەی ئیسلام، ئەمیری موئمنین بۆ چ، جۆر کەنیز گەلێ ڕایسپاردووم... داوای لێ کردووم، لە بنی دنیادا بن بۆی پەیدا بکەم...

هارون: (مشتێ دەکێشێتە ناودەمی قارون، جێی ئەنگوستیلەکەی لێوەکانی قارون بریندار دەکات، خوێن بەلێوانییەوە دێتە خوارێ) بێدەنگ بە...

قارون: بۆ چ لەبەر ڕاستگوتن لێم دەدەی؟ ئەمیری موئمنین لە ئاینی ئێوەدا درۆ کردن گوناهە... ئایە شایستەی ئەوەم، منێکی جوولەکە لەبەر ڕاستگۆیی ئەم ڕەفتارەم لەگەڵدا بکرێ...

هارون: (پێدەکەنێ) ئەو شتە جوان و سەیر و سەمەرانەی لەمەڕ کەنیزە جوانەکانەوە دەیزانی بۆ خانمی خانمانی بگێڕەوە...

زوبەیدە: (بەتووڕەییەوە) نامەوێ...

قارون: (بەپێکەنینەوە، وەک ئەوەی گوێی لە زوبەیدە نەبووبێ) سی ساڵی ڕەبەقە، خەریکی ئەم کارەم، هەر ئەوەیە دایکی خۆمم نەفرۆشتووە...

زوبەیدە: بێ ئەدەب...

قارون: دیسانەوە لەسەر ڕاستی گوتن، سزا درام.

هارون: گوێ مەدەرێ بەردەوام بە...

قارون: من هەمیشە لە سەفەردام... لە هیند و چین و تورکستان و ئێرانەوە بۆ ئەفریقا و زنگەبار و نوبا و حەبەشە و ڕۆم و ئەرمەنستان... بۆیە گەورەم میللەتانی جۆراوجۆری دنیاش بەچاکی دەناسم، بەتایبەتی ژنەکانیان...

زوبەیدە: بێ ئەدەب.
قارون: ناتوانم درۆ بکەم...
(یەحیا دێتە ژوورێ، سەلام دەکات، زوبەیدە وەڵام ناداتەوە).
هارون: فەرموون.
یەحیا: گەورەم ئەم دیارییانەم بۆ زوبەیدە خانم هێناوە، هەندێ موجەوهەراتی کۆنی شاهەنشاهەکانی ئێرانە.
زوبەیدە: بە چ زانیت من لێرەم؟
یەحیا: خانمی گەورەم، ئەم دیارییانەم بۆ هێنابووی، چوومە قەسرە تایبەتییەکەتان، گوتیان لە لای ئەمیری موئمنین دایە. منیش ئەم موجەوهەراتانەم هێناوە، دەزانم هەر شایستەی ئێوەن... تا ئێوە هەبن، چ گەردن و باسکێ بۆی نییە خۆی بەمانە برازێنێتەوە...
زوبەیدە: (بەبێ ئەهەمیەتییەوە سنووقەکەی لێ وەر دەگرێ، کە دەیکاتەوە بەسەر سوڕمانەوە هاوار دەکات) ئەڵڵاە... ئەڵڵاە... قەت شتی ئاوها جوان و نایابم نەبینیوە... ئەڵڵاە... ئەمانە چۆن دروست کراون؟ چ وەستا گەلێکی شارەزا دروستی کردوون... ئەڵڵاە.
یەحیا: ئەمە لە حەرەمسەراکەی خەسرەو پەروێز بوو... هەر لە تۆ دێ و پیرۆزی تۆ بێت...
زوبەیدە: (گەلێ دڵخۆشە) مەمنونی ئێوەم... ئەم شتە جوانەتان پێشکەش کردووم... (دەست بۆ قارون دەبات) بەڵام سەیری ئەم دەعەجانەیەش بکە.
هارون: (بەپێکەنینەوە) وا بزانە خێوە و تۆ نایبینی.
زوبەیدە: (بەیەحیا) بۆ مەجلیسی ئێوە، خێویشی بۆ دێ؟
یەحیا: ئەگەر خۆیشی نەیێت بەدووی دەنێرین... مەجلیسی ئێمە و هەموو مەلیکەکانی دنیا... پێویستی بەکەسانی هەمەکارە و کاری تایبەت



هەیە... مەجلیسی ئێمە هەندێ جار دەبێ ڕازاوە بێت.
زوبەیدە: (بەوریاییيەوە) گوتت مەجلیسی ئێمە و هەموو مەلیکەکانی دنیا...؟!
یەحیا: (وەئاگادێتەوە) مەبەستم ئەوەیە مەجلیسی ئەمیری موئمنین و ئێمەی نۆکەری...
زوبەیدە: (بەتەوسەوە) ئاوها... دە هەمەکارەکانتان پیرۆز بێت... ئاگادارت دەکەمەوە، هەوڵی ئەوە نەدەیت دەوڵەتی عەباسی بەدەردی ئیمپراتۆریەتی مەجوسەکان بچێ...
یەحیا: (ڕەنگی تێکدەچێ) خانمی گەورەم... ئێمە خزمەتکارین و خزمەتی خەلیفەی ئیسلام دەکەین!
زوبەیدە: (بەتەوسەوە) گوتت خەلیفەی کێ؟
یەحیا: گەورەم ئیسلام!
زوبەیدە: خەلیفەی ئیسلام ئێوە بەباوکی خۆی دەزانێ... ئێوەیش نەسیحەتی خەلیفەی ئیسلام بکەن لاسایی مەجوسەکان نەکاتەوە... خەیاڵی دروستکردنی حەرەمسەرای لە مێشکدایە دەیەوێ لاسایی خەسرەو پەروێزی مەجوسی بکاتەوە...
یەحیا: (وەک ئەوەی سەرەداوی سەرکەوتنی وەدەست هێنابێ) عەرزم کردی من خزمەتی ئیسلام و خەلیفەی ئیسلام دەکەم!
زوبەیدە: (بەتووڕەبوونەوە) لە ئیسلامدا... لە شەرعدا... لە سونەتدا، لە چ شوێنێکدا باسی حەرەمسەرای تیادایە... لە چ شوێنێکی ئیسلامدا کەنیز حەلاڵ کراوە... جووتبوون لەگەڵ کەنیز یانی زینا... بەڵێ زینایە... چونکە کەنیز بێ مارە و تەلاقە... کەنیزەکان لە بازاڕدا دەکڕێن... دەفرۆشرێن تووڕەم مەکە بڵێم هەموو کەنیز زادەکان زۆڵن...

هاڕون: (بەئەوپەڕی تووڕەبوونەوە) دەمت داخە؛ منیش کوڕی خەیزەرانی کەنیز بووم.

زوبەیدە: (ڕەنگی تێکدەچێ، بەپاڕانەوەوە) داوای لێبوردن دەکەم... ببەخشە... تکا دەکەم خەتاییێکی گەورەم کرد ببەخشە...

یەحیا: (تەواو دڵنیایە، نێچیرەکەی لە نێو داودایە) حەتمەن خەلیفەی ئیسلام بەخشندەیە و دەتانبەخشێ ئاینی ئیسلام ئاینی سینگ فراوانی و بەخشینە...

(ڕوو لە هاڕون دەکات) لەبەر خۆشەویستییە لە ڕادەبەدەرەکەی ئێوەیە وا زوبەیدە خانمی خانمان هەڵچووەو...

(ڕوو لە زوبەیدە دەکات) ئێوەش شتێکتان لە بیر کردووە... یا ڕاستتر لاتان تێکەڵ بووە... ئەویش ئەوەیە، دروستکردنی حەرەمسەرا، کارێکی سیاسییە، نیشاندانی شکۆمەندی و مەزنی خیلافەتی ئیسلامە... لە هەمان کاتدا ئاشنا بوون و دۆستایەتییە لەگەڵ ئەو میللەتانەی وا لە ژێر دەسەڵاتی خیلافەتی عەباسین... دروستکردنی حەرەمسەرا یانی دروستکردنی پردی ئاسایشی نێوان عەرەب و میللەتانی ژێر دەسەڵاتی خەلیفە... ئەم کارەیش هەرگیز مانای ئەوە نییە کە ئەمیری موئمنین ئێوەی خۆش ناوێ... خوانەخواستە ئێوەی لە بیر کردووە... یا دەیەوێ ئێوە لەبیر کات...

هاڕون: من ڕێوڕەسمی باوباپیرانم پیادە دەکەم، لە هەر کەنیزێ کوڕم ببێ، ئەو کەنیزە ئازاد دەکەم... ئەی ئاینی ئیسلام هانی موسڵمانان نادات، کەنیزان و غوڵامان ئازاد کات...

زوبەیدە: (هەر شڵەژاوە) داوای بەخشین دەکەم... من زیاتر مەبەستم ئاین و شەرعی ئیسلامە...

یەحیا: (وەک سەرکەوتوویەک) من عەرەب نیم... ڕاستتر زۆر شارەزای وردەکارییەکانی ئاین نیم... ئەم کارە بەر لە ئاینی ئیسلامیش هەر



ڕەواجی هەبووە... چاک وایە ئەم پرسیارە لە گەورە زانایانی ئاین بکەن و بپرسن بۆ ئیسلام کەنیزی حەرام نەکردووە... کۆیلە و غوڵامی ئازاد نەکردووە...

هاڕون: (بەتووڕەبوونەوە) لە گەورە زانایانی ئیسلام گەڕێ و مەیان وروژێنە. لێگەڕە با هەر خەریکی ئەوە بن، تەڵاق بە چی چاک دەبێتەوە و دەستنوێژ بە چی دەشکێ... هەمزەی ئەخیرە لە کوێ دادەنرێ... لێگەڕێ.

زوبەیدە: (بەجەسارەتەوە)گەر زانایانی ئیسلام ئەمەیان نەکردووە ئێستا دەبێ، خەلیفەی ئیسلام، ئەمیری موئمنین، ئەم بەدکارییانە قەدەغە بکات... ناوی کەنیز بسڕێتەوە، کەنیز و غوڵام ئازاد کات... نەهێڵێ چیدی پیاوان بخەسێنن.

یەحیا: ئەگەر سۆنگەی ئەم گوتەیەی زوبەیدە خانم، لەبەر بەرژەوەندی خۆی نەبێ، کە غیرە دەکات و دەیەوێ خەلیفە هەر بۆ خۆی بێت... ئەوا جوانترین و بەجورئەتترین قسان دەبیستم...

قارون: (بەدەنگێکی ناشرین) پێم وایە زوبەیدە خانم مەبەستی ئەوەیە، ئێمە لە برسا بکوژێ...

هاڕون: (جارێکی دی دەکێشێتە نێو دەمی قارون) تۆ بێدەنگ بە.

قارون: دیسان لەسەر ڕاستی گوتن سزادراین... ڕاستی گوتن ئەم جۆرە سزایانەی لەدوایە.

هاڕون: ئەمە ئەلف و بێیە و دەبێ بیزانی...

قارون: (بەپێکەنینەوە) لە نێو هاوپیشەکانی ئێمەدا ڕاستی گوتن بووەتە پیشەمان... بۆ نموونە، گەلێ جار بەشەرتی کچ کەنیز دەفرۆشین... هەندێ جاریش گەرچی کەنیزەکە خۆی دەڵێ کچم، بەڵام بەشەرتی کچ نایفرۆشین، پیشەکی بەکڕیارەکە دەڵێین: ئەم کەنیزە جرت و

فرتی زۆره، بۆیه بەشەرتی کچ نایفرۆشین نەوەک ڕوو زەردی ئێوە و قیامەت بین...

هارون: لەم قسانە گەڕێ... تۆ باسی جوانترین کەنیزەکانی دنیامان بۆ بکە...

قارون: (وەک ئەوەی لە بازاڕی کەنیز فرۆشان بێ و بانگەشە بۆ کەنیزەکانی خۆی بکات، بەدەنگی بەرزەوە).

گەر بەختەوەری هەمیشەییت دەوێ... گەر حەسانەوە و شادیت دەوێ، ئەم کچە چاو شینە... ئەم کچە پرچ زەردە ڕۆمییە بکڕە...

گەر لەززەتی لە بن نەهاتووی سۆزت دەوێ ئەم کەنیزە باڵا بەرزە، گەردن زرافە فارسە بەویقارە بکڕە. گەر دەنگی بەسۆزی حۆریانت دەوێ، سرکی ئاسکی بیابان و سەفای موحیبەتت دەوێ، ئەم کەنیزە عەرەبە یەمەنییە... بکڕە.

ئەم خەزەرییە باڵا بەرزە، دەنگ خۆش و سەما زانە... بەرد دەهێنێتە جۆش، ماڵ دەکاتە چراخان.

زوبەیدە: (بەتووڕەییەوە) بەسە بەس! ئەوا من دەڕۆم (هەڵدەسێ و دەڕوات).

یەحیا: (بەهارون) سەری گرت! دڵنیام قایل دەبێ... ئەوا منیش دەڕۆم، بەشی دووهەمی نەخشەکە جێبەجێ دەکەم... (دەڕوات)

هارون: (هەندێ تووڕەیە) باوەڕ ناکەم زوبەیدە قایل بێت...

قارون: گەورەم، ئێوە تووڕە مەبن... من شارەزای تەبیعەتی ژنانم... وردە دەمارەکانیان دەناسم... کە دەڵێن "نەء" دەزانم چ "ئا"یەک دەڵێن... کە دەشڵێن "ئا" دەزانم چ "نەء"ێکیان مەبەستە...

هارون: هوشە مەکە... دەڵێن خودی شەیتان لە "ئا"ی ژن تێناگات کە چ شتێکی مەبەستە...



قارون: گەورەم، پیشەکەی ئێمە زۆر شتی فێرکردووین... ئەوەڵەن دەبێ شەیتان لە ئێمەوە فێربێت... سانییەن، ئێمە خۆمان بەر لە شەیتان بەچەند ڕۆژێ لە دایک بووین... سالیسەن، هیچ ژنێ لە ژنێکی دی ناچێت... ڕابیعەن، چەوورترین چەشەن، چەموشترین مرۆ لە داو دەنێن، کێویترین دڕندەی دوو پێ ڕام دەکەن... خامیسەن گەورەترین بەڵان بۆ ئەو پیاوانەی پێیان قایل نەبن... ئیدی حەز دەکەم عەرزتان کەم، ئەم تووڕەبوونەی زوبەیدە خانم کەفی هەڵچوونە بەفوو دادەمرکێتەوە...

هارون: لە مەبەستت تێناگەم.

قارون: شیر کە زۆر گەرم بوو، هەڵدەچێ و کەف دەکات، ئەو هەڵچوونەش بەفوویەک دادەمرکێتەوە...

هارون: یانی من "فوو" بەزوبەیدە خانم دا بکەم.

قارون: ئەگەر ئەمڕۆ فووی پیاکەی وەک شیری هەڵچوو دەنیشێتەوە... ئەگەر سبەی و دووەی مانەندی ئەمڕۆ ڕەفتاری لەگەڵدا بکەی، ئەوا دەبێتە خزمەتکاری کەوشەکەت... ئەگەر چەند ڕۆژێکیش فەرامۆشی کەیت، ئەوا ئیدی خۆی بۆ ئەوەی، تەنها بزانێ بۆ فەرامۆشت کردووە جوانترین کەنیزانی دنیات بۆ پەیدا دەکات و بەدیاری دەتداتێ...

هارون: چیدی... مەبەستم وەک چیدی وانە.

قارون: وەک خەلیفە و مەلیک و ئیمپراتۆرەکانن نابێ زۆریان لێ نزیک کەویتەوە...

هارون: بۆ.

قارون: سووتێنەرن.

هارون: ئەگەر تۆ زۆر لە من نزیک بیتەوە... مەبەستم لەمەڕ مەسەلەی

کەنیزەکانە... لێم نزیک ببیتەوە چۆنە؟

قارون: گەورەم بۆ من باش نییە.

هارون: بۆ

قارون: هەزار بەخشندەییت ناکاتە توورەبوونێکت.

هارون: چۆن؟

قارون: ئەگەر بەخششێکم دەیتێ، ئەوا تەنها خۆت و بەس، خاوەنی بەخششەکەیت، بەڵام ئەگەر ڕوو ترشییەک بنوێنی، ئەوا دەس و دایەرەکەت تەنانەت سەگی بەر دەرگاکەت لاساییت دەکەنەوە...

هارون: کێ ئەمەی فێرکردی؟

قارون: سی ساڵە دنیا دەگەڕێم... سەرم کردووەتە نێو قەسری گەلێ لە ئیمپراتۆر و خاقان و سوڵتانەکانەوە.

هارون: لەو گەورە پیاوانە چی فێربوویت؟

قارون: یەک شت.

هارون: چییە ئەو شتە؟

قارون: ناوێرم بیڵێم...

هارون: ئەمانت دەدەمێ.

قارون: دیسان ناوێرم.

هارون:گوتم ئەمانت دەدەمێ.

قارون: (پێدەکەنێ) بێ عەقڵترین کەس ئەو کەسەیە کە باوەڕ بەئەمانی دەسەڵاتداران دەکات.

هارون: بۆ؟

قارون: ڕاستە ئەمڕۆ ئەمانت پێ داوم و نامکوژی... بەڵام پاش چەند مانگ و ساڵێکی تر، بەبیانوویەکی دی لە نێوم دەبەی...



هارون: ئافەرین، ئەمەیانت دەسەلمێنم... بەڵام نەتگوت، ئەو شتە چییە فێری بوویت؟

قارون: عەرزم کردی ناوێرم.

هارون: ئەگەر نەیڵێیت لە گەردەنت دەدەم.

قارون: بەڕاستتە.

هارون: (بانگی مەسروری جەلاد دەکات) مەسرور

(مەسرور بەشمشێرێکی ڕووتەوە دێتە ژوورێ)

مەسرور: کێ بکوژم گەورەم؟

هارون: جارێ سەبر کە.

قارون: مادامێ هەر دەمکوژی. با ئەو شتەی فێری بووم لە دڵما نەمێنێ و بیدرکێنم...

هارون: ئادەی...

قارون: ئەو شتەی فێری بووم... یانی ئەو شتەی لەنێو قەسرەکانی خەلیفەی ئیسلام و ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم و خاقانەکانی تورک و نەجاشییەکانی حەبەشە فێری بووم ئەوەیە کە کارەکەی من لە کاری خەلیفەیی و مەلیکی و ئیمپراتۆری چاکترە...

هارون: (بەتوورەییەوە) یانی کارەکەی خۆت کە "نەخاسی"یە بەکورتییەکەی گەوادییە، بەکاری پیرۆزی ئێمەی خەلیفە و ئیمپراتۆر و مەلیک و نەجاشییە بەویقارەکان ناگۆڕیتەوە...

قارون: بەڵێ گەورەم کارەکەی خۆم بەکاری ئەوانەی باسم کرد ناگۆڕمەوە...

هارون: ئەگەر بڵێین با قارون ببێتە خەلیفە و هارونیش ببێتە کەنیز فرۆش.

قارون: (قسەکەی پێدەبڕێ) بەسەری تۆ نایکەم!

هاڕون: (بەپێکەنینەوە) حەیوان... بۆ؟

قارون: بەحەزرەتی مووسا زەرەرمە و نایکەم.

هاڕون: (بەپێکەنینەوە) چەندت زەرەرە.

قارون: (دەست بۆ مەسرور دەبات) تۆ جارێ ئەم جەلادەم لەبەر چاو لادە...

هاڕون: (بەمەسرور) دەی لەبەر چاوم ون بە... منیش ئەوەندە حەزم لە بینینت نییە...

مەسرور: ئەگەر وایە بۆ ڕۆژێ دە جار بانگم دەکەی؟

هاڕون: نۆ جاریان بۆ ترساندنی دەوروبەرە و یەکجاریش ئیشی خۆت دەبینی.

مەسرور: یەکجارەکە کەمە.

هاڕون: بۆ؟

مەسرور: بۆ ئەوەی زیاترین کەس بترسێنم تا ناوی من زەندەقیان ببات.

هاڕون: تۆ چیت؟ بۆ لە تۆ بترسن... دەبێ لە من، لە خەلیفە، لە هاڕون ئەلڕەشید بترسن... نەک لە غولامێکی ڕەش پێستی زەبەلاحی وەکو تۆ... کە هەموو کارەکەت بەجێ هێنانی ئەمرە.

مەسرور: (وەک ئەوەی لەگەڵ هاڕوندا هاوڕێ بن) بەسەری تۆ، ئەوەندەی لە من دەترسن، تۆیان هەر لە خەیاڵدا نییە...

هاڕون: بلێ بزانم چۆن.؟

مەسرور: تەنانەت وەزیرەکانت زیاد لە پێویست ڕێزم دەگرن... منیش لە خۆم دەپرسم، غولامێکی ڕەش پێستی ناشیرینی وەکو من، چییە وا ئەم هەموو دیارییانەم پێشکەش دەکرێ... گەر ترس و سام نەبێ چۆن ئەم هەموو کەنیزە جوانانەم بەدیاری بۆ دەنێرن... گەلێ جاریش چەند هەزارێکی لەگەڵ دەبێت...



هاڕون: (بەسەرسوڕمانەوە) هەزار کەنیز؟

مەسرور: نەء... گەورەم... دیناری زێڕ.

هاڕون: بەرتیلیش وەردەگری؟

مەسرور: نەء...

هاڕون: ئەی ئەوە نییە بەزمانی خۆت دەڵێی: کەنیزم بەدیاری بۆ دەنێرن و زێڕیشم دەدەنێ.

مەسرور: گەورەم بەرتیل ئەوەیە سازش لەسەر چەند و چۆنەکەی بکرێ... بەڵام من هیچ داوایەکم لە کەس نەکردووە... خۆیان بە خواشتەرخوازی خۆیان دیاریم دەدەنێ...

هاڕون: (بەتووڕەبوونەوە) کێن ئەوانە؟

مەسرور: (دەست بۆ قارون دەبات) ئەم کەنیز فرۆشە هەرە دەوڵەمەندەکەی بەغدا یەکێکیانە!

هاڕون: (ڕوو لە قارون دەکات) قسەکانی ڕاستن؟!

قارون: بەڵێ گەورەم... ڕاستییەکە، ئاو لێڵ ناکات!

هاڕون: تۆ لە هەموو بازرگانەکانی بەغدا دەوڵەمەندتری... چ پێویستت بەوەیە بەرتیل بەمەسرور بدەی...

قارون: گەورەم... یەکێ لە ئەرکە قورسەکانی دەوڵەمەند ئەوەیە هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەی بەدەوڵەمەندی بمێنیتەوە. چونکە هیچ کەسێ هەندەی دەوڵەمەندی بەفەقیر بوو، ئێسک قورس و بێ قیمەت نییە... ئەم هەوڵدانەش بەقەدەر پارە پەیداکردنەکە قورسە.

هاڕون: چۆن؟

قارون: قوربان دەڵێم بە چی سامانەکەم بپارێزم.

هاڕون: دەیان کەس بەکرێ بگرە... چەکداریان بکە، بەخێویان کە تا سامانەکەت بپارێزن.

قارون: گەورەم، گەر سوپای تائیف و خوراسانیش بەکرێ بگرم. ناتوانن هەندەی مەسرور ترس بخەنە دڵی گەورە کاربەدەستەکانی ئێوەوە...

هارون: بۆ تۆ لە دز دەترسی، یا لە گەورە کاربەدەستەکانی من...؟

قارون: لە هەردووکیان.

هارون: قسەکەت ڕوون کەوە.

قارون: ئەوەی کاری دزییەکە دەکات، کرێ گرتەکەیە... دزە چکۆڵەکەیە، نەخشە کێشی کارەکە دزە گەورەکەیە.

هارون: دڵنیایت؟

قارون: بەڵێ.

هارون: کەواتە بۆ نایێتە لام و پێم بڵێی...

قارون: ئێوە بینین ئاوها ئاسان نییە!!

هارون: باشە بۆم بنووسە... شکات بکە...

قارون: (پێدەکەنێ).

هارون: بۆ پێدەکەنی؟

قارون: شکات بکەم... ئێوە شکاتەکەم بنێرنە لای هەمان ئەو کەسەی شکاتم لێ کردووە! بۆ ئەوەی ئەو لە شکاتەکەم بکۆڵێتەوە؟

هارون: (بەمەسرور) بەرتیل خۆر تۆ بۆ دەرەوە (مەسرور شمشێرە ڕووتەکەی بەدەستەوەیە، دەچێتە دەرێ)

هارون: قارون تۆ لەم قسە قۆڕانە گەڕێ گەرچی هەر هەمووشی ڕاستە.

قارون: کە ڕاستە بۆ سزام نادەی...

هارون: (بێدەنگە).

قارون: یەکەمجارە لەسەر ڕاستی گوتن سزا نادرێم.

هارون: ئێستا بتکەنە خەلیفە نایکەیت.



قارون: نەخێر گەورەم... نەخاسی کارێکی گەورەیە، بەهەموو کەسێ ناکرێ...

هارون: ئەی خەلیفەیەتی.؟

قارون: ئاسانەو بەهەموو کەسێ دەکرێ.

هارون: ئەگەر خۆم بانگم نەکردبای، ئەوا لەسەر ئەم قسە قۆڕانەت ئەزیەتم دەدایت... بەڵام چی بکەم خۆم بانگم کردوویت.

قارون: لەسەر قسە ڕاستەکانم ئەزیەتت دەدام! فووەکە لە بیر نەکەیت.

هارون: (پێدەکەنێ).

# بەشی سێهەم

## دیمەنی یەک

*(پاش چوار ساڵی خیلافەتی هارون...)*

ژووره تایبەتییەکەی هارون... یەحیا و هارون... هارون نەخۆشه)

یەحیـا: (گەلێ بەغـەمبـارییـەوه) گەورەم ئەمـرۆ چل رۆژی تەواوه، دایکی بەرێزتان ئەمری خوای بەجێ هێناوه... ئێوه لەم چل رۆژەدا، ئەمرۆ هاتوونەته قسه... یەکەم رۆژیشه لە نوێنی نەخۆشی هاتوونەته دەر...

هارون: (زۆر بەبێ تاقـەتییـەوه) نەخـۆشیـیـەکـەم ئەوه نیـیـه وا ئێـوه بۆی دەچن... نەخۆشییەکەم غەم نییه... نەخۆشییەکەی من دەنگه.

یەحیا: (بەسەرسورمانەوه) دەنگ.

هارون: بەڵێ دەنگه!

یەحیا: لەم تەمەنەمدا یەکەمجاره ئەم جۆره نەخۆشییه دەبیستم!

هارون: حەق بەتۆیه... لە لای تۆیش باسم نەکردبوو...

یەحیا: (بەهەمان سەرسورمانی پێشـوو) گوتت باسم نەکردبوو... ئەمه ئەوه دەگەیێنێ کە ئەم نەخۆشیەتان کۆنه.

هارون: بەڵێ کـۆنه... تەمـەنی دەگـەرێتـەوه بۆ ئەو رۆژەی کـە خـۆمم تیـا ناسیوه...

یەحیا: یەکەمجاره دەبیستم نەخۆشییەک دەنگ بێت.

هارون: پێت سەیر نەبێ... ئەمه حەقیقەته!!

یەحیا: باوەڕ دەکەم... بەڵام تێناگەم!



هارون: دەنگێکه لە ناخمدایه... هەراسانی کردووم... هەر بەئاستەم، تەنها بم ئەو دەنگه رووبەرووم دەبێـتــەوه... داوای خــوێنی خــۆیم لێ دەکات...

یەحیـا: گـەورەم رەنگه دەنگی خـوێنی عـومـەر بێت... کـه لە یەکـەم رۆژی خیلافەتتان، ئەو خوێنەتان رشت...

هارون: گـوتم لەو رۆژەوەی کـه خـۆم ناسـیـوه... ئەم دەنگه تەمـەنی بیـست ساڵێک دەبێت... من چوار ساڵه خەلیفەم...

یەحیا: گەورەم ئێوه لە شتێک دەدوێن... من بەهیچ جۆرێ تێی ناگەم...

هارون: گوتم دەنگێک لە ناخمدایه هەراسانی کردووم ترسێکی مەزنی تیا رواندووم... لە تەنهـایی دەترسم... هەند دەترسم... قەڵـەمی دەست و پێم دەشکێ... دەنگێکه تا بڵــێی ناقــۆڵایه... لە دەنگی خــۆم دەچێت...

یەحیا: لە دەنگی خۆت دەچێت؟!

هارون: بەڵێ... هەر کـه بەئاسـتـەم تەنهـا دەبم... ئەو دەنگه روو بەڕووم دەبێتەوه...

یەحیا: لە لای چ پزیشکێ باسی ئەم نەخۆشییەی خۆتت نەکردووه؟

هارون: ئەمه نەخۆشی نییه... ئەمه وەهم نییه" ئەمه حەقیقەته... لە رۆژانی یەکـەمی خیـلافـەتمدا باسی حـەرەمسـەرا کرا، جگه لەوەی حـەزم لە ژنه... حـەزیشم لەو جـەنجـاڵی و قـەرەباڵغی و بەزمی شـەوان بوو... هەمــووی بۆ ئەوه بوو تەنهــا نەبم... شـەوانی پاش بەزم لە نێــوان چەندین کـەنیــز دەنوسـتم... هەر بۆ ئەوەی تەنهـا نەبم. چل شـەوه تەنهام... لەوەتی دایکم مردووه، شەوانه تەنهام... هەموو شەوێ ئەو دەنگه هەراسانی کردووم... ئێستـا وا بەلەرولاوازی دەمبینی پێت وایه نەخۆشم...

یەحیا: بەڵێ گەورەم هەر بۆیە ئەمڕۆ جگە لە ئەبو قورەیشی پزیشکی تایبەتی خۆت. پزیشکێکی بەناوبانگی دیم بۆ هێناوی... خاچ پەرستە، ناوی جبریل بەختیەشوعە... لە دەرێدا چاوەڕێ دەکەن...

هارون: من حەز لە ئەبو قورەیش ناکەم... لەبەر ئەوەی چەند ساڵ پزیشکی تایبەتی باوکم بوو... نەیتوانی بزانێ باوکم زەهر خوارد کرا، یا بەمەرگی ئاسایی سەری نایەوە... بۆیە ئێوە لە لای پزیشکەکان لەمەڕ ئەم شتەی بۆم باس کردی هیچ مەدرکێنە... من خۆم تاقییان دەکەمەوە... بچۆ بیانهێنە ژوورێ.

(یەحیا، دەچێتە دەرێ، جبریل و ئەبو قورەیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ژوورێ... هەردوو پزیشکەکە کڕنۆش بۆ هارون دەبەن...)

هارون: دانیشن...

(غولامێک بانگ دەکات، هەندێ شت دەچپێنێتە گوێی غولامەکە... غولامەکە دەڕوات، زۆری پێ ناچێ دەگەڕێتەوە، شووشەییێک دەداتە دەستی هارون) لەوەتەی دایکم ئەمری خوای کردووە... خواردن و خەوم نییە ئیشتهام نەماوە...

ئەبو قورەیش: گەورەم ئێوە گەورەییێکی مەزنتان لە دەست داوە حەتمەن غەمی گەورەتان هەیە... غەمیش کە گەورە بوو، دەسەڵات بەسەر هەموو شتێکی مرۆدا دەگرێ... دەردی ئێوە غەمە. ئەم غەمەیشتان پیرۆزەو... لە خوای مەزن دەپاڕێینەوە ئەمە دوا غەمی ئێوە بێ...

جبریل: ئەمیری موئمنین لەوە گەورەترە، غەم زەفەری پێ ببات. ئەمیری موئمنین چاک دەزانێ هەر هەمموومان بۆ ئەوە لە دایک بووین، بژێین، ببینین و بمرین... مردن شتێ نییە بە غەم، کەسی مردوو زیندوو بێتەوە... لەبەر ئەمە من سۆنگەی ئەم نەخۆشییەی ئێوە بە غەم نازانم.



هارون: چییە؟

جبریل: هێشتا فەحسم نەکردوویت و نایزانم...

ئەبو قورەیش: گەورەم نەخۆشییەکەتان بەڕوخسارتانەوە دیارە لاواز و ڕەنگ زەردن، دەبێ پزیشکی شارەزا هەر بەیەکەم سەرنج بزانێ، نەخۆشەکەی چ دەردێکی هەیە و بەچیش چاک دەبێتەوە...

هارون: (شووشەکە دەداتە دەستی ئەبو قورەیش)

ئادەی بزانم ئەم شلەیە چییە؟

ئەبو قورەیش: (شووشەکە لە دەستی هارون وەردەگرێ، بەدیقەتەوە سەیری دەکات، بۆنی دەکات، بەزمان تاقی دەکاتەوە) گەورەم، ئەم شلەیە میزە... میزی ژنە... ئەم میزەیش کۆنە...

هارون: چەنێ کۆنە؟!

ئەبو قورەیش: تەمەنی ئەم میزە لە چل شەو زیاترە... بەدووریشی نازانم هی دایکی ڕەحمەتیتان بێ... پێشم وایە ئەم میزە بۆ ئەوە هەڵگیراوە، تا پزیشکێکی شارەزای وەک ئێمە سەیری بکات و نەخۆشییەکەی دایکی ڕەحمەتیتان دەستنیشان کات... تا ئێوەش بزانن ئایا پزیشکە تایبەتییەکەی دایکتان بەدڵسۆزی عیلاجی دایکی ئێوەی کردووە یا نەء... ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم نیازتان وایە، پاش وەرگرتنی سەرنجی ئێمە، ئەو پزیشکە تایبەتییەی دایکتان یا پاداشت دەکرێ یا سزا...

هارون: ئافەرین... (شووشەکە لە دەستی ئەبو قورەیش وەردەگرێ دەیداتە دەستی جبریل) بزانم، تۆ دەڵێی چی...؟ ئەو پزیشکە تایبەتییەی دایکی ڕەحمەتیم هی سزایە، یا پاداشت؟!

جبریل: (شووشەکەی لە دەست وەردەگرێ، بەدیقەتەوە سەیری دەکات و هەندێ بۆنی دەکات، بەپێکەنینەوە) گەورەم... سەیرە!

هارون: چ شتێ سەیرە؟!

جبریل: ئەگەر مەسئەلە سزا و پاداشت بێ... دەبێ لەمەڕ ئەم (دەست بۆ ئەبو قورەیش دەبات) هاوپیشەیەم سزا بدرێ... ئەم شلەیە کە ئەبو قورەیش، بەدیقەتەوە سەیری کرد، پاشان بۆنی کرد و چەشتی و لێشی نۆشی ئەمە میزی ماینە نەک میزی ئینسان...

هارون: (قاقا پێدەکەنێ، هەڵدەستێ دەست دەخاتە سەر شانی جبریل... ڕوو لە ئەبو قورەیش دەکات) تۆ بۆ دەرەوە...

(ئەبو قورەیش بەبێدەنگی دەچێتە دەرێ) تۆیش، لەمڕۆ بەدواوە، سەرۆکایەتی پزیشکەکانی بەغدا بەتۆ دەسپێرم... دەبێ هەر هەموویان، لە خوار تۆوە بووەستن... هەروەها پزیشکی تایبەتی منی... فەرموو بزانە دەردی من چییە...

جبریل: (بەدیقەتەوە سەیری دەکات) دەردی ئێوە لەو دەردە نادیارانەیە، کە شوێنەواری بەجەستەتانەوە دیار نابێ... بەڵام ئەوەی دەردە نادیارەکەتانی زیاتر کردووە یا ڕاستتر و وورووژاندوویەتی... غەمە...

هارون: برینم مەکولێنەوە...

جبریل: ئەم غەمە دوو ئێشی دی داپۆشیبوو... هەر ئەم غەمە، هەردوو ئێشەکەیشی خستووەتە ڕوو...

هارون: ئەو دووە چین؟

جبریل: شەڕاب و ژن...

هارون: هەر ئەو دووە؟

جبریل: گوتم ئەم دووە دەردە نادیارەکەی داپۆشیوە واتە چەند لەگەڵ ژندا بی و چەند شەڕاب بنۆشی دەردە نادیارەکە چاکتر دادەپۆشرێ...

هارون: بەم پێیە... نەسیحەتی ئەوەم دەکەن زیادیان کەم...



جبریل: وردە وردە کەمیان کە تا بەتەواوی دەسبەرداریان دەبی...

هارون: بەقەولی عەوامەکە، دەسبەرداری ئەم دوو حەرامە بم ئیدی ژیان چ تامێکی بۆ دەمێنێتەوە؟

جبریل: (بەجدییەوە) دوو لەززەت دەردێکیان بۆ ئێوە داپۆشیوە... تا ئەو لەززەتانە بەردەوام بن، دەردەکە خۆی ناخاتە ڕوو... دەبێ ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین لەززەتەکان بکوژین، تا یەخەگیری دەردەکە بین...

هارون: ژیان، یانی لەززەت وەرگرتن. چۆن دەتەوێ لەززەت بکوژین.

جبریل: ئەو لەززەتانە کاتین، دەردەکەیش ڕەگی داکوتیوە... ئێوە لەززەتەکانتان کردووە بەئاو و بەپەین، ئێوە خۆتان ئەو ڕەگە پەروەردە دەکەن.

هارون: تێناگەم!

جبریل: ئێوە ناتانەوێ، ئەو دەردە ئاشکرا بێ... لێی دەترسن...

هارون: ترس؟!

جبریل: بەڵێ ترس...

هارون: لە چی؟

جبریل: ناتانەوێ بزانن چییە، تا ڕووبەڕووی ببنەوە...

هارون: کە نەمزانی چییە، ئیدی چۆن، تا بە چ شتێ ڕووبەڕووی ببمەوە...

جبریل: گەر بمانەوێ بزانین چییە، ئەوا دەتوانین، بیناسینەوە... ئەمەش ئاسان نییە. دەبێ یەکەم شت، ئەوانەی لەسەر هەڵدەینەوە کە داپۆشیون... یەکەمجار دەبێ شەڕاب و ژن کەم کەیتەوە، تا بەیەکجاری دەسبەرداریان دەبی، ئەوسا دەردەکە خۆی خۆی دەخاتە ڕوو...

هارون: ئێوە داوای ئەوەم لێ دەکەن، دەسبەرداری ژیان بم.

جبریل: ژیان هەر ئەو دووە نییە...
هارون: ئەو دووە بناغەی ژیانەکەیە...
جبریل: ئەم دەردە تەنها دەردی ئێوە نییە... دەردی سەرلەبەری خەلیفە و مەلیک و سوڵتان و ئیمپراتۆر و دەسەڵاتدارانی جیهانە... ئەم دەردە لە عیلمی ئێمەدا پێی دەگوترێ "ترسە خەوتووەکە..." ئەم گەورە پیاوانەی باسم کرد، دەترسن، ئەو ترسە خەوتووە وەئاگا بێتەوە... بۆیە بەلەززەت دایدەپۆشن، هەوڵ دەدەن وەئاگا نەیێتەوە. دەبینێ زۆربەیان لە تەنهایی دەترسن بۆیە دەوروبەرو مەجلیسیان گەرمە... ئەگەر ئەو ترسە خەوتووە وەئاگا بێتەوە، ڕووبەڕووی سەرلەبەری ڕەوشت و ڕەفتاریان دەبێتەوە... "ترسە خەوتووەکە" هەرکە کەوتە ڕوو یەکسەر دێتە زمان و دەڵێ: بەلەززەت، دامدەپۆشی، تا منیش ویژدان و ڕەوشتت داپۆشم... ئەوا ئێستا لە خەو ڕابووم، پاش منیش ویژدانت... ڕەوشتت... ڕادەبن بەڵام مخابن درەنگە درەنگ ( هارون: ڕەنگی تێکدەچێ، وەک ئەوەی نهێنییێکی گەلێ گەورەی لێ ئاشکرا بێ، خۆ لە گێلی دەدات)
یەحیا: (بەجبریل) ئەوەی باست کرد... پەیوەستن بە کاروباری پزیشکی و هەندێ فەلسەفی... بەڵام ئیشوکاری خەلیفە، سیاسەتە... سیاسەتیش، خەڵک بینینی دەوێ... میللەتانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عەباسی تەنها عەرەب نین... سیاسەتی دەوڵەتیش دەبێ بەر لە هەموو شتێ دڵنیا بوون بێ لە ئاسایش... ئاسایشیش لەگەڵ میللەتانی غەیرە عەرەب بەخزمایەتی دەبێ... چاک وایە ئێوە بیر لە دەرمانێکی ئەو تۆ بکەنەوە خزمایەتی خەلیفە لەگەڵ میللەتاندا پتەوتر کات...
جبریل: دەشێ کەمیان کاتەوە... خۆ ئاینەکەی ئێوە، مژدەی زیاتر و جوانتری پێداون.



هارون: (بەتووڕەییەوە) پێ دەچێ خەریکە بێ عەقڵ دەبیت...
جبریل: گەورەم ئەمە قسەی من نییە.
هارون: دەزانم قسەی تۆ نییە... مەبەستم لەوەیە تۆ کاڵفام نیت... کەچی یا من بەگەوج دەزانی، یا خۆت لە گێلی دەدەیت... یا درۆ لەگەڵ بیروباوەڕی خۆتا دەکەیت و موجامەلەم دەکەیت...
جبریل: گەورەم مەبەستم ئەوەیە، ئەوانی تر مانەندی ئەمانەی ئێرە نییە...
هارون: پێم سەیرە تۆ بەم زانایەتی خۆتەوە لەم مەسئەلەیە تێناگەی.
جبریل: گەورەم... من نەسرانیم... گەر گەورە پیاوانی ئیسلامیش... گەر بەئاستەم ئەم قسانە بکەن ئەوا بەتۆمەتی "زەندەقە" و زەندیق لەناویان دەبەن... جا من چۆن دەتوانم ئەم قسانە بکەم... مەگەر خوا بزانێ چ تۆمەتێکم بخەنە پاڵ.
هارون: (قەڵسە) تۆ ئێستا لەگەڵ کێدا قسە دەکەی؟
جبریل: گەورەم... خەلیفە...
هارون: خەلیفە پێویستی بەوەیە تۆمەت بخاتە پاڵت؟
جبریل: نەء گەورەم...
هارون: تۆ نازانی هەر کاتێ بمەوێ بەتۆمەتی (بێ تاوانییت) سەرت دەپەڕێنم...
جبریل: گەورەم دەتوانن.
هارون: ئیدی بۆ بەجوانی و بێ ڕیاو موجامەلە قسان ناکەیت... بۆ ئەو شتەی لە ناخت دایە پێچەوانەکەی دەخەیتە ڕوو... "زەندیق" چییە؟ "زەندەقە" چییە؟ ئەمانە قسەی بێ مانان... بمانەوێ هەر کەسێ لەنێوبەین، سۆزی ڕەشە خەڵکەکە دەورووژێنین، خەڵکەکە هان دەدەین داوای لە نێوبردنی بکەن... ئەم وشە "زەندیقە" بەئاسانی کاری خۆی دەبینێ، بووەتە چاکترین و کوشندەترین چەکی دەستی

ئێمە... هەستیش دەکەم بەزمانێ لەگەڵ مندا قسە دەکەی، هەمان ئەو زمانەیە کە ئێمە لەگەڵ ڕەشە خەڵکەکەدا قسانی پێ دەکەین... یا ڕاستتر دەیانخەڵەتێنین... یانی چی... بە من دەڵێی: گەورەم ئەوانی تر مانەندی ئەمانەی ئێرە نییە...؟!

جبریل: گەورەم من پزیشکم لە هەندێ حاڵەتی دەروونی تێدەگەم ئەمەی کە گوتم ترس پێی کردم...

هارون: گوتت ترس...

جبریل: بەڵێ.

هارون: تۆ ئێستا باسی ئەو ترسەی منت دەکرد گوایە نامەوێ بزانم چییە، تا ڕووبەڕووی نەبمەوە...

جبریل: بەڵێ گەورەم، ترس تێکەڵی شیری مەمکی دایک بووە... ئێمە هەر هەموومان بە"ترس" پەروەردە کراوین... من کە ترس ڕووم تێ دەکات، ئیرادەم لەسەر قسەکانی خۆم نامێنێ... بەبێ ئیرادە و بەو شێوەیە قسە دەکەم، گوایە خۆم دەپارێزم... داوای لێبوردن دەکەم...

هارون: (بەبزەوە) داوای دەرمان بکە... ئێستا تۆ نەخۆشەکەیت و من پزیشکەکەم... ئەمەیان یەک... دووەمیان جارێ ناتبوورم... تا بەوپەڕی ڕاشکاوی قسەکانمان تەواو نەکەین... تێمبگەیێنە: داوام لێ دەکەی دەسبەرداری ئەو دوو شتە بم، نەخۆشییەکەم چاک دەبێتەوە... چاکتر و جوانترەکانیش لەو دنیادا بەنسیبم دەبن... باشە تۆ دڵنیایت پاش مردنم دەچمە ئەو شوێنە وا ئەوانەی لێیە کە لە مانەی ئێرە چاکتر و جوانتر و پاکترن؟

جبریل: گەورەم ئەو شوێنە هەر شایستەی پیاوانی وەک ئێوەیە.

هارون: درۆ دەکەیت... بۆ تۆ لە خوا چاکتری لێ دەزانی وا لە ئێستاوە جێی شایستە بەخۆمم بۆ دیار دەکەیت.



جبریل: مەبەستم ئەوەیە، ئێوە کەسێکی چاک و دەست و دڵ پاک و بەخشندەن.

هارون: چاکەکاری و بەخشندەییم لەگەڵ کەسانێکە... - با منیش زمانەکەی تۆ بەکاربێنم - ترسم لێیانە... ترسم لە زمانی هەندێکیانە، ترسم لە مەنطق و ڕاستگۆیی و حەقگۆیی هەندێکی تریانە... ترسم لە ڕەفتار و نفوزی هەندێکی دییانە... بەخشندەییەکەیشم بۆ ئەو کەسانەیە لێیان دەترسم... جا ئەو شوێنە جێی دەست و دڵ پاک و بەخشندەیە؟

جبریل: مەبەستم بوو، بڵێم، ئەمانەش ڕێخۆشکەرن بۆ ئەو جێیە...

هارون: من دەمەوێ تۆ ببیتە هاوڕێی من... هاوڕێیەکی ڕاستگۆی دوور لە موجامەلە... چاک دەزانی بەم قسە پڕوپووچانەت باوەڕ ناکەم... چاک دەزانی ئێمە... باوباپیرانم، چۆن هاتووینەتە سەر ئەم تەختە... دەریاییێک خوێن ئێمەی گەیاندووەتە ئێرە... تەنانەت ئەو کەسانەشمان کوشتووە، کە خزمەتیان کردووین، ڕێیان بۆ خۆش کردووین دەسەڵات بگرینە دەست... چاک دەزانی نە من نە هیچ ئیمپڕاتۆر و مەلیک و دەسەڵاتدارێ ناچینە ئەو شوێنە... ئەو دوو شتە نایابەی ئەوێ بۆ من نییە... بۆیە ڕێی ئەمانەی ئێرەم لێ مەگرە... شەڕابەن تەهورە بۆ من نییە حورلعەین بۆ من نییە، چونکە ئەو شوێنە جێی من نییە... بۆیە تا پێم بکرێ شەڕاب دەنۆشم، ژنانی هەموو دنیاش تێرم ناکەن. (دەست دەخاتە سەر شانی یەحیا) تا ماوم سوپاسگوزاری ئەم پیاوە زیرەکە بێ مانەندەم ... چل ڕۆژە دایکم مردووە، لەم چل ڕۆژەدا، دەیان حەوزی ئاوێنەبەندی بۆ دروست کردووم... کەنیزەکانم لە نێو ئەو حەوزانەدا بەشیر خۆیان دەشۆن... (بەویقارەوە) چاوت لێیە... من... باوکم... باپیرم... چۆن بەهەشتی دەستکرد دروست دەکەین... بەعەقڵی تۆ ئەمە لەبەر

ئەوە نییە کە دڵنیاین ناچینە ئەوێ...!

جبریل: بنۆشەو نۆشت بێ... دەبێ دەرمانی ئەوتۆت بۆ بگرمەوە کەنیزانی دنیا لە بەزەیی و عەتفت بێ بەش نەبن...

(یەحیا و جبریل سەیری یەکدی دەکەن... یەحیا دڵنیا دەبێ لەوەی نەخشەکەی سەری گرت...)

یەحیا: (دەست دەخاتە سەر شانی جبریل) ئێوە کارێ دەکەن دەوڵەتی عەباسی لە ئاسوودەیی و ئاسایشی هەتا هەتاییدا بژی- لە بری ڕم و شیری جەنگ و خوێنرێژتن- ڕمی عەقڵ و شیلەی خۆشەویستی ڕۆدەکەین... ئیدی چ عەشیرەت و تایفە و میللەتێ لەگەڵ خودی خۆیاندا ناجەنگن...

جبریل: ئەوەی خەلیفە بەدڵی بێ... منیش نۆکەر و غولامم. ئەوەی لە دەستم بێ قسوری بۆ ناکەم...

هارون: ئەمەم بەدڵە... منیش گۆزەییێک شەرابی حەفتا ساڵە و چوار کەنیزی بیست ساڵەت پێشکەش دەکەم...

جبریل: دیاری خەلیفە لەسەر سەرە... شەرابەکەیان گەلێ چاکە و قبوڵە بەڵام ئێوە دەزانن ئێمە نەسرانیین، لە ئاینی ئێمەدا هاونوێنی لەگەڵ کەنیزاندا حەرامە...

هارون: دەتەوێ تا ماوی لەگەڵ پیرێژنەکەتدا ژیان بگوزەرێنی...

جبریل: بەیەکدی قایلین... لە ئاینی ئێمەدا، لە غەیری یەک ژن ئەویش تا مردن... بۆمان نییە ژنی دی بێنین و ژنیش تەڵاق دەین...

هارون: تۆ لە ئایین گەڕێ... پێم چاکە لەگەڵ یەحیادا بیر لە دەرمانێ بکەنەوە هەموو کەسێکی نێو دەوڵەتی عەباسی بەجۆرێ بانگ کات تا لە عەلەوییەکان دوور کەونەوە...

یەحیا: گەورەم ئەمەیان گەلێ ئاسانە...



هارون: چۆن؟

یەحیا: دەبێ سەرگەرمیان کەین...

هارون: بە چی؟

یەحیا: چەند زانایێک... چەند هەزار دینارێک و چەند فەتواییێک!! ئیدی حەڵاڵ دەبن و ترسەکەی هەردوو لاشمان نامێنێ... نە ئەوانە لە ئاگری جەهەنەم دەترسن، نە ئێمەش لە غەدرو بێ وەفایی دوژمنەکانمان دەترسین.

هارون: (ڕوو لە جبریل دەکات) تۆ دەڵێی چی؟

جبریل: گەورەم کێ دەتوانێ لە ئاست ئەم عەقڵە گەورەیە (دەست بۆ یەحیا دەبات) بتوانێ قسە بکات...

هارون: ئافەرین.

(یەحیا و جبریل، بە بزەوە سەیری یەکدی دەکەن).

## دیمەنی دوو

*ژوورە تایبەتییەکەی هارون:*

*هارون و یەحیا و جەعفەر*

هارون: (بەگـازەندەوە) هەست دەکـەم فـەزڵی کـورت، بڕیارەکـانی منی پشتگوێ خستووە... ماوەیێکی زۆرە پێم گوتووە، مەیدانی ئەسپ سواری لە بەغدا دروست کات... تا خەڵکەکە مژوڵ بن... کەچی نازانم فەرامۆشی کردووە یا. ؟

یەحیا: گەورەم ڕەنگە، تەنها بیرچوونەوە بێت وا هیچی نەکردووە، بۆ مەسەلەی مژوڵکردنی خەڵکەکەیش کە چیدی لە پەنای دیواری مزگەوتەکاندا گوێ بۆ وەعز و تەفسیری عەلەوییەکان نەگرن. کارێکم کردووە لە زۆربەی شوێنە قەرەباڵغەکانی بەغدا، شوورەم لە دەوری دەیان ماڵ کێشاوە سەدان، کەنیز و ئەو ژنانەی کە خۆیان پیشەیانە لەو ماڵانەدا کاردەکەن.

هارون: ئەمەیان دەزانم... پێیان ڕاگەیاندووم کە زۆربەی گەنجەکان ڕوو لەو شوێنانە دەکەن... ئەو شوێنانەش عەلەوییەکانی وا هان داوە، بوونەتە ئاگر... ترسی ئەوەم هەیە لەم کارەدا ئامانج نەپێکین...

یەحیا: گەورەم من مژدەی سەرکەوتنت دەدەمێ... هەمـوو کارێ بەجۆری پەروەردەی ئەو کەسانەوە بەندن کە کارەکە دەکەن ... ئێستا عەلەوییەکان ناتوانن گەنجەکان کۆبکەنەوە... تەبیعەتی



عەلەوییەکانیش ئەوەیە لە سەرەتادا بەزمان زۆر گەرمن... گەر، بچنە جەنگەوە، سووکە سەرکەوتنێ وەدەست بێنن بوغرا دەبن... بەڵام کە بینییان چەند کەسێکیان لێ کوژراوە، ئیدی بێ ورە دەبن، سەرکردەکانیان قەڵەمی دەست و پێیان دەشکێ و تێیدەقوچێنن ... بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم: لەم کارەماندا ئەنگێوەین...

هارون: من دوو دڵم... خۆزیا وەکو ئێوە دڵنیا دەبووم... ئەرێ نەتگوت فەزل بۆچی فەرمانەکانی جێبەجێ نەکردووە؟!

یەحیا: گەورەم گوتم ڕەنگە بیری چووبێتەوە...

هارون: بۆ فەرمانی خەلیفە لەبیر دەچێتەوە؟!

یەحیا: گەورەم خۆت فەرمووت برای شیرمە!

هارون: ڕاستە من و فەزل برای شیریی یەکدین... دەبێ ئەم برایەتیەمان ببێتە مایەی ئەوەی زووتر لە هەموو کەس و چاکتر لە هەموو کەس فەرمانەکانی من جێبەجێ بکات... لە فەزل توورەم.

یەحیا: گەورەم گەلێ جار شەو تا بەرەبەیان لەژێر ڕۆشنایی چەند مۆمێ خەریکی حیساباتی دەوڵەتە... تەنانەت تاقەیەک دینار لەوانە خۆش نابێت کە باجەکان کۆدەکەنەوە... من پێم وایە سەرپێچی نەکردووە، سستی نواندووە...

هارون: سستی نواندنیش تاوانە...

یەحیا: هیچ کەسێ حەددی نییە تاوان بەرانبەر بەئێوە بکات...

هارون: ئەوە لەبەر ئەوەی برای شیرمە لە سەد جەڵدەوە دەیکەمە دە جەڵدە...

یەحیا: گەورەم...

هارون: ئێمە دەڵێین لە سەگ بدەو شێری پێ بترسێنە...

یەحیا: بەڵام ئێوە لە شێر دەدەن و مشکی پێ دەترسێنن...

هاڕون : ئافەرین... ئیدی سیاسەتی من ئەوە دەبێ، لە شێرەکان دەدەم تا مشکەکان زەندەقیان بچێ...

یەحیا : زۆربەی دەوروبەرەکەی ئێوە شێرن.

هاڕون: مشکیشیان تیایە...

یەحیا : بۆ من قورس دەکەوێتەوە...

هاڕون: نەسیحەتی بکەن.

یەحیا : ئەمر دەکەن گەورەم.

هاڕون: لەبەر خاتری تۆ دەیبەخشم... داوام لێ کرد، ئاگادارم کاتەوە، ئایە دەتوانین مەیدانی ئەسپ سواری دروست کەین... پێم گوت: حەزدەکەم ڕەعیەتەکانی من مانەندی خەڵکی قوستەنتینییە بن، دەمەوێ مەیدانی کەنیزفرۆشان وا لێ بکەن ببێتە جێی گەشتیاران. قاوەخانە، حەمام، کاروانسەرا، وەرزشگا، زۆرخانەو خانەکانی تریش بەجۆرێ ئاوەدان بکرێنەوە... لە هیچ شارێکی دنیادا مانەندیان نەبێ... با وەک ئێستا بەغدا خامۆش و بێ دەنگ نەبێت...

جەعفەر: گەورەم ئەمر دەفەرموون... زۆر جوانتری دەکەین... هەر لە مڕۆوە دەست بەکاردەبین، بۆ مەیدانی ئەسپ سواریش، مەیدانێکی بێ هاوتا دروست دەکەین، دەنێرین باشترین و ڕەسەنترین نژادی ئەسپی عەرەبی، ئێرانی بهێنین و ڕامیان کەین... حەرەمخانەکەشتان هەند گەورە دەکەینەوە، جێی سێ بەرابەری ئێستای تیا بێتەوە.

هاڕون: (بە یەحیا و بەگەوجییەوە) ژمارەی کەنیزەکانی حەرەمسەراکەم گەیشتوونەتە چەند؟



یەحیا : لە دوو هەزار کەنیز زیاترن، هەزار غوڵام و پێنج سەد خواجەو دەیان ئاشپەزی لێیە!!

هاڕون: نیازت وایە ژمارەی کەنیزەکانم بگەیینیتە چەند؟

یەحیا : (بەمەبەستەوە) خۆ دەبێ بەلانی کەمەوە سەد کەنیزت زیاتر بێ لە خەسرەو پەروێز.

هاڕون: مەبەستت ئەوەیە ژمارەکە بگەیێنیتە سێ هەزار.

یەحیا : بەڵێ... زیاتریش

هاڕون: وەک پێم گوتی ئاوها هەڵیاندەبژێری؟!

یەحیا : بەڵێ گەورەم ، هەموو والییەکانی وڵاتانم ئاگادار کردووەتەوە بەپێی داخوازییەکانی ئێوە پەیک بنێرن و شارەوشار دێهاتەکان بگەڕێن...

هاڕون: لە حەرەمسەرادا ئەوەی باسمان کرد، هیچت بۆ کردووە؟

یەحیا : دەیان پلەی تاقیکردنەوەم داناوە... دەبێ کەنیزان بەو پلە و پایەیە تێپەڕن و فێربن... یەکەم شت چل ڕۆژ جەستەیان عەتر شۆر دەکرێ، ئەوسا شەرەفی ئەوەیان دەبێ، شەوێک خزمەتی ئێوە بکەن...

هاڕون: کێن ئەوانەی وا کەنیزەکان فێر دەکەن؟

یەحیا : ناردوومەتە خوراسان، ڕەی، قەرەمەسین، خواجەکانی ئەوێم هێناوە... (دەست دەخاتە سەر شانی جەعفەری کوڕی) من و جەعفەرو گەورەو بچووکی خانەوادەی بەرمەکی خزمەتکاری ئێوەین...

هاڕون: جەعفەر هاوڕێی منە، من و جەعفەر یەکدوو ساڵمان بەینە، هاوڕێی مناڵیمە... هاوڕێی شەوانی بەزمی ئێستامە... چێژ لە بەزمی شەوانە وەرناگرم ئەگەر جەعفەری هاوڕێم و عەباسەی

خوشکمی تیا نەبێ... جەعفەر ئەوەندە لەمەڕ تاقیکردنەوەکانی شاهەنشاهەکانی ئێران دەزانێ پەکی ناکەوێ... عەباسەش جگە لەوەی خۆی دەنگی خۆشە، شیعریش دەنووسێ، ئەوەندەش شیعری لەبەرە. بۆ هیچ جۆرە باسێ پەکی ناکەوێ و شیعرێکی مەحکەمی بەسەرا دەکات... دوو کۆڵەگەی شەوانی منن...

یەحیا: ئێمە خزمەتکاری خەلیفەو دەوڵەتین.

هارون: تەواوی قسەکانت، بەقسەی دڵسۆزانە وەردەگرم، ئەوەی لە خەیاڵمدا بوو، دیمەشق بکەمە پایتەخت... ئەوا دەسبەرداری ئەو خەیاڵەش بووم... تۆیش وەعدم بدەیێ کە بەغدا جوانترو پڕ جەمعیەتتر و نازدارتری کەیت... دەبێ لە قوستەنتینییە جوانتری کەیت... مەبەستم ئەوەیە تۆیش یارمەتی جەعفەر بدەیت...

یەحیا: ناتوانم ئەم جۆرە وەعدەت بدەمێ.

هارون: بۆ؟

یەحیا: من لە گەنجییەتیمدا جارێکیان چوومەتە ئەو شارە شتی ئەوتۆم تیا بینیوە... شەرم دەکەم باسیان بکەم...

هارون: شەرم مەکە... وەکو چی؟

یەحیا: ژن و پیاویان بەئاشکرا مەی دەخۆنەوە...

هارون: ئێمەیش لێرەدا ژن و پیاو بەدزییەوە مەی دەنۆشین.

یەحیا: لەوێدا ژنانیان، لە کووچەو کۆڵانەکاندا نیمچە ڕووتن.

هارون: لەنێو حەرەمسەراکانی ئێمەدا ڕووت و قووتن.

یەحیا: لەوێدا ژنان و پیاوان لە حەمامدا بەیەکەوە خۆیان دەشۆن.

هارون: لێرەیشدا دەیان ژن، یەکێکمان دەشۆن.

یەحیا: دەڵێم ئەو شارە...



هارون: بۆم باس کە چۆن شارێکە...

یەحیا: ژنانیان...

هارون: (بەپەلە) ڕووتن

یەحیا: لە بازاڕی کەنیزفرۆشاندا نیمچە ڕووتن.

هارون: چیدی؟

یەحیا: (بەمەبەستەوە ئەم قسەیە دووبارە دەکاتەوە و بەوردی سەرنجی چاوەکانی هارون دەدات تا بزانێ تاچ ڕادەیەک کاری لێ دەکا)حەمامەکانیان!

هارون: ئێ گوتت بەیەکەوە ژن و پیاو خۆ دەشۆن.

یەحیا: هەر ئەوەندە نە ء... بەڵکو...

هارون: (بەپەلە) چییە... زوو بڵێ...

یەحیا: دوو جۆر حەمامیان هەیە...

هارون: چۆن؟...

یەحیا: بەس بۆ گەورە پیاوانی دەوڵەتە.

هارون: چۆن؟

یەحیا: حەمامی ژنان و حەمامی پیاوان.

هارون: تێناگەم.

یەحیا: حەمامی ژنان... سەدان ژنی دانسقەی تیادایە... هەموویان ئامادەن بەیەک ڕۆژ یەک پیاو بشۆن.

هارون: کێیە ئەو پیاوە؟.

یەحیا: گەورە دەسەڵاتداری شار.

هارون: هەر ئەو.

یەحیا: پاش ئەو بەپێی پلەوپایە

هارون: چۆنی دەشۆن؟

یەحیا: سەرلەبەری حەمامەکە، ئاوێنە بەندە..لە پێشدا چەند ژنێک ڕووتی دەکەنەوە، چەند ژنێکی دی بەئاسپایی شان و ملی دەشێلن، چەند ژنێکی دیش، باسک و ڕانی بەجۆرە دەرمانێ چەور دەکەن... پاشان ژنە هەرە جوانەکان، پرچەکانیان دەکەن بە لفکە، بە پرچ هەموو شوێنێکی دەشۆن.

هارون: بە پرچ

یەحیا: (بە بزەوە) هەندێ شوێنی لەش بەمووی دی دەشۆن!

هارون: ڕوخساریش

یەحیا: بەڵێ

هارون: ئەم ڕۆمییانە، ئەمە لە کوێوە فێربوون؟

یەحیا: کسراکانی مەجوس هەر کاتێ هەستیان کردبا لە ڕووی سەربازییەوە لاوازن، پەنایان دەبردە بەر چەکێکی دیی... کوشندەتر...

هارون: مەبەستت ئەو چەکەیە کە ئێستا لە هەموو ولاتانی دنیایەدا حوکم دەکات، کەسیش ناوێرێ لە ئاستیا فزە بکات!

یەحیا: دەم خۆش گەورەم.

هارون: قسەکەت تەواوکە.

یەحیا: کەنیزانی مەشق دیدەی عەشقبازییان دەکردە دیاری... بەو مەبەستەی گەورە پیاوانی دوژمن، سەرگەرمی عەشق بن و جەنگیان لە بیر بچێتەوە.

هارون: ئەم هونەرەش ئەسڵەکەی، هی مەجوسەکانە؟

یەحیا: پێشتر عەرزم کردوویت، تەواوی ڕۆژهەلاتییان لە ژێر دەستی ئەوان بوون.

هارون: ئەی ئێستا؟



یەحیا: خزمەتکاری جەنابتن.

هارون: جێی مەترسی نیین؟

یەحیا: تا ئێمە هەبین، بەدگومان مەبن.

هارون: مەبەستت چییە لە ئێمە؟

یەحیا: بەرمەکییەکان.

هارون: (بە جەعفەر) بەر لە هەموو شتێ ئەندازیارانی بینا سازیم بۆ کۆکەوە، دەمەوێ گەورەترین حەمامی دنیام بۆ دروست کەن... ئەو حەمامەی یەحیای باوکت باسی دەکات دەبێ ببێتە ژوورێکی چکۆڵەی ئەو حەمامەی من دەمەوێ. (بە بزەوە) باوکت گوتی دوو جۆر حەمامیان هەیە و هەر باسی یەکێکیانی کرد.

یەحیا: گەورەم...

هارون: (قسەکەی دەبڕێ) دەزانم حەمامەکەی تریان سەدان گەنجی قۆزی تیایە و یەک ژن دەشۆن... ئێمە ئەم جۆرە حەمامەمان ناوێ... دەزانم ڕۆژێ ئەم حەمامەش دروست دەکرێ با ئەوە لە سەردەمی من نەبێت (بە جەعفەر) دووبارەی دەکەمەوە، ئەم بەغدا دۆزەخ و بێدەنگەم بۆ بکەنە گەورەترین و جوانترین پایتەختی سەر ئەرز.

جەعفەر: ئەمر دەکەن گەورەم.

یەحیا: (وەک ئەوەی گەورەترین ئامانجی پێکابێ زۆر بە کەیفخۆشییەوە)ئەمر دەکەن گەورەم ...ئەمر دەکەن...

# دیمەنی سێ

*ژووری تایبەتی جەعفەری بەرمەکی...*

*چەند کەنیزێ نای و عودو دەفیان پێیە... چەند کەنیزێکی دیش ئامادەی سەماکردنن...*

جەعفەر: (لە ناوەندی کەنیزەکاندایە، چەپڵەیێک لێدەدات غولامێک دێتە ژوورێ).

غولامەکە: (دەچەمێتەوە) ئەمر کەن گەورەم.

جەعفەر: نامەوێ ئەمشەو هیچ کەسێک ببینم... هەر کەسێک هات، هەر ئیشێکی پێم بوو، بڵێن لە خزمەتی خەلیفەدایە... با سبەینێ بێت.

غولامەکە: ئەمر دەکەن گەورەم.

جەعفەر: بەهەموو دەرگاوان و یاساوڵەکان بڵێ: موو بەمووی ئەم بڕیارەم جێبەجێ دەکەن... تەنها عەبدولمەلیک... عەبدولمەلیکی هاورێم... ئەم بڕیارە تەنها ئەو ناگرێتەوە... حاڵی بوویت؟

غولامەکە: بەڵێ گەورەم.

جەعفەر: (بەدەستی چەپ ئیشارەتی ڕۆیشتنی دەداتێ بەدەستی ڕاستیش جامێ بۆ ساقی ڕادەگرێ، کەنیزێکی نیمچە ڕووت، شەرابی بۆ تێدەکات، هەر لەگەڵ یەکەم مژدا، دەنگی مۆسیقا بەرزدەبێتەوە کەنیزەکان بەدەوری جەعفەردا سەما دەکەن... جامی دووەمیش دەخواتەوە... غولامی دێتە ژوورێ دەچپێنێتە گوێی جەعفەر)



جەعفەر: با بێتە ژوورێ... پێم نەگوتن ئەو بڕیارە ئەو ناگرێتەوە...

(پاش هەندێ عەبدولمەلیک سالح دێتە ژوورێ)

جەعفەر: (بەسەرسامی و ناڕەحەتییەوە هەڵدەسێ بەدەست ئیشارەت بەکەنیزەکان دەدات مۆسیقاکە ڕادەگرن)

عەبدولمەلیک: گەورەم سەلام.

جەعفەر: (زۆر بەساردییەوە)سەلام!

عەبدولمەلیک: داوای لێبوردن دەکەن گەورەم.

جەعفەر: چ ڕووی داوە؟

عەبدولمەلیک: دەڵێم... وەزعم لێ تێکدان.

جەعفەر: نەخێر... خەتای تۆ نییە.

عەبدولمەلیک: ڕێم دەدەن دانیشم؟

جەعفەر: فەرموون... وەک بزانم ئێوە پیاوێکی زاهیدن و مەی نانۆشن و حەزتان لە بەزمی سەماو گۆرانی نییە...

عەبدولمەلیک: ڕاست دەفەرمووی... من لە ڕوودا زاهیدم... بەڵام لە ناخدا شتێکی دیم... ئەگەر ڕوخسەت بفەرمووی جامێ شەرابم بۆ تێکەن...

جەعفەر: (روو لە کەنیزێک دەکات) ئادەی...

(کەنیزەکە جامێ شەرابی بۆ تێدەکات یەکبین هەڵی دەدات داوای جامێکی دی دەکات بەهەمان شێوە یەکبین چۆڕی لێ دەبڕێ)

عەبدولمەلیک: گەورەم ئەمر بفەرمون جامێکی دیشم بۆ تێکەن

جەعفەر: ئادەی (کەنیزێک جامەکەی بۆ پڕدەکاتەوە) پێ دەچێ مەینۆشێکی قەهار بی...

عەبدولمەلیک: نەخێر ئەمە یەکەم جارمە... لەبەر گەورەیی ئێوەیە مەی دەنۆشم.

جەعفەر: (بەسەرسوڕمانەوە) یەکمجارتە، بەجۆری مەینۆشینەکەت، لە سەرسەرییەکانی بەغدا دەچوویت کە یەکبین چۆڕت لە جامەکە دەبڕی.

عەبدولمەلیک: گەورەم بۆ شەراب یەکبین ناخورێتەوە؟

جەعفەر: بەڵێ... بۆ کەسێ شەرابی بێ... بەڵام تۆ دەڵێی ئەمە یەکەم جارمە... چ کەسێ ناتوانێ ئاوها یەکەم جاری بێ بینی پێوەنێ...

عەبدولمەلیک: گەورەم درۆناکەم.

جەعفەر: جارێ هەندەت نەخواردووتەوە، نەیگەیاندوویتە قۆناغی درۆ... جامی یەکەم و دووەم مرۆ بەرەو ڕاستگۆیی دەبات. سێیەم و چوارەم بەرەو ڕاستگۆترت دەبات... پێنجەم و شەشەم مرۆ بەرەو خۆهەڵکێشان و خۆپەسەندی... حەوتەم و هەشتەم بەرەو درۆی زلی شاخدار... پەلە مەکە با بەپێی ژمارەی جامەکان لێت حاڵی بم...

عەبدولمەلیک: چاکە قوربان خۆتان چەند جامتان خواردووتەوە. مەبەستم لە کام ئاست و پلەدان... ببووره ئەم دوو جامە شەرابە ڕوداری کردووم.

جەعفەر: لە پلەی ڕاستگۆیی و ڕاستی گوتندام... هەرگیز چاوەڕێی تۆم نەدەکرد و حەزیشم بەم دیدارەت نییە... گەمژەیی و گەوجی پاسەوان و دەرگاوانەکانی منە... تۆ و عەبدولمەلیکی هاوڕێم تەنها ناوتان لەیەک دەچێ... کە تۆ بەپاسەوانەکانت گوتووە من عەبدولمەلیکم ئەوانیش وایان زانیوە عەبدولمەلیکی هاوڕێمی نەک ئەم عەبدولمەلیکەی ئامۆزای خەلیفە... دەی بیکە بە سێ جام قسان بکەو گوێم لێتە.

عەبدولمەلیک: هەریەکبین هەڵی دەم؟

جەعفەر: بۆ نە...(بەکەنیزێک) جامێکی شاهانە بۆ ئامۆزا خۆشە... نا...



نا... خۆشەویستەکەی خەلیفە تێکەن. (ڕوو لە سەماکەران و گۆرانیبێژان دەکات)ئێوە بۆ بێدەنگن.

(کەنیزەکان دەست بەسەماو گۆرانی دەکەن، عەبدولمەلیک جامێکی بەدەستەوەیە، ڕوو لە سەماکەرێ دەکات)

عەبدولمەلیک: سەما جوانەکەت گەلێ ناسک و دڵڕفێنە، حەز دەکەم لەگەڵ تۆدا سەما بکەم...

(بەجۆرێکی ناشیرین خۆی با دەدات و قاقا پێدەکەنێ) دڵنیام خوای مەزن دەمبەخشێ... ئەی کەنیزە جوانەکە دەزانی بۆ دەمبەخشێ لەبەرئەوەی تۆ گەلێ جوانی.

جەعفەر: (بەئیشارەت سەماو گۆرانییەکان ڕادەگرێ) هێی... گەورە پیاوی نەجیبزادە . ئەرێ شتێکی گرنگ ڕووی داوە وا بەم شەوە هاتوونەتە ئێرە؟

عەبدولمەلیک: (هەر بەپێوەیە و جامە شەرابەکەی بەدەستەوەیە یەکبین هەڵی دەدات) ئەڵبەتە بۆ دیدەنی ئێوە هاتووم.

جەعفەر: (جامە شەرابەکەی هەڵدەدات) بۆ ئەم دیدەنییە، من مەمنون. حەز دەکەم بزانم پێویستییێک یا نیازێکی تایبەتیان هەیە، و ئەمشەو تەنگت پێ هەڵچنیوم.

(خۆی بە مەست دەنوێنێ) دەتوانی بێ پەروا قسان بکەیت... تا بتوانم خزمەتتان بکەم.

(کە نیزێک جامێکی دی دەداتە جەعفەر و جامەکەی عبدولمەلیکیش پڕدەکات عەبدولمەلیک بەجامەکەیەوە بەدەوری جەعفەردا دەسووڕێتەوە)

عەبدولمەلیک: لە سەلامەتی سەری وەزیرە هەرە خۆشەویستەکەی ئامۆزاکەم... (یەکبین هەڵی دەدات) جەعفەری هەرە ئازیز من

نازانم، ئامۆزا ئازیزەکەم بۆچی لە من زیزە؟ ماوەییێکە قەبوڵ ناکات بچمە خزمەتی.

جەعفەر: (بە سەماکەران) سەماکەن... سەماکەن... گەرمتر گەرمتر بەجووڵە بیسەلمێنن، ژیان یانی جووڵە... بێ جووڵەییش یانی مەرگ.

(بەگەرمی سەما دەکەن، ڕوو لە گۆرانیبێژان دەکات) ئێوەیش دەنگتان تێکەڵ بەیەک کەن تێی چریکێنن . بیسەلمێنن بەدبەختترین کەسانی دنیا ئەوانەن نازانن خەمەکانیان بەدەنگ بەگۆرانی بکەنە ئەو دەنگە خەمڕەوێنەی خەمی کەسانی دی... لە نێو نەمانی خەمی کەسانی دی خۆشیان بێ خەم بنەوە... بیسەلمێنن چ بەدبەختێکن کەسانی دەنگیان خۆش نەبێ... (بە کەنیزەکان) ئامۆزەکەی خەلیفە لە من دەپرسی. بۆچ خەلیفە دەرحەقی کەم لوتفە(بە سەماکەرێ) ئاوەرە بە سەما تێی گەیێنە بۆ (سەماکەرێ بەجۆرێ خۆی بادەدات و دەچەمێتەوە پرچەکەی دەکەوێتە سەر زەوی). (بە عەبدولمەلیک) ئەوەتا... بە سەماکردن دەڵێ جاسوسەکانی خەلیفە ڕاپۆرتیان لەسەر نووسیویت... ئاگاداریان کردووەتەوە کە تۆ هەندێ شتت گوتووە دژ بە بەرژەوەندییەکانی خەلیفەو دەوڵەتە...

عەبدولمەلیک: (ڕەنگی تێکدەچێ) باوەڕبکەن... بەسەری خەلیفە سوێند دەخۆم، لەو بابەتە قسانە لە دەمی منەوە نەهاتووەتە دەر.

جەعفەر: (چەناگەی عەبدولمەلیک دەگرێ) جەستە درۆ ناکات بەتایبەت جەستەی ژن... (سەماکەرێکی دی بانگ دەکات) بەسەما تێمگەیێنە چی گوتووە؟!

(سەماکەرێ بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، لەسەر چۆک دەکەوێ، بەرەو پشت خۆی دەچەمێنێتەوە) ئەوەتا دەڵێ، لە دەعوەتێکدا



گوتووتە: گەر خەیزەرانی دایکی هارون نەبا، ئەوا هەرگیز هارون نەدەبووە خەلیفە ئیدی بۆچی بەدرۆ سوێند بەسەری خەلیفەدا دەخۆی؟!

عەبدولمەلیک: چ کەرایەتییێکم کردووە... چیم بەخۆم کردووە، زمانم بەبڕین چێ... جەعفەر فریام کەوە.

جەعفەر: (دەچێتە لای کەنیزێ، گۆزە شەرابەکەی لێ وەردەگرێ ساقی ئاسا ڕووەو عەبدولمەلیک دەچێ)

ها... قوربان ئەوا هاتم و فریادڕەسی تۆم... (جامە شەرابەکەی لە دەست وەردەگرێ و بۆی پڕدەکات) فەرموون (عەبدولمەلیک دەست بۆ جامەکە دەبات، جەعفەر دەستی دەگەڕێنێتەوە دواوە، جامەکە بۆ دەمی خۆی دەبات و چۆڕی لێ دەبڕێ، جامەکە پڕدەکاتەوە، دەیداتە دەستی عەبدولمەلیک) وەری گرە، هەڵی دە.

عەبدولمەلیک: (جامەکە وەردەگرێ هەڵی دەدات)چ کەرێک بووم... چم بەخۆم کرد... زمانم بەبڕین چێ.

جەعفەر: (جامەکەی خۆی و جامەکەی عەبدولمەلیک پڕدەکاتەوە)حەیفە زمان بەبڕین چێ... ها (جامەکەی بۆ درێژ دەکات) بەزمان چێژی کە... زمان هی چێژە ... هی ستایشە... هی جنێوە... هی لێستنەوەیە... فەرموون ئەم شەرابە چێژکەن... ستایش بۆ من و جنێو بۆ ئامۆزاکەت...بارەکەڵا گوتن بۆ من و (لەتر دەدات) ها... شتێکم بیست... گوێیەکم ستایشی بیست، گوێیەکەی دیشم جنێوی نەژنەوت... کە ستایشم دەکەی وەرە لا گوێیە ڕاستەکەم... کە جنێویش دەدەی وەرە لای گوێی چەپم. (لەتر دەدات) تێدەگەی من هەر گوێیەو بۆ شتێکم داناوە... نامەوێ یەک گوێم لەیەک کاتدا دوو دژ ببیستێ...

عەبدولمەلیک: زمانم بەبڕین چێ.

جەعفەر: (وەک ئەوەی هەر هیچی نەخواردبێتەوە، بەخوێنساردییەوە)خەلیفە تۆی بەخشیوە... ئەم جەسارەتەی تۆی لە بیر کردووە، بڕۆ ئاسوودە بە، من ئەم تەمە، لە مێشکی مویارەکی ئەودا دەرەوێنمەوە... ئێستا بلێ بزانم چیت دەوێ...(کەنیزێک بانگ دەکات، جامەکە پڕ دەکات) جامەکەی ئەویش پڕ کە با لەباڵەب بێت...

عەبدولمەلیک: (دەکەوێتە سەرچۆک، جامەکەی لەسەر زەوی ڕادەگرێ). گەورەم ئێستا من گەلێ دەستکورتم، هەرچی سامانێکم هەبوو، سەرفم کرد بۆ قەسرو بەردە مەرمەڕەکانی، باوەڕیش بکەن لەم بەغدایەدا لە من هەژارتر و بێ چارەتر نادۆزیتەوە.

جەعفەر: (بەتووڕەییەوە)جامەکەت لەسەر زەوی هەڵگرە.

عەبدولمەلیک: (بەترسەوە، جامەکە هەڵدەگرێ)

جەعفەر: بەلێوەکانت جامەکە ماچ کە (عەبدولمەلیک جامەکە ماچ دەکات) بلێ بەم شەرابە قەسەم درۆ ناکەم.

عەبدولمەلیک: (بەلێوە لەرزەوە)بەم شەرابەقەسەم درۆ ناکەم... بەڵام زۆری دەوێ زمانم ڕابێتە سەر ڕاستی گوتن... ئەم زمانەم بووەتە بڕبەن چەقوێ زمانی خەڵکیش دژ بەخەلیفە تیژ دەکات.

جەعفەر: (غافڵگیری دەکات) تۆ... ئەرێ... جگە لەو چوار ژنەت یانزە کەنیزیشت هەیە... مەسرەفی ئەمانە قورسە، بلێ بزانم چەنت پارە دەوێ؟

عەبدولمەلیک:(بەلاڵە پەتییانە)گە... گەورەم

جەعفەر: قەولم بدەرێ کەنیزی دی نەکڕیت.

عەبدولمەلیک: سوێندم بەشەراب خواردووە درۆ نەکەم... ئەم قەولەت



نادەمێ... تا ئەو ڕۆژەی سەر دەنێمەوە حەزم لە ژنە... لە بازاڕی کەنیزفرۆشاندا کەنیزێکی جوان ببینم، ئەژنۆم دەشکێ.

جەعفەر: پێم خۆشە شەرابت هەند بەمەزن گرتووە... پێشم خۆشە ڕاستییەکت گوت دژی خۆت بوو، مادامێ ڕاستیت گوت بلێ بزانم چەندت دەوێ؟

عەبدولمەلیک: دە...دە... هەزار دینار قەرزارم دەمەوێ قەرزێکم بدەنێ... تا ئەو دە هەزارە... ئەڵبەتە منیش وردە وردە ئەو قەرزە دەدەمەوە... کەحەزرەتی خەلیفە ئەو قەرزەم دەداتێ.

جەعفەر: (بەقاقاوە)دەزانی تەمەنت چەندە؟ من بزانم تەمەنی پیرە کەرێکت هەیە... بیستوومە لە شوێنێکی جوانی بەغدادا قەسرێکی نوێت دروست کردووە، تا هاوسەرە بێوەژنەکەی هاوڕێ مردووەکەت... ئا... ئەو هاوڕێ گیانی بەگیانییەت کە سێ ساڵ لەمەوبەر مردووە... دەتەوێ ئەو بێوەژنە لە نێو ئەو قەسرە دانێی؟

عەبدولمەلیک :(بەسەرسوڕمانەوە دەحەپەسێ، جامە شەرابەکەی لە دەست دەکەوێ) گەورەم، ئەمە نهێنییەکی زۆر تایبەتی خۆمە.

جەعفەر: بەلەمێکی گەورەیشت داوەتە دروستکردن بۆ گەردشەکانت، بەنیازی بەلەمەکەش پێشکەش بەو بێوەژنە بکەیت...

عەبدولمەلیک: (بەحەپەسانەوە) گەورەم ئەمەشیان هەر نهێنییەکی زۆر تایبەتە...

جەعفەر: (بەدیقەتەوە سەرنجی نێو چاوەکانی دەدات) خەدیجەی ژنە چکۆڵەکەت سکی سێ مانگە.

عەبدولمەلیک: گە...گە... گەورەم

جەعفەر: بووەستە... سەرینە تایبەتییەکەت سەدو بیست و چوار دەرپێی ژنانی تیادایە...

عەبدولمەلیک: (بەسەرچۆکا دەکەوێ) گە... گە... و... رەم.

جەعفەر: دەرپێکانیش هەر هەموویان تەنکن، ئاوریشمی ڕەشن... سەدو بیست دانەی هی خزمانی خۆتە، تەنها چواریان هی بێگانەن. خزمانی خۆتت فریوداوە... بەر لەکار، دەرپێکانت دەئاڵانە سەر زەکەرت، دەتگوت سەیری بەیداغی ئالی عەباس بکەن...

عەبدولمەلیک: (دەلەرزی بەسەر سینگا دەکەوێ، جەعفەر باسکی دەگرێ و بەرزی دەکاتەوە) نازانم... نا... ناتوانم بڵێم، زمانم بەبڕین چێ قەد ئەم نهێنییەم لەلای چ کەسێ نەدرکاندووە... تەنانەت ژن و کەنیزەکانم، نهێنی ئەو سەرینە نازانن... بەڕۆژ لەناو قاسەی داخراودا دایدەنێم... شەوانەش ئەم ژوورو ئەو ژووری پێ دەکەم. ئێوە چۆن بەمە دەزانن؟!

جەعفەر: ئێستا تێگەیشتی، دەزگا خەفیەکانی خەلیفە چ دەزانن، خودی خەلیفەش دەزانێ چ نوێنێ گەرمە... یانی من و خەلیفەش دەزانین... ژنانی گەورە پیاوانی دەوڵەت و نەجیبزادەکان، دەرپێکانیان چ ڕەنگن؟ (سەماکەران و گۆرانیبێژان بەئیشارەتێکی جەعفەر ئەو ناوە جێ دێڵن، عەبدولمەلیک هەست بەدڵنیابوون دەکات)

عەبدولمەلیک: گەورەم، ئەوانەی فەرمووت، هەر هەموو ڕاستن.

جەعفەر: گلەییم لەوە نییە چیت کردووە، گلەییم لە چۆنیەتی وەدەستهێنانی ئەو ژنانەیە... چۆنت فریو داون.

عەبدولمەلیک: قوربان زۆرم لێ نەکردوون خۆیان.

جەعفەر: (بەتووڕەییەوە) سەیری خۆتت کردووە، هەندێ لە مەیموون جوانتری، ئەو ژنانەی فریوت داون هەندێکیان ژنی ئەو سەرباز و سەرکردانەن لەبەرەی جەنگی ڕۆمدا کوژراون و بەقەولی خەلیفە شەهیدن... هەندێکی دییان ژنی گەورە کاربەدەست و نەجیبزادەکانی



عەرەبن... هەندێکیان هەند جوانن... نامەوێ ناویان بێنم، خزمی خۆت و خەلیفەن...

عەبدولمەلیک: گەورەم عەرزم کردی زۆرم لێ نەکردوون ... خۆیان.

جەعفەر: قەدری ئەو مەیە بزانە... پێت وایە ئەو ژنانە حەزیان لە تۆیە... ئەگەر وا تێگەیشتوویت... ئەوا بێ عەقڵ و کەرێکی تەواوی... ئەوانە حەزیان لەگیرفانت کردووە... حەزیان لەو پەیوەندییە خزمایەتییەی تۆ و خەلیفە کردووە... پێیان وایە لە ڕێی تۆوە ئەوانیش دەحەوێنەوە... وادەزانن...

عەبدولمەلیک: گەورەم وایە... هەرواش تێگەیشتبووم... دەمزانی خزمانی تریشم ئەم کارە دەکەن منیش بەخۆم دەگوت گەر من نەیکەم ئەوان دەیکەن... بۆیە منیش بێ قسور بووم.

جەعفەر: بێدەنگ بە، دەمەوێ یارمەتیت بدەم.

عەبدولمەلیک: دەبمە خاکی بەرپێت.

جەعفەر: هەندێ پارەت دەدەمێ.

عەبدولمەلیک: تا ماوم غوڵام و ئەڵقە لەگوێی ئێوەم.

جەعفەر: بەو مەرجەی جارێ جڵەوی زمانی خۆت بگری... ئەوەش بزانە، چوویتە هەر مەجلیسێ، بەخۆتەوە بوونە دە کەس. دڵنیابە نۆیان خەفیەن ڕاپۆرت بۆ من و خەلیفە دەنووسن.

عەبدولمەلیک: گەورەم ڕاست دەکەی ئێستا من گومانم لە ژنەکانی خۆم هەیە، گومانم لە کەنیزەکانم هەیە، گومانم لە مناڵەکانی خۆم هەیە... تەنانەت گومانم لە بێوەژنە مەعشووقەکەی خۆم هەیە، چونکە هەر ئەو دەزانێ بەنیازم ئەو بەلەمەی بۆ دروست کەم.

جەعفەر: (بەتەوسەوە) ئەدی گومانت لە خۆت نییە... مەبەستم ئەوەیە وڕێنە ناکەیت... خەو نابینیت؟

عەبدولمەلیک: (بەگەوجییەوە) بەڵێ ئەی چۆن... گەلێ جار بێ مەبەست ڕاپۆرتی سەرزارەکیم لەم و لەو داوە...

جەعفەر: (لەپڕ) سبەینێ، دە هەزار دیناری خۆم و دە هەزار دیناری خەلیفە وەردەگری...

عەبدولمەلیک: (دەلەرزێ) گەورەم پێم ڕادەبوێری.

جەعفەر: گەر پێشت ڕابوێرم... درۆت لەگەڵ ناکەم ئێمەی بەرمەکی ڕانەهاتووینەتە سەر درۆ.

عەبدولمەلیک: گەورەم ببوورە.

جەعفەر: سبەی سەردانێکم بکە.

عەبدولمەلیک: (دەکەوێتە سەرپێیەکانی جەعفەر و ماچیان دەکات) وەزیری فریشتە سیفەت... حاتەمی دەورانی خۆت، هەر پایەدار بن... ئێوە لەلای ئامۆزاکەی من خۆشەویستن... دەسەڵاتتان زۆرە ئایا دەتوانم ئومێدەوار بم یەکێ لە کچانی مەرحوم هادی بۆ کوڕەکەم داخوازی بکەم.

جەعفەر: (سەر ڕادەتەکێنێ) نەخێر... کچەکەی ئەو... نەء... بەڵام هارون کچێکی دوانزە ساڵەی لە ئارادا بێت بۆ نەبێتە بووکی تۆ و شوو بەکوڕەکەی ئێوە نەکات. عالیە خانم شایستەی ئەوەیە ببێتە چرای ماڵەکەی ئێوە... ببێتە ژنی کوڕەکەی تۆ...

عەبدولمەلیک: (بەبێ باوەڕییەوە) یانی... یانی... تۆ ڕێم دەدەی عالیە خانمی کچی خەلیفە داخوازی کەم... بۆ کوڕە ئازیزەکەم داخوازی کچی خەلیفە بکەم...

جەعفەر: وای دانێ تۆ داخوازیت کرد و خەلیفەش قەبوڵی کرد مارە بڕینیش، سبەی دوو سبەی شەو...(لەتر دەدات) عەبدولمەلیک، تۆ باری منت قورستتر کرد... ئەوا قەبووڵم کرد، کوڕەکەت ببێتە زاوای



خەلیفە، لەم حاڵەتەدا دەبێ شیربایی و جیهاز و کەرەستەی شایستە بۆ عالیە خانم لە ئەستۆی خۆم گرم، ئەمەشیان بەلای کەمەوە بیست هەزار دیناری دەوێ.

عەبدولمەلیک: (خەریکە باوەڕ دەکات) ئیبراهیمی کوڕم، کە دەبێتە زاوای خەلیفە ماوەییێکە بێ کارە...

جەعفەر: ئەمەشیان ئاسانە... تۆ دەزانی ئێستا بەناو حوکمڕانی میسرم، کاروباری ئەو دەڤەرانە بە من سپێردراوە... دەیشزانی حوکمڕانەکەی ئەوێ مردووە... یەک دوو ڕۆژی دی فەرمان دەردەکەم فەرمانڕەوایی حکومەتی ئەو ناوە بدرێ بە ئیبراهیمی کوڕت.

عەبدولمەلیک: (جامەکەی دەستی دادەنێ خۆی دەچێ گۆزەییێک شەراب دەهێنێ) لە سەلامەتی ئێوەی مەزن.

(گۆزە شەرابەکە دەنێ بەسەرەوە، چۆڕی لێ دەبڕێ و بەپشتا دەکەوێ، هەردوو لنگی بەرز دەبێتەوە، کەنیزەکان ، بەقاقاوە دێن، بەرزی دەکەنەوە خۆی بەپێوە بۆ ناگیرێ و جارێکی دی دەکەوێتەوە).

# دیمەنی چوار

*(قەسری خیلافەت... ژووری خەلیفە ، هارون و جەعفەر)*

جەعفەر: گەورەم، ئەو ڕاپۆرتانەی بۆم خوێندنەوە... هەر هەموویان ڕاپۆرتی ئەمڕۆ بوون.

هارون: حاڵی بووم... زۆری نەماوە، ئیشەکانمان تەواو دەبێ... بەیەکەوە لەگەڵ میوانەکاندا فراڤین دەخۆین.

جەعفەر: چاکە گەورەم، داوای ڕوخسەتتان لێ دەکەم، قسەیەک هەیە حەز دەکەم بیکەم.

هارون: فەرموون.

جەعفەر: یەکێ لە خزمانی خۆتان، کە لە ڕابوردوودا، بێ ئەدەبی دەرحەق بەئێوە نواندبوو، دوێنێ شەو هاتە لای من، داوای لوتف و عینایەتی ئێوەی دەکرد.

هارون: (بەبێزارییەوە) من گەلێ لەم خزمە تەمەڵ و تەوەزەل و مفتەخۆرانە بێزارم... هەرکە ناویان دەبیستم دڵم تێکدەچێ، هەر ئەوەیە نارشێمەوە... نەفرەتیان لێ دەکەم ... ئەگەر هەر داوای لێبوردن و بەخشین بێ ئەوا بەتۆی دەبەخشم... بەڵام ئەگەر پلەوپایە و پارەی دەوێ... ئەوا ئامادەم سەگە خوێرییەکانی بەغدا تێرکەم، شەللاتیەکان پۆشتەکەم... بەڵام ئامادە نیم یەک درهەم بەو خزمانەم بدەم... تەنانەت کاری بەردەستیشیان پێ ڕەوا نابینم...



جەعفەر: گەورەم تکاکەم قبووڵ بفەرموون با ئەم کەسە بەر لوتف و عینایەتی ئێوە بکەوێ.

هارون: (سەر ڕادەتەکێنێ قایل نەبوونی خۆی دەخاتە ڕوو) خزمانی من بەتایبەتی، کوڕە مام و کوڕە خاڵ و کوڕە پوورەکانم کەسانی سپڵە و فێڵباز و فرسەتخوازن، بێ نموودن گەلێ هیچوپووچن، زمانساز و زمانلووسن... گەلە گورگی برسین... لە نێو ئەم هیچوپووچانەدا، کەسیان هەندەی ئەو کوڕە مامەم نارەسەن نییە... کە ناوی عەبدولمەلیک-ە... ئەگەر ناچارم کەیت ڕەنگە بتوانم تەحەمولی هەندێ لەو سپڵانە بکەم، بەڵام ئەم عەبدولمەلیک-ە هەند ڕوودار و جەبانە بەهیچ شێوەیێک ناتوانم تەحەمولی بکەم... بەهیوام مەبەستت ئەمیان نەبێ.

جەعفەر: (بەزەردەخەنەوە) هەمان ئەو کەسەیە!!

هارون: (بەبێزارییەوە)... ئاە... لەم شتە پیسە، ئەم زماندرێژە گەنیوە، دەبێ تووڕ هەڵدرێتە سەر زبڵدان... ئەمە هەمیشە گەدایە... دەروەزە لە سواڵکەرانیش دەکات... ئەڵبەتە بۆ ئەوە هاتووتە لای تۆ هەندێ پارەی بەقەرز بدەیتێ... ئاگادارت دەکەمەوە قەرزی نەدەیتێ، ئەو هیچوپووچە نەک هەر قەرز کوێرە بەڵکو قەرز ناداتەوە.

جەعفەر: (بەزەردەخەنەوە) گەو...

هارون: (قسەکەی دەبڕێ) جگە لە ژن و کەنیزەکانی... بێوەژنێک هەیە، ژنی یەکێک لە هاوڕێ خۆشەویستەکانی بوو...وای ئیدعا دەکرد کە هاوڕێیەکی گیانی بەگیانییەتی... کەچی لە زرووفێکی نادیاردا ئەو هاوڕێ گەنجەی مرد...

جەعفەر: گەورەم دەیگوت خەلیفە.

هارون: (قسەکەی دەبڕێ) خەلیفە بێ لوتف بووە... وانییە وای نەدەگووت؟

ناشێ وەعدی پارەت پێ دابێ، تو گیانی باوکت و تو گیانی دایکی فەزڵی برات، کە لە مەمکەکانی خۆیەوە شیری پێ داوم... ناشێ کەوتبیتە ژێر کاریگەری ئەو پیاوە ڕووداره زمانلووسە...

جەعفەر: (بەزەردەخەنەوە) گەورەم چیت عەرزکەم... ڕاستییەکەی ئەوەیە دەمەوێ شتێکی بۆ بکەن.

هارون: دیارە دەتەوێ هەزار درهەمی پێ ببەخشم!

جەعفەر: نەخێر قوربان داوای ئەوەی دەکرد، ئێوە بیبەخشن.

هارون: (بەبێ ئەهەمیەتییەوە) ئەوا بەخشیم.

جەعفەر: بەهیوای ئەوەم بکەوێتە بەر لوتف و عینایەتی ئێوەوە.

هارون: (بەتووڕەبوونەوە) ئەوا هەزار درهەمی بەقەرز پێ لوتف دەفەرمووین... دەشزانم نایداتەوە... بەڵام قەیناکات، گریمان سەک خواردی...

جەعفەر: ئاخر گەور...

هارون: (قسەکەی پێ دەبڕێ): بەڵێ چاکە دەیخەینە بەر عینایەتی خۆمان، گەر لە سەرەڕێدا وەستا و سەلامی کرد ئەوا وەڵامی دەدەینەوە.

جەعفەر: قوربان وەعدم داوەتێ، لەگەڵ ئێوە لەسەر خوانێک.

هارون: (بەتووڕەییەوە قسەکەی دەبڕێ) داوای سەیر دەکەیت داواکانت مەحاڵن... ئامادەم لەگەڵ هیچوپووچترین شەللاتی بەغدا لەسەر سفرەیەک نان بخۆم بەڵام لەگەڵ ئەم نەگریسە ناتوانم دانیشم، نامەوێ بیبینم... لێتی ناشارمەوە ماوەییێکە لە بیانوویەک دەگەڕێم تا بیگرم و بیسپێرمە دەستی مەسرور...

جەعفەر: (بەسەرسوڕمانەوە) مەسرور؟!

هارون: (بەخوێنساردییەوە) بەڵێ مەسرور.

جەعفەر: من دڵ و دەروونی ئێوە دەناسم... دڵنیام ئێوە دەیبینن.



هارون: (بەپەلە) چی لێ خواستوویت... زوو پێم بڵێ... ناشێ وەعدت دابێتێ.

جەعفەر: بمبوورە من تەجاوزی سنووری خۆمم کرد و چەند وەعدێکم داوەتێ کاتێ کە وەعدەکانم دایێ دڵنیا بووم ئێوەیش...

هارون: ئێمەش چی... دەتەوێ بڵێی وەک مەئمووری جێبەجێی دەکەین.

جەعفەر: حەدم چییە گەورەم... دڵنیابووم ئەمیری موئمنین قسەکانم...

هارون: (بەتەوسەوە) بەڵێ قسەکانت ناشکێنێ... ئەگەر وات کردبێ ئەوا من ئەمیری موئمنین نیم، ئەمیری مونافقین و ئینتهازی و گەداکانم ... پێم بڵێ بە چی دڵنیایت...

جەعفەر: (بەجدییەوە) گەلێ دڵنیام هارونی هاوڕێم تکاکانم قبوڵ دەکات...

هارون: (بەنەرمییەوە) سەرم لە شێوازی گفتوگۆکانت سوڕماوە... چاک دەزانی خزمانی من لەو کەسانەن ئەگەر تەواوی مالیات و دارایی ئیسلامیان بدەمێ، تێر ناخۆن... ئا ئەمەشیان نەک هەر تێر ناخوات، دەستم بەهەنگوینەوە بێ بیخەمە دەمی گاز لە پەنجەکانم دەگرێ، فێڵبازێکی سەیرە... لە ڕوودا شتێکەو لە ناخیشدا شتێکی دییە... خۆی وەک زاهید دەخاتە ڕوو... ئەڵبەتە شەراب ناخواتەوە... لەگەڵ کەنیزاندا سەما ناکات بەڵام من دەزانم چەندین ماڵ و قەسرو کاروانسەرای هەیە ئەوەندە زەوی و باغی کڕیوە، کەچی هەر دەپاڕێتەوە... (لاسایی دەنگی عەبدولمەلیک دەکاتەوە) نیمە... نیمە.

جەعفەر: (بەپێکەنینەوە)دوێنێ شەو دوو ئەوەندەی من و زیاتریش شەرابی خواردەوە. لەگەڵ کەنیزانی سەماکەردا سەمای کرد و لەگەڵ گۆرانیبێژانیشدا گۆرانی چڕی.

هارون: (ئەوەندە پێدەکەنێ خەریکە بەپشتا بکەوێ) پێم بڵێ چیت پێ بەخشی، ئەی هاوڕێیی سنگفراوان ودەست و دڵ پاک و بەخشەندە و جوامێر... سوپاس بۆ خوای مەزن کە هەند بەختەوەری کردووم زیرەکێکی وەک تۆی بە من عەتا فەرمووە.

جەعفەر: من وەعدم پێ دا ئێوە دەیبەخشن.

هارون: ئەوا بەخشیم.

جەعفەر: دەیگوت نیگەران و پەرێشانم، چونکە خەلیفە لەگەڵما خۆشنود نییە بەچاوی گومان و ڕاڕاییەوە سەیرم دەکات.

هارون: ئیدی بەچاوی گومانەوە سەیری ناکەم... هەر سەیری ناکەم.

جەعفەر: من پێم گوت هەموو گوناهەکانت خەتای زمانە درێژەکەتە پێم گوت خەلیفە لە بێ ئەدەبییەکەت دەبوورێ...

هارون: چاکە ئەوا دووبارە، سێ بارە بەخشیم، زوو پێم بڵێ ئەو قەحپە دایکە چی دەویست.

جەعفەر: تەنها دە هەزار دینار قەرزار بوو، داوای لێ کردم کۆمەکی بکەم، تا ئەو قەرزە بداتەوە...

هارون: پێم نەگوتی ئەمە قەرز ناداتەوە!

جەعفەر: دەیگوت ئەگەر ئەم قەرزە نەدەمەوە ئەوا لە داخا دەمرم.

هارون: جا با بمرێ... بە ئێمە چی!

جەعفەر: من لە کیسەی خۆم دە هەزار دینارم پێ بەخشی.

هارون: دە هەزار!

جەعفەر: دە هەزار دیناری خەلیفەش!

هارون: (رادەپەڕێ و یەخەی جەعفەر دەگرێ) دە هەزار دە هەزار دینار... دە هەزار دیناری من ... تۆ شێتی... یەکێ بەئاستەم عەقڵی هەبێ شتی



وا دەکات؟ تۆ چۆن دەستت دەچێتە پارەی من... دە هەزار... دە هەزار... دە هەزار دینار... باشە دە هەزار دینارەکەی تۆ بەس نەبوو. (یەخەی بەردەدات)

جەعفەر: گەورەم صلەی ئەرحامت لەبیر نەچێ، نیازی وابوو یەکێ لە کچانی خەلیفەی مەرحوم هادی براتان ... بۆ کوڕەکەی بخوازێ.

هارون: حەتمەن بۆ ئەمەش ڕازی بوویت، یەکێ لە کچە نازدارو جوانەکانی جوانەمەرگی برام بدەیتە ئەو کوڕی قەحپەی جاهیل و گەوجە...

جەعفەر: نەخێر قوربان ڕازی نەبووم.

هارون: (باوەشی پیا دەکات) ئافەرین بۆ تۆ ... تێگەیشتم لە کاتە هەرە وردەکاندا، عەقڵ و هۆش بەکاردێنی و هەند زیادەڕەوی قەبوڵ ناکەیت (ماچی دەکات).

جەعفەر: (بەخوێنساردییەوە) بەڵام من کاری چاکترم کرد.

هارون: دەزانم، حەتمەن وەلت کرد، پێت گوتووە: بەئەندازەی بەرە شرەکەت پێ درێژ کە... ئەڵبەتە لێشی تووڕە بوویت و دەرت کردووە... ئافەرین جەعفەر (ماچی دەکات) دەزانم قەت پشتم نادەیتە زەوی... ئافەرین دە پێم بڵێ بزانم چییە ئەو کارە چاکەت... دەی بڵێ...

جەعفەر: عالیەی کچە خۆشەویستەکەی ئێوەم داوە بەئیبراهیمی کوڕی عەبدولمەلیکی ئامۆزات.

هارون: (بەسەرسوڕمانەوە) ها؟

جەعفەر: پێم گوت فەرزکە هاتوویت بۆ داخوازی.

هارون: ها...؟

جەعفەر: ئەوا خەلیفە موافەقەتی کرد!

هارون: ها...؟

جەعفەر: سبەی شەو شیرینی دەخورێتەوە.

هارون: ها...؟

جەعفەر: دوو سبەی مارەی دەبڕین و زەماوەند ساز دەکەین.

هارون: (دەنەڕێنێ) ئەمـەیان هەرگـیـز نابێ... مەحاڵە... ئەمـەیان هەرگـیـز نابێ... کچە نازەنین و جگەر گۆشەکەم ببێتە ژنی ئەو گەوج و بێ لیاقەتە، کە لە هەر شوێنێکدا دامەنا، لە دزی بەولاوە هیچی دیی نەدەکرد... جەعفەر تۆ خەریکە بێ عەقڵیش دەبی... چۆن موافەقەت لەسەر بەشودانی عالیە دەکەی کە تازە تەمەنی دەگاتە دوانزە ساڵ.

جەعفەر: گەورەم هەرەتی شوکردنیەتی.

هارون: قسەی قۆڕ مەکە.

جەعفەر: گەورەم فەرموودەی پێغەمبەرە... بنت الثمان ŴŽ الامان.

هارون: (دەنەڕێنێ) جەعفەر!!

جەعفەر: گەورەم چوار ساڵ لە حەزرەتی عائیشە گەورەتر...

هارون: فلتە فلت... عائیشە بە نۆ ساڵی شووی کردە پێغەمبەر.

جەعفەر: عالیەش بەدوانزە ساڵی شوودەکاتە ئیبراهیمی ئامۆزات...

هارون: ئەو پێغەمبەر بوو، ڕەسولی خوا بوو، ئەو فریاد ڕەسی ئینسان بوو، لە جەهالەت ڕزگاری کردن.

جەعفەر: ئەمیش نەوەی ئەوە!

هارون: جەعفەر ... وریا بە!!

جەعـفـەر: (باسـەکـە بەرەو ئەو ئاسـتـە دەبات کـە خـۆی دەیەوێ) ئێسـتـا ئیبراهیم عـاقڵ بووە دەیەوێ گـیانی خۆی لە ڕێی خـەلیـفـەدا بەخت کات.

هارون: (بەگلەییـیـەوە) چۆن، ئاخـر چۆن لەلایەن منەوە قـەولی پێـدەدەی...



کێ ئیجازەی بەتۆ داوە، دەست وەردەیتە کاروباری نێو ماڵی من...

جەعـفـەر: (وەک سـەرکەوتوویێک) ئەو پێداویستییانەی بۆ کڕینی پۆشاک و خشڵ و خانوو مەراسیمی شووکردنەکەیە، پارەی ئەم شتانەم لە خەزینەکەی باوکم دەرهێنا... ئەڵبەتە خەلیفەی مەزنیش، جیهازی پێویست و دیاری شایستە و موجەوهەرات و کەرەستەی نێوماڵ تەکـمـیل دەکـات... ئەمـەیان بۆ پاراسـتنی کـیـبـریای کـچـە خۆشەویستەکەتانە...

هارون: نەفرەت لە عەبدولمەلیک... خەتای منە وا دەهێڵم شەوانە لە ماڵێدا بمێنیتەوە، تا ئەم جۆرە سواڵکەرانە بێنە لات، تۆیش بەسەرخۆشی وەعـد و قـەولیـان دەدەیتێ... باشـە ئەم ئامـۆزایەی من چیـدیی نەدەویست؟! داوای کـورسی خـەلیـفـەیەتی نەدەکـرد؟ بۆ هانت نەدا داوای پێغەمبەریش بکات... ئەم گەوج و نەفامە پێی وایە، مادامێ ئامۆزای خـەلیـفـەیە، دەبێ مـانەندی خـەلیـفـە حەرەمسـەرای هەبێ، مـانەندی خـەلیـفـە خەریکی عـەیش و نۆش بێ... خەتای منە ئیدی لەمشـەو بەدواوە، حەقی ئەوەت نییە، بەتەنهـا لە مـاڵەکەی خۆتا دانیشی و بخۆیتەوە... دەبێ هەموو شەوێ ئامادەی بەزمی شەوانەی من بیت... تێگـەیشـتـی؟! ئەرێ بەڕاست پێم بڵێ چۆن شـەوانە دەتوانی بەتەنهـا بخـۆیتـەوە؟ من کـە تـەنهـا دەبم، هەراسـانی ڕووم تێـدەکـات... لە تـەنهـایی زۆر دەترسم... ئێ پێم بڵێ کـوڕی ئەو ناسالحە چیدیی نەدەویست؟

جەعـفـەر: بەڵێ گـەورەم، شـتـێکی دەویست، ئارەزووی منیش هەروایە... تکـای دەکـرد زاوا سـەربەزرەکـەی خـەلیـفـە ئیش و مـەقـامـێکی پێبدرێ...

هارون: بیکە بەپاسـەوانی قـەسـر... نە ،... نە ،... پاسـەوانی پێ ناکـرێ، لە

کــاتی حــەرەســیــاتدا خــەوی لێ دەکــەوێ... بیکە بە باغــەوان...
باوەڕناکەم ئەمەیشی پێ بکرێ... با بیێتە دەرگاوان.

جەعفەر: ئەم مەقامە بۆ شان و شەوکەتی زاوای خەلیفە ناشێ من بەوالی
شــاری (فــوســتــات) دامەزراندووە... کــە لیــاقــەتی نواند، ئەوســا
ولایەتی مــیــسـری پێ دەسـپــێـرین، فــەوجێ سـوپاشی لە خزمــەتدا
دادەنێین.

هاڕون: ئەمەی پێ ناکرێ... کەری خۆمە چاکی دەناسم.

جەعفەر: گەورەم ئەمە بۆ ئەو نییە... بۆ خۆتانە.

هاڕون: (وەک ناچارێک) چاکە... منیشت ناچارکرد ئەو وەعدانەی بەئامۆزا
قۆڵبڕ و ئەحمەقەکەمت داوە منیش بۆ تۆی جێبەجێ دەکەم... بەڵام
سوێندت دەدەم کچانی دیم، بەبێ ئیجازەی من بەشوویان نەدەی.
بەلای کەمەوە بەرلەوەی قەول بدەن، ڕاوێژێکم پێ بکەن (بەبزەوە)
ئەمــشــەو بە چ لایێک ناچیت... ئیبــراهیــمی برام ئاوازێکی نوێی
داناوە لەگــەڵ هەردوو کــەنیــزە دەنگخــۆشــەکــانی دێنە لای من ...
ئەمشەو من و تۆ و عەباسەی خوشکم بەیەکەوە دەبین.

جەعفەر: ئەمر دەکەی گەورەم

هاڕون: لە کوێ دەبین؟!

جەعفەر: لە قەسرەکەی ئێوە.

هاڕون: ئافــەرین لەو شوێنە دەبین کە تۆ نــاتوانی کچی خەڵکی و خــەزێنەی
خەلیفە ببەخشییە هیچوپووچان...

جەعـفـەر: (بەپێکەنینەوە) هاڕون ئەلڕەشیـدی تەنهـا بەهاڕونی برام دەکرێ
کاری خەلیفەیەتیش ئاسان نییە و... ئەمر دەکەن.

# بەشی چوارەم

## دیمەنی یەک

*(قەسرە تایبەتیەکەی زوبەیدە...*

*زوبەیدە، خالیسە، کەسائی...)*

زوبەیدە (رووگرژە و بەسائی) ئەمشەو هارون دەیگوت: ئەمڕۆ ئەمین و مەئمونم تاقی کردەوە... مەئمون لە دەرسەکانیا گەلێ زیرەک بوو، دە پرسیارم لێ کرد هەر هەموویانی زانی... دە پرسیاریشم لە ئەمین کرد، تەنها وەڵامی پرسیارێکی زانی، ئەویش ئەوە بوو لێم پرسی تۆ ناوت چییە باش بوو ناوەکەی خۆی زانی.

ئەمە ئەوە دەگەیێنێ، ئێوە بە وردی دەرس بە کوڕی ئەو قەحپەیە دەدەن...

مەئمونی قەحپەزادە... یانی چی ئەمینی کوڕم دە پرسیاری لێ بکرێ... تەنها وەڵامی پرسیارێک بزانێ... ئەو پرسیارەیش لە هەر گەوج و نەخوێنەوارێ بکرێ وەڵامەکەی دەزانێ... کە دایکە کەنیزەکەی مرد، پێنج ساڵی تەواو بەخێوم کرد... ئێستا لە کوڕەکەی من زیرەکترە دەڵێن عاقڵتریشە!!

کەسائی: من لە یەک کاتدا دەرس بە هەردووکیان دەڵێم... هەردووکیان بەیەکەوە گوێ دەگرن...

زوبەیدە: دەزانی مەبەستم چییە؟

کەسائی: (خۆی لە گێلی دەدا) دوێنێ لەگەڵ ئەمیندا گەلێ ماندوو بووم...



تەنانەت بە دەنگی بەرز قسەم لەگەڵیا کرد... ئەویش بە گریانەوە خوێندنی جێ هێشت و ڕۆیشتەوە...

زوبەیدە: من سپڵە نیم... خزمەتە گەورەکانی تۆم لەبەر چاو گرتبوو دەنا، لەسەر ئەو بەدڕەفتارییەت کە ئەمینی کوڕی منت گریاندووە... خۆت دەتزانی سزاکانی من چۆنەو بە چیم دەسپاردی ... بەڵام ئەوەندەت خزمەت کردووم، چاوپۆشی لەم بەدڕەفتارییەت دەکەم... ئاگادارت دەکەمەوە، زینهار جارێکی دی دەنگت بەسەریا بەرز کەیتەوە... (لەپڕ) دەزانی خەلیفە نیازی چییە؟

کەسائی: گەورەم لە چ ڕوویەکەوە؟!

زوبەیدە: لەمەڕ جێنشینی خۆیەوە...

کەسائی: بێ ئاگام!

زوبەیدە: گەوج مەبە...

کەسائی: گەورەم، لەبەر دەرس وتنەوە، ئەوەندە ئاگام لە دنیاکە نییە...کەمترین کەسیش دەبینم... لەوەتەی دەرس بە ئەمین و مەئمون دەدەم خەلیفە لە قەسردا نیشتەجێی کردووم... هەموو شتێکی بۆ دابین کردووم... بەو مەرجەی هەردوو کوڕەکەی خەلیفە فێری زانست کەم...

زوبەیدە: نەزان... نەزانێکی وەکو تۆ کوڕی خەلیفە فێرە زانست دەکات...

کەسائی: گەورەم...

زوبەیدە: حەیوان، دەڵێی ئەمین و مەئمون کوڕی خەلیفەن... نەخێر مەئمون بەشێکی کەی لە ئێمەیە... بەشەکەی تری لە قەحپەزادەیە و خوێنێکی دیی نارەسەن بەناو ڕەگەکانیا هات و چۆ دەکات.

کەسائی: گەورەم...

زوبەیدە: دەبێ بزانی ئەمین خوێنی عەرەبی قورەیشی خالیس بەناو

رەگەکانیا هات و چۆ دەکات... کوڕی منە... زوبەیدە عەرەب، قوڕەیشی، لە نەوەی پێغەمبەر. دەزانی ئەو کوڕی کێیە؟ کوڕی کەنیزێکی ئەسمەری فارس... ناشیرین...جارێ پێیان دەگوت "مەراجل" جارێکیش پێیان دەگوت "مەرجانە" خوا بۆ ئەوەی خەڵق کردبوو، لە ئاشپەزخانەدا بژێ و لەوێشدا بمرێ...(ڕوو لە خالیسەدا دەکات) لەوێدا چۆن مرد...

خالیسە: گەورەم بە فەرمانی ئێوە...

زوبەیدە: (بە کەسائی) ئاگات لە فەرمانەکانی ئێمەیە؟

کەسائی: بەڵێ گەورەم...

زوبەیدە: من کارم زۆرە... بۆ ماوەییەک بەجێت دەهێڵم... خالیسە تێتدەگەیێنێ، بۆچی بانگم کردوویت و بۆچیش لێت نارازیم... (دەڕوات)

کەسائی: (بە خالیسە) ئاخر بە هیچ جۆرێ جائیز نییە، چاوپۆشی لە کەم پەروەردەیی زانستیی بکرێ، باوکە مەزن و بەڕێزەکەی، ئیجازەی بە من داوە، ئەگەر بە وردی گوێ بۆ دەرسەکانی شل نەکات، سەرزەنشتی بکەم و خۆمی لێ تووڕە کەم...

خالیسە: مەسەلەکە ئەمە نییە!

کەسائی: ئەمیری موئمنین دەستوری پێ دام لەگەڵیا توندوتیژ بم ...تا چاکتر دەرسەکانی ڕەوان کات.

خالیسە: گوتم مەسەلەکە ئەمە نییە.

کەسائی: ئەی چییە...؟

خالیسە: پێم سەیرە، لە نێو خەڵکیدا، بە زانا ناوبانگتان دەرکردووە کەچی لەم مەسئەلەیە تێناگەن...

کەسائی: کام مەسئەلە؟



خالیسە: بۆ نەتدەزانی چەند ساڵ لە نێو تەونی حیلە و فرت و فێڵەکانی دەوروبەریا دەینالاند بۆ نەتدەزانی، نە شەوی شەو بوو نە ڕۆژی ڕۆژ.

کەسائی: بەڵێ دەمزانی.

خالیسە: ئەی لە بیرت چوو لەبەر چاوی مندا چ وەعدێکت دایێ...

کەسائی: وەعدەکەم جێبەجێ کرد.

خالیسە: ڕاستە قۆناغی یەکەمت جێبەجێ کرد قۆناغە گرنگەکە ماوە...

کەسائی: گرنگ ئەوە بوو، ئێمە ئەو کۆسپەمان لە ڕێی لادا... من وەعدەکەی خۆمم وەجێ هێنا...

خالیسە: لابردنی ئەو کۆسپە، هەنگاوی یەکەم بوو بۆ وەجێهێنانی ئامانجە سەرەکییەکە... زوبەیدە خانم هەست دەکات کەمتەرخەمی... قەناعەتی وایە خۆت دەدزییەوە...

کەسائی: (وە ئاگا دێتەوە لەمەڕ چی قسان دەکرێ) من دەمەوێ و هەوڵیش دەدەم، ئەمین ببێتە وەلی عەهد... بەڵام دەبێ وەلی عەهد لیاقەتی هەبێ و فێربێ و بزانێ

خالیسە: جا چۆن لە وەلی عەهد تووڕە دەبی... سبەی دەبێتە خەلیفە دەکرێ، ئەو خەلیفە بێت و حوکمڕان، تۆیش کاتی خۆی بێ میهریت لەگەڵدا نواندبێت... یا دڵنیایت لەوەی نابێتە وەلی عەهد... بۆیە ئەم ڕەفتارەی لەگەڵ دەکەی خۆ تۆ نەفام نیت... نازانی باوکی چی لەگەڵ عومەردا کرد هەر لە یەکەم ڕۆژی خیلافەتیا چی لێ کرد... (لەپڕ) زوبەیدە خانم حەقیەتی لەتۆ بکەوێتە گومانەوە.

کەسائی: (ترس دایگرتووە)

خالیسە: هێشتا بە سەبرە و سنگ فراوانە... چاکەکانی تۆی لەبەر چاوە ...حەوت ساڵ لەمەوبەر چاکەیەکت لەگەڵدا کردووە...ئەوەی لەبەر چاوە، دەنا...

کەسائی: تکا دەکەم مەیخەنەوە بیرم... هەرکە ئەو شەوەم دێتەوە یاد، بێز لە خۆم دەکەمەوە...

خالیسە: بۆ؟

کەسائی: من پیاوێکی زانام، چ حەقم بەسەر ئەو کودەتایەوە هەبوو

خالیسە: (بە پێکەنینەوە) چ حەقت بەسەرییەوە هەبوو؟! تۆ دوو قات حەقی خۆتت وەرگرت... کە نەخشەکەت داڕشت وەعدی دایتێ پێنج هەزار دینارت بداتێ... وابوو؟

کەسائی: بەڵێ... تۆیشمان لەگەڵدا بوویت.

خالیسە: کە نەخشەکەت جێبەجێ کرد، دە هەزار دیناری دایتێ پێی گوتی: تا ماوم ئەم چاکەیەت لە بیر ناکەم... تۆ گەورەترین کۆسپت لە ڕێی من و ئەمینی کوڕمدا بە دۆزەخ سپارد... تۆ خەیزەرانی دایکی خەلیفەت بۆ من زەهر خوارد کرد...

کەسائی: (سەیرێکی دەوروبەر دەکات) نەفرەت لەو پارە پیسە نەفرەت لە تەماح... چ تاوانێکی پێ کردم؟!

خالیسە: هەر تەماح نەبوو.

کەسائی: ئەی...

خالیسە: حەسوودی زانایان... حەسوودی نێوانی خۆتان حەسوودییەکەت دەورە سەرەکییەکەی هەبوو... زوبەیدە خانم ئەم حەسوودییەی لەتۆدا بەدی کرد... داوەکەی بۆ هەڵدای، کەمەنکێشی کردی، ڕازەکەی دڵی خۆی بۆ تۆ ئاشکرا کرد... تۆیش نەخشە شەیتانییەکەت بۆ دانا... وەکو زاناییێکیش جێبەجێت کرد... ئێستا تەنها خواو من و تۆ و زوبەیدە خانم دەزانێ، خەیزەرانی دایکی خەلیفە بە چ زەهرێ، لە چ شوێنێ گیانی لە دەست دا.

کەسائی: خەیزەران لەبەر ئەوەی خۆی عەرەب نەبوو ڕقی لە زانا عەرەبەکان



بوو... بۆ ئەوەی وەک زانا خۆی بخاتە ڕوو، لەم دواییەدا فێری ئەوە ببوو مەجلیسی زانایانی ساز دەدا... فارسەکانی لە دەوری خۆی کۆ دەکردەوە، ئێمەیشی لەبەر چاوی ئەواندا دەشکاندەوە..ئای خەیزەران.

خالیسە: زوبەیدە خانم هاتە هاناتەوە، ڕزگاری کردی!

کەسائی: هەردووکمان ڕزگارمان بوو..ئەو لە کۆسپ و منیش لە کەسێ هەمیشە وەک دڕک دەچووە نێو چاومەوە...

خالیسە: کە ئێوە هەردووکتان ئاسوودە بوون، یەحیا و کوڕەکانی بە جۆرێ شڵەژان، تا ئێستا، یانی حەوت ساڵی ڕەبەقە شڵەژان بەری نەداون، لەو ڕۆژەیشەوە، ڕۆژانە گلۆڵەیان بەرەو لێژی دەچێت... بەڵام ئەوان سەرسەختن باوەڕیان بەخۆیان زۆرە، کەللە ڕەقن... بەهەموو جۆرێکیش هەوڵ دەدەن "مەئمون"ی کوڕە گەورەکەی خەلیفە بکەنە جێنشین.

کەسائی: ئەوان هێشتا هەر بە دەسەڵاتن... هێشتا هەر پارەدارن... بە پارە هەموو شتێ دەکەن...

خالیسە: (چاوی لێ دادەگرێ) زوبەیدە خانم پێی وایە گەر تۆ هاریکاریی بکەیت، ئەوان هیچیان پێ ناکرێت

کەسائی: دەڵێم من هەوڵ دەدەم.

خالیسە: بەم قسەیە زوبەیدە دڵی ئاو ناخواتەوە.

کەسائی: بۆ؟

خالیسە: هەندێ شتی زۆر تایبەتی لە ژیانی زوبەیدەدایە تۆ نایزانی... زۆر ناڕەحەتی کردووە! ئەگەر بیزانی نالێی هەوڵ دەدەم بەڵکو بە یەقینەوە وەعدی دەدەیتێ و تا سەر ئێسقان هاریکاریی دەکەیت.

کەسائی: چییە ئەو شتە؟

خالیسە: حەز دەکەی بیزانی...؟

کەسائی: ئەگەر زۆر نهێنی نەبێت.

خالیسە: پێم سەیرە وا قسە دەکەیت و دەڵێیت، ئەگەر زۆر نهێنی نەبێت... من ئێوەی زانایان دەبینم لە وردە نهێنی بێ کەڵکی یەکدی دەگەڕێن... وەک هەندێ ژنان حەز بە نهێنی زانینی یەکدی دەکەن...

کەسائی: تۆ ڕاست دەکەی، قسەیێک بوو هاتە سەر زمانم... پێم بڵێ بزانم، تۆ چۆن دەزانیت ئێمە بە دوای نهێنییەکانی یەکدی وێڵێن...

خالیسە: ئێوە لە مەجلیسی خەلیفەدا دادەنیشن، گفتوگۆ لەگەڵ یەکدی دەکەن، لەبەر چاوی یەکدیدا خۆتان زۆر بە بەڕێز و خاوەن حورمەت دەنوێنن...... نازانن ئێمە لە پشتی پەردەوە، هەم دەبیستین و هەم دەبینین... ئێوەی زانایان کە بەیەکەوە لە حزووری خەلیفەدا دەبن شتێکن، بەڵام کە بە تەنها دەتانبینن شتێکی دین.

کەسائی: چین؟

خالیسە: خەفیەو ڕاپۆرت نووسن... چاوتان بە چاکە و زانستی غەیری خۆتان... چاوتان بە کەسدا هەڵنایێت...

کەسائی: ئەمەشیان ڕاست دەکەی!... دەمەوێ ئەو شتەم بۆ باسکەی وا بووەتە مایەی نارەحەتی زوبەیدە خانم.

خالیسە: باس ناکرێ، بەڵام دەتوانم بە نمایش حاڵیت کەم...

کەسائی: بە نمایش؟

خالیسە: بەڵێ...(دەڕوات سەرینێ دێنێ و دەیگرێتە باوەش، لەسەر پشت ڕادەکشێ، مانەندی کۆرپەی سەرینەکە دەخاتە سەر باسکی...بەدەنگی بەرز) وەرن...

(چوار ژنی سپی پۆش، دێنە ژوورێ، هەر چوار لای خالیسە دەگرن، خۆیان وا دەنوێنن کەسائی نابینن)



ژنی(١): (ڕووبەڕوو سەرینەکەی سەر باسکی خالیسە دەوەستێ، بە ئاوازەوە) ئەم ژنە عەرەبە بەد بەختە هەرچەندە لە جوانیدا کەم وێنەیە... بەڵام بەد بەخترین ژنانی دونیایە...

ژیانەکەی لە خۆی کردووە بە دۆزەخ... ڕۆژانە ئاگری کینەی دەروونی خۆی دەگەشێنێتەوە... نازانێ بێ سوودە، ئەوەی ئێمە دەیلێین چارەنووسە... نە بە گریان، نە بە نوشتە... نە بە کودەتا و خوێن... بە هیچ شتێ ئەم چارەنووسە ناگۆڕێ...

ژنی(٢): (بە سەما کردن بە دەوری خالیسەدا دەسووڕێتەوە) ئەم ژنە بەد بەختە... دایکی ئەم پاشا تەمەن کورتەیە... ئەم پاشایە... تەمەن کورتە... کەم حەوسەڵەیە ... ئەم پاشایە... لووت بەرزە، سستە پڕ گوناهە، حیلەبازە زۆر خۆرەو، بەدمەستە، نێربازە... مانەندی باو باپیری تینووی خوێنە... ئەم پاشایە تەمەن کورتە...

ژنی(٣): (جۆری ئاواز و سەماکەی دەگۆڕێ)

میراتگری هەمان نەخۆشییەکەی باو باپیریەتی هەر کەسێ خزمەتی بکات... دەبێ بیکوژێ... ئەم پاشایە... لە یەک کاتدا چەند کەسێکە بکوژ، بەخشەندە، تووڕە، گەوج، هێمن.

ژنی(٤): (بەریتمێکی پەلەتر)

ئەم پاشایە...

تەنها غەمی...نێربازییە

هیچ فێر نابێ... تەمەن کورتە...

هەموو غەمی ئەوەیە چۆن مەئمونی برای بکوژێ، ئەم پاشایە...

تەمەن کورتە... زۆرخۆر و چلێسە... بکوژە، تەمەن کورتە

(هەر چوار ژنەکە بە دیار سەری خالیسە دەست دەخەنە سەر شانی یەکدی بەیەکەوە دەڵێن)

ئەم پاشایە... ئەم پاشایە

(لەم کاتەدا دەنگێکی گڕ پەیدا دەبێ، خاوەن دەنگەکە ماسک بە ڕوخسارییەوە... دوو ڕمی پێیە... ڕمەکان دەداتە قەد یەک، دەنگی ڕمەکان لەگەڵ دەنگی خۆیدا تێکەڵ دەبن...)

درۆ دەکەن...

(چوار ژنەکە بە پەلە ڕادەکەن، کەسی دەمامک دار خۆی دادەنەوێنێتە سەر سەرینەکە و بە دەنگی گڕەوە)

زوبەیدە خانم... خانمی خانمان، ئەگەر خەوتوویت بێدار بە... ئەگەر بە ئاگایت هۆشیار بە... ئەم چوار ژنە درۆزنن... دەیانەوێ تۆ و (نوکی ڕمێ دەخاتە سەر دڵی خالیسە) ئەم پاشایە (نووکی ڕمەکەی دی دەخاتە سەر سەرینەکە) زیندووبن، بەڵام نە بزوێن... مردوویێک بن بخۆن و بخەون... دەیانەوێ هەردووکتان مردوویێک بن هەناسەی ترس هەڵمژن... هەناسەی ترس بدەنەوە...(دە نەڕێنێ) زوبەیدە... خانمی خانمان، هەڵسە... فریاکەوە...

(خاوەن دەنگی دەمامکدار ون دەبێ، خالیسە بە شڵەژان و ترسەوە هەڵدەسێ، دەقیژێنێ، زوبەیدە و چەند کەنیزێ، بەهەڵەداوان دێنە ژووری)

زوبەیدە: (بە توندی خالیسە ڕادەتەکێنێ) ها چییە؟

خالیسە: (بە لێوە لەرزەوە) خەونەکەیە...

زویەیدە: (بە ترسەوە) هەر سپی پۆش بوون...

خالیسە: بەڵێ...

زوبەیدە: ئەی خاوەن دەنگە گڕەکە ماسکەکەی لەڕووی خۆی لانەدا...

خالیسە: نەء.

زوبەیدە: (ڕوو لە کەسائی دەکات) هیچت بینی؟



کەسائی: بەڵێ...

زوبەیدە: یانی ئەوەندە زانایت... یەکێ خەون ببینێ، ئەو کەسە خەونەکەیت بۆ باس نەکات، دەزانی چی بینیوە.

کەسائی: خالیسە خەونی دەبینی، من واقیعم دەبینی.

زوبەیدە: گوێت لە قسەکانیان بوو...؟

کەسائی: بەڵێ...

زوبەیدە: عیلمت گەیشتووەتە ئەم ڕادەیە، خەونی کەسانی دی دەبینی، قسەی نێو خەون دەبیستی... بۆیە داوات لێ دەکەم ... داوا لە عیلم و فراسەتت دەکەم ... بە نەرمی ئەمینی کوڕم فێرکە... دەمەوێ تۆ ئەو کەسە بیت... پێشگۆیی ئەو چوار ژنە سپی پۆشانەم بۆ بە درۆ بخەیتەوە ئەم چوار ژنە... چەند ساڵە ... لەو ڕۆژەوەی دایکی مەئمون گۆڕ بە گۆڕ بووە، هەر بە ئاستەم چاو لە یەک بنێم ئەم سپی پۆشانەم لێ پەیدا دەبن... کار گەیشتووەتە ئەوە، هەموو کەنیزەکانی ئەم قەسرە، هەمان خەون دەبینن.

کەسائی: دەزانم چیتان دەوێ.

زوبەیدە: (دوو کیسەی گەورەی پڕ لەزێڕی پێیە، هەڵیان دەداتە هەواو دەیانگرێتەوە، کەسائی چاوی لەسەر ئەو دوو کیسەیەیە).

دەمەوێ ئەوەی بە "سیبەوەیت" کرد هەمان شتیش بە هاڕون بکەی...

کەسائی: (سەر دادەخات) بۆ ئێوەیش ئەمە دەزانن.

زوبەیدە: (بە خالیسە) بیخەوە بیری...

خالیسە: چەند عەرەبێ لەمەڕ زمانی عەرەبی هاتنە لای تۆ و "سیبەوەی"، پرسیاریان کرو گوتیان: (هل ان لدغ العقرب اشد من لسع الزنبور) ئەگەر ئەم ڕستەیەمان بەرچاو کەوت بڵێین چی؟ تۆ گوتت دەبێ

بلێین : (فاذا هو هي) کەچی سیبەوەی گوتی: نەء دەبێ بلێین: (فاذا هو اياها)

بووە مشتو مڕیان...

زانیت "سـیـبـەوەی" ڕاست دەکـات تۆ چوویت بە پارە، چەند بەدوویەکی عەرەبت هێنا، تادرۆت بۆ بکەن و بلێین "فاذا هو هي".

خـەڵکە زمـانزانەکـان پرسـیـاریان لە بەدووەکـان کـرد... بەدووە بەکرێگیراوەکان گوتیان: "هکذا قالت العرب..."

زوبەیدە: دەزانی سیبەوەی لە داخی تۆ سەری خۆی هەڵگرت...؟

کەسائی: بەڵێ پەشیمانم...

زوبەیدە: نەخێر پەشیمان مەبەوە... دەمەوێ هەمان کارم لەگەڵ هاروندا بۆ بکەی (کیسەیەکی بۆ هەڵدەدات) ئەمەیان بۆ ئەو زانایانەی کە خۆت هەڵیاندەبژێری (کیسەیەکی دیی بۆ هەڵدەدات) ئەمەشیان بۆ خۆت.

کەسائی: (هەردوو کیسەکە وەردەگرێ، بە زەردەخەنەوە) تۆبەم کردبوو!

زوبەیدە: پاش ئەم کارەت تۆبە بکە باپێت بلێم سەرەتا لە چییەوە دەست پێبکەن... پاشانیش خۆتان و زانایان و چ ڕاوە ڕیویێکی لەگەڵ دەکەن...

کەسائی: لەچییەوە دەست پێ بکەین.

زوبەیدە: دەست لەسەر ئەم ئایاتە داگرن.

کەسائی: کام ئایەت؟

زوبەیدە: "کنتم خیر أمـة اخرجت للناس" ئەمین ، قورەیشییە ، مەئمون، دوو ڕەگە ئیدی ئیشی خۆت دەزانی هەر لە مڕۆوە دەست بەکار بە...

کەسائی: (سەر با دەدات) کارەکە هەروا ئاسان نییە... دەترسم "بەشارێکمان لێ پەیدا بێ، ڕیسەکەمان بکاتەوە بەخوری...



زوبەیدە: مەبەستت تێناگەم...

خالیسە: خانمی گەورەم، بەشاری کوڕی بورد، شاعیرێکی فارس بوو کوێر بوو بە عـەرەبی شیعری دەنووسی، هەججاو بوو... خەڵکەکە چوونە لای باوکی شکاتیان کرد... باوکیش چووە لای کوڕە شاعیرەکەی و پێی گـوت: تۆ حەیاو نامـووسی ئێـمەت بردووە، بۆ وا لەم خەڵکە دەکـەیت؟ بەشـار وەڵامی باوکی دایەوە و پێی گـوت: پێـیـان بڵێ "وما على الاعمى حرج"

زوبەیدە: (قـەڵسـە) دە کیسەی دیشت بۆ دادەنێم... نەخێر بیست ،سی ئەمەیان یەک... سی کیسەی دیشت دەدەمێ، لەبەرچاوی هاروندا ئەم بەرمەکییانەم بۆ بکەیتە پەڕۆ...

# دیمەنی دوو

*(جەعفەر و یەحیای باوکی)*

یەحیا: (وەک ئەوەی لەمێژە سەرگەرمی باسێک بن)
من دەڵێم تۆ وەکو من نایانناسی... ئەمانە شتێکی دین...

جەعفەر: ڕاستە باوکە. من هەمان تەجرەبەو دنیادیدەیی ئێوەم نییە... بەڵام بای خۆم دەتوانم شتەکان لەیەک جیاکەمەوە و ڕەنگەکان هاوێرکەم...

یەحیا: لەگەڵ کەسانی ئاساییدا، بە ئاسانی ئەمەت پێ دەکرێ... بەڵام ئەمانە ئاسایی نین، من باو باپیریان دەناسم... دەزانم بە میزاح ڕەفتار دەکەن... ئەمەیان یەک، دووەم حەوت ساڵ لە هارونی برای گەورەترە...

جەعفەر: (بەبێ حەوسەڵەییەوە) باوکە دەزانم... دەشزانم تا ئێستا سێ مێردی بە گۆڕستان سپاردووە... بە دووریشی نازانم زەهر خواردوویان تیا بوو بێ!

یەحیا: (بەهێمنییەوە) ئەمیش دەزانێ، زەهر لە نێو قەسرەکانی دەوڵەتدا چ دەورێکی هەیە... تەمەنی پانزە ساڵ بوو شووی کرد... هەر زوو مێردەکەی مرد... شووی دووەم دەکاتەوە، مێردی دووەمیش هەر هەمان چارەنووسی دەبێ...

جەعفەر: مێردی سێهەمیش؟!



یەحیا: بەڵێ... من لەگەڵ تۆدام جوانییێکی بێ هاوتای هەیە... خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێزە...

جەعفەر: هارون گەلێ خۆشی دەوێ، بەبێ ئەم خوشکەی ئیدارە ناکات... گەلێ شەو دێتە نێو بەزمی ئێمەوە بێ پەروا قسە دەکات... ئیبراهیمی برای هارون و دوو کەنیزەکەی... من و هارون و عەباسەی خوشکی هارون زۆربەی شەوان بەیەکەوەین...

یەحیا: ئاگادارت، دەکەمەوە، پێشتریش پێم گوتوویت دەبێ مەسافەیێک دابنێی لە نێوان خۆت و هارون کەچی نەک ئەو مەسافەیەت دانەناوە. بەڵکو سنوورت بەزاندووە...

جەعفەر: لێتی ناشارمەوە، بەجۆرێ کەمەندکێشی کردووم هۆشی پێ نەهێشتووم... عەسری ئەمڕۆ لە مەیدانی جلیتبازیدا، سوارێکی دەمامک پۆش. ئەو هەموو خەڵکەی سەراسیمەی خۆی کردبوو... تەنانەت تۆپەکەی لەمن وەرگرت، نەمتوانی لێی وەرگرمەوە... خەلیفە و گەورە پیاوانی دەوڵەت سەرگەرمی تەماشا بوون... سوارەکە گەیشتە لای خەلیفە، دەمامکەکەی لە ڕوخسار لادا، بووە چەپڵە ڕێزانێکی ئەوتۆ ئێستایش دەنگی چەپڵەکان لە گوێمدا دەزرنگێتەوە... هارون بەرەو پیری چوو... عەباسە چ شاسوارێ بوو... باوکە.

یەحیا: تۆ توانیت حەزەکانی هارون بێنیتە دی، ئەوا بەغدات بۆ کردووەتە بەهەشت... حەرەمسەراکەی چ لەرووی جوانی و چ لە ڕووی ژمارەی کەنیزەکانییەوە چ لە حەرەمسەراکەی خەسرەو پەروێز کەمتر نییە... کارێ مەکە ڕقی بوروژێت... من هەست دەکەم گۆڕاوە.

جەعفەر: چۆن؟

یەحیا: وەکو جاران نییە.

جەعفەر: بەچیدا دیارە؟

یەحیا: کە گەنج بوو، غەشیمی دنیای سیاسەت بوو، کاروباری دەوڵەت لەبەر دەستی مندا بوو...یانی من و ئێوەی کوڕەکانم- ئەو دەمە دڵ و زمانی یەک بوون... نەیدەتوانی هیچ شتێ لە ناخی خۆیدا بپارێزێ، گەر کەسێکی خۆشویستبا، پێی دەگوت... ڕقی لە هەر کەسێکیش با ڕقەکەی دەخستە ڕوو. کەسێ بوو من لە ناخی خۆمدا ناوم لێ نابوو هەرزە سیاسی... کتێبێکی کراوە بوو دەوروبەرەکەی بە ئاسانی دەیانتوانی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی دەستنیشان بکەن... تەنانەت وای لێهاتبوو، گەورە پیاوە سیاسییەکان بەر لەوەی بچنە لای، لە دەست و پێوەنەکانی هارونیان دەپرسی: ئەرێ ئەمڕۆ خەلیفە چۆنە... تەنانەت ئەوانەی کاری بەردەستیان دەکرد، لەو جۆرە پرسیارە تێدەگەیشتن زۆر جار دەیانگوت: ئەمڕۆ باشە... پێدەکەنێ... بەڵام ئێستا هەست دەکەم بە چاکی فێری عیلمەکە بووە پێرێ چەند عەلەوییەکی لە زیندان دەرکرد، هێنایانییە لای خۆی... هەر یەکەو هەزار دیناری بە خەڵات پێ بەخشین، ئەسپ و دەلیلی ڕێگای پێ دان و پێی گوتن: ئێوە لە بەغداد دوژمنتان زۆرە... پێم چاکە تا ماوەییێکی دی بچنە مەدینەو هەموو سەرە مانگێکیش هەریەکەو هەزار دینارتان بۆ دەنێرم... ئەو عەلەوییانەی زۆر دڵخۆش کرد... هەرکە بە ڕێیانی خست یەکسەر بانگی یەکێ لە سەرکردەکانی سوپای کرد و پێی گوت هەر ئەمشەو لە ویدا کەمینیان بۆ دادەنێی و هەر هەموویان دەکوژی و ...

جەعفەر: منیش هەست دەکەم هەندێ شت هەیە حەز ناکات من ئاگام لێ بێت... هەندێ شتم لێدەشارێتەوە...

یەحیا: کە تۆ خەریکی شاری بەغدا بوویت... ئەو خەریکی شتێکی دی



بوو... ئێستا بەغدا گەورەترین پایتەختی دنیایە... پڕ دانیشتوانترین شاری خیلافەی عەباسییە... تۆ چەند بەغدات مەزن کرد، دوژمنانی ئێمەیش، بە بەرینی بەغدا گومانیان لەنێو قەسری خیلافەتدا بۆ چاندوین.

جەعفەر: باوکە ئێوە گەلێ بەدگومانن، هیچ بەڵگەیەکتان بە دەستەوە هەیە.

یەحیا: بەڵێ... ئەویش ئەوەیە بەر لە ئێستا ورد و درشتی دەوڵەت لەبەر دەستی هارون و من و تۆدا بوو... خەفیە نووسان، ڕاپۆرتەکانیان بەر لەوەی خەلیفە بیبینێ بۆ ئێمەیان دەهێنا... کەچی ئێستا گەلێ فەرمانی گرنگ دەردەچێ، لە دەمی ئەم و ئەوەوە دەیبیستین... بۆیە تکات لێدەکەم وریابە... شتێکی دیش هەیە، دڵنیام دەیزانی بەڵام چاکە وە بیرتی بێنمەوە

جەعفەر: فەرموون"

یەحیا: ڕاستە هەندێ پلەوپایەو بڕیاری نەنووسراو هەیە بەڵام بەجدی وەرگیراوە بە دیقەتەوە چاودێری دەکرێ... لەنێو ئەو بڕیارە نەنووسراوانەدا دەبێ ئێمە بزانین، عەباسە، شازادەیە، ژنێکە لە خانەوادەی خیلافەتە کە ئیدعا دەکەن نەوەی پێغەمبەرن... نابێ شازادەیەک شوو بکات بە "مەوالی"[١] یەک... نژاد پەرستە عەرەبەکان ڕێ بە هارون نادەن خوشکەکەی ببێتە هاوسەری "مەوالی" یەک...

جەعفەر: من نە غوڵامم و نە غوڵامزادەم... باپیرە گەورەی ئێمە بەدیلی کەوتووەتە دەستی ئیسلامەکان پاشان ئازادی خۆی وە دەست هێناوە... یانی ئێستایش هەر حسابی مەوالیمان بۆ دەکەن...؟!

(١) غەیرە عەرەبە بە ئیسلام بووەکان.

یەحیا: بەڵێ... هارون نایەوێ لەبەر چاوی عەرەبەکاندا بە چکۆڵەیی بکەوێتە ڕوو و تانەی لێ دەن و پێی بڵێن خوێنی عەرەبی تێکەڵ بە خوێنی غەیرە عەرەب کردووە.

جەعفەر: هارون خۆی خوێنەکەی تێکەڵە...

یەحیا: بۆ خۆیان هەموو شتێ دەبێ...

جەعفەر: پێم سەیرە، بێوەژنێ مێردەکەی مردووە چ عەیبێکی تێدایە بیخوازم... ئایە ئاینی ئیسلام ڕێ لەمە دەگرێ؟!

یەحیا: باسی ئاین مەکە... ئاین بۆ خۆیان شتێکە بۆ خەڵکی دیش شتێکی دییە... بەئارەزووی خۆیان، ئەمسەرو ئەوسەر بەو ئاینە دەکەن یا ڕاستتر، پیرۆزی ئاینەکەیان لەکەدار کردووە... ڕەشە خەڵکەکەیان کردووە بەوڵاغ و ئاینەکەیان لەسەر بارکردووە. استغفر الله بۆ خۆیشیان سواری ئاینەکە بوون... بۆیە باسی ئاین مەکە... ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیشەوە هارون ئەمە ببیستێ لەبەر چاوی دەکەوی، بەدووری نازانم بڕیاری کوشتنت دەرکات...

جەعفەر: (سەر ڕادەتەکێنێ).

یەحیا: ناتوانم قەناعەت بە خۆم بێنم، بهێڵن بە ئاسوودەیی بژین...

جەعفەر: کێ؟

یەحیا: دوژمنەکانمان! ئەو دوژمنە نادیارانەی کە ئیرییمان پێ دەبەن... ئیرەیی بە پلەو پایە... ئیرەیی بە سامان... ئیرەیی بەسنگ فراوانی و بەخشەندەییمان دەبەن... ئاگری ئیرەیی گەر خۆیان نەسووتێنێ، ئەوا پریشکی ئەو ئاگرەمان بەردەکەوێ لە عەباسە دوورکەوە...

جەعفەر: ئەو دەسبەردارم نابێ...

یەحیا: هەوڵ دە، تێیگەیێنە...



جەعفەر: باوەڕ ناکەم تێ بگات... لەوە ناچێ ئیرادەی بەسەر عەقڵی خۆیەوە مابێ... گەلێ جار لە مەجلیسی هارونی برایدا نێو نیگای ئەوتۆم تێ دەگرێ... ڕێک ڕەفتاری بە کچۆڵەی چواردەساڵ دەچێ... هارون زیرەکە نازانم چۆن پەیی بەم پەیوەندییە نەبردووە؟

یەحیا: پێم وایە دەزانێ و لەفرسەت دەگەڕێ...

جەعفەر: تا ئێستا هیچ کاردانەوەیەکم لە هارون نەبینیوە...

یەحیا: گەر بەدگومان بێت، ئەوا لێبوردن نازانێت... تۆ تا ئێستا تێنەگەیشتوویت، بۆ لەمەڕ ڕابووردوومانەوە قسە ناکرێ... بە"مانی" و "مەزدەکی" بوونی بەرمەکییەکان لە قەڵەممان نادەن... هەر لەبەر ئەوەیە خەتایەکمان نەکردووە... کە باسی مەزدەکی و مان-یش بگاتە بەر گوێی هارون، بەبێ ئەهەمییەتەوە سەیری دەکات... بەڵام ئەگەر خەتات کردو کەوتیتە دووی ئارەزوو و هەوەسەکانی خۆتەوە، ئەوا ئیدی قسەو قسەڵۆکی دوژمنانت زاڵ دەبن بە زەندیق و بت پەرست لە قەڵەمت دەدەن ... هارونیش هەرگیز ناتبوورێ.

جەعفەر: بەم خەتەر ناکییە سەیری مەسئەلەکەم نەدەکرد!

یەحیا: خەتەرتر ئەوەیە... لە هارون دەگەیێنن کە تۆ دەتەوێ لە عەباسە ببیتە خاوەن کوڕ... ئەو کوڕەیش دژ بە ئەمین و مەئمون بخەیتە کار، شۆڕش بەرپاکات و داوای جێنشینی بکات...(بێدەنگی) بیر لە ئێمەو دایک و براکانت بکەوە.

جەعفەر: چاکە بۆ ماوەیێک، لە بەغدا دوور دەکەومەوە، دەچمە ئەو شوێنانەی کە هارون دەیەوێ چاودێرییان بکەم... بەهیوام لە گەڕانەوەمدا ئەم عەشقە خەتەرناکە، بۆ هەمیشە فەرامۆش کەم.

# بەشی پێنجەم

## دیمەنی یەک

مالّی جەعفەر

*جەعفەر و دایکی، پاشان عەباسە، کەنیز و غولاّمێک... زەینەب دایکی جەعفەرە.*

*جەعفەر ماندووە، کەنیزەکان زوو زوو شەرابی بۆ تێدەکەن، جەعفەریش لەسەریەک جامە شەڕابەکان هەڵدەدات.!*

جەعفەر: (بەخەفەتبارییەوە)
دایکە... فەزلّی برام پێی وابوو، خەلیفە بەرەو پیرمان دێ و دەستخۆشیمان لێ دەکات!

زەینەب: جا وانەبووە... مەبەستم... خەلیفە ئافەرین و دەستخۆشی لێ نەکردن؟!

جەعفەر: نەخێر... من و فەزلّی برام، نۆ مانگی ڕەبەقە بەغدامان جێهێشتووە و لە جەبهەداین... گەلێ سەرکەوتنی گەورەمان بۆ دەولّەت تۆمار کردووە.

زەینەب: (قسەکەی جەعفەر دەبڕێ) هەوالّی سەرکەوتنەکانی ئێوەم دەبیست... بۆیە منیش بە بۆنەی سەرکەوتنە مەزنەکانتانەوە، دیارییەکی گەورە و گرانقیمەتم بۆ ئامادە کردووی...

جەعفەر: گەورەترین دیاری ئەوەیە کە تۆ دایکی منی... منت بەجوانی



پەروەردە کردووە، منت گەیاندۆتە ئەم هەموو سەروەت و سامانەوە... چ ئارەزوویەک نەماوە پێی نەگەم...

زەینەب: لە بازاڕی کەنیزفرۆشاندا، جوانترین کەنیزی دنیام بۆ کڕیویت.

جەعفەر: دایکە، گەلێ ماندوو و بێ تاقەتم. (جامێکی دی دەخواتەوە) لەم نۆ مانگەی ئەم سەفەرەدا، ئاشنایەتیم لەگەلّ گەلێ لە گەورە پیاوانی "بیزانس" پەیدا کرد... کاتێ دەسبەرداری جەنگ بووین هەولّی بەرقەرار کردنی ئاشتیمان دەدا، لەگەلّ گەلێ لە سەرداران و سیناتۆرانی ڕۆمدا دانیشتم... ئەوان یەک فەرمانڕەوایان هەیە بەناوی ئیمپراتۆر... بەلاّم هەر یەکەشیان بۆ خۆیان شەخسیەتی تایبەتی خۆیان هەیە... لە حەقیقەتدا ئیمپراتۆر بازیچەی دەستی ئەوانە... کەچی ئێمەیش هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە بۆ هاڕون تێدەکۆشین، تا ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی بگەیەنینە پۆپە... کەچی لەبەر چاویدا هیچ ئەهەمییەتێکمان نییە (جامێکی دی دەخواتەوە). ئەمڕۆ من و فەزلّ لە حزووری هاڕون دەگەڕاینەوە بەم گوێیانەی خۆم دەمژنەوت. جنێویان پێ دەداین...

زەینەب: کێ دەوێرێ جنێو بە ئێوە بدات...

جەعفەر: گەوج و ئەحمەق و هیچپووچەکانی دەوروبەری خەلیفە... بە مانایەکی دی خودی خەلیفە... چونکە دەوروبەر، هەر چۆنێک بن ڕووی دووەمی دەسەلاّتدارن... دەست و پێوەن، خۆیان هیچ نین... (بێدەنگی) ئەم هیچپوچانە، تەنها شانازی بەوەوە دەکەن کە عەرەبن و عەرەبزادەن.

زەینەب: چییان بەئێوە دەگوت؟!

جەعفەر: بە چپەچپ دەیانگوت، ئەم دوو برایە، جەعفەر و فەزلّ، مەوالی زادەن، تاجی سەرکەوتنی سوپای عەرەبیان ناوەتە سەر سەری

خۆیان... ئەم مەوالی زادانە چۆن دەبێ، ئەوەندە ڕوودار بن فتوحاتی سوپای عەرەب بۆ خۆیان تۆمار کەن...

زەینەب: با بۆخۆیان قسە بکەن... خەلیفە وا نالێ...

جەعفەر: نەء... دایکە... (جامێکی دی دەخواتەوە) تازە من تێگەیشتم، ڕەنجی ئێمە بۆ ئەم حوشتر لەوەڕینانەیە... هەرچەندە خزمەتیان بکەین عاقیبەت پیاو خراپ دەبین... وەک بیستوومە ئەم عەرەبانە، لە ڕۆژێکدا چوار سەد کچی گەنجیان لەژێر پێی بتەکانی لات، عوزە-دا سەربڕیوە... دەمەوێ هەرچی زووە ئەم شارەو ئەم خەڵکە حەق نەناس و حەسوودەی جێ بێڵم...

زەینەب: بۆ کوێ دەچی؟

جەعفەر: (چاوەکانی سوور بوونەتەوە... جامێکی دی دەخواتەوە) بەرەو خوراسان... هەر بە یەکجارەکی دەسبەرداری کاروباری دەوڵەت دەبم... هەرچەندە بیری لێ دەکەمەوە ناتوانم تاسەر لەگەڵ ئەم حوشتر لەوەڕێنە بە ئاشتی بژیم...

زەینەب: تۆ وەزعی خۆت تێکمەدە ماندوویت (چەپڵەیێک لێدەدات، کەنیزێک ڕووبەندی بە ڕوخسارەوەیە، دێتە ژوورێ، دەستی جەعفەر دەگرێ جەعفەر هەڵدەستێ و لەتر دەدات، خەریکە بکەوێ و کەنیزەکە ناهێڵێ، دیسان لەتر دەدات، کەنیزەکە دەیگرێ و دەیباتە ژوورێکی دییەوە)



## دیمەنی دوو

*ژووری نووستنی جەعفەر... بەرەبەیانە... جەعفەر بەخەبەر دەبێتەوە، سەیری ئەو کەنیزە دەکات کە ناوەندی تەختی نوستنەکەیدا لەسەر دەم نووستووە، پرچی بەملاو ئەولادا پەخش بووە، کەنیزەکە خۆی وەردەگێڕێ جەغفەر ڕوخساری دەبینێ... دەقیژێنێ...*

جەعفەر: (بەترس و لەرزەوە)

خودایە چ دەبینم؟!

(شێت ئاسا لە نێو نوینەکەی ڕادەپەڕێ)

چ دەبینم؟!

عەباسە: (زۆر بە ئارامییەوە لەنێو نوێنەکەی هەڵدەستێ بە دەست پرچەکەی ڕێکدەخات).

ئەمشەو ئاگات لێ بوو چەند بە ڕەوانی بە زمانی یۆنانی و فارسی قسەم لەگەڵ دەکردی... گەلێ کەیفخۆشبووم بەئەدەبەوە ڕەفتارت لەگەڵ خوشکی خەلیفەدا دەکرد... شەوێکی گەلێ خۆش بوو ئازیزم بەهیوام وەک من لەزەتت لەم شەوە وەرگرتبێ.

جەعفەر: (دەکێشێتە نێو چەوانی خۆیەوە)

ئا خوای مەزن... نابوود بووم... لەناو چووم...

عەباسە: ئازیز، سەروەری گیان، داگیرکەری دڵی من... بۆ وا پەشۆکاویت بۆ بەم شێوەیە ڕەنگت پەڕیوە؟ بۆ وا دەلەرزیتەوە؟

جەعفەر: ئەو دایکە ئەحمەقەم لەکوێیە؟ ئەو شێتە پەتەڕییە لە کوێیە؟

زەینەب: (بە هەڵەداوانەوە، لە ژوورێکی دیپەوە دێتە دەرێ... بە ترسەوە خۆی دەگەیێنێتە لای جەعفەر و عەباسە...)

چ بووە؟ بۆ وا دەقیژێنی... چ ڕووی داوە؟

جەعفەر: (بە پەلە بەرەو ڕووی دەچێ، یەخەی دەگرێ ڕووەو عەباسە ڕایدەگرێ)

ئەمە بوو دیارییەکەت؟!

زەینەب: (بە گەوجییەوە) بەڵێ کوڕم... خۆ درۆم نەکردووە... ئەمە کچی مەهدییە و خوشکی هاڕونە... ئەمە ئەستێرە گەشەکەی ئاسمانی ئالی عەباسەیە... هەموو ئەمیرەکانی عەرەب شانازی بەوەوە دەکەن گەر پێڵاوەکانی ماچ کەن... ئامادەن خاکی بەرپێی بلێسنەوە...

جەعفەر: (دەلەرزی و چاوەکانی سوور هەڵگەڕاون) گەوجی نەفام... تۆ دەزانی چیت بەسەر هێناوم؟ ئەگەر خەلیفە بزانێ... ئەو حوش... (قسەکەی تەواو ناکات، ڕەنگی تێک دەچێت)

عەباسە: ئەو حوشتر لەوەڕێنە...

جەعفەر: (بەشەرمەوە) مەبەستم ئەم کەلیمەیە نەبوو...

عەباسە: شەوێ چەند جار بە خەلیفەت دەگوت: حوشتر لەوەڕێن... ئەگەر بچمە حزووری خەلیفەو پێی بڵێم، کوڕەکەی یەحیای بەرمەکی، جەعفەری هاوڕێ خۆشەویستەکەت ئەم شەکرانەی شکاندووە... دەزانی چیت لێ دەکات؟

جەعفەر: (بەشەرمەوە سەری داخستووە...)

عەباسە: (ڕوو بەڕووی جەعفەر دەوەستێ)



ئەو پیاوە، زۆر ترسنۆکە، کە ڕێ بەخۆی نەدات لەگەڵ خۆشەویستەکەی خۆیدا بنوێت... ئەسڵەن ئەوە هەر پیاو نییە... چاکتر وایە خۆی بکوژێ. یا لە زیندانەکانی هاڕوندا بڕزێت...

جەعفەر: (بەپاڕانەوەوە) عەباسە... سەروەری من... خانمی گەورەم... ئێستا دەزانم خودای مەزن چەند منی خۆش دەوێ وا تۆی بەمن بەخشیوە... لەم جیهانەدا چ پیاوێک هەیە، ئارەزووی ئەوەی نەبێ ببێتە غولامی تۆ... ئازیزم... خۆشەویستم ئەم کارەی تۆ ژیانی هەر هەموومانی خستە مەترسییەوە هاڕون، کەسێ نییە بمان بەخشێ و چاوپۆشیمان لێ بکات... من هیچ کاتێ دایکە گەوجەکەم نابەخشم وا بەم شێوەیە فریوی دام...

عەباسە: (بەبێ ئەهەمییەتییەوە) تۆ لەمە زیاتر نیگەران مەبە... هەموو کارەکان بۆ من جێبێڵە...

جەعفەر: (بەسەرسوڕمانەوە) چۆن؟

عەباسە: لە مەجلیسی هاڕوندا، چ قسەیێک مەهێنە سەر زمان، ئەسڵەن خۆت وا بنوێنە کە، منت نەبینیوە... ماوەیێکە بیرم لەوە کردۆتەوە بەغدا جێبێڵم، بەرەو مەدینە یا دیمەشق، بکەومەڕێ... یابچمە یەکێ لە شارەکانی ئێران... شەوێ تۆ دەتگوت، ئاو و هەوای خوراسان گەلێ خۆشە...

جەعفەر: (بەبێزارییەوە) هیچ شتێکی شەوێم لەبیر نەماوە... هەر هیچ شتێ... گەلێ مەست بووم...

عەباسە: (بەنازەوە) بەمەستییەوە گەلێ میهرەبان بوویت... دەتزانی چۆن لەگەڵ خوشکی خەلیفەدا ڕەفتار دەکەی...

جەعفەر: تاقە یەک کەلیمەی شەوێم ناکەوێتەوە بیر...

عەباسە: دەڵێم، گەلێ چاکە، من و تۆ لەم شارە دوور کەوینەوە... هەر

یەکەمان ڕوو لە شارێک بکات... هەرکاتێکیش ترسەکە نەما... یا ڕاستتر ترسەکەت نەما... ئەو کات بەیەک دەگەینەوە...

جەعفەر: وا قسان دەکەیت، کە من دەترسم... گوایە تۆ ناترسی...

عەباسە: نەخێر...

جەعفەر: بۆ...

عەباسە: ئەو پەڕی خەلیفە ئیعداممان دەکات... جا گیانێ بۆ خۆشەویستی بەخت نەکرێ. ئەو گیانە ترسنۆکە، گیانی ترسینۆکیش حەیفە لە جەستەیەکی تا سەر ئێسقان ئارەزوومەندا بێ... ئەو گیانە بەخۆشەویستی پەروەردە دەکرێ دەنا دەبێ ئەو ڕوحە داهەزێ... نەمێنێ...

من جەستەی خۆم دەناسم... بەهیچ جۆرێ ڕادەی ئارەزووەکانی خۆم بۆ ناپێورێ... نەفرەت لەو ڕوحە دەکەم گەر دڵسۆزی ئەم جەستە سەرکێشەم نەبێ... شەوێ بە کامی دڵ ئەم ڕوحەم کەوی کرد، لەبەر دەستی تۆدا بووە پڵینگێکی کەویکراو، دەستت بەهەموو شوێنێکیدا دەهێنا ئەویش کلکە لەقێی بۆ دەکردی... بۆیە بۆ دابینکردنی ئەم دڵسۆزییە بۆ جەستە، دەبێ بیر لە کونجێ بکەینەوە... ژیانی نێو قەسر تور هەڵدەین بڕۆین... بۆ دوور... دوور... دوورتر لەسەر چڵی ئارەزووە شێتەکانمان...

جەعفەر: ئازیزم بۆ پێیت وایە ئاسانە؟!

عەباسە: (حاڵەتە ڕۆمانسیەکەی بەری دەدات، بەجدییەوە) هەر کەسێک بیەوێ ژنێکی وەکو منی هەبێ دەبێ خۆی ئامادەکات، ڕووبەڕووی هەموو مەترسییەک و ناهەمواریەک ببێتەوە، بێ پەرواش بێت و نەترسی...

جەعفەر: (ڕەنگی تێکچووە و بێدەنگە)



عەباسە: (بەگازەندەوە) هەموو شازادە عەرەبەکان چاوەڕێی ئەوەن دوو کەلیمە قسەیان لەگەڵ بکەم. تا... تا ماون دەست لە گەردنی ئەو دوو کەلیمەیە نێن و خەونی ڕەنگاوڕەنگی پێ ببینن... کەچی تۆ وەڵامی قسەکانم نادەیتەوە...

(یەک دوو هەنگاو دەچێتە پێشەوە دەست بەقژەکەی جەعفەردا دەهێنێ و نەوازشی دەکات) خۆشەویستم ئەوەندە مەشڵەژێ... من کچی "مەکنونەم" دەزانم وەکو ئەو ڕەفتار بکەم، ڕوو لە ناهەمواریەکان بکەم و نەترسم... دایکم خەڵکی یەکێ لە شارەکانی بیزانسە... دەڵێن باوک و براکانی تا ئێستاش هەر ماون... من کەنیزێکم هەیە، ڕۆمییە... قسەشم لەگەڵ کردووە... ئەگەر خەلیفە، هەستی بە شتێ کرد، ویستی شتێ دەرحەق بەتۆ بکات، ئەوا هەردووکمان سواری تیژڕەوترین ئەسپ دەبین، بەرەو سنورەکانی ڕۆم ڕادەکەین... دڵنیام قەیسەری ڕۆم بە ئەوپەڕی ئارەزووەوە ئیجازەمان دەداتێ لە وڵاتی بیزانس بژین...

(چەپڵەیەک لێدەدات، دیواری لای چەپی ژووری خەوتنەکەی جەعفەر لادەچێ ژنێکی جوان لە دیوارەکەوە دێتە دەرێ)

ئەمە کەنیزی تایبەتی خۆمە، ناوی بەڵقیسە، بەدرێژایی ئەو نۆ مانگە تۆ لێرە نەبووی، ئێمە کارمان لەنێو ماڵەکەی تۆدا دەکرد... تونێلێکی نهێنیمان لە تەویلەی قەسرەکەی خەلیفەوە بۆ ژووری نووستنەکەی تۆ لێداوە.

جەعفەر: (بە سەرسوڕمانەوە گوێبیستی قسەکانی عەباسەیە).

عەباسە: (بەدڵنیاییەوە)هیچ هێزێ نییە بتوانێ ڕێ لەو ژنە بگرێ کە بیەوێ خۆشەویستەکەی خۆی ببینێ هەموو سوپاکانی خەلیفە ناتوانن ڕێم لێ بگرن (ڕوو لە بەڵقیس دەکات) بەڵقیس وا نییە؟

بەڵقیس: خانمی گەورەم... خۆشەویستی ژن وەک خۆشەویستی پیاو نییە...
خۆشەویستی ژن لەیەک کاتدا ئاگرە سەوز ووشکی کۆسپەکان
دەسووتێنێ... ئاوە... شەپۆڵە... هیچ بەربەستێک لە ئاست
خۆشەویستی ژندا خۆی ناگرێ... ژن کە چووە نێو دونیای ئەوینەوە
کوێر دەبێ، کەڕ و لاڵ دەبێ... خانمی گەورەم فەرمووی سوپاکانی
خەلیفە ناتوانن ڕێم لێ بگرن... منیش دەڵێم ئەو ژنەی بیەوێ
خۆشەویستەکەی ببینێ... هەموو سوپاکانی دونیا ناتوانن ڕێی لێ
بگرن...

عەباسە: (چەپڵەیەک لێدەدات، لە دیوارەکەوە ڕەشپێستێ دێتە ژوورێ،
کڕنۆش دەبات، عەباسە دەست بە ڕوخساری جەعفەر دادەهێنێ...
لەگەڵ بەڵقیس و غولامە ڕەشپێستەکەدا دەچنە نێو دیوارەکەو ون
دەبن...)



## دیمەنی سێ

*(قەسری خیلافەت هارون و جبریل...*
*هارون دوو کیسە زێڕی بەدەستەوەیە... خرەخریان پێ دەکات و*
*هەڵیاندەدات و دەیانگرێتەوە...)*

هارون: جبریل... پزیشکە خۆشەویستەکەی من... من بەژیان قەرزاری تۆم
ئێستا گەلێ نارەحەتم...

جبریل: هەر هەمان دەنگەکەیە...

هارون: دەنگەکە؟... دەردە هەمیشەییەکەمە... دەسبەردارم نابێ...
نارەحەتییەکەی ئێستام هی ئەو دەنگە نییە... نارەحەتییەکی دییە!!
خۆ ترسە خەوتووەکە نییە؟!
(بەپێکەنینەوە) ئەڵبەتە ئەمیری موئمنین هەمان ئەو دەرمانەی
پێشتری دەوێ... یا بڵێین لەو دەرمانانە بەهێزتر... (پێدەکەنێ).
تەمەنیش دەوری خۆی هەیە، ئەگەر هەرەتی جارانت نەمابێ...
سۆنگەی تەمەنەکەیە... ئەرێ بەڕاست بیستوومە ژمارەی
کەنیزەکانی حەرەمسەراکەتان خۆی لە سێ هەزار دەدات... حەز
دەکەم خەلیفە دڵنیاکەمەوە، دەرمانێکی ئەوتۆت بۆ بگرمەوە هەر
هەموو کەنیزەکانی حەرەمسەراکە بهێنیتە لەرز... داوای سەدان
کەنیزی دیش بکەیت...

هارون: (بەزەردەخەنەوە) پەلەت کرد، قسەیەکی باو هەیە دەڵێن: نابێ

قسەی خەلیفە ببڕن... منیش دەڵێم: دەبێ خەلیفەش قسەی کەس نەبڕێ... ئەو جۆرە دەرمانەی تۆ باسی دەکەی بە کەڵکی من نایێت... دەرمانێکی دیم دەوێ...

جبریل: دەرمانەکە بۆ چی بێت...؟

هارون: ترس بڕەوێنیتەوە و ئاسوودەبەخش بێ...

جبریل: دەبێ بزانین، ترسەکە لە چییە؟

هارون: (دەکێشێتە سەر ئەو تەختەیەی لەسەری دانیشتووە) لەمە...

جبریل: جا ئەو تەختە دارە ئەوە دەهێنێ لێی بترسیت خۆ گیانلەبەر نییە، تا ئێوە لێی بترسن...

هارون: گیانلەبەرێکی هەزار رووحە... هەزارانی وەکو ئێمە لە گۆڕ دەنێ خۆشی هەر دەمێنێتەوە قەحپەیەکی زۆر سەیرە، هەر ماوەیەو کەسێ دەنێتە سەر خۆی... کەسەکەش هەر کە چووە سەری بوغرا و گەوج دەبێ... خۆی گێل دەکات... دەزانێ بەر لە خۆی لە ژێر کەسێکی دیدا بووە... دوای خۆشی کەسێکی دی لەسەر خۆی دەنێ... قەحپەیەکە هەر کەسێ بچێتە سەری تا سنووری پەرستن خۆشیدەوێ... من نەمزانیوە قەحپە هەندە خۆشەویست بێ...

جبریل: گەورەم تێگەیشتم... دەتانەوێ بیپارێزن...

هارون: دەمخۆش...

جبریل: سوپایەکی ئەوتۆتان هەیە، دونیای هێناوەتە لەرز هەر هەمان سوپا، بۆ ئێوەی دەپارێزێ...

هارون: هەموو سوپاکەی من کاریگەری ئەو دەرمانەی نییە وا لای تۆ دەست دەکەوێ...

جبریل: دەرمانەکانی من بۆ کەمهێزە... بۆ نەخۆشان شیفا بەخشە... سوپاس



بۆ خوای مەزن تەختەکەی ئێوە ئەوەندە بەهێزە، میهرو شیفا دەبەخشێ... پێویستی بەدەرمان نییە... بەڵکو من دەرمانەکەم لە سایەی ئەو تەختە موبارەکەوەیە کە بەردەوامی بەبوونی خۆمان دەدەین.

هارون: (بەتێفکرینەوە) ڕاست دەکەی بەڵام دڵم وا ناڵێ!!

جبریل: وابێ دەرمانێکتان دەوێ دڵتان بەهێز بکات...

هارون: دەمخۆش... هەمیشە دڵم لە خورپەدایە دەمەوێ ئەو خورپەیەی نەهێڵێ و ئاسوودەی کەیت... دەرمانێ بێت کەسێکی دی بیخوات من پێ چاک بمەوە...

جبریل: گەورەم، ئێمە دەرمان بە نەخۆش دەدەین... دەبێ نەخۆشەکە بیخوات تا خۆی چاک ببێتەوە... لە عیلمی ئێمەدا تا ئێستا دەرمانێکی وامان نییە غەیری نەخۆشەکە بیخوات و نەخۆشەکە چاک بکاتەوە...

هارون: ڕاستە لە عیلمی ئێوەی پزیشکدا وەک دەڵێی ئەو دەرمانە نییە... بەڵام لە عیلمی ئێمەی دەسەڵاتداردا ئەو دەمانە هەیە... ئینجا دەبێ دەسەڵاتدار و پزیشک هاریکاری یەکتر بکەن تا دەرمانەکە کاریگەرتر بێ...

جبریل: تێدەگەم... بەڵام حەز دەکەم ڕاشکاوتر قسان بکەین.

هارون: (بەغەمبارییەوە) دەمەوێ زەهرێکی ئەوتۆم بۆ بگریتەوە، هەر کەسێ بیخوات، هەست بەهیچ تام و ئازارێک نەکات، پاش یەک دوو مانگ، کاری خۆی ببینێ...

جبریل: (بەگەوجییەوە) دەتەوێ بەم دەرمانە کوشندەیە یەکێ لە دوژمنەکانی خۆت بکوژی؟!

هارون: (بەخوێن ساردییەوە) بەڵێ...

جبریل: ئەو کەسە دوژمنە؟

هارون: بەڵێ...

جبریل: گوناهبارە...؟

هارون: (بێدەنگە)

جبریل: ئەگەر گوناهبارە دەستگیری کەن، بە قازی بسپێرن... تا بەپێی شەرع و عورف موحاکەمەی بکات... ئەمیری موئمنین ئێوە دەتوانن دەستنیشانی تاوانباران بکەن و حوکمی کوشتنی بەسەرا بدەن...

هارون: بۆ ئەمەیان قورسە وا بەسادەیی و ئاسانی ئەنجام نادرێ...

جبریل: دەسەڵاتی ئێوە وەک خەلیفە گەلێ گەورەو بەرینە... جیاوازی دەسەڵاتی ئێوە لەگەڵ دەسەڵاتی قەیسەری ڕۆمدا زۆر زۆرە. ماوەیێک لە بیزانس دەژیام... ئاگادارم قەیسەر یا شاژن دەسەڵاتی ئەوەیان نییە، موخالیفانی خۆیان ئیعدام کەن... دەبێ حاکم مەحکەمەیان بکات... مەحکەمەکەش دەبێ بە ئاشکرا بێت... ڕێ بۆ تاوانباریش خۆش دەکرێ بەرگری لە خۆی بکات... ئەوسا حاکم پاش ڕاوێژ لەگەڵ چەند حاکمێکی دیدا حوکمەکە دەردەکەن... لەوێدا قەیسەر تەنها ئیمزای حوکمەکە دەکات... بەڵام ئێستا ئێوە لێرەدا گیان و ماڵ و ناموسی هەموو خەڵکانی وڵاتانی ئیسلامتان لەبەردەستە. هیچ کەسێ بۆی نییە، لێتان بپرسێتەوە... کەس ناتوانێ بەئێوە بڵێ بۆ ئەمەتان کرد...

هارون: (گەلێ بە غەمبارییەوە) ئەو کەسەی دەمەوێ لە ناوی بەم... کەسێکە لە نەوەکانی پێغەمبەرە... کوشتنەکەی ئاوها ئاسان نییە.

جبریل: (بەسەرسوڕمانەوە) گەورەم کاری وا چۆن دەکرێ ...

هارون: (بەساردییەوە) بۆ؟

جبریل: دەتەوێ یەکێ لە نەوەکانی پێغەمبەری خۆتان بکوژی؟



هارون: بەڵێ...

جبریل: بۆ؟

هارون: (دیسان بەدەست دەکێشێتە سەر تەختەکەی) داوای ئەمە دەکات... ئەگەر بەئاشکرا بیکوژم بەدناو دەبم، وەکو یەزیدی کوڕی معاویەم لێ دێ... ئەم کەسە بەئاشکرا دژ بەمن پڕوپاگەندە دەکات.

جبریل: گەورەم ڕێگاچارەی دی زۆرن وا لەو کەسە بکات دەستبەرداری پڕوپاگەندەی خراپ بێت.

هارون: وەکو چی؟

جبریل: گەورەم خۆتان چاکتر دەزانن.

هارون: مەبەست لە خۆتان چاکتر دەزانن چییە؟

جبریل: ئەویش عەرەبە... ئێوە لە ناو خۆتانا چاکتر یەکتر دەناسن و خاڵە بێ هێز و بەهێزەکانی یەکتر دەزانن...

هارون: بۆ ئەمەیان ڕاست دەکەی... بەڵام بۆ ڕێگەچارەی دی دەمەوێ ڕای تۆش بزانم...

جبریل: پێم وایە، هەوڵدەن لە خۆتانی نزیک کەنەوە...

هارون: جا ئەمە چ سوودێکی هەیە؟

جبریل: دوو سوودی گەورەی هەیە.

هارون: وەک؟

جبریل: یەکەم لەنزیکەوە دەزانیت چی دەوێ...

هارون: لە ئێستاوە دەزانم (هەردوو دەست دەخاتە سەر تەختەکەی) ئەمەی دەوێ...

جبریل: مەبەستم ئەوەیە دەزانیت بە چ جۆرە ڕەفتارێ بگاتە ئامانج...

هارون: ئەی سوودی دووەم؟

جبریل: (دەست بۆ تەختی خیلافەت دەبا) ئەڵبەتە کەسێ ئەوەی بوێت، تەنها نییە... دۆست و هاوڕێ و هەواداری هەن... ئەوان گومان لەم نزیکبوونەوەیە پەیدا دەکەن... خۆ ئەگەر جار جارێ لەبەر چاوی خەڵکیدا خەڵاتی بکەی و دەست بە پشتیا بێنی... ئەوا دۆستەکانی لە ئاستیا بەدگومان دەبن...

هارون: کەسێکی گەلێ جدییە، خاوەنی بڕیاری خۆبەتی... ئەگەر خاوەنی ئەم نەفسیەتە نەبا، بۆ بڕیاری کوشتنیم دەدا...

جبریل: وابێ لەبەر نەفسیەت بەرزییەکەیەتی دەیکوژی؟!

هارون: زۆر جار سیفەتی چاک دەبێتە دوژمنی خاوەنەکەی.

جبریل: بەڵێ...

هارون: گوتم کەسێکی جدییە... ئەگەر چی تا ئێستا نەیتوانیوە کاری خراپ بکات... لە غەیری پڕوپاگەندە بەولاوە هیچی نەکردووە... بەڵام لە داهاتوودا دەتوانێ دژ بە من و لەبەر خۆشەویستی ئەمە (هەردوو دەست دەخاتە سەر هەردوو دەسکی تەختەکەی) شۆڕشێکی گەورە بەرپا بکات... منیش بۆ ئەوەی ڕێ لە هەموو ڕووداوێک بگرم کە ئارامیم تێکدەدات دەمەوێ بەنهێنی بنبڕی کەم... (بێدەنگی) بۆیە دەمەوێ ئاسوودەییم پێ ببەخشێ.

جبریل: بەگیان کێشانی کەسێکی دی، گیانی ئێوە ئاسوودەکەم؟

هارون: بەڵێ...

جبریل: یانی لەیەک کاتدا دوو کار بکەم.

هارون: بەڵێ...

جبریل: باشە ئەگەر بەشداریم کرد، ئەمیری موئمنین چ باوەڕێکی بە من دەمێنێ... چ متمانەیێک بە من دەکات.

هارون: (بەپەلە) باوەڕم زیاتر دەبێت... زیاتر دەبنە جێی متمانەم...



جبریل: بەداخەوە ئەمیری موئمنین باوەڕ بە خائین بکەن.

هارون: خائین؟

جبریل: بەڵێ گەورەم... لە کۆتایی خوێندنی پزیشکیمدا سوێندم خواردووە، جگە بۆ شفا بەخشین و ڕزگار کردنی ئینسان لە ئێش و ئازار... بۆ غەیری ئەمانە من زانستی پزیشکی خۆم ناخەمە کار... ببوورن سوێندەکەی خۆم بەرامبەر بە مامۆستاکانم ناشکێنم...

هارون: (ڕەنگی تێکچووە) دەتەوێ بڵێی فەرمانی تۆش جێبەجێ ناکەم...

جبریل: نەء... گەورەم... دەمەوێ دوژمنێ بۆ خەلیفە کەمترکەم...

هارون: یانی بەشداریم دەکەیت... دەرمانەکە...

جبریل: نەء گەورەم... بەشداری بکەم و دەرمانەکە دروست کەم دەبمە درۆزن و خائین... درۆزن و خائینیش لەنێو قەسردا ژیان بگوزەرێنن، خەتەرن... دوژمنی وەلی نیعمەتی خۆیانن... سبەی کەسێ زیاتر بداتە خائین و درۆزن هەمان ڕەفتار دژ بە ئێوەش دەکات...

هارون: (بێ ئومێدە) ئەم کارە ئاسانەم پێت بوو... کەچی...

جبریل: ڕووح کێشان ئاسانە! من دەستی خەلیفە ماچ دەکەم ئیجازەم بدات بگەڕێمەوە بۆ ئەهواز تا بەردەوامی بەخوێندن و لێکۆڵینەوەکانی خۆم بدەم...

هارون: خاوەنی ئەم نهێنییەیت و داوای ئیجازە دەکەیت و و بڕۆیت...؟!

جبریل: (ڕەنگی تێک دەچێت).

هارون: (بەساردییەوە) عورفی ئێمە وایە، ئەوەی نهێنییەکانمان بزانێ لێدەگەڕێن جیابێتەوە... بەڵام نەک بۆ ئەو شوێنە بڕوات وا خۆی دەیەوێ... بەڵکو بۆ ئەو شوێنەی دەنێرین وا خۆمان دەمانەوێ... (دوو کیسە زێڕەکەی دەخاتە سەر مێزەکە بەهەردوو دەست بەرەو

لای جبریل پاڵی پێوە دەنێ) بەڵام لەبەر ئەوەی خزمەتی زۆرت کردووین شانسێکی ترت دەدەمێ...

جبریل: (بەهەمان شێوە پاڵ بە کیسەکانەوە دەنێ... هاڕون بەرەو جبریل پاڵ بەکیسەکانەوە دەنێ بۆ ماوەییێک ئەم کارە دەکەن، دەمی کیسەکان دەکرێنەوە... یەکەیەکە زێڕەکان دەکەونە کۆشی هاڕونەوە... هاڕون هەڵدەستێ، هەموو زێڕەکان دەکەونە سەر زەوی...)



## دیمەنی چوار

*ماڵی یەحیا...*

*یەحیا و جەعفەر...*

یەحیا: (گەلێ غەمبارە) ڕۆژ بە ڕۆژ کارەکان گەنتر دەبن... لە چوار هەزار عەلەوی موخالیفی خەلیفە دوو هەزاریان هەڵواسیوە... شوێن نەماوە بە جەستەیانەوە جێی شیروتیر و نیزەی پێوە نەبێت.

جەعفەر: عەبدوڵڵای کوڕی حەسەن، و حوسێن-ی کوڕی عەلی ئەم دووانەی لە لای من دانا. پاشان بردیانی. هەرچەندە تکام لێ کرد کە ئەمانە نەوەی پێغەمبەرن... بێ سوود بوو... هەردووکیانی کوشت...

یەحیا: داوێکی بۆ فەزڵی برات ناوەتەوە...

جەعفەر: پاش ئەو سەرکەوتنە... جا چی بۆ هاڕون نەکردووە؟

یەحیا: فەزڵ توانی بە سیاسەت سەرکەوتنەکەی وەدەست بێنێ کارێکی ئەوتۆی کرد، لە دەیلەمستان، یەحیای کوڕی عەبدوڵڵا. دەستبەرداری جەنگ بێت. ئەماننامەی بۆ وەرگرتووە... هێناویەتەوە بۆ بەغدا. ئێستا خەلیفە لەو ئەماننامەیە پەشیمانە... خەفیەکانم ئاگاداریان کردوومەتەوە، بە تەمایە یەحیایش بکوژێ.

جەعفەر: زۆرم پێ سەیرە... وەکو جاران نەماو، تا بە تەمەنتر دەبێ زیاتر بێ بەزەیی و دڵڕەقتر دەبێ... چەند ڕۆژێ لەمەوبەر، خۆی

دانیشتبوو، لەبەر چاویا هەزار عەلەوییان کوشت، بەزەیی بەئاستەم نەبزوا... وەک بت بێ جوولّە بوو لە ئاست ئەو هەموو خوێنە...

یەحیا: پێم گوتوویت و دووبارەی دەکەمەوە. پێشتر خۆشەویستی و ڕقی خۆی دەخستەڕوو. هەر بە سەرنجێ دەتزانی ڕقی لێتە، یا خۆشی دەوێیت... ئێستا ڕێک پێچەوانە... ئەگەر بەڕووتا پێکەنی دەبێ بزانی چ داوێکی بۆ ناویتەتەوە... ئەگەر بە مۆنییەوە سەرنجی دایت بەدووری مەزانە بانگت کات و خەلاّتت کات... هەندێ جاریش نە بزەی بزەیە نە مۆنییەکەی مۆنییە... مانای بۆ هەردوو حالّەتەکە نەهێشتووەتەوە... ئەوەتا فەزڵی برات یەحیای کوڕی عەبدوللاّی هێناوەتەوە بۆ بەغدا... هاڕون دیاریەکی زۆری پێشکەش بە یەحیا کردووە... ئەم ڕەفتارەی بووەتە جێی مەترسی من.

جەعفەر: دەردەکەی هادی برای گرتووە... کەنیزەکانیشی دەهێنێ بۆ سەیرکردنی کوشتنی ئەو خەڵکە... جومعەی ڕابووردوو. جگە لە مەسروری جەلاد، کاربەدەستە گەورەکانیشی بانگ کردبوو، دەبا هەر یەکەو دە عەلەوی بکوژن... کەنیزەکان زەندەقیان چووبوو، ڕەنگ بە ڕوویانەوە نەمابوو... ئەمین و مەئمونی لە تەنیشتی خۆیەوە ڕاگرتبوون. سەیری ئەو قەسابخانەیان دەکرد... ئەو جومعەیە پێنج سەد کەس کوژرا... منیش لەو مەجلیسە دانیشتبووم... عەبدوللاّی کوڕی مالک هات... شتێکی چپاندە گوێی... هەلّسا مەجلیسی جێهێشت، ناردی بەدووی مندا بە سێ قولّی دانیشتین...

یەحیا: حەتمەن باسی یەحیای عەبدوللاّ-یان کرد.

جەعفەر: بەلّێ...

یەحیا: گوتی هەموو شتێ ئامادەیە بۆ زەهر خواردکردنی یەحیای کوڕی عەبدوللاّ.



جەعفەر: بەلّێ...

یەحیا: خەفیەکانم ئەم نەخشەیەی عەبدوللاّی مالکیان بۆ نووسیوم... هاڕون چی گوت...؟

جەعفەر: پێی گوت، هەندێ سەبرکە، کارێکم کردووە، هەندێ لە زانایانی ئاینم کۆکردووەتەوە، لە ناوەرۆکی ئەو ئەماننامەیە بکۆڵنەوە، حیلە شەرعییەکم بۆ بدۆزنەوە... هاڕون بە تووڕەییەوە نەڕاندی: باوکم هەمیشە نەسیحەتی دەکردم و دەیگوت: ئەم شیعە عەلەوییانە هەمیشە لە مەلاّسدان داوای خیلافەت دەکەن... ڕووی لە عەبدوللاّ کردو پێی گوت دەمەوێ دۆزەخێکیان بۆ داگیرسێنی قڕیان کەیت.

یەحیا: عەبدوللاّ چی گوت؟

جەعفەر: بەجۆرێ گەشابووەوە دەتگوت دەیەوێ تۆڵەی خۆی بکاتەو... چەند جارێ لە سەر یەک دەیگوت ئەمری ئەمیری موئمنین لەسەرچاوە... (بێ دەنگی) ئەرێ باوکە پێم سەیرە، چۆن هاڕون ئەوەندە لە عەبدوللاّی کوری مالک دلّنیایە... ماوەیێک سەرۆکی پۆلیسی نهێنی مەهدی بوو، ماوەیەکیش هەمان وەزیفەی لەلای هادی هەبوو... پاش هادی دوورخرایەوە... کەچی ئێستا هاڕون هێناویەتەوە...

یەحیا: جا بۆ پێت سەیرە... ئەمە سیاسەتە... ئەوەی بۆ هادی ی دەکرد ئێستا بۆ ئەمی دەکات... عەبدوللاّ دەیەوێ بژێت، ڕاهاتووەتە سەر زەمانسازی... یەکێکە لەدوژمنە سەرسەختەکانی ئێمە... هەمیشە باسی ئێمە دەکات، پێمان دەلّێ: کۆنە مەجوسەکان دەیانەوێ دەست بەسەر عەرەبەکان بگرن... پێم وایە هەندەی زوبەیدە دوژمنایەتیمان دەکات... گەلێکیش گومان لەو بێدەنگی یەی دەکەم...

## دیمەنی پێنج

*(هۆڵێ، دوو قازی لە تەنیشتی یەکدییەوە دانیشتوون فەزڵ بە پێوەیە... وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە نووسەرێکیش هەموو قسەکان دەنووسێت...)*

قازی یەک: تۆ سەد هەزار درهەمت لە مالیاتی دەوڵەت، ڕشوەتت داوە بە حوکمڕانی دەیلەم.

فەزڵ: بەڵێ... بەم پارەیە، وام کرد یەحیای کوڕی عەبدوللا هاندەم خۆی تەسلیم بە من بکات... ئاگاداری فەرمانڕەوای دەیلەمم کرد، کارێ نەکات ڕقی خەلیفە بورووژێنێ، خەلیفە ناچار بێت دەیلەمستان داگیر بکات... سەد هەزار درهەمم بۆ نارد... تا پێشوازی لە یەحیا نەکات... ئەوە بوو یەحیا بەپێی ئەو ئەماننامەیەی بۆم نووسی خۆی تەسلیم بە من کرد...

قازی یەک: ئایە ئەماننامەکە بە ئیمزای خەلیفەیە؟

فەزڵ: ئیمزای من و هەندێ لە گەورە پیاوان و قازییەکانیشی پێوەیە... لەبەرئەوەی من وەزیرم، لە لایەن خەلیفەوە ئیجازە دراوم، لە کارە گرنگەکاندا دەستپێشخەربم و ئەوەی لە بەرژەوەندی خەلیفەدایە بیکەم... یەحیای کوڕی عەبدوللا پەیماننامەکەی قبوڵ کرد دەستبەرداری شۆڕش و یاخیبوونەکەی بوو، لەگەڵما گەڕایەوە بۆ بەغدا...



قازی یەک: ئایە تۆ لە خەلیفە ئیزنت وەرگرتبوو، ئەم دوژمنە یاخی و ستەمکارە، ئەم زاڵمە بێ ڕەحمە... ئەلحەمدوللا هەموویان لەنێوچوون و کوژران... ئەم یەحیایە یەکێکە لە دوژمنە هەرە سەرسەختەکانی خواو خەلیفە... کەچی تۆش ئەماننامەی دەدەیتێ ئەمانە لە ڕێ دەرچوون... بێ ئیمان، کافرن. خەوارجن. زەندیقن.

فەزڵ: ئەو کەسانەی یاخی بوون، دژ بە خەلیفە ئاشووبیان نابووەوە بەدکارییان کردبوو... ئەوانە سزای خۆیان وەرگرت ... حەق نەبوو ئەو کارانە بکەن... بەڵام کە دەڵێ: بێ ئیمانن، کافرن، زەندیقن ئەمەیان وا نییە... ئەوانە نەوەی حەسەنی کوڕی عەلی ئەبو تالێبن نابێت بەمانە بگوترێ بێ ئیمانن و کافر...

قازی یەک: من پێم وابوو، وەزیری وڵاتی ئیسلام، دەبێ بەوەفاو خزمەتکاری خەلیفەی خوا بێت... بە تایبەت هارون ئەلڕەشیدی گەورەمان کە سێبەری خوایە لەسەر زەوی، ناو و ناوبانگی سەرتاپای جیهانی داگیر کردووە، کە ، خواناسێکی گەورەیە، چ عادیلێکی بێ هاوتایە... چ جوامێر و چ ڕەشیدێکە... کەچی دەبینم تۆ وەزیری خەلیفە بە جۆرێ لەمەڕ شیعەکانەوە قسە دەکەی وەک ئەوەی خۆیشت شیعە بیت (بە پێکەنینەوە)

خۆشبەحاڵی خەلیفە... وەزیرکەی باوەڕی وایە سەرکردەکانی سوپای چوار هەزار کەسە یاخییەکە، دژ بە سوپای خەلیفە جەنگان. خوێنی سوپای خەلیفەو خەڵکی ئیماندار و بێ گوناهیان ڕشت... بەحسابی ئەم وەزیرە... ئەوانە زوڵمیان نەکردووە، دەستیان بۆ عەرزو نامووسی خەڵک نەبردووە، تالان و فەرهودیان نەکردووە.

(بەتووڕەییەوە). بە حیسابی ئەم پیاوە، مادامێ لە نەوەی حەسەنی کوڕی عەلین دەبێ دەستخۆشییان لێ بکەین و پێیان

بلێین فەرموون ئەوە ژنەکانمان ئەوە کچەکانمان، هەر چییەکمان هەیە بیبەن، مادامێ ئێوە لە نەوەی ئەو زاتە موبارەکەن، چاوتان بە هەر کچ و ژنێکی ئێمە بکەوێ، لە ئێمە حەرام دەبن و مارەیان لە ئێوە دەبڕێت... ئەو دەمە بەسەر چوو ئەم نەوەیە بەخۆبادانەوە، شانازی بەوەوە بکەن و بلێین ئێمەیش بە سەرنج مارەی ژنانمان لێ دەبڕێت... نەخێر (عومەر)ی زەمان پەیدابووە، شمشێرەکەی هەڵدەکێشێ و دەڵێ: ئەممەیان نەء.

فەزڵ: (تێدەگات باسەکە بەرەو کوێ دەچێت، هەوڵ دەدات باسەکە بەرەو لایێکی دی دەبات).

جەنابی قازی... تۆ دەیلەمستانت بینیوە... نازانی لە کوێستانەکانیدا چەندین هەڵدێری ترسناکی لێیە... کوێرە ڕێیەکانی ئەوێ هەند سەخت و تەنگەبەرن، شارەزاکانی خۆیان ڕێ گوم دەکەن... سوپاکانی ئیسلام لە سەردەمی ڕاشدین و ئەمەوییەکانیش نەیانتوانیوە، لەو ڕێیە سەختانەوە بپەڕنەوە...

قازی یەک: جا ئەم قسانە چ پەیوەندییەکی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە... خۆ ئێمە باسی جوگرافیا ناکەین.

فەزڵ: پەیوەندییەکی زۆری بە باسەکەمانەوە هەیە... بۆ ئەوەی یەحیای کوڕی عەبدوڵلا لەوێ مەبەستم ئەو سەرزەمینە سەختەیە، نەمێنێتەوە، شۆڕشەکەی پەرە نەسێنێ... دیدەنی فەرمانڕەوای دەیلەمم کرد، بەزمانەکەی خۆی قسەم لەگەڵ کرد... بەسەد هەزار درهەم قایلم کرد، ڕێ بە یەحیا نەدات لە ناوچەکەیدا دژ بە خەلیفەی ئیسلام یاخی بێت و شۆڕش بەرپا بکات... بەو گفتوگۆیە و سەد هەزار درهەمەوە شۆڕشەکەی یەحیام سەرکوێر کرد و ئەویشم لەگەڵ خۆمدا هێنایەوە بۆ بەغدا تا خەلیفە ئاسوودە بێ.



قازی یەک: گوتت خەلیفە ئاسوودە بێ؟

فەزڵ: بەڵێ

قازی یەک: هەروەها گوتت: لەگەڵ حوکمڕانی دەیلەمدا بە زمانەکەی خۆی قسەم کرد.

فەزڵ: بەڵێ...

قازی یەک: (بەتەوسەوە) تۆ لە نێوان قسەکانتدا ئاماژە بۆ دوو شتی خەتەر دەکەیت... خەتەر بۆ سەر ژیانی خەلیفە... خەتەر بۆ سەر دەوڵەتی ئیسلام... یەکەمیان دەڵێی: بەزمانی خۆی قسەم لەگەڵ فەرمانڕەوای دەیلەم کرد...

ئەممەیان زمانی کافرەکانی دوژمن بەئێمەن... ئەم کافرانە زۆر جار هێرش دەکەنە سەر سنوورەکانی ئیسلام، بەزمانی ئەوان قسەت کرد، ئەممەیان باسێکە دەبێ لێی ورد بینەوە... بەوردی تەحقیقی تیا بکەین تا بزانین ڕادەی ئاشنایەتی تۆ لەگەڵ ئەم کافرانە لە چ ئاستێکدایە...

دووەمیش کە دەڵێی خەلیفە ئاسوودە بێت... بەم قسەیەت ڕێت بە خۆت داوە ئیهانەی ئەمیری موئمنین بکەیت چونکە کەسێکی بێ قیمەتی مانەندی یەحیای کوڕی عەبدوڵلا-ی عەلەویت، کردووەتە مایەی نائارامی خەلیفە... لەڕاستیدا موتەئەسیفم . لەجیاتی ئەوەی سەری تەعزیم بۆ خەلیفە نەوی کەنەوە... کەچی بەداخەوە تۆ خەلیفەت وا لە قەڵەم دا گوایە جەبانەو لە ترسانا خەوی لێ ناکەوێ، پێویستی بەوەیە تۆ ئاسوودەی کەیت...

فەزڵ: ئەمە تەفسیری خۆتە...

قازی یەک: سەرنجێکی دیشم هەیە، ئەویش ئەوەیە مادامێ ڕەشوەتت داوە بەحوکمڕانی دەیلەمستان، ئەوا ناوەڕۆکی ئەماننامەکە

هەڵدەوەشێتەوە... چونکە بەپارە ئەم یاخی و زاڵمەت وەرگرتووەتەوە... مادامێ پارە هاتە گۆڕێ، ئەماننامە هیچ مانایێکی نامێنێ، ئەمە جگە لەوەی کە (ڕاست و ڕاست چاو دەبڕێتە چاوەکانی فەزڵ) جەنابی وەزیر، ئێوە بۆ جەنگ نێردرابوون... بڕیاریش وابوو ئێوە لەگەڵ دەیلەمە کافرەکاندا جیهاد بکەن، تا بە هێزی بازوو یەحیای کوڕی عەبدوڵلا دەستگیرکەن... مادامێ بەگفتوگۆ و ئاشتبوونەوە و پارەدانیش هاتووەتە گۆڕێ... ئەمانە هەموو دەلیلن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەماننامەکە...

قازی دوو: بەهەر حاڵ ئەماننامەکە لە لایەن خەلیفەوەیە... چونکە ئەو ئەماننامەیە لە ڕێی کەسێکەوە نێردراوە کە خودی خەلیفە کردوویەتی بە وەزیر... وەزیریش ئەو دەسەڵاتەی هەیە.

قازی یەک: (بەهەڵچوونەوە) ئەماننامە بۆ یەحیای عەلەوی هیچ سوودێکی نییە، لەبەرئەوەی جەنگاوەر بووە دژ بە خەلیفە یاخی بووە و شۆڕشی بەرپا کردووە... ئەمە جگە لەوەی سەد هەزار درهەم لە ماڵی موسڵمانان دراوە بە ڕشوەت... ئەمانە هەموو دەلیلن ئەو ئەماننامەیە قابیلی هەڵوەشاندنەوەیە...

قازی دوو: ئەم ئەماننامەیە پاش گفتوگۆ و ئاشتبوونەوە هاتووەتە گۆڕێ... فەزڵ بەزیرەکی هەوڵی داوە، ڕێ لە زیانی بێهوودە بگرێ، نەیویستووە زیان بەو پەنجا هەزار سەربازەی ئیسلام بگەیێنێ کە لە ژێر دەستیا بوون... نەیهێشتووە جەنگەکە بەرین بێتەوە، خوێنی موسڵمانان، بە خۆڕایی و بێ سوود بڕێژرێ... چاکترین ڕێگا چارەی هەڵبژاردووە...

قازی یەک: یانی جیهاد لە ڕێی ئیسلامدا، بە خوێنڕژتنی بێ سوود لە قەڵەم دەدەی... ئەی ئێمە ئەم هەموو سەربازانەمان بۆ چییە؟ بۆچی



مووچەیان دەدەینێ؟ بۆچی بەخێویان دەکەین... ئایە بۆ ڕۆژێکی وانییە...؟

قازی دوو: مەبەستم ئەوەیە گەر کێشەیەک بەبێ خوێنڕژتن چارە بکرێ باشترە لەوەی جەنگ بەرپا بکرێ و ئاگری جەنگ خۆش کرێ...

قازی یەک: جارێ ئەمە جەنگ نییە و جیهادە...

فەزڵ: (قسەی قازییەکە دەبڕێ) ئەمە جەنگە... بەتایبەتی لەگەڵ کەسانێک کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامدان.

قازی یەک: خۆیان ئیسلام نین.

فەزڵ: هەزاران غەیرە ئیسلام وەک جوولەکە و نەسرانی لە بەغدادان و ڕێزیشیان لێ دەگیرێ...

قازی یەک: ئەوانە ئەهلی کتابن.

فەزڵ: ئەوانەی دەیلەمیش بت پەرست نین، خوادەپەرستن.

قازی یەک: ئەهلی کتاب نین.

فەزڵ: خواپەرستن.

قازی یەک: بڵێ زەردەشتین...

فەزڵ: بەڵێ... زەردەشتی و بودایین...

قازی یەک: یانی کافرن... لەگەڵ کافرانیشدا جیهاد دەکرێ، جیهاد لە ڕێی ئیسلامدا ئەجری گەورەی هەیە، ئەوانەی دەکوژرێن شەهیدن و جێیان بەهەشتی بەرینەو حەفتا حۆرییان دەدەنێ (هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە) خوای گەورەی بێ شەریک، شەهادەتمان بە نسیب بکەی. تا لە حەفتا حۆرییەکەی بەهەشت بێ بەش نەبین ئامین یا ڕەب لعالەمین ئامین...

(دەستەکانی دادەگرێتە خوارێ)

قازی دوو: جگە لە حۆرییەکان، حورئەلعەینیشی تیایە، هەروەها ویلدانون موخەلەدونیش، جگە لە شەرابەن تەهورە پێ دەچێ ئەمانەت لە بیر کردبێ...

قازی یەک: ئینشائەڵڵا خوای گەورە، لەمانەش بێ بەشم ناکات ... (لەپڕ، ڕوو لە قــازی ی دوو دەکــات) گــوتت چاک وایە ئاگــری جــەنگ دانەگیرسێنرێ؟

قازی دوو: بەڵێ... نەشارەزا بە جۆرێک ئاگرەکە دەکاتەوە کوژانەوەی ئەو ئاگــرە لە دەســەڵاتی خــۆی دەردەچێ ئیــدی ئەو ئاگــرە تەڕو وشک دەسووتێنێ.

قازی یەک: پێویستە لەم دنیادا ئاگری دۆزەخ بۆ کافران داگیرسێنرێ... تەڕ و وشکیــان زیبڕوحیــان... هەرچییەکیــان هەیە بسووتێنری. (بەقــازی دوو) تۆ ناتوانی بەرگری لە فەزڵ بکەی.

فــەزڵ: (باســەکــە بەلایێکی دی دەبات) من... هەفــتــەی جــارێک بەهۆی تەتەری تیژڕەو، ئەمیری موئمنینم ئاگادار دەکردەوە... هەنگاو بە هەنگاو چیم نیازە... هەر هەموو شتەکان لەسەر ڕەزامەندی خودی خەلیفە بووە

قازی یەک: ناوەڕۆکی ئەمانامەکە لە لای من قابلی قبوڵ نییە.

فەزڵ: (بەتووڕەییەوە) ئەم قسەیە چییە دەیکەیت... تۆ لەم شارە ئاسایشە دانیــشــتــوویت... وا قــســە دەکــەی وەک ئەوەی من بۆ ســیــاحــەت چوومەتە کوێستان و جەنگەڵەکانی دەیلەم... دانیشتوویت دەست بەرز دەکــەیتــەوە... خــوای مــەزن شــەهادەتت بە نسیب بکات تا لە بەهەشتی بەرین، لە حەفتا حۆرییەکە و جۆگەلە شەرابەن تەهورەکە بێ بەش نەبیت... وەک من بزانم تا ئێستــا لە بەغدا نەچوویتــەتە دەرێ، هەر بۆ خــۆشــیــش تاقــە تیــرێکت لە کــەوان نەناوە،

نیشانەیەکت نەشکاندووە... تۆ دانیشتوویت و قسەی زل دەکەی... فــەرمــوو لەگــەڵ مندا ڕۆژێ ... تاقــە ڕۆژێ وەرە بۆ جــەنگ... تا ئارەزووی شەهادەت و حەفتا حۆرییەکەت وەدی بێت...

قازی یەک: من بە عیلم و شەرع جیهاد دەکەم...

فەزڵ: ئەم جیهادەی تۆ شەهید بوونی تیا نییە... وەکو هەموو کەسێکی ئاسایی لەنێو نوێندا دەمریت... ئیدی لەو حەفتا حۆرییە بێ بەش دەبیت...

قازی یەک: (بێدەنگە و سەر دادەخات).

فەزڵ: من باوباپیرم نووسەر و شاعیر و مێژوونووسن کەچی تۆ عەیبم لێ دەگری کە، من چۆن بە زمانی بێگانە و کافرەکان قسە دەکەم... من دڵگرانم گەلێکیش دڵگرانم، کە ئەوانە بە بێگانە لە قەڵەم دەدەی... ڕەنگە هەر بە هۆی توندڕەوی کەسانی مانەندی تۆوە بێت، کە ئەو جۆرە کەسانە نەبوون بە ئیسلام... ئێستا لەو شوێنانەدا... تەنانەت لە خوراسانیشدا، زەردەشتی و بودایی زۆرن... لە کاتێکدا ئەمانە هەمــوویان، ڕەعــیــەت و تابیــعی خــیــلافــەتی مــوقــەدەسی ئالی عەباسن...

قازی یەک: (بە زەردەخەنەیێکی تەوس ئامێزەوە) لە بودایی و مەجسیان کــە بــە ڕووکــەش بوونــەتە ئیســلام، چ ســوودێکمــان وەرگــرتووە، تا سوود لەم کافرانە وەرگرین... بەئیسلام بوونی ئەم کافرانەی دەیلەم زەرەیەک سوود بەئیسلام ناگەیێنێ...

فەزڵ: (ڕەنگی تێکدەچێ)

قازی یەک: کۆنووسی ئەم دانیشتنە دەخەمە بەردەستی موبارەکی خەلیفە تا خۆی حوکمی ڕەوای خۆی بفەرمێت...

# دیمەنی شەش

*ماڵی یەحیا...*

*(یەحیا و جەحفەر)*

یەحیا: هارون بڕیاری داوە، یەحیای کوڕی عەبدوڵلا-ی عەلەوی لەلای تۆ دابنێ... تا لەژێر چاودێری شەخسی خۆتا بێت... دەبێ لە بەغدا نەچێتە دەرێ...

جەعفەر: ئەی مەسەلەی ئەماننامەکە...؟

یەحیا: بە قازییەکانی گوتووە، پەلە مەکەن، بە وردی بیری لێ دەکەینەوە...

جەعفەر: ئەی فەزڵی برام...

یەحیا: فەرمانی دەرکردووە لە بەغدا نەمێنێ... بۆ سەرکوتکردنی یاخیبووەکانی ئەرمەنستانی بنێرێ... پاشانیش هەر لەوێدا ببێتە حوکمڕانی ئەرمەنستان...

جەعفەر: پێم سەیرە، یەحیا بۆ دەنێرێتە لای من...

یەحیا: بۆ تاقیکردنەوەی ڕادەی دڵسۆزی تۆیە... ئیدی لەمەولا تۆ لەنێو تەرازووی تاقیکردنەوەیت.

جەعفەر: هەست دەکەم زۆریان لەسەر خوێندووین... زیاتریشیان لەسەر نووسیوین...

یەحیا: ئەو ڕۆژە، من و تۆو هارون و عەباسە، لەنێو باغەکەیدا بووین،



هارون کراسێکی گەلێ بەرینی لەبەردابوو. داوای لێ کردی بچیتە نێو کراسەکەیەوە...

جەعفەر: کە هەردووکمان مناڵ بووین، خۆشترین گەمەی ئێمە ئەوە بوو هەردووکمان دەچووینە نێو یەک کراسەوە... تا شەکەت دەبووین بەیەکەوە هەڵبەزو دابەزمان دەکرد... هەستمان دەکرد، هەردووکمان یەک ڕوحمان هەیە.

یەحیا: ئەو دەمە گەمەی بەرائەتی مناڵان بوو. ئێستا هەمان گەمەیە. بەڵام بەرائەتی تیا نەماوە... لەتۆ و فەزڵی برات بەد گومانە... دەزانم نۆرەیش دێتە سەر من.

## دیمەنی حەوت

*(باغچەیەکی گەلێ ڕازاوەی قەسر... هارون، جەعفەر، یەحیا، عەباسە، چەند کەنیزێک و کەنیزێکی دوو گیانیش... مەسروری جەلادیش لە دوورەوە دیارە...)*

هارون: (پێدەکەنێ، بە جەعفەر) ئەو کەنیزە دوو گیانە بێزوو بە خورماوە دەکات (هەردوو دەستی هەڵدەپێکێ) جەعفەر، وەرە بچۆ سەر دەستم، ئەو خورما گەیبیوانە بۆ ئەم کەنیزە ئازیز و نازدارەم بێنە خوارێ... دەی جەعفەر وەرە پێشێ، لێ نەگەڕێی خورمای لێ ببێتە حەسرەت... دەبێ کامی بێزووەکەی بشکێ...

عەباسە: (ڕوو لە کەنیزەکان دەکات و قاقا پێدەکەنێ)

من دەترسم... دارەکە گەلێ بەرزە...

هارون: (سەیری دەوروبەر دەکات) جەعفەر لەگەڵ تۆمە وەرە پێیەکانت بخەرە سەر دەستم، بچۆ سەرێ هەندێ خورما بێنە خوارێ...

جەعفەر: (ڕەنگی تێک دەچێ) گەورەم من نۆکەری ئێوەم...

هارون: (قسەکەی دەبڕی) من نۆکەرم زۆرە... هاوڕێم دەوێ...دەی وەرە پێشێ...

جەعفەر: گەورەم لەم ئەرکە ببوورە... ئەگەر ئیجازە بفەرموون چەند پاسەوانی بانگ دەکەم، هەرچەندە خورماتوێت بۆ بێننە خوارێ...

هارون: لەمەیشیان، تێنەگەیشتی... خورماکە بۆ من نییە... خۆ من بێزوو



ناکەم. (بەریتمێکی مانادارەوە) ڕەنگە بێزو بە شتێکی دییەوە بکەم.

جەعفەر: گەورەم...

هارون: من فەرمانت دەدەمێ... پێیەکانت بخە سەر دەستم بچۆ سەرێ...

جەعفەر: (بەناچاری پێیەکانی دەنێتە سەر دەستی هارون، بەرز دەبێتەوە، بەڵام هێشتا دەستی ناگاتە خورماکان) گەورەم گەلێ بەرزن، دەستم نایانگاتێ!

هارون: (قاقا پێدەکەنێ) هەندەی کورسی خیلافەت بەرزن...

جەعفەر: (بێدەنگی)

هارون: (بەپێکەنینەوە) جەعفەر وەڵامم بدەوە!

جەعفەر: (بەشڵەژانەوە) گەورەم گەلێ بەرزن، دەستم نایانگاتێ.

هارون: گوتم هەندەی کورسی خیلافەت بەرزن.

جەحفەر: (بەناچاری ) بەڵێ...

یەحیا: (بەترسەوە) ئەمیری موئمنین، ئەمە چ فەرمایشتێ بوو فەرمووت... ئێمە هەموومان، بەسەرو ماڵ و سامانەوە خزمەتکار و غوڵامی تۆین... تەختی خیلافەت بە وجودی ئێوەوە موقەدەسە... ئێمە هەرچییەک بکەین تەنها بۆ مەزنی و خۆشبەختی ئێوەیە... وجودی موبارەکی ئێوە...

هارون: (قسەکەی دەبڕێ)

نازانم چ لە یەحیای خالیدی بەمەرکی بکەم... خۆ ناتوانین دوو قسەی گاڵتەش بکەین... دەیەوێ هەمیشە هەر خەلیفەبم... ئێستا من خەلیفە نیم... من هاوڕێی جەعفەرم (بە تەوسەوە) ئەم خەلیفەیەتیە، ڕێی زۆر شتی لێ گرتووم... لەبەر ئەوەی خەلیفەم زۆربەی حەزەکانم سەر کوێر دەکەم...

یەحیا: گەورەم ئێمە هەر خزمەتکارەکەی ئێوەین...

هارون: جەعفەر، دیارە باوکت گاڵتە نازانێ... مادامێ وای لێهات دەبێ پێیەکانت بخەیتە سەر شانەکانم... هەوڵ دە دەستت بگەیێنە خورما گەییوەکان... دەبێ بێزووی ئەم کەنیزە بشکێ دەنا ڕۆژگارمان ڕەش دەبێ... منداڵێکی کەم ئەندامان بۆ دەهێنێتە دنیاوە... ئەم کەنیزەیش گلەییمان لێ دەکات و دەڵێ: خەلیفەو وەزیرەکەی نەیانتوانی چەند خورماییێکم لەو دارە بۆ بێننە خوارێ... جا چۆن دەتوانن ئیمپراتۆریەتێک بەڕێوە ببەن...

یەحیا : (بەدەنگی بەرز) نا... جەعفەر ئەم کارە نەکەیت.

هارون: جەعفەر ئەگەر ئەمە نەکەیت، ئەوا کەنیزە دووگیانەکەم منداڵێکی کەمئەندامان بۆ دەهێنێتە دونیا... ئیدی دەبێ بێز لە خومان بکەینەوە...

یەحیا: جەعفەر نەء.

هارون: جەعفەر ئا...

یەحیا: جەعفەر گوتم نەء

هارون: جەعفەر دەڵێم ئا...

یەحیا: ئەم جەسارەتە بۆ مەقامی خیلافەت، هەرگیز نابێ بەندەکانی خوا پێ بخەنە سەر شانی خەلیفە...

هارون: وابێ خەلیفە لەبەندەکانی خوا نییە... بۆ لێرەدا جگە لە خۆمان کەسێکی دی هەیە... بۆ پێت وایە ئێستا جەعفەر پێیەکانی بخاتە سەر شانەکانی منەوە، ئیدی لە پلەوپایەی من کەم دەبێتەوە... ئەگەر بەم کارە خەلیفە سووک و سەلیم دەبێ چاکتر وایە هەر ئێستا پێیەکانی بخاتە سەر سەرم...

یەحیا: جەعفەر...



هارون: جەعفەر... ئەرێ بەڕاست چ عەیبێکی تێدایە مەقامی خیلافەت لەغوکەینەوە... با مەقامی خەلیفە نەمێنێ و حەزفی بکەین...

یەحیا: جەعفەر.

هارون: جەعفەر... شوکر بۆ خوا خانەوادەی بەرمەکی دەستیان بەسەر هەموو کاروبارێکی وڵاتدا گرتووە... دارایی...!!

یەحیا: گەورەم...

هارون: لەشکر!!

یەحیا: گەورەم...

هارون: ولایەتەکان!!

یەحیا: گەورەم...

هارون: باج، مالیاتی دار الخلافە، هەموو لەژێر دەسەڵاتی خانەوادەی بەرمەکیدایە... والییەکان... حوکمڕانی ولایەتەکان... لەژێر پێی بەرمەکییەکاندایە... باشە ئەگەر منیش نەبم چ دەبێ...؟!

عەباسە: (بەپێکەنینەوە) دنیا بەوجودی موبارەکی خەلیفەوە جوانە... ئێوەی برای بەڕێزم نەبن... هیچ شتێ پایەدار نابێ...

هارون: (عەباسە ئیهمال دەکات) جەعفەر چیت کرد... گەلێ قورسیت...!!

جەعفەر: (دەستی دەگاتە خورماکان، هەندێ لێدەکاتەوە، هەر کە لەسەر شانی هارون دێتە خوارێ)

هارون: (خورماکانی لێ وەردەگرێ بەڕێتمێکی تایبەتییەوە) جەعفەر گەلێ بەرز هەڵکشایت... وریابە لەمە بەرزتر نەڕۆیت... (ڕوو لە عەباسە دەکات) ئادەی... ئەم خورمانە بخۆ...

عەباسە: برای ئازیز... ئەم خورمانە بۆ ئەو کەنیزە دوو گیانەیە بێزووی پێوە کردوون...

هارون: (وەک ئەمر) نەء ... بۆ تۆبە دەبێ هەر ئێستا بیانخۆیت...

عەباسە: (خورماکان وەردەگرێ خۆی تێکنادات و دەیانخوات).

هارون: (بە جەعفەر) گەلێ بەرز بوو؟

یەحیا: (بەترسەوە) ئەمیری موئمنین، جەعفەر تەنها فەرمانی موقەدەسی ئێوەی ئیتاعەت کردووە...

هارون: (دەستێکی دەخاتە سەر شانی جەعفەر و دەستەکەی تری دەخاتە سەر شانی یەحیا) دەبێ جەعفەر، هەموو فەرمانەکانی من جێبەجێ بکات... نەک تەنها فەرمانێ. (دەستەکانی لە سەر شانیان لادەبات، بەڕیتمێکی زۆر تایبەتەوە) مەسروور!!

مەسروور: (بەپەلە دەگاتە لای هارون) ئەمرکەن گەورەم (یەحیاو جەحفەر ڕەنگیان لە ڕوودا نامێنێ)

هارون: ئادەی...

مەسروور: (بۆ چەند ساتێ ون دەبێ، دێتەوە، دەستی بەدەستی کەنیزێکی گەلێ جوانەوەیە... دەستی کەنیزەکە دەداتە دەستی هارون) فەرموون گەورەم.

هارون: (بە یەحیا) دوێنێ ئەم کەنیزەیان بەسی و شەش هەزار دینار بۆ کڕیوم. تەنها ئەمشەو لەلام بووە... ئەوا منیش بەدیاری دەینێرم بۆ فەزڵی برام... فەزڵی بەرمەکی... بەهیوام بەپەلە ئەم دیارییەم بۆ بگەیێنە فەزڵ.

یەحیا: (دەستی کەنیزەکە لە دەستی هارون وەردەگرێ. سەر دادەنەوێنێتەوە) دیاری خەلیفە لەسەر سەرە... فەرمانی خەلیفە لەسەرچاوە ئەمر دەفەرموون...

# بەشی شەشەم

## دیمەنی یەک

*(دیوانی خیلافەت، هارون لەسەر تەخت دانیشتووە، عەبدوللای کوڕی مالک نامەیەکی بەدەستەوەیە بۆ هارونی دەخوێنێتەوە)*

هارون: بەردەوام بە، بزانم جگە لە ڕیا و چاپلوسی کردن چیدی نووسیوە ئەوانەی خوێندتەوە هەر هەموو مەدح و سەنا بوو... پێویستم بەو مەدحانە نییە... بزانە ئەسڵی مەوزووع چییە... ئەوەم بۆ بخوێنەوە...

عەبدوللا: (نامەکە دەخوێنێتەوە)

من خۆم و باوباپیرانم خزمەتکاری ئالی عەباس بووین.

هارون (بەتووڕەبوونەوە) گوتم، ئەو ڕیاو چاپلوسییە بپەڕێنە...

عەبدوللا: بەڵێ گەورەم (بەوردی سەرنجی کاغەزەکان دەدات یەکدوو لاپەڕە لادەدات و دەخوێنێتەوە):

ئاگاداربن... خانەوادەی بەرمەکییەکان دژ بە خەلیفەو خیلافەتی عەباسی کاردەکەن... هەواڵم وەدەست هێناوە ئەمانە پارێزگاری لە مووسای کوڕی جەعفەر دەکەن... جەعفەری بەرمەکی، لە نێویەکێ لە چاکترین قەسرەکانی خۆیدا، یەحیای کوڕی عەبدوللای داناوە... ڕێی داوەتێ نووسەرێکی تایبەتیشی هەبێ... شیعەکانی خوراسان و شوێنانی دی دێنە لای گفتوگۆی لەگەڵ دەکەن... دەبێ خەلیفە لەم زەندیق و بتپەرستانە وریابێ... ئێستا ئەم



خانەوادەیە هەر خەریکی ئەوەن مێژوو بگۆڕن... گەلێ ڕافزی و شعوبی لە دەزگاکانیاندا کاردەکەن... هەر خەریکی حەمدوسەنای وڵات و ئاینی مەجوسین... زەم و بەدگۆیی بەرانبەر بەعەرەب و ئالی عەباس دەکەن... من خۆم لە یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکیم بیستووە گوتوویەتی: هەندێ کەس پێیان وایە، ئێمە ئەم بەخشندەییەمان، هی بەیتولمالە... نازانن ئێمە هەرچی زێڕو زیوی بتخانەی (نەوبەهار) هەبوو، پاش ئەوەی بووین بە ئیسلام... هەموو ئەو سامانەمان وەقفی دەوڵەتی عەباسی کردووە... ئەوەی دەبیەخشین، باپیرانمان، چەندین ساڵ لە پەرستگای (پاراماگا) کۆیان کردووەتەوە... ئەم خانەوادەیە لەگەڵ بودایەکانی بەڵخ و موبیدانی زەردەشتی لە ئاتەشگەدەی(نەوبەهار)دا یەکدی دەبینن تا دژ بە دەوڵەتی عەباسی شۆڕش بکەن... ئێوە هیمەتێ بفەرموون، بزانن سامانی ئەم زەندیقانە چەندە، هەروەها بزانن لە وەزیفە گرنگەکاندا تەنها بەرمەکی زەندیقیان دامەزراندووە... هەرکاتێ ئەمر بفەرموون من لە خزمەتتانم.

خولام و نۆکەری ئێوە

فەزڵی کوڕی ڕەبیع

هارون: (نامەکەی لەدەست وەردەگرت بەدیقەتەوە سەیری دەکات) ئەرێ لەم مانگەدا چەند ڕاپۆرت لەسەر بەرمەکییەکان نووسراوە...

عەبدوللا: گەورەم بەژمارە نازانم چەندن... بەڵام دەزانم هەموو ڕۆژێ، بەر لە هەر کارێ من ئەو ڕاپۆرتانەتان بۆ دەخوێنمەوە کە لەسەر بەرمەکیەکان نووسراون... جگە لە ڕاپۆرتە ڕۆژانەکانی زوبەیدە خانم و ئەبو نواس...

هارون: تۆ له سەردەمی باوکمدا سەرۆکی پۆلیسی خەفیەکان بوویت... لەگەڵ خەیزەرانی دایکیشمدا، هاوکاریت کردووە... دەڵێم ئەمەی فەزڵ نووسیویەتی، چ بناغەییێکی هەیە؟

عەبدوللا: گەورەم، ئەم نامەیەی دایە دەستم، خۆیشی لە دەرێدا چاوەڕێ دەکات... دەفەرموون بیبینن!

هارون: (بەساردییەوە) بابێتە ژوورێ. (عەبدوللا دەچێتە دەرێ، پاش هەندێ فەزڵ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ژوورێ)

فەزڵ: (فەزڵ تا ناوقەدی دەچەمێتەوە) سلاو لە ئەمیری موئمنیین...

هارون: (وەڵامی سلاوەکەی ناداتەوە) تۆ لە دار ئەلخلافە نابینم، دەڵێی لێمان عاجزی؟

فەزڵ: گەورەم، دەبێ منێکی بچکۆڵە لە ئاست گەورەیی و پیرۆزی ئێوە دەبێ چی بێ...

هارون: بەم شێوەیە قسە مەکە، هەر بەزمانی عەرەبییە سادەکە بە ڕاشکاوی عەشیرەت قسە بکە... بۆ خۆت دوور گرتووە. ؟

فەزڵ: بۆ بەرمەکییەکان، جێیان بۆ کەس هێشتووەتەوە... هەر کەسێ لەوان نەبێ بۆی نییە هەنگاو بنێتە نێو قەسرەوە...

هارون: (غافڵگیری دەکات) تۆ لە کەیەوە بوویتەتە بەرمەکی؟! ئەی ئەوە نییە لەنێو قەسردای...

فەزڵ: (ڕەنگی تێکدەچێ) بەهۆی (دەست بۆ عەبدوللا دەبات) ئەمەوە، ڕێ درام بێمە نێو قەسرەوە...

هارون: عوزرەکەت لە قەباحەت خراپتر... بۆ عەبدولڵایش بەرمەکییە؟ تۆ دەڵێی، هەر کەسێ بەرمەکی نەبێ، ڕێی نییە بێتە نێو قەسرەوە... کەچی ئێستا من لەگەڵ دوو دوژمنی سەرسەختی بەرمەکییەکاندا دانیشتووم... (لەپڕ) پێم بڵێ، ئامانجێکی تایبەتیت هەیە، یا



لەبەر دڵشکاویت ڕاپۆرتت نووسیوەو ئەم قسانەش دەکەی؟

فەزڵ: گەورەم، دوژمنێکی غەیرە عەرەبی شکست خواردوون نایانەوێ دەوڵەتی عەباسی بەعەرەبەوە پایەدار بێ، ئێران زادگای ئەوانە... دەبێ ئەوان نۆکەرو غولامی ئێمە بن نەک...

هارون: (قسەکەی دەبڕێ) ئەوانە بوونەتە ئیسلام، لە ئاینی ئیسلامدا سنوور و ڕەگەز، جێی نابێتەوە... (بەتووڕەییەوە) من خەلیفەی موسڵمانانم، باوکم عەرەبێکی کەنیززادە بوو... مەنسووری باپیریشم کەنیززادە بوو من خۆشم کەنیززادەم... منیش زادگام شاری (ڕەی)یەو شارێکی ئێرانە...

فەزڵ: گەورەم، ئەو مەوالییانە وا بیرناکەنەوە... وەکو ئەبو موسلمن، نیازیان وایە بۆ خوراسان هەڵێن و یاخی بن... بزانە ئەم عەجەمانە چەند جار یاخی بوون و شۆڕشیان بەرپا کردووە... هەڵبەتە ڕۆژێکیش بەرمەکییەکان فیتنەو فەساد بەرپا دەکەن، تا عەرەبەکان لەسەر زەمینی خۆیان بڕەتێنن، تا جارێکی تر فەرشی ئیستقلالی خۆیان ڕاخەن...

هارون: (روو لە عەبدوللا دەکات) هەر لە سبەینێوە ئەم پیاوە لە دار ئەلخلافە، نیشتەجێ دەبێت... بەبێ ئەوەی کەسێ بزانێ لەنێو دەوڵەتی ئیسلامدا وەزارەتێک هەیە بەناوی وەزارەتی جاسوسی... دەبێ ئەمەم بۆ بکەن... دەزگاییێکی هەواڵدزیم بۆ پێک بێنن. ڕاپۆرتەکانی ئێوەو خەفیە نووسەکانتان، تەنها من دەیبینم... تەنانەت نابێ، یەحیای بەرمەکیش، ئەو ڕاپۆرتانە ببینێت... هەر چەندە پارەت بوێ من دەیخەمە ژێر دەستت (روو لە فەزڵ دەکات) تۆیش چۆن خزمەتی باوکم و (پێدەکەنێ) هادی برامت کرد... ئاوها خزمەتی من دەکەیت.

فەزڵ: (ڕەنگی تێکدەچێ) گەورەم.

هارون: (بەفەزڵ) بۆ ئەوەی ناچار نەبی، ڕاپۆرتەکانت بدەی بەوەزیرە بەرمەکییەکان، من پلەی سەرۆکی پاسەوانەکانت دەدەمێ، بۆ ئەوەی بتوانی هەر کاتێ بمبینی بێیتە لام... ئیشەکەی تۆ پەیوەستە بە بەغداوە... حاڵی بوویت...

فەزڵ: بەڵێ گەورەم.

هارون: (بەعەبدوللا) جگە لە ئیشەکانی ترت دەزگاییێک لە خەفیە نوسان دروست دەکەیت بۆ دەرەوەی بەغدا... دەمەوێ هەرچی زووە کارەکانت ئەنجام دەیت... هەرچەندێ پارەت دەوێ قسە بکە...

عەبدوللا: من لەژێر سایەی لوتف و عینایەتی خەلیفەکانی ئالی عەباسم... جگە لە گەداییێکی چکۆڵە چی دی نیم... دەمەوێ بۆ خزمەتی ئیسلام و دەوڵەتی عەباسی هیچ شتێ داوا نەکەم...

هارون: (بەزەردەخەنەوە) ئافەرین لە دووربینیت دەکەم... ئەوەی لەم شارەدایە، ئەگەر هەندێ ئاو یا شەربەتێکم بداتێ، چاوەڕێی ئەوە دەکات سەد هەزار دیناری بەپاداشت بدەمێ...

عەبدوللا: ئەمە گوناهی بەرمەکییەکانە، خەڵکیان وا ڕاهێناوەتە سەر پاداشت وەرگرتن...

فەزڵ: گەورەم چاک وایە، ئێوە بەوردی بزانن ئەم هەموو سەروەت و سامانەیان لە کوێوە وەدەست هێناوە... دەیان قەسری بە شکۆ... سەدان باغی بە بەر... موڵک پارەو جەواهێراتی لە ژمار نەهاتوو...

هارون: ئەوانە، هەندێ ڕاست دەکەن کە دەڵێن سامانەکانمان هی بتخانەکەی "نەوبەهارە"... ئاگاداریش کراومەتەوە هەندێ لە دەوڵەمەندە ئێرانییەکان، بەدزییەوە پارەیان بۆ دەنێرن...

عەبدوللا: لە خەزێنەی دەوڵەتەوە نزیکن.



فەزڵ: گەورەم بیستوومە لە خاوەن دەسەڵاتەکان ڕەشوەت وەردەگرن.

هارون: لە کێت بیستووە؟

فەزڵ: لە خەڵکی.

هارون: کام خەڵک؟

فەزڵ: خەڵکی نێوبازاڕ.

هارون: چی دەڵێن.

فەزڵ: ئەوەی کە گوتم.

هارون: ئەگەرچی من نەچوومەتە نێو خەڵکەوە... دڵنیام ئەمەی باسی دەکەیت، حەزی خۆتە وا باس بکرێت، حەز دەکەیت، خەڵکیش باسی بکەن، تۆ ناوێری حەزەکەی خۆت بخەیتەڕوو، دەتەوێ حەزەکەت بکەویتە سەر زمانی خەڵکی دی...

فەزڵ: گەورەم...

هارون: (قسەکەی دەبڕێ) تۆ پێت وایە ئێمە کەڕوکوێرین... دەیان چاو و گوێمان لە نێو خەڵکیدا هەیە...

خەڵکانێکی پڕ چاو و پڕ گوێ بنێرە، هەموو کونج و کەلەبەری قەسرەکانیان بکە بەچاو و گوێ... حاڵی بوویت؟

(دەست دەبات کیسەییێک پارە دەهێنێ)

ئەمە ١٥٠,٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار درهەمی تێدایە هەر لە سبەینێوە دەست بەکار دەبن... تۆ و فەزڵیش هەریەکەو کارو ئەرکی خۆتان بە چاکی دەزانن...

عەبدوللا و فەزڵ: (بەیەکەوە) بڕیاری ئەمیری موئمنین لەسەر سەرە.

هارون: بەزووترین کات ئاگادارم کەنەوە، یەحیای کوڕی عەبدوللا لە قەسرەکەی جەعفەری بەرمەکیدا چی دەکات و نووسەرەکەی چی بۆ

دەنووسێ... هەروەها دەمەوێ بەوردی بزانم مووسای کوڕی جەعفەر کە ناسراوە بەئیمام کاظم، چی دەکات و چ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ خانەوادەی بەرمەکیدا هەیە.

عەبدوللا: گەورەم، ئەم کارە دەبا زووتر بیری لێکرابا... ئێستایش نەچووە بچێ، هەر لە سبەینێوە گەلێ کەس دەنێرمە "بەلخ" ئەگەرچی مەرکەزی فەسادیان بەغدایە... بەڵام پێم وایە لەوێدا هەمان گەمەکەی ئەبو موسلم سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە...

هارون: هەر لە سبەینێوە، دەست بەکاربن... دەبێ بزانم دەبێ بە دەلیلەوە بزانم... تا دڵنیابم... (وەک ئەوەی بۆ خۆی قسە بکات لەسەر یەک دەڵێ) سبەینێ... سبەینێ...



## دیمەنی دوو

*(ماڵی جەعفەر... جەعفەر و عەباسە...)*

جەعفەر: خۆشبەختانە...هارونی برات سەفەری حەجی کردووە، تۆی بەم شێوەیە نەبینی...

عەباسە: شوکر بۆ خوا... کەس نەیبینیوم... ئەم پێنج مانگەی ئەم دواییە، سکم گەلێ بەرز ببووەوە چاک بوو هارون سەفەری کرد... ئێستایش ئەم کوڕە جوانەمان بووە... دەینێرمە مەککە... بۆ لای براکەی.

جەعفەر: حەسەنی برای، سێ ساڵ شتێ کەمترە... ناوی ئەمیشیان... دەنێی چی...؟

عەباسە: ئەڵبەتە ناوی حوسێنی لێ دەنێم...

جەعفەر: گەلێ سوپاس... وەک ئەوەی لە دڵمدابی... هەمان ئەو ناوەت هەڵبژارد کە مەبەستم بوو...

عەباسە: دەڵێم هەرچی زووە پەلەکە... پەیکێ پەیاکە، بینێرە لای حەسەنی برای...

جەعفەر: گەورەم... ئەمر دەکەی...

عەباسە: هەست دەکەم... یا بۆن دەکەم... چەند ساڵێکە هارون... هارونی هاوڕێت، هارونەکەی جاران نییە.

جەعفەر: گۆڕاوە... گەلێکیش گۆڕاوە...

عەباسە: نازانی هۆی ئەو وەزعە چییە؟

جەعفەر: حەسوودی... گەلێ لە عەرەبە نژا پەرستەکان حەسوودیمان پێ دەبەن... هاڕون گوێیان لێ دەگرێ...

عەباسە: هاڕون گوێ لە هەموو کەسێ دەگرێ...

جەعفەر: دەسەڵاتدار دەبێ گوێ لە هەموو کەسێ بگرێ... بەڵام مەرج نییە ئەوەی دەیبیستێ ڕاست بێ...

عەباسە: دەردە کوشندەکەی خانەوادەی ئێمە ئەوەیە، خۆشباوەڕین هاڕون وای لێ هاتووە، گەر دوو کەس ناکۆک بن... هەر کامیان زووتر خۆی بگەیێنێتە هاڕون ئیدی قوڕ بەسەر ئەوی دی...

جەعفەر: هاڕون برای تۆیەو هاوڕێی منە... نازانم بڵێم چی ڕاستە کەسێکی ڕۆشنبیرە، عەقڵێکی گەورەی هەیە سنگفراوان و بەخشندەیە... بەڵام لە ڕووی سۆزەوە حوڵحولی مەزهەبە... گەر لە مەجلیسی ئایندا دابنیشێ دەبێتە خواپەرستێکی ئەوتۆ نەبێتەوە... جاری وا هەیە سەد ڕکات نوێژ دەکات... بەپیادە دەچێتە حەج... گەر لە مەجلیسی شەراب و گۆرانیدا دانیشێ وا دەکەوێتە ڕوو کە بۆ ئەمجۆرە مەجلیسانە لە دایک بووە... جاری وا هەیە خۆیشی گۆرانی دەڵێ...

عەباسە: دەنگیشی خۆشە...

جەعفەر: جار جارێ...

عەباسە: ئەوەی من بزانم لە سەرەتادا ئەوەندە ئێوەی خۆش دەویست خۆی بە بەشێک لە خانەوادەی ئێوە دەزانی... بەتایبەتی یەحیای باوکت... چەند جارێ خۆم گوێم لێ بووە بەباوکتی گوتووە باوکە...

جەعفەر: ئەمە لە سەرەتای حوکمڕانیدا... خەمی گەورەی ئەوە بوو، چۆن ئێمە قایل کات... بەتایبەتی باوکم... خۆی بەقەرزاری باوکم دەزانی... دیارە خەیزەرانی دایکی ئەو دەمە هەموو شتێکی بۆ باس



کردبوو... ئەوەی زیاتر تووشی سەرسوڕمانی کردووم ئەوەیە هاڕون تا بەتەمەنتر دەبێ، زیاتر حەز لە خوێن ڕژتن دەکات بێ بەزەییتر دەبێ... هیچ سنوورێ بۆ خوێن ڕێژییەکەی نەماوە...

عەباسە: دیسانەوە دەپرسم... هاڕون بۆ وای لێ هاتووە کە لە ئەسڵدا وا نەبوو...

جەعفەر: پێم گوتی نژاد پەرستەکانی دەوروبەری...

عەباسە: پێت وا نییە دەوروبەرەکەی، بەتایبەت ئەوانەی لەسەر ئێوە دەخوێنن... دوژمنایەتی هاڕون دەکەن... پێم وایە ئەوانە دوژمنە سەرەکییەکەی هاڕونن... دەیانەوێ یەکەم هەنگاو لە کەسە دڵسۆزەکانی هاڕون بدەن...ئەوانەی جێی متمانەین ڕەشیان کەن... پاشان لە دۆستەکان... تا وای لێ دەکەن ڕووتی دەکەنەوە نە دۆستی بۆ دەهێڵن... نە کەسێ جێی متمانەی بێ... تاک و تەنها. بەتەنها دەیهێڵنەوە وای لێ دەکەن لە سێبەری خۆی بترسێ...

جەعفەر: مەبەستت ئەوەیە لە پێشدا ترسنۆکی دەکەن پاشان دەستی لێ دەوەشێنن...؟

عەباسە: بەڵێ.

جەعفەر: ببوورە... وانییە.

عەباسە: بۆ.

جەعفەر: کەسێ کە ترسنۆک بوو... هەمموو خەمێکی ئەوەیە چۆن خۆی بپارێزێ... بۆیە حیمایەکانی زیاد دەکات ژمارەی پێشخۆرەکانی زیاد دەکات...

عەباسە: (بەترسەوە) بۆ هادی برام حیمایەی کەم بوو؟

جەعفەر: ئەم حاڵەتە جیایە...

عەباسە: گرنگ ئەوەیە ئەیترسێنن... کە ترسا هەوڵ دەدات بیانوو بدۆزێتەوە... بۆ ئەوەی شوێنەواری ئەو کەسە بسڕێتەوە کە لێی دەترسێ...

جەعفەر: هەست دەکەم، خۆت ماندوو دەکەیت... گەلێ شتی وردتر هەیە، پەیوەندی بەژیانی هەردووکمانەوە هەیە دەبێ ئەوانە باس کرێن.

عەباسە: وەک چی.

جەعفەر: تونێلەکە.

عەباسە: دەڵێی لە دڵمدایت... دەبێ هەرچی زووە ئەم تونێلە داخەین... لە دەوروبەری شاردا خانوویەکی هاکەزایی بکڕە، بەپۆشاکی شڕو دەمامکەوە لەوێدا یەکدی دەبینین.

جەعفەر: زۆر باشە هەر لە بەیانییەوە تونێلەکە دادەخەین و لە چەند ڕۆژی داهاتوویشدا ئەو خانووەی کە گوتت ئەویش دەکڕم.



## دیمەنی سێ

*(گەڕەکێکی بەغدا، عەباسە، کەنیزێک، پیرەمێردێک... چوار شەللاتی... بەرەبەیانە... چوار شەللاتی پەلاماری پیرەمێردەکە دەدەن، کە جڵەوکێشی ئەسپەکەی عەباسەیە... دەیکوژن... پەلاماری کەنیزەکە و عەباسەیش دەدەن، لەناو قەدەوە دەیگرن... عەباسە خۆی ڕادەپسکێنێ ڕادەکات، دەگاتە پاسەوانێ شاپڵێتەیێکی بەدەستی چەپ گرتووە.گورزێکیشی بەدەستی ڕاست گرتووە.)*

عەباسە: (بەگریان و ئینفعالەوە) فریام کەوە...

پاسەوان: (بەساردییەوە) ها... چییە؟

عەباسە: فریام کەوە... من ژنێکی موحتەڕەمم... لەگەڵ جڵەوکێش و کەنیزەکەمدا دەڕۆیشتین... چوار شەللاتی هێرشیان هێنایە سەرمان، جڵەوکێشەکەیان کوشتم... کەنیزەکەشیان بردم... بیانگرە... فریاکەوە...

پاسەوان: ئەگەر تۆ ژنێکی موحتەرەم و داوێن پاکی، بەم بەرەبەیانە لەم کووچە و کۆڵانەدا چ دەکەی؟

عەباسە: ئاگات لە زمانت بێ... من ئێستا لە وەزعێکی نا هەمواردام... فریام کەوە... ئەو شەللاتیانە...

پاسەوان: ئەم قسە قۆڕانە بۆ من مەکە...من پاسەوانم... ئەگەر شکاتت هەیە فەرموو...، لەو پردە بپەڕێوە، بچۆ بۆ ئەو دەرگایە... ئەوێ

مەحکەمەیە... لەوێدا چاوەڕێ بکە تا ڕۆژ دەبێتەوە، ئەوجا شکاتی خۆت بکە.

عەباسە: (لە ترسا دەلەرزێ) مەحکەمە؟

پاسەوان: (بەتەوسەوە) هەندێ لەوبەری ڕووباری دیجلەوەیە... (قاقا پێدەکەنێ) ئەو پیاوانە بەنیازن زیاتر لێت نزیک بنەوە...

عەباسە: (دێوانە ئاسا) ئەی بێ شەرەف... تۆ پاسەوانی... یا... (دەگرییێت).

پاسەوان: (بەساردییەوە) تۆ چ دەڵێی بڵێ... کەیفی خۆتە... تۆ نازانی ڕۆژانەکەم چەند درهەمە... لە تۆ دەپرسم کەرایەتی نییە من بەم ڕۆژانە کەمەوە، گیانی خۆم بخەمە مەترسییەوە... بەدەوری عەباسەدا دەسووڕێتەوە بەوردی سەیری جەستەی دەکات). بوکێیش... ژنێک ئەمە حاڵی بێت... (بەئیشارەت دەرپێکەی خۆی دادەکەنێ) ڕۆژانە دەیانجار دایکەنێ و لەپێی دەکاتەوە...

شەڵلاتی (١) : (لە دوورەوە دێتە پێشەوە، بەشێوەیەکی کۆمیدی سەلامێکی سەربازی بۆ پاسەوانەکە دەکات و (بەعەباسە) )وەرە با بڕۆینەوە... بێهوودە کاتی ئەم پاسەوانە موحتەرەمە! بەفیڕۆ مەدە...

عەباسە: (بەگریانەوە ڕوو لە پاسەوانەکە دەکات) ترسنۆکی بێ شەرەفی هیچوپوچ... چاک سەیرم کە ڕوخسارم لە یاد نەکەیت...دەبێ کارێکت پێ بکەم با بە دەواری شڕی نەکردبێت...

پاسەوان: (زۆر بەدیقەتەوە، سەیری ڕوخساری دەکات و بەدەوریا دەسووڕێتەوە) پەهـ پەهـ... لەم لەش و لارە... ئەم سمت و کەفەڵە ئەم سنگە بەرزە... ئەم کەڵملە... پەهـ...

شەڵلاتی (١) : قەحپە...بۆچی تۆ کەم پارەی منت دزیوە... وا هەڕەشە لەم پاسەوانە موحتەرەمە دەکەیت!



عەباسە: (بەگریانەوە) بێ شەرەف...

شەڵلاتی(١) : (بەپێکەنینەوە) ڕاست دەکەی... جا شەرەفم بۆچییە... بۆ دەتوانم بە(شەرەف) ژەمە نانێ بخۆم...؟

پاسەوان: هەرچەندە تۆ قەحپەی... بەڵام گەلێ بەخۆتەوە دەنازی بڵێ بزانم، تۆ کێیت... وا هەڕەشەم لێ دەکەیت(وردە وردە سێ شەڵلاتیەکانی دیش نزیک دەبنەوە، دەگەنە لای پاسەوانەکە و عەباسە...) دیارە... زۆر بازاڕیت.

عەباسە:(بەئەوپەڕی هەڵچوونەوە) هیچوپووچی بێ شەرەف... من عەباسەم... کچی مەهدیم خوشکی هاڕون ئەلڕەشیدم...

شەڵلاتی(٢) : (خۆی لە عەباسە نزیک دەکاتەوە، چرتێکی بۆ دەکێشێ) وابێ منیش هاڕونە ئەلڕەشیدم... ئەو ژنەی لەگەڵتابوو، چەند ساتێ لەمەوبەر لە باخەڵما بوو... ئەویش زوبەیدە خانمە... قەحپە شەرم ناکەیت ئەم درۆیانە دروست دەکەیت...

شەڵلاتییەکان و پاسەوانەکە بەدەنگی بەرز پێدەکەنن شەڵلاتییەکان وەک ئەوەی ناسیاوی پاسەوانەکە بن دەست دەخەنە سەرشانی، هەندێ پارەیشی دەدەنێ).

پاسەوان: برادەران فەرموون... بەدڵی خۆتان لەگەڵ (دەنگی خۆی دەگۆڕێ و بەدەنگی ژنانە) عەباسەی کچی مەهدی و خوشکی هاڕون ڕابوێرن...

(دەنگی خۆی دەگۆڕێ و بەدەنگێکی گڕی پیاوانەوە) پاشان کاکی خۆشتان لە بیر مەکەن(بەپەلە دەڕوات).

شەڵلاتی(٣) : ئەم زۆر بڵێیە فەقیریشە، لە کیسەکەیدا، چەند دینارێک و چەند درهەمێکی زیاتر تیادا نەبوو... (ڕوو لە شەڵلاتییەکانی دی دەکات) با ئەم کچەی مەهدی... لەگەڵ خۆمانا ببەین... با ڕۆژ بێتەوە بەیەکێ لەقەحپەخانەکانی بەغدای دەفرۆشین.

عەباسە: (دەگرییێت).

شەللاتی(٤): (پرچی عەباسە دەگرێ) بەو شەرتە دەیفرۆشین... عاقڵ بێت و دەنگمان دەرنەکات...

شەللاتی(٣): پەلەی فرۆشتنتان چییە... با چەند شەوێ لامان بێت...

عەباسە: (بەدەنگی بەرز دەگرییێت)

شەللاتی (٣) : بەقەبرەکەی... مەهدی باوکت... بەسەری هارونی برات... لەمە زیاتر ورتەت لە دەم بێتە دەر... سەرت دەبڕم (شەللاتییەکان پاڵ بەعەباسەوە دەنێن، بەر لەوەی دەمی بگرن، بەدەنگی بەرز هاوار دەکات).

عەباسە: فریام کەون... (لەم کاتەدا دوو سەرباز و ئەفسەرێک بەوێدا تێدەپەڕن گوێیان لە دەنگی عەباسە دەبێت)

ئەفسەر: (بەتووڕەییەوە ڕوو لە شەللاتییەکان دەکات) لێی گەڕێن (شەللاتییەکان دەوەستن).

شەللاتی(١) : گەورەم... (سەلامێکی سەربازی بۆ دەکات) ئەفسەری موحتەرەم... ئەم ژنە خوشکی ئێمەیە...شێتە خۆی لێ دەگۆڕێت... فێر بووە هەموو شەوێ دەچێتە کووچە و کۆڵانان، ڕێ بەرێبواران دەگرێ... بەزۆر... گەورەم، حەیا و نامووسی بردووین... ئەوا ئێمەیش بۆ شێتخانەی دەبەین...

عەباسە:(خۆی ڕادەپسکێنێ، دەچێتە لای ئەفسەرەکە) ئەمانە دز و پیاو کوژن، جڵەوکێشەکەیان کوشتم، کەنیزەکەشیان بردم... تکایە گەورەم لە دەستی ئەم شەللاتیانە ڕزگارم کە...

ئەفسەر: (بەشەللاتی(١)) من باوەڕ بەقسەکانت ناکەم... بۆنی شەرابتان لێوە دێ... دیارە زۆر مەستن و زۆرتان خواردووەتەوە... بەم ناوەختەیش دەرگای شێتخانە نەکراوەتەوە...



عەباسە: (بەگریانەوە) جوامێری بەشەرەف... من ژنی گەورە پیاوێکم... ئەسڵەن من ئەوانە ناناسم... ڕزگارم کە... تکات لێ دەکەم فریام کەوە...

ئەفسەر: (بەدەنگێکی جەسوورانە و بەجدییەوە) ئەوەی پێویست بوو تێبگەم، تێبگەیشتم... دەی دەسبەرداری ئەم ژنە بن و بەڕێی خۆتانا بڕۆن...

شەللاتی(٣): زۆر سەهوویت... چاکتر وایە تۆ بەڕێی خۆتانا بڕۆیت و حەقی ئەو کارەت نەبێ...

شەللاتی(١): بۆ بەرگری لەم قەحپەیە دەکەیت... ژنێ بەم بەرە بەیانە لە نێو کووچە و کۆڵانەکاندا بسورێتەوە... مەعلومە چ کارەیە...

شەللاتی(٤): دەتەوێ لە دەستی ئێمەی دەرهێنیت و بۆ خۆتی ببەی... زۆر سەهوویت...

ئەفسەر: (بەچاو دوو سەربازەکە تێدەگەیێنێ، بەپەلە شمشێرەکانیان هەڵدەکێشن، شەللاتییەکان وەخۆ دەکەون، چەقۆکانیان دەردێنن، لە چاو ترووکانێکدا هەر چوار شەللاتییەکان باڵبەست دەکەن، بەگوێ ڕاکێشان لە ژێر پێی عەباسەدا ڕایاندەگرن، هەر بەچەقۆکانی خۆیان گوێیان دەبڕن، ئەفسەرەکە ڕوو لە عەباسە دەکات) دەتەوێ تەسلیمیان کەیت موحاکەمە بکرێن...

(شەللاتییەکان لە سەر زەوی بە باڵ بەستراوی کەوتوون و دەناڵێنن...)

عەباسە: گەلێ مەمنوونم... تکا دەکەم کەنیزەکەم بۆ بدۆزنەوە...

ئەفسەر: (بەچاو سەربازەکان تێدەگەیێنێ، ئەو ناوە دەپشکنن کەنیزەکە دەدۆزنەوە، لە نێو خوێنی خۆیدا گەوزانوویانەتەوە ئەفسەرەکە، بەم شێوەیە کەنیزەکە دەبینێ، گەلێ تووڕە دەبێ، بەسەربازەکان دەڵێ)

ئەفسەر: خۆتان دەزانن کوێیان دەبرن!

(سەربازەکان دەست بەکار دەبن ناڵەی شەللاتییەکان گەلێ بەرز دەبنەوە... عەباسە دەچێتە ژێر باڵی کەنیزەکەی، ڕوو لە ئەفسەرەکە دەکات)

عەباسە: دەمەوێ ناوت بزانم... تا ماوم قەرزاربارتم...

ئەفسەر: ناوم تاهیری کوڕی حوسێنە... لە فەوجی خوراسانم.



## دیمەنی چوار

*(دیوانی خیلافەت هارون و عەبدوڵڵای کوڕی مالیک:)*

عەبدوڵڵا: (بە بزەوە) گەورەم یەحیای بەرمەکی لە دەرێدا دانیشتووە، چاوەڕێیە بێتە خزمەتان.

هارون: (بەساردییەوە) با جارێ چاوەڕێ بکا.

عەبدوڵڵا: یەحیا بە بێ پرس... یەکسەر دەهاتە دیوانی خیلافەتەوە... خودی ئەمیری موئمنین...

هارون: بێدەنگ بە، ئەو ڕۆژگارە گوزەشت... ڕۆژ بەڕۆژ شتی وردترم بۆ دەردەکەوێ...یەک ساڵی ڕەبەقە بە فەزڵی کوڕی یەحیای بەرمەکیم گوتووە، بە زەهر مووسای کازم بکوژێ... کەچی لە قەسرەکەی خۆیدا وەک پاشا بەخێوی دەکات... هەر جارەو بیانوێک دەهێنێتەوە... گوایە شیعەکان شۆڕش دەکەن... ئەم قسە بێ سەروبەرانە دەکات...

عەبدوڵڵا: لەو باوەڕەدا نیم قەت ئەو کارەبکات...

هارون: منیش هەمان ڕام هەیە... دوێنێ ناردمە دووی پێم گوت...چیت کرد، خۆی غەشیم کردو گوتی... دەربارەی چی... گوتم مووسای کازم... کەچی هەند ڕوودار بوو لە ڕوومدا وەستا پێی گوتم: کەی دەسبەرداری ئەم بنەماڵەیە دەبن... ئەبو جەعفەری باپیریشت ئیمام جەعفەری سادقی زەهر خوارد کرد...

عەبدوڵڵا: (بەسەرسوڕمانەوە) ئێ...

هارون: منیش کێشامەوە ناو دەمی پێم گوت: ڕاستە من و تۆ برای شیرینین بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ڕووداری بکەی لەڕووی خەلیفەدا بوەستی... بڕیارم دا سەد جەڵتەی لێدەن و مۆری وەزارەتی لێ وەرگرنەوە، لەوە دەچێ پەلەم کردبێ...

عەبدوڵلا: نە... گەورەم حەقی ئەوە بوو یەکسەر بتسپاردایە دەستی مەسرورەوە...

هارون: نەء. بچۆ یەحیام بۆ بانگک کە.

(عەبدوڵلا دەچێتە دەرێ، پاش هەندێ لەگەڵ یەحیای بەرمەکیدا دێنە ژوورێ...)

یەحیا: گەورەم سەلام...

(هارون وەڵامی سەلامەکەی ناداتەوە...)

داوا لە بەخشەندەییت دەکم فەزڵی برای شیریت لەو سەد جەڵدەیە ببەخشی.

هارون: بێ قسەیی کردووم... لە ڕوومدا وەستا، قسەی بێ سەروبەری کرد... لەبری ئەوەی دوژمنە سەر سەختەکانم لەنێو بات، کەچی لە نێو جوانترین قەسرەکانی خۆیدا بەخێویان دەکات... نازانم تاکەی من تەحەمولی ڕەفتارەکانی فەزلی کوڕت بکەم... کە کردمە فەرمانڕەوای خوراسان، خۆت لە من باشتر دەزانی چەندێ شکاتیان لێ کرد... فەزڵ هەموو کاتەکانی بۆ ڕابواردن تەرخان کردبوو...

یەحیا: (سەری داخستووە، عەبدوڵلا بزە دایگرتووە)

هارون: لە بیرتە گلەییم کرد... تۆیش دەستت دایە پەڕەمووچ و قاغەزێکی زۆر جوانت بۆ نووسی...

یەحیا بەڵێ لە بیرمە...



هارون: کاغەزەکەت هەند جوان بوو، تائێستاش لە بیرمە کە نووسیبووت: کوڕم خەریکی ئەو کارانە بە کە ڕەونەقت دەداتێ... دەبێ بە حەوسەڵە بی... کاتێ کەشەودادێ، بەڕەنگی خۆی هەموو خەوشەکان دادەپۆشێ...ئەو کاتە هەر چییەکت دەوێ بیکە... شەو بۆ پیاوی عاقڵ ڕۆژە... وریابە تەنها لەشەودا کاری سەراسیمەدار بکە، چونکە شەو ڕەنگی خۆی بەسەرا دەدات... سەرگەرمی لەزەتەکانی خۆت بە... ئەحمەقەکان لە ڕوودان، ئاشکران دوژمن هەوڵ دەدات لەم ڕێیەوە پەی بە عەقڵیان ببات

یەحیا: زاکیرەیەکی باشت هەیە.

هارون: ئاگاداری ڕەفتاری کوڕەکانت بە... ئابڕووی ئێمەیان بردووە... فەزڵ لەگەڵ خەزەرەکاندا چی نەکرد؟ بەخشندەیی دیوانەی ئاسای کوڕت... مەبەستم جەعفەرە بێ تاقەتی کردووم... ئەرێ ئەم هەموو شاعیرو نووسەرو مێژوونووسە، لە قەسرەکانی جەعفەر چی دەکەن؟ داوام لە فەزڵ کرد کە مووسای کازم...

یەحیا: ئەمری خەلیفە دەبێ جێبەجێ بکرێ... بەڵا مووسای کازم کەسێکی گومناو نییە، لە میرو حاکم و سەردارانیش نییە، تا تۆمەتی سەرپێچی بخەینە پاڵی و لە نێوی بەرین... گەورەم هەزاران موریدی هەیە... کاتێ باوکی ڕەحمەتیت فەرمانی ئازادکردنی دەرکرد، ڕۆژانە چوارسەد قوتابی ئامادەی دەرسەکانی دەبوون...

هارون: (بەتوورەییەوە) بێدەنگ بە... ئەوەندە سەفسەتە مەکە، ئێوەی بەرمەکی شارەزای سەفسەتەن و پڕگۆن چەند زەندیق و فێڵباز هەن، لە دیوەخانەکەتدا بەناوی فەیلەسوفەوە کۆتکردوونەتەوە... دیارە ئەمجۆرە گفتو گۆییە بێ سەروبەرانەت فێر دەکەن... ئەی دەربارەی یەحیای کوڕی عەبدوڵلا دەڵێن چی؟ خۆ ئەو پلەو پایەی زانستی

مووسای کازمی نییە... تائێستا جەعفەری کوڕت بە زیندوویەتی هێشتویەتییەوە...

یەحیا: (ڕەنگی تێکچووە سەری داخستووە)

هارون: ئێستا ئەگەر فەرمانت بدەمێ چکۆلەترین خزمەتکاری عەلەوییێک بکوژی، هەمان دەلیل و هەمان پاکانەی بۆ دەهێنییەوە... وریابە بیبیستم مووسای کازم لەژیاندایە... دۆزەخێ دادەگیرسێنم تەڕو وشکی تیا دەسووتێنم...ئەوەش بزانە، کاتێ پێشوازیت لێ دەکەم هەواڵی مردنی ئەو پیاوە بەر لەهاتنی تۆ ببیستم...

یەحیا: (بە لاڵە پەتێیانەوە) ئە... مر... دەکەن ... ئەوەی فەزڵ نەیکردووە... من دەیکەم...

هارون: چاکە ئەوا منیش جەڵدەکانی فەزڵم بە تۆ بەخشی ئێستاش سندی کوڕی شاهک کە والی بەسرەیە ... لێرەدایە ... فەرمانم پێ داوە ئیمام مووسای کازم لە قەسرەکەی فەزڵ دەرهێنێ و بیباتە زیندانەوە... ئیدی تۆ و سندی دەبێ بەچاکی کاری خۆتان بزانن...

یەحیا: ئەمر دەکەی گەورەم...



## دیمەنی پێنج

*(دار الخلافە... هارون لەسەر تەختە... عەبدوڵڵای کوڕی مالیک... تاهیر حسین، عەباسە، دوو سەرباز، پاسەوانێک و فەریدە...)*

عەبدوڵڵا: (شتێک دەچپێنێتە گوێی هارون)

هارون: هەر هەموویان...

عبدوڵڵا: بەڵێ گەورەم...

هارون : تۆ دڵنیای لەوەی کە گوتوویەتی من عەباسەم. ؟

عەبدوڵڵا: بەڵێ گەورەم، خودی ئەو پاسەوانە ڕاست و ڕاست پەیوەندی بە دەزگای نهێنییەکەی ئێمەوە هەیە...

هارون: یەک بە یەک بانگیان بکە دەمەوێ خۆم لەدەمی خۆیانەوە ببیستم...

عەبدوڵڵا: ئەمر دکەی گەورەم (دەچێتە دەرێ، پاش هەندێ تاهیر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ژوورێ. تاهیر کڕنۆش دەبات و لە بەردەستی هاروندا دەوەستێ...)

هارون: بیستوومە ماوەیەک لەمەو بەر، ژنێکت لەدەستی شەلاتیەکانی بەغدا ڕزگار کردووە... دەزانی ئەو ژنە کێیە؟

تاهیر: بەڵێ گەورەم، ئەوە ژنێ بوو دەیگوت لە حەرەمسەرای جەلالەتتان خزمەت دەکات و خەیاتی ژنانی حەرەمسەرایە...

هارون: (دەست دەباتە پەردەی پشت کورسییەکەی لادەدات و عەباسە

ڕادەکێشێ، عەباسە سەرپۆشێکی لە سەرە ) ئەم ژنە بوو...؟

تاهیر: (بە وردی سەرنجی ڕوخسارە ڕەنگپەڕیوەکەی دەدات) نەخێر، ئەو ژنە ئەمە نەبوو... ئەمە یەکەم جارە من ئەم ژنە ببینم...

هارون: (بە عەبدوڵڵا) با ئەو دوو سەربازە بێنە ژوورێ.

عەبدوڵڵا: (دەچێتە دەرێ، دوو سەر بازەکە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ژوورێ کڕنۆش دەبەن سەرنجی چاوەکانی تاهیر دەدەن و تێدەگەن...)

هارون : ئێوە ئەو ژنەتان بینیوە؟

سەربازی (١): هەرگیز نەمبینیوە گەورەم.

سەربازی (٢) گەورەم، ئەمە یەکەم جارە ئەم ژنە ببینم...

هارون: (بەتووڕەییەوە ڕوو لە عەبدوڵڵا دەکات) ئەو پاسەوانەم بۆ بێنە ژوورێ...

عەبدوڵڵا: (دەچێتە دەرێ، پاسەوانەکە دەهێنێتە ژوورێ... پاسەوانەکە کرنۆش دەبات،)

هارون: (بێز لە سەرو قەلافەتی پاسەوانەکە دەکات، بەتووڕەییەوە) تۆ ئەم ژنە دەناسی؟

پاسەوان: (بەدیقەتەوە سەرنجی دەدات) بەڵێ ئەم ژنە دەناسم... هەمان ئەو ژنە درۆزنەیە کە دەیگوت من عەباسەم و خوشکی خەلیفەم...

هارون: دڵنیایت ئەوە؟

پاسەوان:(زیاتر لێی نزیک دەبێتەوە، بەدەوریا دەسووڕێتەوە) گەورەم خۆیەتی...

هارون: کە تۆ بینیت لە چ حاڵەتێکدا بوو...

پاسەوان: لە باوەشی شەلاتییەکان بوو. سەری ڕووت بوو، دیار بوو لەزەوییەوە هەڵیان گرتبوو...



هارون: گوتت سەری ڕووت بوو...

پاسەوان: بەڵێ گەورەم...

هارون: قیژەکەی چ ڕەنگ بوو.

پاسەوان: (ڕەنگی تێک دەچێ) گەورەم دنیا تاریک بوو... بە جوانی...

هارون: مەشخەڵت پێ نەبوو؟...

پاسەوان :(بەلێوەلەرزەوە) بە...بەڵێ... پێم بوو.

هارون: کە بینیت لە باوەشی شەللاتیەکاندایە... (زۆر بەهێمنییەوە) ئەی تۆ چیت کرد؟

پاسەوان: (دەمی تێکدەئاڵێ)... مە ...من ...من...

هارون: دەڵێم تۆ چیت کرد؟

پاسەوان: (بەترسەوە) هیچم لەدەست نەهات، ئەوان چوار شەللاتی بوون، چەقۆو گورز وتەنانەت زنجیریشیان پێ بوو... هەوڵم دا ئەو ژنەیان لەدەست ڕزگار کەم... و...

(لەم کاتەدا "فەریدە" خەیاتی حەرەمسەرا چووەتە ژێر باڵی "سەمانە" هەردووکیان دێنە ژوورێ کڕنۆش دەبەن... فەریدە، سەمانە ڕادەگرێ خۆی دەخاتە سەر پێڵاوەکانی هارون.)

فەریدە: گەورەم... خەلیفەی گەورەم... ئەم هەرزە پیاوە درۆ دەکات کە دەیبینی شەللاتییەکان چی بە من دەکەن، زەق زەق سەیری دەکردم و پێدەکەنی...

(دەست بۆ "سەمانە" دەبا")

ئەم کەنیزەیشمیان بەدبەخت کرد گەورەم، ئەم پیاوە نەک هەر هیچی نەکرد، بەڵکو ڕشوەتی لێ وەرگرتن...(دەست بە گریان دەکات... گەلێ بە کوڵ دەگریێت...)

هارون: بێ غەم بە... باگوێ بیستی ئەویش بێن (ڕوو لە پاسەوانەکە دەکات) ئەم ژنە دەناسی؟!

پاسەوان: هەرگیز نەم بینییەوەو نایناسم...

هارون: (بە فەریدە) باشە ئەو شەوە بۆ کوێ دەچوویت؟

فەریدە: (بە گریانەوە) گەورەم خوشکەکەم دوو گیان بوو، لەگەڵ "سەمانە"دا چووینە لای... گەورەم زۆر بەزەحمەت منالّی بوو... (بەکوڵ دەگری)... بەدبەختە خوشکەکەم ... کوڕێکی جوانی بە مردوویی بوو... خەریک بوو خۆیشی بمرێ... خوا دایەوە... خوارەحمی پێ کردین گەورەم...

هارون: (بە پاسەوان و ئیشارەت بۆ عەباسە) ئەم ژنە گوتی من عەباسەم، کچی مەهدی و خوشکی هارون ئەلرەشیدم...

پاسەوان: بەڵێ گەورەم ئەم ژنە وای گوت...

(دەست بۆ فەریدە دەبات)

بەڵام ئەمەیانم هەر نەبینیوە...

هارون: تۆ بەرگریت لەم ژنە نەکرد کە گوتی من خوشکی خەلیفەم.

پاسەوان: گەورەم عەرزم کردی نەمدەتوانی ڕووبە ڕووی ئەو چوار شەلاتیە، چڕت کێش و چەقۆ وەشێنانە ببمەوە.

هارون: (دارەکەی دەستی تێ دەگرێ، بەر ناوچاوانی پاسەوانەکە دەکەوێ خوێن بە ڕوخساریا دێتە خوارێ...)

مەلعون... تۆ چ جۆرە پاسەوانێکی...

(ڕوو لە عەبدوڵلا دەکات)

ماڵ و ناموسی خەڵکتان بە کەسانی پۆخڵی وەک ئەمانە سپاردووە...

(ڕوو لەپاسەوانەکە دەکات)



من ناتکوژم... بەڵام دەبێ خۆزیا بەمردن بخوازی... مەسرور...

(مەسرور دێتە ژوورێ کڕنۆش دەبات)

مەسرور: ئەمر کەن گەورەم...

هارون: (بەچاو تێی دەگەیێنێ، مەسرور لەپشتی ملەوە پاسەوانەکە دەگرێ، بە پاڵ دەیباتە دەرێ...)

هارون : هەردوو چاوی دەر بێنن زمانیشی ببڕن

عەبدوڵلا: (دەیەوێ بەرگری لە پاسەوانەکە بکات) گەورەم.

هارون: تۆ بێدەنگ بە هیچوپووچی ئاوها ، ڕاستەو ڕاست پەیوەندی بە دەزگاکەی تۆوە هەیە...

(بە تاهیر)

بۆچی گوێچکەی شەللاتییە کانت بڕی... باشە بۆ ئەندامی نێرینەیانت بڕی... و پاشان مردن... ڕاستتر بۆ ئەوانت کوشت؟!

تاهیر: (دەست بۆ فەریدە دەبات) ئەم خانمە گوتی من خەیاتی حەرەمسەرای خەلیفەم . تەعەدایان لە کەنیزەکەم کردووە. منیش هەستم کرد ئەم تەعدایە ڕاستەوڕاست تەعەدایە لە شەخسی خەلیفەو لە خیلافەت و لە حەرەمسەرای خەلیفە... بۆیە ئەمەم کرد...

هارون:(قسەکانی تاهیری بەدڵە) ئەرکی ئەفسەری سوپا ، ئەوەنییە شەلاتییەکان تەمێ بکات، بڕۆ ئازادی... دەبێ ئەمە دواجار بێت لەم هەواڵانە لەمەڕ ئێوەوە ببیستم... تۆ لە کام فەوجی؟

تاهیر: لە فەوجی(مەڕو)ی سوپای خوراسان.

## دیمەنی شەش

*(باغێکی دەرەوەی بەغدا:*

*جەعفەری بەرمەکی*

*دوڕە، کەنیزی جەعفەرە*

*یەحیای کوڕی عەبدوللا)*

جەعفەر: (بە یەحیا و دەست بۆ دوڕە دەبات).

لەم کەنیزە، دڵنیابە، دەتوانی لە بەرچاوی ئەو بەڕاشکاوی قسان بکەیت... ئەم کەنیزە ناوی دوڕەیە دە ساڵ لەمەوبەر هاڕون بە دیاری پێشکەشی کردووم... ئیدی دە ساڵ لە نێو ئێمەدا بێ، ئەوا دەبێ چۆن بێ!

یەحیا: ژنە... ژنیش دیوی دووەمی شەیتانە...

دووره: (بە یەحیا) وابێ جەنابت کوڕی شەیتانی.

یەحیا: ڕاستە هەمووومان لە ژن بووین... بەڵام ئەگەر وریا نەبین، ئەوا ژن بە زیندوویەتی لە گۆڕمان دەنێن... سەیرەکەش لەوەدایە گۆڕەکە بۆ ئەو کەسە هەڵدەکەنن کە خۆ شیانویستوون و خزمەتیان کردوون.

دوڕە: ئەمە لەخەیاڵی خۆتا وایە...

جەعفەر: ببوورن... نامەوێ ئێوە لەمەڕ شتێ بدوێن کە پێشتر خواو پێغەمپەر و قورئانی پیرۆز قسەی لێ کردووەو کۆتایی پێ هێناوە.

دوڕە: دەبێ تەفسیری وردتر بۆ ئەم فەرموودانە بکرێ.



یەحیا: ئایەت دەستکاری ناکرێ... نەسی سەریحە... کەس بۆی نییە دەستکاری قورئانی پیرۆز بکات... وەکو گوتم ژن سەرەتاو کۆتای هەموو بەڵاکانی دنیایە...

دوڕە: وابێ کێشەو بەڵاکانی ئێوە لەگەڵ ئالی عەباسدا سونگەکەی ژنە...

یەحیا: کێشەی ئێمە کێشەی حەق و ناحەقە... کێشەی ڕاست و درۆیە...

دوڕە: ئستا گوتت ژن سەرەتا و کۆتایی هەموو بەڵاکانی دنیایە...

یەحیا: تەنیا کێشەکەی ئێمە نەبێ...

دوڕە: پێ دەچێ ئێوە هەر کێشەتان نەبێ... گەر هەشتان بێ کێشەیێکی نوقسانە...

جەعفەر: تکا دەکەم مەسەلەکە قووڵ مەکەنەوە، بابێینە سەر ئەسڵی مەقسەد.

(بە یەحیا)

دوێنێ هاڕون پێی گوتم: دەمەوێ تۆیش وەک سندی و باوکت ئاسوودەم کەیت، ئەوان منیان لە مەترسی فیتنەو شۆڕشی مووسای کازم ڕزگار کرد... دەمەوێ تۆیش یەحیای کوڕی عەبدوڵڵام بەشێوەیێک بۆ لەنێوبەری، چ کەسێ نەزانێ و گومان نەکات کە کوژراوە ... دەمەوێ یەحیا بکوژی، منیش ئاسوودەکەیت... منیش...

یەحیا: (قسەکەی بڕی) تۆ لەم ئەمرەی هاڕون چی تێگەیشتی؟

جەعفەر: دوو شت.

یەحیا: یەکەمیان؟

جەعفەر: لەئێوە دەترسێ، دەیەوێ لەڕێی ئێمەوە ترسەکەی بڕەوێنێتەوە... ئێوە بە دوژمنە سەرسەختەکەی خۆی دەزانێ.

یەحیا: دووەمیان؟

جەعفەر: لە ئێمەش دەترسێ، دەیەوێ ئەو دوو ترسەی بداتە گژ

یەک...دەیەوەیٚ دەستی ئێمە بەخوێنی ئێوە سووركات...

یەحیا: تۆ چیت بە خەلیفە گوت؟

جەعفەر: پێم گوت: گەورەم، بە وردی تاوتوێی هەموو شتەكانم كردووە، گەیشتوومەتە قەناعەتێ... ئەویش مادامێ ئێوە ئەماننامەتان داوەتێ... قسەكەی بڕیم دەستی بردە پشت سەری كتێبێكی دەرهێنا دوو نامەی دەركرد و پێی گوتم: ئەمیان ئەماننامەكەی یەحیایە... (پارچە پارچەی كرد)... ئەمەشیان... ئای لەمەیان...(هەناسەی هەڵدەكێشا، لێوەكانی دەكرۆشت) ئەمەیان نامەی مووسای كازمە... بەر لەوەی بیكوژن ئەم نامەیەی بۆ نووسیوم...

یەحیا: نەتزانی چی بۆ نووسیبوو؟

جەعفەر: بەڵێ دوو سێ جار بۆ منی خوێندەوە... هەڕەشەی دەكرد... دەیگوت: دەبێ نێرومێ، گەورەو بچووكی عەلەوییەكان قەتل وعام بكەم...

بە جۆرێ تووڕە ببوو دەمی كەفی دەچەڕاند...

یەحیا: هیچی نامەكەت لەبیر نییە؟

جەعفەر: نووسیبووی: لە مووسای كاظمەوە بۆ هارون: ئەوە بزانە، هەر ڕۆژێ، لەمیحنەت و عەزابی من بگۆزەرێ، ڕۆژێكیش لەعەیش ونۆش و خۆشگوزەرانی تۆیش دەگوزەرێ... ڕۆژگاری من و تۆیش بەسەر دەچن كۆتاییيان پێ دێ... دەگەینە ڕۆژگارێ هەرگیز كۆتای پێ نایێت... ئەو ڕۆژگارەش تاوانباران بەسزای خۆیان دەگەیێنێ... چاك بزانە نە خۆشبەختی و كامەرانی تۆ ئەبەدییە... هەروەها نە ڕەنج و عەزابی منیش...

یەحیا: گەورەو ئیمام دەبێ وابێ.



جەعفەر: هەر ئەم نامەیە وای لەمن كرد، ئەم ڕفتارەت لەگەڵدا بكەم... من وەعدم بە خەلیفە داوە بتكوژم. بەڵام ئەوەتا تۆم هێناوەتە ئێرە، بۆ ئەوەی پێت بڵێم و وەعدت لێ وەربگرم...

یەكەمیان: لەئێستاوە من شیعە مەزهەب و عەلەویم. دووەمیش: وەزیری هارونم. نامەوێ هیچ یاخیبوونێ دژ بە دەوڵەتی عەبباسی بكرێ كە من تێدا بەشداری حوكمم... تۆ پیاوێكی جوامێرو خواناسی...سوێندم بۆ بخۆ، پاشئەوەی لەبەغدا دەردەچی، بەهیچ جۆرێ پەنا نابەیتە بەر شۆڕش و یاخیبوون و پڕو پاگەندە، دژ بە خەلیفە... تەنیا گیانی خۆت ڕزگار كەو بەس... من لەمە زیاتر ناتوانم هیچ كارێكی دیت بۆ بكەم... نامەوێ ژیان و خیلافەتی هارونی برام بكەوێتە مەترسییەوە...

یەحیا: (سەر ڕادەتەكێنێ) تۆ لەیەک كاتدا هەم دنیات دەوێ و هەم قیامەت... یا هاوڕێی من بە یا پاسەوانی هارون...

خەعفەر: گەلێ هۆ هەن پێویست ناكات بیاندركێنم... نامەوێ بەهیچ شێوەیێک بەشداربم لەخوێنڕژتنی خانەوادەی ئێوە...

یەحیا: بەڵام یەحیای باوكت زەهری دەرخواردی مووسای كازم داوە و كوشتوویەتی.

جەعفەر: پێم وایە ئەم قسەیە پڕوپاگەندەیە، بەڵام باشتر وایە لەم بارەیەوە نەدوێین... ئەگەر باكم لەم كارە دەستی هەبووبێ... ئەوە پەیوەندی بە خۆی و خودی خۆیەوە هەیە...گوناهێ ئەو كردبێتی ناكەوێتە ئەستۆی من... سبەی شەو لەگەڵ چوار پیاوی جێی متمانەی خۆم، لەم باغەوە دەردەچن... تۆ دەگەیيننە سنووری ڕۆم... هەموو شتێكم جێبەجێ كردووە...

یەحیا: حەز ناکەم بۆ ولاّتەم بنرێ.

جەعفەر: بۆمن ئاسانترە، بۆ خوراسانت بنێرم بەلاّم لەوێدا لە دەورت کۆدەبنەوە، ناچارت دەکەن گەر شۆڕش بەرپا نەکەی ئەوا دژبەخۆت شۆڕش بەرپا دەکەن... بەکورتی من نامەوێ ئارامی خوراسان بشلەژێ...

یەحیا: نازانم چۆن پاتریکۆس ڕێ دەدات من بچمە بیزانس.

جەعفەر: ئەوان ئەهلی بەرتیلن... چەندین جار بە پارە عەلەوییەکانم لەوێوە دەرباز کردووە...بۆ تۆش پارەی زیاتریان دەدەمێ...

یەحیا :تۆ گوتت من لەمڕۆوە شیعەو عەولەویم کەچی دەڵێی چەندین جار عەولەوییەکانم ڕزگار کردووە.

جەعفەر: من هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا بووم بێ گوناه نەکوژرێ... دەمزانی بێ گوناهن بۆیە لەو ڕێیەوە ڕزگارم کردوون.

دوورە: ئاوها...



## دیمەنی حەوت

*(دار الخلافه...هارون و جەعفەر)*

هارون: چاکە بزانم... هەواڵی دۆستە کۆنەکەمان... ئەرێ  چی بەسەر هات؟

جەعفەر: کام دۆست؟

هارون: ئەو عەلەوییە زاڵمە... ئەوەی دژ بە من شۆڕشی کرد... ئەوەی پێم سپاردی بیکوژی...

جەعفەر: (بەترسەوە) گەورەم لەناوچووە ... لە شوێنێکی دوورە دەستدا لە گۆڕ نراوە...

هارون: ئەو شوێنە کوێیە؟

جەعفەر: لە بیابانەکانی...

هارون: (سەر ڕادەتەکێنێ) بە ڕاست ئاوهای بەسەر هات...؟

جەعفەر: کەی درۆم لەگەڵ ئێوەدا کردووە... تائەمەیان بیێتە دووەم جار...!

هارون : تۆ دڵنیایت کە مردووەو لە گۆڕ نراوە؟

جەعفەر: ئەمیری موئمنین... بەڵێ.

هاورن: بەلاّم تۆ حەزت نەدەکرد ئەو بمرێ.

جەعفەر : بەرژەوەندی دەوڵەت گەورەترە لە حەزەکانی من...!

هارون: سوێند بە سەری من دەخۆی؟

جەعفەر: (بەترسەوە) بۆباوەڕم پێ ناکەیت؟

هاڕون: (بە تووڕەییـیـەوە) بە مەرگی من سـوێند بخۆ کە ئەو عـەلەوییـەت کوشتووە.

جەعفەر: ئەمیری موئمنین من ناتوانم درۆ بکەم... من ئەوم نەکوشتووە...

هاڕون: بۆ؟

جەعفەر: لە نەوەی پێغەمبەری خوایە.

هاڕون: ئەی من ئەمرم پێنەکردی...؟! ئەی من نەوەی کێم؟

جەعـفـەر: بەڵێ... ئەمرت پێ کردم... بەڵام نەمدەتوانی لەقـیـامـەت وەڵامی باپیری بدەمەوە... من پیاو کوژ نیم...

هاڕون: (بە بزەوە) دە ئێستا لەدنیادا وەڵامی نەوەکانی پێغەمبەر بدەوە بۆ تۆ ئیمانت بەقیامەت هەیە.

جەعفەر: ئەلحمدوللا...

هاڕون: گوتت پیاوکوژ نیم.

جەعفەر: بەڵێ...

هاڕون: دوانزە ساڵ لەمەوبەر کێ بوو ئەستێرە ناسێکی هەڵواسی؟

جەعفەر: من بووم.

هاڕون: ئەی چۆن دەڵێی پیاوکوژ نیم.

جەعفەر:بێشگۆیی کردبوو گوایە ئێوە کەم حوکم دەکەن و دەمرن، منیش لێم پرسی: ئەتوانی ئایندەی خـۆت ببـینی . گـوتی بەڵێ. گـوتم چەند ساڵی دی دەژییت... گوتی چل سـاڵی تر... بۆیە منیش فـەرمـانم دا هەر لەوێ هەڵـیـواسین تا دەمـرێ بۆئەوەی بەدرۆی بخـەمـەوە، دڵی پیرۆزی خەلیفەش ئاسوودە بێ...

هاڕون: بۆ ئێستا دڵی خەلیفە پیرۆز نییە؟

جەعفەر: بەڵێ پیرۆزە...



هاڕون: ئەی پێم نەگوتی، بیکوژە تا دڵم ئاسوودە بێت؟ (بە ئارامـییـەوە) چیت لەو پیاوە عەلەوییە خائینە کرد؟

جەعـفـەر: پەیمانم لێ وەرگـرت دژ بە خـەلیـفـە و خـیـلافـەت یاخی نەبێ بۆ وڵاتی ڕۆم ڕەوانەم کرد...دوورم خستەوە...

هاڕون: چۆن دوورت خـسـتـەوە... خـۆ وڵاتی ڕۆم بێ دەرگاو دەروازە نیـیـە... هەر کەسێ بچێتە ئەوێ پێشوازی لێ بکەن...

جەعـفـەر: ئاشنایەتیم لەگـەڵ گـەورە پیـاوانی ڕۆمدا هەیە کـاتێ لەگـەڵـیـان دەجـەنگاین، کـچـێـکی چکۆڵەی یەکێ لەگـەورە پیـاوانی تووشی نەخـۆشـیـێـکی کـوشندە ببـوو... کـەسـێـکی ناردەلام ، منیش پزیشکە تایبەتییەکەی خۆمم نارد، کچەکەی لەمەرگ ڕزگار کرد.

هاڕون: (بەسـەرسـوڕمـانەوە) من دەیان شـاری ڕۆمـیـیـەکـانم داگـیـر کـردوە... لەگـەڵـیـاندا جەنگاوم، قـەد نەبوومـەتە ئاشنایان و سـازشم لەگـەڵدا نەکردوون... ئێستا پێتوایە ئەو عەلەویە لە کوێیە؟

خەعفەر: نازانم.

هاڕون:(بەدەنگی بەرز) ئا بیهێنن.

جەعفـەر:(ترس دایگرتووە، ڕەنگی تێکچووە، دوو یاساوڵ یەحیای کـوڕی عەبدوڵڵا دەهێننە ژووری، دەست و پێی بە زنجیر بەستراوە...)

هاڕون: ئەم پیـاوەت بۆ وڵاتی ڕۆم نـاردووە... تا لەوێ لە قـەیسـەر داوای کۆمەک بکات و هێرش بکاتە سەرمان...

یەحیا:(بە دەنگێکی کرخنەوە) ئەی خەلیفە، ئەو پەیمانی لە من وەرگرت.

هاڕون: جاپەیمان چییە؟

یەحیا: مەگەر لای تۆ هیچ نەبێ.

هاڕون:(بە یاساوڵەکان) بێدەنگی کەن... (دوو یاساوڵە کە بە توندی لێی دەدەن).

جەعفەر: من داوای عەفو و مەغفیرەت لە ئەمیری موئمنین دەکەم، کە ئەم سەرپێچییەم کردووە... هەچ ئەمرێکت کردبێ جێبەجێم کردووە بەڵام توانای کوشتنی کەسم نییە...

هارون: (بە تەوسەوە) زاکیرەشت زەعیف بووە... ئەستێرەناسەکە...

جەعفەر: لەبەر ئەوە کوشتم ئیهانەی مەقامی خەلیفەی کرد قسەی بێ سەروبەری گوت، بۆیە کوشتم.

هارون: (بەیاساوڵەکان...) ئەو پیاوە ببەن، (یاساوڵەکان بە پاڵنانەوە یەحیای کوڕی عەبدوڵڵا دەبەنە دەرێ...)

هارون: (بە جەعفەر) فەرمانم داوە عەبدوڵڵای کوڕی مالک سزای بدات، لەژێرزەمینی قەسرەکەی سندی کوڕی شاهک بە زیندوویەتی بیخەنە چینی دیوارەوە سەری دیوارەکە نەگرن تا لە برساو لەتینوویەتیا دەمرێ... ئەمەیان نابێ زەهرخوارد کرێ نابێ بە خەنجەرو شمشێر بکوژرێ... دەبێ لە برسا... ئا... دەم وقەپۆزێکی ناشیرنی هەیە... کە مرد بلاوی دەکەینەوە ڕای کردووە، لە بیابانەکاندا... مردووە... حاڵی بوویت.

جەعفەر: بەڵێ گەورەم...

هارون: تۆش لەمرۆوە لە مەقامی وەزیری نامێنی بۆ خوراسان دوورت دەخەمەوە.

جەعفەر: ئێوە ئەمر دەفەرموون.

هارون: بێ ئەمری من لەمڕۆوە یەک هەنگاو لە بەغدا دوور ناکەویتەوە... تا کاروانی سەفەری خوراسانت بۆ دابین دەکەم...

جەعفەر: باشە گەورەم...

# بەشی حەوتەم

# دیمەنی یەک

*(ژووری تایبەتی زوبەیدە*

*زوبەیدە، فەریدە، خزمەتکار و ژنێک)*

فەریدە: (دێتە ژووریٚ کڕنۆش دەبات) خانمی گەورەم سەلام.

زوبەیدە: (وەڵامی سەلامەکەی ناداتەوە) نامەکەتم خوێندەوە... چاکتر وایە بەپەلە بچیتە سەر ئەسڵی مەقسەد... چ نهێنییەکت لایە وا دەتەویٚ بیدرکێنی قسان بکە...

فەریدە: خانمی خانمان... خاتوونی مەزن... گیانی من لە مەترسیدایە لە قەسرەکەی عەباسەوە ڕامکردووە، پەنام بۆ تۆ هێناوە... (سەر شانەکان و پشتی پیشانی زوبەیدە دەدات) عەباسە هەشتا جەڵدەی لێداوم... ژیانم لە مەترسیدایە...

زوبەیدە: (بە تووڕەییەوە) کاتم لیٚ مەگرە، زوو بڵیٚ بزانم چ دەزانی...

فەریدە: (سەری دادەخات) ڕازێکی ترسناک دەزانم...

زوبەیدە: بڵیٚ بزانم چییە؟

فەریدە: عەباسەی خوشکی خەلیفە ژنی جەعفەری بەرمەکییە.

زوبەیدە: (بەزەردەخەنەوە) ئەمە بوو ئەو نهێنییەی دەتویست بەمنی بڵێیت؟ منیش دەمزانی کە عەباسە...

فەریدە: بەڵام ئێوە نازانن عەباسە دوو کوڕی لە جەعفەر هەیە... ئەو جەعفەرەی کە خۆی بەوەفاترین کەسی خەلیفە دەزانیٚ.



زوبەیدە: (چەپڵەیێک لێدەدات، ژنێکی بەتەمەن دێتە ژووریٚ، کڕنۆش دەبات).

ژنەکە: ئەمر بفەرموون...

زوبەیدە: (کاغەز بێنە، بیدە دەستی فەریدە... هەرچییەک دەزانیٚ با بینووسیٚ دەبیٚ ئێمە بەپەلە خەلیفە لەم ڕووداوە ئاگادار کەینەوە...

ژنەکە: (دەچێت پەرەمووچ و مرەکەب و کاغەز دەهێنیٚ و دەیداتە دەستی فەریدە، فەریدە خەریکی نووسین دەبیٚ) خانمی گەورەم ئەمرێکی دی.

زوبەیدە: خزمەتکارەکەم بۆ بانگ کە (ژنەکە دەچێتە دەریٚ، پاش هەندیٚ خزمەتکارەکە دێتە ژووریٚ کڕنۆش دەبات). خەلیفە تا ئێستا لە بەغدا ماوە... کاروانی حاجییەکان کەوتوونەتە ڕیٚ؟!

خزمەتکار: گەورەم قەرەوڵی کاروانی حەج کەوتووتە ڕێ، بەڵام کاروانە تایبەتییەکەی خەلیفە سبەینیٚ دەکەونە ڕیٚ...

زوبەیدە: بەپەلە ئەسپەکەم بۆ ئامادەکە...

(روو لە فەریدە دەکات) نووسینەکەت تەواوکرد...

فەریدە: بەڵی فەرموون (کاغەزەکەی دەداتە دەست)

زوبەیدە: (کاغەزەکەی لیٚ وەردەگری، دەیخوێنێتەوە) باشە... لە کەیەوە ئەم ڕازە دەزانی؟!

فەریدە: لەمێژە...

زوبەیدە: لەمێژە، چەند؟

فەریدە: هەشت ساڵە... لە بەزمی عەباسە و شەللاتییەکانەوە...

زوبەیدە: ئەی بۆ تا ئێستا ئەم ڕازەت پەنهان کردبوو...

فەریدە: (زمانی تێکدەئاڵیٚ) عە... عەبا... عەباسە دەیکوشتم.

زوبەیدە: ئەی ئێستا ؟

فەریدە: پەنام بۆ ئێوە هێناوە...

زوبەیدە: ئێمەیش پاداشتی شایستەت دەدەینێ... (بە تووڕەیییەوە) دەزانی پاداشتی ئەم بێدەنگییەت چییە...؟

فەریدە: (دەلەرزێتەوە...)

زوبەیدە: گەر لە ڕۆژی شەللاتیەکاندا... ئەو درۆیەت نەکردبا... نە عەباسە دەبووە خاوەنی دوو کوڕ. نە جەعفەریش دەما... نە بەرمەکییەکان دەیانتوانی ئاوها دەوڵەت تێکدەن... (بەجدییەوە) جارێ ناتکۆژم نەوەک خەلیفە باوەڕ بەم نامەیە نەکات و داوای خۆت بکات... (چەپڵەیێک لێدەدات، ڕەشپێستێ دێتە ژوورێ) ئەم ژنە بەدبەختە ببە بۆ ژێر زەمینەکە... بەهەموو پاسەوانەکان بڵێ: حەڵاڵی هەمووتان بێ... تا چەند ڕۆژێ ئاگاداری بن - ئەوسا خۆم لە حەقی دێم...

فەریدە: (بەگریانەوە) خانمی گەورەم من چاکەم لەگەڵ کردی...

زوبەیدە: (دەکێشێتە نێو دەمی فەریدە، خۆێن بەدەم و لێویا دێتە خوارێ) بێ شەرەف، ئەوە نییە ئێمەیش پاداشتی چاکەکەت بەچاکە دەدەینەوە... (بە ڕەشپێستەکە) بەپەلە بیبە خوارێ... تۆ تونخی نەکەوی... حاڵی بوویت...

ڕەشپێستەکە: (بەبزەیێکی مانادارەوە) ئەمر دەکەن...



## دیمەنی دوو

*شەوە...*

*هاڕون، زوبەیدە، یەحیای بەرمەکی*

*(مەجلسی هاڕون پڕە لە گەورە پیاوان، زوبەیدە یەکسەر دەچێتە ژوورێ، هەر هەموو لەبەری هەڵدەستن و کڕنۆش دەبەن... هاڕون هەڵدەسێ و دەستی زوبەیدە دەگرێ ڕوو لە ئامادەبووان دەکات).*

هاڕون: فەرموون ئێوە هەموو مەرەخسن... تەنها یەحیای بەرمەکی بمێنێتەوە. (هەموو دەچنە دەرێ)

هاڕون: (بە زوبەیدە) چاک بوو هاتی بۆ ئێرە... یەحیای بەرمەکی ناڕازییە و گلەیی هەیە.

زوبەیدە: گلەیی یا شکات، ئەمانە فێرن، لەسەر خزمەتکارێ، مەیتەرێ، هیچوپووچێ، تەنها لە خانەوادەی بەرمەکی بێت... گەر زللەیێکی بەرکەوتبێ. ئەوا دەبێ شکاتەکەیان بگاتە خودی خەلیفە...

هاڕون: هەر کەسێ ناحەقی لەگەڵ بکرێ... تەنانەت بەناحەق زللەیێکی لێدرابێ هەقی ئەوەی هەیە شکایەت بکات...

زوبەیدە: لەلای خەلیفە...؟

هاڕون: لە مەحکەمە...

زوبەیدە: شکاتی ئەمان هەموو لەلای تۆیە.

هاڕون: لەسەرەخۆبە. یەحیا گەلێ ڕاپۆرتی پێ گەیبوە کە دەرگا و

دەروازەکانی قەسرەکەت وازە... ژنان و پیاوانێکی زۆر هات و چووی دەکەن...

زوبەیدە: (بەتووڕەییەوە) سەیرە، نەمدەزانی ئەم زاتە تا ئەم ڕادەیە دەربەستی ناموسی ئەمیری موئمنینە...

هارون: مەبەستی ئەوە نییە وا تۆ تێدەگەی... تۆیش بەم ڕادەی هەڵمەچۆ...

زوبەیدە: (بە هارون) باشتر وایە فەرمانی بدەیتێ خۆی و کوڕەکانی ئەم هەموو جاسوس و هەواڵدزانە لە دەوروبەری من لادەن...

هارون: (بە یەحیا) دەبینی ئەمیش شکاتی خۆی هەیە.

یەحیا: خانمی خانمان لەگەڵ نۆکەری ئێوە جۆرە بەدحاڵیبوونێک پەیدا بووە... بەهیوام لێک حاڵی بین لە قسەکانی خانمی خانمان وا دەردەکەوێ ئێمە قسوورێکمان هەبێ... مەگەر ئێمە لە کاری حەرەمسەرادا یا لە کاروبارەکانی دیدا کەمتەر خەمییەکمان هەیە... ئایا ئەمیری موئمنین، متمانەی بەئێمە نەماوە...؟

زوبەیدە: (بە یەحیا) تۆ هەموو شەوێ فەرمان دەدەی دەرگاکانی حەرەمسەرا بەجوانی قفڵ دەن و کلیلەکان لەگەڵ خۆتا دەبەیتەوە بۆ ماڵەکەت... بەڵام کەسانێ هەن لە مەحرەمەکانی خەلیفە، بەئازادی لە قەسر دەچنە دەرێ، بەسواری ئەسپ دەچنە خانووە دوورەکانی کەناری شار... تا زیاتر ڕەونەق بدەنە فسق و فجورەکانیان...

یەحیا: (ڕەنگی تێکدەچێ) لەبەر ئەوەی سبەینێ خەلیفە بۆ حەج دەچێ و سەفەر دەکات تکا دەکەم خەلیفە ئەمر بفەرمێ لە خزمەتی مەرەخەس بم...

هارون: (بەدیقەتەوە سەیری ڕوخساری دەکات) فەرموون (یەحیا دەچەمێتەوە و دەڕواتە دەرێ)



هارون: تۆ تووڕەییت لێ دی کە تووڕە دەبی. گەلێ جوانتر دەبی... بەڵام ئەم قسانەت هی مەقامی خیلافەت نییە... زووکە پێم بڵێ ئەو قسانە چ بوون کە دەتگوت؟!

زوبەیدە: (پەنچە ڕادەوەشێنێ) ئەم بت پەرست و زەندیقانە لە خشتەیان بردوویت...

هارون: چ بووە، زووکە بیڵێ...

زوبەیدە: ئەم بەرمەکیانە دەیانەوێ تەختی خیلافەتت لێ داگیرکەن... تۆیش هێشتا هەر بێدەنگی...

هارون: (بە خۆێنساردییەوە) وەعدمان وا نەبوو، بەبێ دەلیل چ کەسێ تاوانبار نەکەی... ئەرێ تۆ زۆر لەسەر بەرمەکییەکان دەخوێنی... ئەوە چەند ساڵێکە سەری زمان و بنی زمانت ئەم بەرمەکییانەیە... بەڕاستی بێزارت کردووم... بڵێ بزانم، هەر هەمان تۆمەتەکان دووبارە دەکەیتەوە یا شتی تازە لە گۆڕێدایە...

زوبەیدە: (بەتەوسەوە) بۆچی هەواڵی عەباسەی خوشکت ناپرسی وا لەگەڵ ئەو حەرامزادە و ئاگرپەرستانەدا دەستی تێکەڵ کردووە... دەیەوێ دەورانی پاشاکانی مەجووس بگەڕێنێتەوە، غولامزادە و کەنیززادەکان بخاتە سەر تەختی خیلافەت.

هارون: (بەتووڕەییەوە) چەند جارم پێ گوتوویت باسی کەنیززادە مەکە من خۆم دایکم کەنیز بووە... من کەنیززادەم... وا پێ دەچێ ئەم قسانە لەبەر ئەوە دەکەیت، گوایە من ویستوومە مەئمون بکەمە جێنشینی خۆم... ئەگەر ئەمەت بیستووە ئەوا درۆیە... حەجی ئەمساڵم بۆ ئەوەیە... بەیوارەکانی کەعبەدا فەرمانێ هەڵدەواسم... ئەمین... ئەمینی کوڕە خۆشەویستەکەت دەبێتە جێنشینم...

زوبەیدە: چ مێردێک و ئامۆزایەکی بێ غیرەتم هەیە... کەی تۆ هەند نەفام

بوویت. تۆ بەزیرەکی ناوبانگت دەرکردووە کەچی... لە ئاست ئەم بەرمەکییانەدا بوویتەتە مریشکێکی دەستەمۆ... بەڕاستی ئەم هەموو متمانەیە بەو پیرە بێ دینە چییە؟

هارون: (بەجدییەوە) جارێ ئەو پیرە بێ دین نییە وەکو من و تۆ موسڵمانە... من گەلێ باوەڕم پێیەتی بەتایبەتی لە مەسەلەی حەرەمسەرادا...

زوبەیدە: چاکە ئەگەر ئیعتمادت لەسەر ئەوە، بۆچی حەرامزادەکەی کوڕی پەردەی عیفەتی خوشکی تۆی دڕیوە؟! بۆچی عەباسەی "تۆل" پڕکردووە... دووجار سکی پڕکردووە جەعفەر و عەباسە دوو کوڕیان هەیە...

هارون: (لە جێیەکەی خۆیەوە ڕاپەڕی و پرچی زوبەیدە دەگرێ) چیت گوت... جەعفەر و عەباسە... دوو کوڕ... ها...

زوبەیدە: بەڵێ دوو کوڕ... ناویان حەسەن و حوسێنە...

هارون: حەسەن و حوسێن؟

زوبەیدە: ئەو دوو کوڕە ئێستا لە مەکە ژیان بەسەر دەبەن...

هارون: لە مەکە؟

زوبەیدە: بەڵێ... لەبەر عەلەوییەکانیش ناوی نەوەکانی عەلیی لە کوڕانی خۆی ناوە...

هارون: نەوەکانی عەلی؟

زوبەیدە: بەڵێ... حەسەن و حوسێن.

هارون: (شێت ئاسا هاوار دەکاتە سەر زوبەیدە) ئەی هیچوپووچی بێ قیمەت، ژنی بەدخوو، سوێندم بۆ بخۆ کە درۆناکەیت سوێند بخۆ کە ڕاست دەکەیت و قسەی پڕوپووچت نەکردووە.



زوبەیدە: سوێند دەخۆم کە ڕاستم گوتووە... سوێند دەخۆم عەباسە دوو منداڵی لە جەعفەری بەرمەکی هەیە...

هارون: چ دەلیلێکت هەیە...

زوبەیدە: چ دەلیلێ لەوە چاکترە کە دوو کوڕی لە مەکەدایە...

هارون: بۆ لە مەکە؟

زوبەیدە: پێیان وابوو گەر لە بەغدا بن، ڕازیان ئاشکرا دەبێ.

هارون: تەمەنیان چەندە؟

زوبەیدە: گەورەکەیان هەشتە و بچووکەکەیان سێ ساڵە.

هارون: ئاوها... هەشت ساڵە... من غافڵم... هەشت ساڵە ئەم کڵاوەیان لەسەر ناوم...

زوبەیدە: ئێستا تۆ بۆ مەکە دەچیت، لەوێدا تەحقیق بکە... ئەگەر گوتەکانم درۆ بوون، ئەوا بمکوژە... فەرموو ئەمیش ڕاپۆرتی فەریدە... کەنیزە تایبەتەکەی عەباسە... فەرموو بیخوێنەوە...

هارون: (ڕاپۆرتەکە وەردەگرێ و دەیخوێنێتەوە) ئاوها... ئەمە هەمان ئەو فەریدەیەیە... کە گوتبووی من خەیاتی حەرەمسەرام...

زوبەیدە: خۆیەتی، بەرمەکییەکان ئەو کڵاوەشیان کردە سەرت!

هارون: فەریدە لە کوێیە؟

زوبەیدە: لەلای منە...

هارون: چ پاداشتێکت دایێ.

زوبەیدە: پاسەوانی عەرەبی خاڵیسم زۆرە... خستمە بەردەستیان دەبێ هەر هەموویان تێرکات... جاری سزای قورسم نەداوە، دەترسام ئێوە باوەڕ بەمن نەکەن، ڕەنگە بتانەوێ خۆتان ببینن... لە دەمی خۆیەوە ببیستن... بۆیە سزام نەدا... خستمە بەردەستی پاسەوانەکانم... دەبێ هەموویان تێرکات...

هارون: جا کێ دەڵێ ئەمەی پێ خۆش نییە؟

زوبەیدە: بەرگەی دوو سەد کەس ناگرێ!

هارون: وانییە... خۆم گوێم لە هەندێ ژن بووە گوتوویەتی: سەرلەبەری سوپای ئیسلام تێرم ناکەن... بۆ فەریدە بیر لە شتی چاکتر کەوە...

زوبەیدە: ناتەوێ بیبینی؟

هارون: نەخێر... کە گەڕایتەوە... بەدەستی خۆت شتێکی سوورەوەکراوی پیاکە...

زوبەیدە: ئەمر دەکەی...

هارون: ئەوانی دیش... بەرمەکییەکان... هەر هەموویان زیندەبەچاڵ دەکەم... هەر هەموویان نابوود دەکەم...

زوبەیدە: (لەسەرخۆ) پەلە مەکە... لە ڕوودا خۆت وا مەنوێنە... سەرەتا تۆ دەچیت بۆ مەکە، لەوێدا دڵنیا دەبیت لە منالەکانی عەباسە و جەعفەر... کە گەڕایتەوە، ئەوسا حیسابیان لەگەڵدا بکە... گەر ڕووگرژی بنوێنی ڕەنگە بەرەو خوراسان ڕاکەن و لەوێدا یاخی بن و شۆڕش بەرپاکەن...

هارون: چاکە وا دەکەم... گەلێ چاکە... هەر هەموویان گەورە و بچووک، ژن و پیاو... هەر هەموویان گەورە و بچووک. (دەیان جار، وشەی گەورە و بچووک دووبارە دەکاتەوە).



## دیمەنی سێ

*(شاری مەکە، هارون، عەبدوڵڵا، دوو منالّ، ژن و پیاوێک و مەسرور)*

هارون: (تەنهایە عەبدوڵڵا دێتە ژوورەوە)...

عەبدوڵڵا: گەورەم، ئەوا مەسرور گەڕایەوە.

هارون: (بە ڕووگرژییەوە) منالەکانی هێناوە...

عەبدوڵڵا: بەڵێ گەورەم، ئەو کەنیزەی پەرستاریانی دەکرد لەگەڵ غولامێک... هەر دوو منالەکانی هێناوە...

هارون: جارێ با منالەکان ببینم...

عەبدوڵڵا: (دەچێتە دەرێ لەگەڵ مەسرور و دوو منالەکە دێنە ژوورێ... مەسرور کڕنۆش دەبات)

هارون: (بەوردی سەیری منالەکان دەکات) مەسرور

مەسرور: بەڵێ گەورەم... هارون هەر ئەمڕۆ زیندە بەچاڵیان دەکەی نامەوێ کەس ئەم ڕازە بزانێ کە خوشکی خەلیفە دوومنالّی هەیە...

مەسرور: ئەمر دەکەی گەورەم...

هارون: بڕۆ دەسبەکاربە...

(مەسرور هەر دوو منالەکە دەباتە دەرێ)

هارون: (بە عەبدوڵڵا) ئەو ژن و پیاوەم بۆ بێنە ژوورێ.

عەبدوڵڵا: ئەمر دەکەی گەورەم.

(دەچێتە دەرێ، ژن و پیاوێک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ژوورێ).

هارون: (زۆر بەهێمنی) بۆ ئەم چەند ساڵە لە ئاستی ئەم خیانەتە گەورەیەدا بێدەنگ بوویت.

ژنەکە: (لە ترسا دەلەرزێ، ناتوانێ قسان بکات، بەسەرچۆکا دەکەوێت...)

هارون: (بە عەبدوڵڵا) دەمەوێ خۆت ئەم ژنەم بۆ هەڵتلێشێنی دەزانی لە کوێوە هەڵیدەتلێشێنی...؟ دەی هەر ئێستا دەست بەکار بە...

عەبدوڵڵا: (ڕەنگی تێکدەچێ) گەورەم ئێوە بۆ حەج هاتوون باش نییە خەڵک بەم کارە بزانن... عەلەوییەکان دەیقۆزنەوە...

هارون: چاکە... شەوێ...

عەبدوڵڵا: (زمانی تێکدەئاڵێ) ئەمر دەکەن... شەوێ بە مەسروری دەسپێرم...

هارون: (بە توورەییەوە) حەیوان خۆت دەیکوژی... دەتەوێ سەرۆکی جاسوسان بی و کەس نەکوژی (روو لە پیاوەکە دەکات) ئەی تۆ بۆ بێدەنگ بوویت...

پیاوەکە: (دەلەرزێ و قسەی پێ ناکرێ)

هارون: (بەعەبدوڵڵا) ئەمەیانم بۆ بکە چوار کەرتەوە... شەوێ هەر پارچەیێکی بەرەو لایەک هەڵدە با سەگ و گورگەکانی بیابانیش بێ بەش نەبن لە بەخشندەیی ئەم حەجەمان...

عەبدوڵڵا: ئەمر دەکەی گەورەم...



## دیمەنی چوار

*(قەرەمیسین (کرماشان) جەعفەر، مووسای برای جەعفەر.)*

جەعفەر: ڕەشوەتێکی زۆرم دایە، پاسەوانەکان، تا بەغدا جێ بێڵم... وەعدیشم داونەتێ، بەر لەوەی خەلیفە لە حەج بگەڕێتەوە... من بگەڕێمەوە بۆ بەغدا... دە ڕۆژێ لەمەوبەر، قاسیدێ، نامەیەکی عەباسەی بۆ هێنام، بەخەتی ڕەمز نووسراوە... قاسیدەکە، یەکێکە لە مەحرەمەکانی عەباسە... هەر ئەوەندەی نووسیوە، کە گەلێ لەم نامانە کەوتوونەتە بەردەستی عەبدوڵڵا.

مووسا: دڵنیام عەبدوڵڵا ئەو کەسانە دەدۆزێتەوە، کە بەم خەتانە نامە دەنووسن... ناچاریان دەکات ڕەمزەکان شیکەنەوە.

جەعفەر: عەبدوڵڵا و زوبەیدە، بەتەواوی خۆیان لەمەلاص ناوە... بەجۆرێکی سەیر گەمارۆیان داوین...

مووسا: تێدەگەم عەبدوڵڵا بۆ دوژمنایەتیمان دەکات... بەڵام تا ئێستا نازانم زوبەیدە بۆ ئەم ڕقە ئەستوورەی لە ئێمەیە...

جەعفەر: من دەزانم... بۆ!

مووسا: بۆ...؟

جەعفەر: (زۆر بە غەمبارییەوە) خەتای خۆمان بوو...

مووسا: خۆمان...

جەعفەر: خۆمان بەپلە یەک من... بەپلەی دوو، یەحیای باوکمان...

مووسا: تێناگەم...
جەعفەر: ناحەقت نییە... کارەکە هەروا ئاسان نییە... باوەڕ نەکردەنییە...
مووسا: بۆم باس کە...
جەعفەر: لە سەرەتای لەسەر تەخت نشینی هاڕوندا... ئێمە هەر هەموومان هاڕونمان خستە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی حەرەمسەرا دروست کات.
مووسا: بۆ ئەوە مژولی کەین لەبەر ژن نەپەرژێتە سەر کاروباری دەوڵەت... نەبێتە کۆسپ لە ڕێی ئێمە...
جەعفەر: ئەمە ڕاستە بەڵام ئەم حەرەمسەرایە، ئاگری غیرەی زوبەیدەی گەشانەوە... هەر ئەوەدەمە چەند ڕۆژێ هاڕون بۆ کارێکی پێوست بۆ دە ڕۆژێ بەغدای جێهێشت... زوبەیدە ناردیە دووم... چوومە قەسرە تایبەتییەکەی... بەجۆرێ خۆی ڕازاندبووەوە... دڵی بەردی دەهێنایە جۆش... دەستی گرتم بردمیە ژوورێکی ئاوێنە بەندی گەلێ جوانەوە... بێ سێ و دوو پێی گوتم:

چاوەڕێی هەموو شتێکم دەکرد... تەنها چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد هاڕونی ئامۆزام خیانەتم لێ بکات... ئەوەتا حەرەمسەرای دامەزراندووە، ژنانی جوانی دنیای بۆ هێناوە، هەر شەوەی لەگەڵ چەند ژنێکیاندا دەنوێ... ئەو لەززەت وەردەگرێ. من دەسووتێم ئەو لە باخەڵی ژنانی جواندا دەگەشێتەوە... منیش لە نێو دۆزەخی غیرە و حەسرەتی حیرمانی خۆمدا دەپووکێمەوە... بۆیە منیش بڕیارم داوە، بەهەمان چەکەکەی هاڕون بەرگری لە خۆم و لە ژنایەتی خۆم بکەم... بڕیارم داوە، لەگەڵ حەزەکانی خۆمدا دڵسۆز وەکو هاڕونیش خائین بم...

من ڕەنگم تێکچوو، وامزانی دەیەوێ تاقیم کاتەوە... زمانم تێکئالا ویستم قسە بکەم، دەستی خستە سەر دەمم... گوتی: من تۆم هەڵبژاردووە، لەبەر دوو هۆی سەرەکی، یەکەمیان قۆزی و



لێهاتوویت... گەلێ لە هاڕون قۆزتر و ڕێکوپێکتری... ئەمەیان حەزە سەرەکییەکەی من دادەمرکێنی و ئەو لەززەتەم پێ دەبەخشێ بارتەقای هەموو ئەو لەززەتانەیە کە ژنانی حەرەمسەرا بە هاڕونی دەبەخشن... سونگەی دووەمی هەڵبژاردنەکەیشم ئەوەیە دەمەوێ ناخی هاڕون بسمم، بەوەی نزیکترین دۆستی خۆی فێرە ئەوە کەم کە چۆن خیانەتی لێ بکات... منیش پێم گوت: من نەک دۆستی هاڕونم... بەڵکو برای هاڕونم... داوای کاری نەکردنیم لێدەکەی... داوای لێبوردن دەکەم، ئەمە بەمن ناکرێ...

کەچی وەک پڵنگی بریندار تووڕە بوو... هەڵچوو... گوتی یانی ئێوە، خۆتان بەبرای هاڕون دەزانن، بۆیە ئەم داوایەم ڕەت دەکەیەوە... دەتەوێ فێرە ئەخلاقم بکەیت... هەی بێ ئەخلاق زادە... هاڕون، یەحیای باوکی تۆی بەباوکی خۆی دەزانێ، کەچی یەحیا لەگەڵ خەیزەرانی دایکیا دەستی تێکەڵ بوو منیش گوتم، باوکم داوێن پیس نییە... چوار ژن و دەیان کەنیزی هەیە... کەچی بەجۆرێ لێم ڕاپەڕی و زللەیێکی لێ دام خوێن بە دەم و لووتما هاتە خوارێ... پێی گوتم حەیوان، بۆ یەحیای باوکت هەموو ژنەکانی سەر زەوی تامی خەیزەرانیان نییە... چونکە لە ناخی خۆیدا سۆزێ ختوکەی دەدات، ئەویش هاونوێنی دایکی خەلیفە دەکات... دەمەوێ تۆیش ختوکەی ئەو سۆزەت بدەیت، هاونوێنی ژنی خەلیفە بیت... دەزانی خەلیفە یانی چی؟ دەی... هەر ئێستا...

تکام لێ کرد و پاڕامەوە... گوتم هاڕون برامە... بێ سوود بوو... ئەوجا زمانەکەی گۆڕی و پێی گوتم: جەعفەر من لەمێژە شەیدای تۆم، هاڕون کە دەچێتە حەرەمسەرا... بەخەیاڵ هەتا ڕۆژ دەبێتەوە لە باخەڵی تۆدام... گوتم... تکات لێ دەکەم، ئەم کارە بەمن ناکرێ... وەک مناڵ دەگریا... دەپاڕایەوە... تازیاتر فرمێسکی گەرمتری

دەرشت من عینادتر دەبووم و زیاتر ڕەفزم دەکرد... هەر کە بێ ئومێد بوو... هەڵسا و زۆر بەجدییەوە پێی گوتم:

چاوپۆشی لەوە بکە کە من زوبەیدەم و ژنی خەلیفەم... بەڵام هەمیشە ئەوەت بێتە بەرچاو کە تۆ ئیهانەی ژنایەتی منت کردووە لەکەیێکت ناوەتە قەد کبریائی مێیایەتیم... چاک بزانە ئەو لەکەیە تەنها بەخوێنی خۆت دەسڕێتەوە... فەرموو بچۆ دەرێ...

مووسا: ئەم ڕازەت بەیەحیای باوکمان گوتووە...؟

جەعفەر: نەخێر...

مووسا: دەبا ئاگاداری کەینەوە، تا وریاتر مامەڵە لەگەڵ ئەم...

جەعفەر: پێم وایە تازە کار بەسەرچوو...

مووسا: پێم چاکە نەگەڕێیتەوە بۆ بەغدا، لەگەڵ ئێمەدا بەرەو خوراسان بکەوە ڕێ... سەرکردەی سوپای خوراسانیش تاهیری کوڕی حوسێنە... من دڵنیام زوبەیدە مانەندی هارونە ناتبەخشێ... چکۆڵەترین فرسەت لە دەست نادات... دیارە ئەم چەند ساڵە ئەو فرسەتەی دەست نەکەوتووە... هارونیش لە تۆ بەدگومانە...

جەعفەر: پێم وانییە خەلیفە لە مەڕ من بەدگومانییەکەی گەیشتبێتە ئەو ڕادەیە وا تۆ بەمەترسی و خەتەرناک لە قەڵەمی دەدەی.

مووسا: خەلیفە بەتەنها نییە... تۆ کەوتوویتە نێوان دوو بەرداشەوە یەکێکیان خەلیفە و ئەوی دیشیان ژنی خەلیفەیە... بۆیە خەتەرناکە و... بەڵام تۆ لە غەمی عەباسەدایت... دەیشزانی بە چ چاوێکەوە سەیری عەباسەی خوشکی دەکات.

جەعفەر: دەزانم بەچاوی کڕیارەوە سەیری دەکات... عەباسەیش خۆی هەستی بەوە کردووە... کەم بەزمی شەوانەی هارون هەیە عەباسەی تیا بەشدار نەبێ...



مووسا: ناچارم بەم زمانە قسەت لەگەڵ بکەم و پێت بڵێم، دەبێ دەسبەرداری عەباسەو هەموو کەنیزەکانت بیت... لەگەڵ ئێمە بەرەو خوراسان بکەوە ڕێ... بەرژەوەندی خانەدانەکەمان لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆت گرنگترە

جەعفەر: دەڵێم، دەگەڕێمەوە بۆ بەغدا، هەوڵ دەدەم خەلیفە نەبینم، لە ڕێی عەباسەوە سوسەی وەزعەکە دەکەم هەر کە زانیم هی ئەوە نییە تیای دانیشم... یەکسەر جێی دەهێڵم و پەیوەندیتان پێوە دەکەم...

مووسا: پێوست ناکات ئەم ڕێیە بگریتە بەر. من لێرەوە پێت دەڵێم، ئیدی بەغدا تۆ ناگرێتەوە خۆی. نەک تەنها تۆ بەڵکو تەواوی بەرمەکییەکان بەغدایان لێ حەرام دەکرێ... تۆ لەمن چاکتر هارون دەناسی...

جەعفەر: چاک دەیناسم!

مووسا: دە چاکە تکات لێ دەکەم... مەگەڕێوە...

جەعفەر: عەباسە!! منالەکانم...

مووسا: من زۆر نیگەرانم... ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە من و تۆ بۆ دواجار یەکدی تیا دەبینین... یا ڕاستتر تۆ بە سەلامەتی دەبینم...

جەعفەر: هەند ڕەشبین مەبە... پێت وایە چیدی یەکدی نابینینەوە؟

مووسا: گەر بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، ئا... گەر نەگەڕێیتەوە، نەتەوێ شۆڕش بەرپاکەیت، سوێندی وەفاداری بۆ هارون نەشکێنی... ئەوا لەگەڵ ئێمەدا وەرە و گیانی خۆت ڕزگارکە، لە شوێنێکدا دانیشە و دەسبەرداری سیاسەت بە... ئێستایش گەر بمانەوێ سەرلەبەری خوراسان بەئاگری یاخیبوون دەسووتێنین... لافاوی هێرشیش بۆ بەغدا دەسپێدەکەین... بەڵام هێشتا زووە... بەڵام هەر دەست پێ دەکەین...

جەعفەر: من دەگەڕێمەوە... گەر گەیشتمە قەناعەت لەگەڵ ئەم نەژادپەرستانە، هیچ ئومێدێکی ئاشتی و بەیەکەوە ژیانمان نییە... ئەوا خۆم دەگەیێنمە ئێوە و شۆڕش بەرپادەکەین.

مووسا: (بەبێ ئۆمێدییەوە) پێناچێ ئەم کۆبوونەوەیەی ئێمە نەتیجەیەکی ببێ... سونگەی ئەم یەکدی بینینەمان بۆ ئەوە بوو کە ئێوە بڕیار بدەن، نەگەڕێنەوە بۆ بەغدا... کەچی...

جەعفەر: دەتەوێ بڵێی عەباسە و منداڵەکانت بەرچاوت بەر نادەن... ئەمە هەندێ ڕاستی تێدایە... بەڵام...

مووسا: (قسەکەی دەبڕێ) با چیدی کاتی خۆمان بەفیڕۆ نەدەین... من بەرەو خوراسان... تۆیش بەرەو بەغدای خوێن...

جەعفەر: (بە گەوجییەوە) بەغدای خوێن یانی چی؟

مووسا: بەبەرچاوی من و تۆ و یەحیای باوکمان هارون دانیشتبوو، لە یەک ڕۆژدا سەری هەزار و پێنج سەد کەسیان نەپەڕاند...؟

جەعفەر: ئەوانە یاخی بوون...

مووسا: تۆمەت دۆزینەوە بۆ کەسێ پێشتر قەراری لە نێوبردنی درابێ، گەلێ ئاسانە (لە یەکدی جیادەبنەوە)



## دیمەنی پێنج

*(دیوانی خیلافەت، هارون لەسەر تەختە، عەبدوڵڵا لە بەردەستیا بەپێوە وەستاوە.)*

عەبدوڵڵا: گەورەم والی خوراسان بەراپۆرتێک ئاگاداری کردووینەتەوە کە گروپێکی شعوبی و لایەنگرانی بەرمەکەکیان...

هارون: (قسەکەی دەبڕێ) دیسانەوە بەرمەکییەکان...

عەبدوڵڵا: بەڵێ گەورەم... ئەو گروپە بە نووسین پەیوەندییان لەگەڵ مووسای کوڕی یەحیای بەرمەکیدا هەیە... ئێمەش ڕێ و شوێنی مووسا-مان دۆزیوەتەوە... کەمینێکی، مەحکەممان بۆ داناوە...

هارون: گرنگ ئەوەیە دەرباز نەبێ... خۆ ئەگەر دەرباز بوو، هەرچی نیازێکم هەیە لەگەڵ مووسایدا بکەم... لەگەڵ تۆدا هەندێ بەزیادیشەوە دەیکەم... حاڵی بوویت...

عەبدوڵڵا: گەورەم، ببێ بە تەیر، کەسانی ئەوتۆم بۆ ناردووە، باڵی بشکێنن...

هارون: چاکە... چیدی هەیە؟

عەبدوڵڵا: ئەو ڕاپۆرتانەی داواتان کردبوو، ئەوەتا لە پێنج بەشدا ئامادەم کردوون.

هارون: ئا دەی ناونیشانی بەشەکانم بۆ بخوێنەوە.

عەبدوڵڵا: (ڕاپۆرتەکانی بەدەستەوەیە، ناونیشانەکانیان دەخوێنێتەوە)

گەورەم: یەکەمیان: ناوی ئەو پلەوپایەیە کە بەرمەکییەکان داگیریان کردووە.

دووەم: ئەو کارانەی جێی گومانن. چ خۆیان و چ لایەنگرانیان...

سێهەم: پەیوەندییان بە موخالفینی دەرەوە و ناوەوەی وڵاتەوە...

چوارەم: سامان و سەروەتیان.

پێنجەم: نفوزیان لە ناو سوپا.

هاڕون: ڕاپۆرتەکان لە دەستی عەبدوڵڵا وەردەگرێ، بەدیقەتەوە سەیری ژمارەکان دەکات، ڕەنگی تێکدەچێ و لە بەرخۆیەوە).

سێ ملیۆن دیناری زێڕ.

عەبدوڵڵا: گەورەم سێ ملیۆن نییە (٣٠) سی ملیۆنە... خەزێنەی ئەمیری موئمنین و دەوڵەتی عەباسی چل و هەشت ملیۆن دیناری تیایە...

هاڕون: چیدی؟!

عەبدوڵڵا: یەحیا، هەندێ نووسەر و مێژوونووسی لە لای خۆی داناوە...

هاڕون: ئەمەیان بۆچی؟

عەبدوڵڵا: خەریکی شعوبیگەری و زەندەقەن... خەریکی نووسینەوەی مێژوون.

هاڕون: مێژووی چی دەنووسن؟

عبدوڵڵا: مێژووی گەورەیی ئێرانییەکان و فەزڵیان بەسەر عەرەبەکاندا.

هاڕون: (پەستە) چیتر؟!

عەبدوڵڵا: جگە لەو نووسەر و شاعیر و مێژوونووسانە... ئیبراهیمی موسڵیش لایەنگریانە و مانگانەیان لێ وەردەگرێ...

هاڕون: (بەسەر سوڕمانەوە) ئیبراهیمی گۆرانیبێژ؟

عەبدوڵڵا: خەڵکەکە بە ئاشکرا بێزاری خۆیان دەردەبڕن و دەڵێن: لەبەر



بەرمەکییە زندەیقەکان، هیچ شتێ بۆ عەرەب نەماوە...

هاڕون: ژمارەی بەرمەکییەکانی بەغدا چەند کەسن...؟

عەبدوڵڵا: جگە لە منداڵانیان، هەزار و دوو سەد کەسن...

هاڕون: (لەپڕ) ئەرێ عەباسە گوناهبارترە یان جەعفەر؟

عەبدوڵڵا: ئەڵبەتە هاندان و ئارەزوو وروژاندن هەمیشە لە لایەن ژنەوەیە. چ پیاوێ ناتوانێ هیچ ژنێ فریوبدات گەر ژنەکە خۆی ئارەزووی لێ نەبێ... لەم مەسئەلەیەدا جەعفەر تاوانبارترە... ئەم کارەی بۆ چکۆڵە کردنەوەی مەقامی خیلافەتە، تانە دانە لە ئەمیری موئمنین... بۆیە گوناهبارترە...

هاڕون: (باسەکە دەگۆڕێت).

چ هەواڵێکی دیت پێیە؟

عەبدوڵڵا: دوو فەوج لە سوپاکانی خوراسان لە بەغدان، من بەخەتەریان دەزانم... ئەمر بفەرموون ئەو دوو فەوجە لە بەغدا دووربخەنەوە...

هاڕون: ڕاست دەکەیت هەر ئەمڕۆ بڕیار دەدەم بەرەو سنووری ڕۆم یا میسر بکەونە ڕێ...

(لەپڕ) پێم بڵێ ژمارەی کەنیزەکانیان چەندە.

عەبدوڵڵا: گەورەم، جەعفەر-یان، چل کەنیز و سێ ژنی مارەبڕ و دوانزە ژنی سیغەی هەیە... فەزلیش...

هاڕون: (قسەکەی دەبڕێ) هەر جەعفەرم مەبەستە، لەوانی دی گەڕێ...

## دیمەنی شەش

*(ماڵی جەعفەر... شەوە، جەعفەر و دوڕە...)*

دوڕە: (بەنازەوە، جامێ شەراب دەداتە دەستی جەعفەر) فەرموو، نۆشت بێ...

جەعفەر: (جامەکەی لێ وەردەگرێ) دەستخۆش... لە نێو چل کەنیزدا تۆم پێ لە هەموویان دڵسۆزتری...

دوڕە: بەوانیش هەر وا دەڵێی؟

جەعفەر: یانی باوەڕم پێ ناکەیت؟

دوڕە: گەورەی منی... قسەیێک بوو هاتە سەر زمانم.

جەعفەر: خۆت دەزانی چەند ژن و چەند کەنیزم هەیە... ئەوە دوو مانگ زیاترە هەموو شەوێ لە لای تۆم...

دوڕە: (بەنازەوە) هەموو شەوێ نا... ئەو شەوانەی سەفەرەکەتی لێ دەرکە...

جەعفەر: ڕاست دەکەی... باوەڕ ناکەم تۆ لەو ژنانە بیت حەزت بەوە بێت دووبارەی کەمەوە، پێت بڵێم تۆم لە هەموویان زیاتر خۆشدەوێ و دڵت بەم قسەیەم خۆش بێت...

دوڕە: جا چ ژنێک هەیە بەو وشەیە دڵی خۆش نەبێ... هەموو ژنێ دڵی بەو قسەیە خۆشە... تەنانەت سەد دەرسەدیش بزانێ درۆی لەگەڵ دەکەن... هەر پێی خۆشە لەو جۆرە قسانە ببیستێت... (جامێکی



دیی دەداتێ). منیش تۆم زۆر خۆشدەوێ!!

جەعفەر: (جامەکە هەڵدەدات) جامێکی دیم بۆ تێکە.

دوڕە: لەم ماوەیە زۆر دەخۆیتەوە... وا نەبووی...

جەعفەر: لە داخی ئەم نارەسەنە.

دوڕە: (خۆی گێل دەکات) کام نارەسەن؟

جەعفەر: ئەم کەنیززادە خۆێنرێژە... ئەمیری...

دوڕە: خەلیفەی ئیسلام؟

جەعفەر: باوکم دوێنێ چووەتە دیدەنی خەلیفە سەعاتێ زیاتر ڕایانگرتووە... پاشان بۆ ئیهانە پێیانگوتووە کۆبنەوەی لەگەڵ شەللاتییەکاندا هەیە... نازانم خەلیفە چ پێویستییێکی بە شەللاتییەکان هەیە...

دوڕە: (بەپێکەنینەوە) نابێ ئەمە قسەی سیاسیەکی وەکو تۆ بێت... خەلیفە و دەوڵەت گەلێ پێویستییان بەشەللاتی و قەحپە هەیە... گەلێ جار ڕێزی قەحپەکان زۆر زیاترە لە هەرە دڵسۆزەکانی دەوڵەت... خۆت چاک دەزانی ئەوەی قەحپە و شەللاتی بۆ شەخسی دەسەڵاتدارانی دەکەن کەم کەس ئەو کارانەیان پێ دەکرێ... (لەپڕ) تۆ دڵنیایت ئەمەیان لەگەڵ یەحیای باوکتا کردووە...

جەعفەر: باوکم پیاوی درۆ نییە... خۆی باسی کرد... ئەمڕۆ یەکێ لە سەردارەکانی سوپا، پێی گوتم: دەنگوباس وایە کە گوایە خەلیفە بڕیاری داوە بتنێرێت بۆ خوراسان.

دوڕە: ئەی تۆ چیت گوت...

جەعفەر: گوتم هەر بگەمە ئەوێ، ئەوسا دەزانم چ دەکەم کەچی پێی گوتم، تۆ دەبێ لە بەڵا خۆت بەدوور گری... هاڕون چاوی بڕیوەتە سامان و کەنیزەکانت.

دورە: بۆ وانییە؟

جەعفەر: (دەداتە قاقاو پێدەکەنێ) هارون چاوی بریوەتە هەموو شتێ، تەماح لە خوشکەکەی خۆیشی دەکات...

دورە: ئێوە هاورێی یەکن و یەکدی چاکتر دەناسن...

جەعفەر: یانی تۆ نایناسی؟! ئەرێ چۆن لە دڵی هات کەنیزێ بەم جوانییەی تۆ، بەم ناسکییەت، بەم زیرەکییەت بەدیاری بەمنت ببەخشێ... ئێستا چاوی بریوەتە هەموو شتێکی من... تەنانەت چاوی بریوەتە تۆیش... هاورێکانم دەڵێن ماوەییەکە پرسیاری سامانەکانم دەکەن... بۆ ئەوەی قسەکە بگاتەوە خۆی، بڵاوم کردووتەوە، هەرچی سامانی بەغدام هەیە دەیبەخشمە خەلیفە... بەڵکو هەند تەماحم لێ نەکات...

دورە: (جامێ شەرابی دیی دەداتێ) باشە بۆ وا لەگەڵ ئێوە دەکات؟

جەعفەر: دەیەوێ دەستمان بە خوێنی عەلەوییەکان سوورکات!

دورە: گەر ئەوە نەکەن چ دەبێ؟

جەعفەر: هەرچی دەبێ بابێ... ئەمڕۆ زۆر بێ تاقەت بووم... کەسێک بێ تاقەتی کردم.

دورە: بە چی؟

جەعفەر: پرسیارم لێ کرد، گوتم: ئەمڕۆ چوویتە لای خەلیفە چی پێ گوتی... پێی گوتم گەلێ شتی نهێنی، لێم پرسی وەک چی، گوتی ئەگەر قەرارە نهێنییەکانی خەلیفە بخەمە بەردەستی تۆ... ئەوا هەرگیز خەلیفە نهێنییەکانی بەمن نەدەگوت... پێم گوت بۆچی شتەکانی خەلیفە بە من ناڵێی، بۆ من نامەحرەمم... کەچی زۆر ڕوودارانە گوتی: ئەڵبەتە دەلیلێک هەیە...

دورە: گوێی مەدەرێ...



جەعفەر: جامێکی دیم بۆ پڕکە...

دورە: (جامێکی بۆ پڕ دەکات و دەیداتێ)

جەعفەر: (هەڵدەسێ و لە تر دەدات) بەهەڵەدا چووم... دەبا ئەو ڕۆژە لەگەڵ مووسای برامدا بەرەو خوراسان ڕۆیشتبام... دەبا نەهاتمایەتە بەردەستی ئەم خەلیفە نیوە شێتە خوێنڕێژە... نە لە خوێن تێر دەبێ، نە لە خۆراک... لە ژنیش تێر نابێ هەر شەوە، زیاتر لە دە کەنیز بەرێ دەخات... کەچی ئێستا گلەیی ئەوە دەکات، گوایە نەخۆشە.

دورە: دە کەنیز.

جەعفەر: بەڵێ.

دورە: من زیاترم لێ دیوە.

جەعفەر: چەند؟

دورە: بیست...

جەعفەر: بەدەرمانەکانی جبریل؟

دورە: ئەمەیان نازانم...

جەعفەر: دەزانم لەم ڕووەوە گەلێ بەهێزە... دە ساڵ لەمەوبەر، گرەومان لەگەڵ یەکدی کرد...

دورە: چۆن؟

جەعفەر: پێم گوت ئەمشەو لەگەڵ هەشت کەنیز بەیەکەوە بووین ئەو گوتی من دوانزەم لەگەڵدا بوو... گوتم باوەڕ ناکەم. گوتی باشە بۆ چ من بەتۆ باوەڕ دەکەم... مادامێ تۆ بەمن باوەڕ ناکەیت ئەوا منیش باوەڕ بەتۆ ناکەم، چاک وایە هەردوو لامان لە کەنیزەکان بپرسین... هەر هەشت کەنیزەکانی بانگ کردو لێیی پرسیین... هەر هەموویان گوتیان ڕاستە... تەماحی لە یەکێکیان کرد. من پێشکەشم کرد... گوتی

تۆیش دەبێ لە هەر دوانزە کەنیزەکان بپرسی... لێم پرسین تۆیش
یەکێ بوویت لەو دوانزە کەنیزە، گوتیان ڕاستە... وایە... تۆیش
بەعیشوە و نازەوە و زۆر بەڕاشکاوی گوتت ئەوەی من دووان بوو...
زۆرم حەز لە جورئەتەکەت کرد... هارون پەیی بەم حەزەم برد... پێی
گوتم: سبەی ئەم کەنیزەت پێشکەش دەکەم... گوتم ئەی بۆ ئێستا
نەبێ، گوتی با ئەمشەویش لەگەڵما بێ...

دورە: ئەو شەوە بە خەستی فێریان کردم.

جەعفەر: (بەسەرسوڕمانەوە) فێری چییان کردی؟

دورە: ها... ئەم جامەیش بخۆرەوە.

(جامەکەی دەداتێ، جامێکیش بۆ خۆی تێدەکات)

جەعفەر: دەخۆیتەوە؟

دورە: بەڵێ.

جەعفەر: چەند شەوە پێت دەڵێم بخۆرەوە... قایل نەدەبوویت...

دورە: دەمەوێ ئەمشەو جورئەت پەیداکەم.

(جامەکە هەڵدەدات و جامێکی دی تێدەکات)

جەعفەر: ئەم نا ڕەسەنەم لێ بووەتە... مۆتەکە... هەمیشە لەسەر
سینگمدایە... خەو و خۆراکی لێ حەرام کردووم... دەمەوێ ڕاکەم و
هەڵێم، چیدی ڕوخساری نەبینم... نامەوێ ڕوخساری هارون...

دورە: (قسەکەی دەبڕی) چاک دەکەی، ڕاکە، هەڵێ... پەلەکە پەلە...

جەعفەر: (ڕادەچڵەکێ) چی؟

دورە: دەڵێم درەنگە... ڕاکە... ئێوە کۆتاییتان پێ هاتووە خەلیفە، بۆ ئێوە
لە بۆ سەدایە... هەموو شتێکیش دەزانێ... تەنانەت ئاگاداری
ئەوەشە کە نامەیەکت بۆ ڕاوێژکاری وڵاتی ڕۆم نووسیوە... داوای



پەناهەندەییت لێ کردووە... هارون ئێستا هەموو ڕێیەکانی گرتووە...
تەنها یەک ڕێ نەگیراوە، ئەویش ڕێگای خوراسانە... چونکە
خەلیفە پێی وانییە... جورئەتی ئەوەت هەبێ ئەم ڕێگا دوورە
بگرێتە بەر...

جەعفەر: (هەڵدەستێ، لەتر دەدات، توند دەستەکانی دورە دەگرێ) تۆ چۆن
دەزانی؟

دورە: من جاسوسم...

جەعفەر: (ڕادەچڵەکێ) جاسوس؟!

دورە: بەڵێ جاسوس... دە ساڵ جاسوسم بەسەر...

جەعفەر: پیس... خائین... ئەی بۆ پێشنیازی هەڵاتنم بۆ دەکەی؟!

دورە: (دەگریێت، جەعفەر بەتوندی ڕایدەوەشێنێ) لەبەر بەدبەختی و سیا
ڕۆژیم...

جەعفەر: تۆ بەدبەختی یا من؟

دورە: من لە تۆ بەدبەختترم... سکم لە تۆ پڕە تۆ باوکی منالێکی منی...
ئەو منالەی کە دێتە دنیا هەرگیز باوکی خۆی نابینێ!!

جەعفەر: چ پێشگۆییێکی جوانت فەرموو!

دورە: (زۆر بەجدییەوە) هارون تۆ دەکوژێ... پێشتر نیازی وابوو
کەنارگیرت کات... بەڵام کە فەریدە، کەنیزەکەی عەباسە ڕایکرد و
چووە لای زوبەیدە... هەموو شتێکی بۆ گێڕانەوە... ئیدی هارون
بڕیارەکەی گۆڕی... تۆ دەکوژێ... ناو و ناونیشانت دەسڕێتەوە...

جەعفەر: (بەسەرسوڕمانەوە) فەریدە ڕایکردە لای زوبەیدە؟!

دورە: بەڵێ...

جەعفەر: ئەو ڕۆژە فەریدە دیار نەما پاش دوو ڕۆژ تەرمەکەیان لە دەرێی

بەغدادا دۆزییەوە... کە تەرمەکەیان بەخاک سپارد، بەهەموو خەڵکەکەیان گوت: عەلەوییەکان ئەم کەنیزەی عەباسەیان ڕفاندووە، پاش ئەوەی تەعەدایان لێ کردووە کوشتوویانە...

دورە: ئەمەیان بۆ ئەوە کرد کە تۆ و عەباسە بەهیچ جۆرێ گومان نەکەن... بۆ ئەوەی غافڵگیرتان کەن... خودی، زوبەیدە، بەدەستی خۆی بەشێوەیەکی گەلێ ناشیرین فەریدەی کوشت...

جەعفەر: (بەسەرسوڕمانەوە) ئێستا تێگەیشتم کە چەنێ گەوج و ساویلکە و دڵ سافم...

دورە: جەعفەر دڵنیابە... هارون نایەوێ داستانی تۆ و عەباسە لە مێژوودا بمێنێ هارون هەموو شتێ ئینکار دەکات... هەموو شاهیدەکانیش لە نێو دەبات... بەدووری نازانم منیش بکوژێت... هەر لەبەر ئەوەی ئەم نهێنییە دەزانم، هەمیشە دڵەڕاوکێمە و دەترسم... هەڵسە... هەر ئێستا بەرەو خۆراسان بکەوە ڕێ... نا... نا... ئێستا مەستی... گەلێ مەستی ڕێیەکە ون دەکەی و یەکسەر بۆ لای خەلیفە دەچیت و پێی دەڵێی: من و تۆ هاوڕێین... عەیب نییە جاسوسم لەسەر دادەنێیت... دەمارەکانت دەناسم... دەزانم چ دڵ سافێکی... چاک وایە بەر لە خۆرهەڵاتن بکەویتە ڕێ...

جەعفەر: (وەخۆی هاتووەتەوە)

ناتوانم بڕۆم... باوکم... دایکم... لێرەن...

دورە: ئەوەی لەسەر من بوو کردم... ئێستا ئاسوودەم گوناهی دە ساڵ جاسوسی کردنم بەم ئاگادار کردنەوەیەت سڕییەوە...

جەعفەر: تکا دەکەم شتێکت لە دڵمدا کردووەتە گرێ دەتوانی وڵامم بدەیتەوە.؟

دورە: فەرموو.



جەعفەر: گوتت ئەو شەوە بەخەستی فێریان کردم... کێ فێری کردی؟.

دورە: زوبەیدە... ئەو دەزگایەی زوبەیدە هەیەتی گەلێ گەورەترە لە دەزگاکانی دەوڵەت... دەزانی دەیان جاسوسی بەسەر هارونەوە داناوە... جبریل... ئەبو نواس جاسوسی زوبەیدەن!

جەعفەر: دوا چاکەم لەگەڵدا بکە... نامەیەک بۆ عەباسە دەنووسم... پێی بگەیێنە...

دورە: ئەمەیشت بۆ دەکەم.

## دیمەنی حەوت

*(هەمان شەوە... قەسرەکەی هارون...*

*هارون عەبدوڵڵا)*

هارون: دڵنیایت، لەگەڵ دورە دایە...

عەبدوڵڵا: بەڵێ گەورەم... وەک ئەوەی ئێستا بیانبینم و لەبەر چاومدا بن... ئاوها دڵنیام... ئێستا داوای جامە شەراب دەکات... دوور نییە داوای سەما کردن و گۆرانی گوتنیشی لێ بکات...

هارون: پێ دەچێ زۆر شتی لە لای دورە نەدرکاندبێ... نازانم عەقڵم نایبڕێ... دەبێ شتی درکاندبێ و دورەیش بەئێمەی نەگەیاندبێ...

عەبدوڵڵا: گەورەم... دورە وا ڕاهێنراوە دەزانێ لە چ کاتێ و چۆن قسەی پێ بدرکێنێ...

هارون: (بەگەوجییەوە) کاتەکە کەیە و چۆنیش قسەی پێ دەدرکێنی...

عەبدوڵڵا: گەورەم نێو نوێن و کاتی...

هارون: ئێ...

عەبدوڵڵا: گەورەم گەر نوێن زمانی هەبا... زۆربەی زۆری دەسەڵاتدارانی ڕسوا دەکرد...

هارون: باشە پێم بڵێ، لە نێو ڕاپۆرتەکانی دورەدا هیچ ئیشارەتێ بۆ ئەو چەند هەزار ئێرانییە نییە کە بەدزییەوە لە بەلخ-ەوە هاتوونەتە بەغدا... جەعفەریش دەیانبینێ...



عەبدوڵڵا: گەورەم ڕاست دەفەرمووی... نازانم چۆن باسی ئەم ئێرانییانەی بۆ دورە نەکردووە!

هارون: کێ دەڵێ باسی نەکردووە!

عەبدوڵڵا: نازانم.

هارون: من جەعفەر دەناسم، هاوڕێمە، بەهیچ شێوەیێک نهێنی ناپارێزێ... دڵنیام لەم ڕووەوە جەعفەر بەئیشارەتیش بووبێ شتی درکاندووە بەڵام دورە لێی شاردوویینەتەوە...

عەبدوڵڵا: گەورەم عەرزم کردی نایزانم.

هارون: خەتاکە لە دورە دایە... سبەی شەو لەگەڵ ئاهەنگەکەدا ئەویش پاداشتی زانیاری شاردنەوە وەردەگرێ... بەزوبەیدەی دەسپێرم ئەو دەزانی چۆن مانەندی فەریدە بێ دەنگی کات...

عەبدوڵڵا: گەورەم دورە جیاوازی زۆرە لەگەڵ فەریدە... دورە دە ساڵە خزمەت دەکات...

هارون: (بەتووڕەیییەوە) یەک خەتا... هەموو خزمەتەکانی دەسڕێتەوە... ئەمڕۆ یەحیا بەرمەکی زۆر پاڕایەوە، تا ئەو نووسەرە زەندیقەی نەکوژم کە ئیعترافی کردبوو (مانییە) هەر چەندە گوتی ئەم نووسەرە زۆر خزمەتی ئالی عەباسی کردووە... منیش پێم گوت... یەک خەتا... هەموو خزمەتەکان دەسڕێتەوە... سپاردمە دەستی مەسرور...

عەبدوڵڵا: گەورەم منیش ئەمڕۆ کە یەحیا لە لای ئێوە بوو بەفرسەتم زانی، یەکێ لە نووسەرەکانی یەحیام گرت تۆمەتی زەندەقەم خستە پاڵی... گریا... گوتم بنێرە بۆ دواجار ماڵ و منداڵەکەت ببینی... دەپاڕایەوە گوتی من موسڵمانم...

هارون: نووسەری چییە... ڕاستتر چی دەنووسێ؟

عەبدوڵڵا: پاش ئەو تۆمەتە، هەمان پرسیارم لێ کرد گوتی خەریکی نووسینی کتێبێکم... گوتم بەناوی چی؟ گوتی: بەناوی فەزڵی

عەجەم بەسەر عەرەبدا...
هاڕون: هەر ئەم ناونیشانە هی ئەوەیە، خۆڵە مێشەکەیشی بسووتێنی...
عەبدوڵڵا: بەئەشکەنجەدەرم گوت: هەر ئێستا چاوەکانی ئەم زەندیقەم بۆ دەربێنە...
هاڕون: ئافەرین چاکت کرد...
عەبدوڵڵا: گەورەم، کەوتە سەر دەست و پێم، بەگریانەوە دەپاڕایەوە...
هاڕون: (بەتووڕەییەوە) خۆ ناشێ بەزەییت پیاهاتبێتەوە.
عەبدوڵڵا: نەء قوربان بەزەیی چی... پێم گوت ئەم قسە قۆڕانە بۆ دەنووسیت... گوتی لەسەر داخوازی یەحیا ولامی کتێبێک دەنووسمەوە کە دژ بەئێرانییەکان نووسراوە... پێم گوت، تۆ دەڵێی زەندیق نیم بەلام دانت بەتاوانێ ناوە لە زەندیق بوونت خەتەرناکترە هەر ئێستا زمانت دەبڕم و پەنجەکانیشت دەشکێنم...
هاڕون: ئافەرین. زمانت بڕی؟
عەبدوڵڵا: نەخێر گەورەم...
هاڕون: (بەتووڕەییەوە) بۆ؟
عەبدوڵڵا: وەکو منداڵ دەگریا و...
هاڕون: (قسەکەی دەبڕێ) چاوی دەردەهات.
عەبدوڵڵا: گەورەم گوتی: ئەگەر لە کوشتنم چاوپۆشی بکەیت، ئەوا گەلێ خزمەتی گەورەت دەکەم... گوتم وەکو چی؟
هاڕون: دەبا گوێت نەگرتبا، ئەو جۆرە کەسانە چ خزمەتێکیان لە دەست دێ؟
عەبدوڵڵا: گەورەم لێم پرسی، چ خزمەتێ؟ گوتی: من یەکێکم لەو سێ نووسەرەی خانەوادەی بەرمەکییەکان کە دەتوانن بەخەتی (ڕەمز) بخوێننەوە و بنووسن گوتم، ئەو خەتانە چین... گوتی دوو خەتن... ئەم دوو خەتە پەهلەوین تایبەت بوون بە پاشاکانی ساسانەوە بەم



دوو خەتە نامە نهێنییەکانیان دەنووسی... ئێستا تەنها بەرمەکییەکان نەبێ کەس سەریان لێ دەرناکات...
هاڕون: خەتی تریان نییە... ئەو پرسیارەت لێ نەکرد؟
عەبدوڵڵا: بەڵێ گەورەم، پرسیم، گوتی حەوت جۆری دیش هەن، کەلیمەکان بەجۆرێ دەنووسرێن. بەجۆرێکی دی دەخوێنرێنەوە.
هاڕون: جا سوودی ئەو پیرەمێردە چییە... بڵێ بزانم؟
عەبدوڵڵا: گەورەم لەم چەند مانگەی ئەم دواییەدا، چەند تەتەرێکی بەرمەکیم گرتووە... تا ئێستاش بەرم نەداون لەم جۆرە نامانەیان پێیە... نە بەئێمە دەخوێنرێنەوە نە بە تەتەرەکانیش...
هاڕون: ئاوها...
عەبدوڵڵا: ئێستا ئەو پیاوە لە ماڵەکەی مندایە، دەبێ هەتا بەیانی هەموو ئەو نامانەم بۆ تەرجەمە بکات... منیش وەعدی ئەوەم داوەتێ کارێکی شایستەی بۆ پەیدا بکەم...
هاڕون: چییە ئەو کارە شایستەیە؟
عەبدوڵڵا: با جارێ نامەکان تەرجەمە بکات.
هاڕون: گوێگرە... دەیکەیت بەمامۆستای چەند قوتابییێکی عەرەب تا ئەو خەتانەیان فێر کات... پاشانیش کتێبێ بنووسێت بەناوی فەزڵی عەرەب بەسەر عەجەمدا... هەرکە ئەمانەی تەواو کرد... خۆم پاداشتی خەتاکانی دەدەمێ...
عەبدوڵڵا: گەورەم ئێوە چاکتری لێ دەزانن...
هاڕون: بەرەبەیان مەسرور و چەند کەسێ دەنێرم جەعفەری بەرمەکیم بۆ بێنن.
عەبدوڵڵا: (وەک ئەوەی گەورەترین ئومێدی وەدی هاتبێ لەسەریەک دەڵێ:)
زۆر چاک دەکەن... گەورەم زۆر چاک دەکەن.

# بەشی هەشتەم

## دیمەنی یەک

*(قەسەرەکەی هارون) هارون، عەبدوڵڵا، جەعفەر*

عەبدوڵڵا: گەورەم مەسرور و چەند پاسەوانێک، جەعفەریان هێناوە...

هارون: دەزانم... با چاوەڕێ کات.

عەبدوڵڵا: ئەم شەو ئەم پیاوە هەموو نامەکانی تەرجەمە کردووە... بەڕاستی ئەم جەعفەری بەرمەکییە تا بڵێی بێ ناموسە (نامەکان دەخاتە بەر دەستی هارون)

هارون: (دەیانخوێنێتەوە، نامەییێکیان ڕەنگی پێ تێکدەدات) نامەرد...

عەبدوڵڵا: گەورەم ئەم نامانە لە ڕێی بەلخ و خوراساندا گیراون

هارون: (نامەیەک دەداتە دەستی عەبدوڵڵا) سەیری نامەردی بکە بزانە چی نووسیوە...

عەبدوڵڵا: گەورەم، هەموویانم خوێندووەتەوە...

هارون: ئەمەیان بخوێنەوە...

عەبدوڵڵا: گەورەم لەمەیاندا عەفووم بکە...

هارون: (بەتووڕەییەوە) ئەمرت پێ دەکەم.

عەبدوڵڵا: (نامەکە دەخوێنێتەوە) بیستوومە مەهدی باوکی هارون، دەستی لەگەڵ پوورەکانی خۆیدا تێکەڵ کردبوو... هارونیش بەسەرنجی هەوەسبازی گەمارۆی عەباسەی داوە... بەجۆرێ سەیری دەکات و بین بە شەرابەوە دەنێ... گەورەم، بمبوورە ناتوانم بیخوێنمەوە...



هارون: (کاغەزەکەی لێ وەردەگرێ) خۆم دەیخوێنمەوە...

عەبدوڵڵا: جەعفەر خۆی لێرەیە، بۆچی بانگی ناکەیت خۆی بیخوێنێتەوە...

هارون: نەخێر... تۆ بچۆ دەرێ، با یاساوڵەکان جەعفەر بپشکنن... بە تەنها بۆمی بنێرن... با کەس نەیێتە ژوورێ...

عەبدوڵڵا: (دەچێتە دەرێ پاش هەندێ، جەعفەر دێتە ژوورێ، هارون بەرەو پیری جەعفەر دەچێت ئەملاو ئەولای ماچ دەکات بەڕووخۆشییەوە لە تەنیشتی خۆی دایدەنێ هەموو ئەو نامە گیراوانەی لەنێو ژوورەکەدا پەرت و بڵاون، جەعفەر دەیا نبینێ ڕەنگی تێک دەچێ هارون لە جەزوەکەی تەنیشتی خۆیەوە دوو قاوە تێدەکات، یەکێکیان دەداتە دەستی جەعفەر)

هارون: (بەپێکەنینەوە) جەعفەری بەرمەکی ...هاوڕێی منالیم... خەریکی چیت؟ پێم نەگوتی، بەغدا جێ مەهێڵە... کەچی دیسانەوە بێ قسەیت کردم...

جەعفەر: (ڕەنگی تێکدەچێ...) ئێوە لێرە نەبوون. گەلێ بێ تاقەت بووم...

هارون: (قسەکەی دەبڕێ) لە کرماشان بوویت؟

جەعفەر: بەڵێ ئەمیری موئمینین.

هارون: حەتمەن مووسای برات بینی...

جەعفەر: بەڵێ

هارون: تەکلیفی ئەوەی لێ کردی لەگەڵیا بەرەو خوراسان بکەویتە ڕێ...

جەعفەر: بەڵێ

هارون: ئەڵبەت گوتیشی، هارون بێ بەزەییە...

جەعفەر: (بێدەنگە)

هارون: حەتمەن چوویتە کەنگاوەر پەرستگاکەی

جەعفەر: بەڵێ گەورەم.

هارون: چ شتێک سەرنجی ڕاکێشایت...

جەعفەر: شوێنەواره مێژووییەكانی كرماشان هەمیشە سەرنجی منیان ڕاكێشاوه.

هاڕون: خۆش بەحاڵت سەردانی شوێنەواره مێژووییەكانت كردووه... منیش ئەوەم داوەتە بەر زەین، گۆڕستانێ بۆ خۆم دروست بكەم... بیستوومە لەسەرپولی زەهاب گۆڕستانی سەردەمی مەجوسییەكانی لێیە. حەزم دەكرد بۆ سیاحەت سەردانی بكەم...

جەعفەر: (بەترسەوه) ئەمیری موئمینین... ئێوە گەنجن و تەمەنی درێژتان لە بەردەمدایە... حەیفە... دەم لە وشەی مەرگ دەدەن...

هاڕون: زۆر جار حەز لەمردن دەكەم... لە بەرخۆمەوه دەڵێم هادی برام گەلێ بەختەوەر بوو، لە گەنجییەتیدا مرد ئەم هەموو بێ وەفایی و جەفاكاری و خیانەت و نمک حەرامییەی نەبینی، كە، من لەم ڕۆژگارەدا دەیانبینم... مردن حەقە... هەریەک لەئێمەیش دەبێ هەموو ساتێ ئامادەبین پێشوازی بكەین (چاو دەبڕێتە نێو چاوی جەعفەرەوه) مەهدی باوكم، كاتێ كە مرد تەمەنی چل و سێ ساڵ بوو، دەیان كەنیزی بۆ خۆی كڕی بوو، چوار قەسری مەزنی دابووه دروست كردن... بەڵام ناگەهان، لەكاتی سەفەردا نەخۆش كەوت و مرد... دەشڵێن ژەهر خواردكرا... بەڵام بەڕەسمی سونگەی مەرگی نەزانرا چی بوو... من وەسیەت نامەی خۆم نووسیوه، بۆ كوڕەكانیشم میساقنامەم بەدیواری كەعبەوه هەڵواسیوه... (هەندێ بێدەنگی و بەریتمێكی تایبەتی) بەڕاست تۆ وەسیەتنامەی خۆت نووسیوه؟ ئەمدنیایە كاروان سەرایەو ئێمەش موسافیرین... دێین و دەڕۆین... دەڵێم ئینسان تا زیندووه، دەبێ قەدری حەیات بزانێ... ئەڵبەتە تەمەنی تۆ لە من زیاتر نییە... (لەپڕ)

ئاگادارت دەكەمەوه دەبێ وەسیەتنامەی خۆت بنووسی و لە شوێنێكی ئەمیندا داینێی...



جەعفەر: (دەلەرزێتەوه) فەرمایشتەكانی ئەمیری موئمنین مەنتقین... ئەڵبەتە دەینووسم...

هاڕون: (قاوەكەی دەخواتەوه) مەترسە تۆش بیخۆرەوه هێشتا زووه!

جەعفەر: (دەلەرزێ، قاوەكەی دەخواتەوه )

هاڕون: بیستوومە ماوەیەک لەمەو بەر دەعوەتێكی گەورەت كردووه.

جەعفەر: بەڵێ گەورەم

هاڕون : بۆچی

جەعفەر: (بەبێ ئاگاییەوه) حەزم كرد لیاقەتی خەلیفە و بەخشندەیی ئەمیری موئمینینم هەبێ...

هاڕون: (زۆر لە سەرەخۆ) بۆ بەنیازیت ببیت بەئەمیری موئمینین؟

جەعفەر: (وەخۆدێتەوه) گەورەم، خەتام كرد، قسەبوو هاتە سەر زمانم...

هاڕون: هەروا بە ئاسانی هاتە سەر زمانت... یا خەونەكانی خۆت دەگێڕایەوه...

جەعفەر: (خۆی لەباسەكە دەدزێتەوه) گەورەم ئێوه فەرمووتان دنیا كاروانسەرایە، دەبێ قەدری حەیات و نیعمەتەكانی بزانین... من پێم وایە ئەو كارەم بۆ خزمەتی دەوڵەت بوو...

هاڕون: دەعوەت چ خزمەتێكی دەوڵەت دەكات!

جەعفەر: (زمانی تێكدەئاڵێ) گەورەم، شكۆمەندی و مەزنی دەوڵەت دەخاتە ڕوو...

هاڕون: ڕاست دەكەی، ئەگەر ئەو دەعوەتە من كردبام... واتێدەگەم ئەو دەعوەتەت بۆ ئەوه كردووه، خۆشەویستی خەڵكی بەرەو لای خۆتان ڕاكێشن... مەبەستم بۆ لای بەرمەكیەكان ڕاكێشن... ئەرێ ژمارەی بەرمەكییەكان چەند كەسن؟!

جەعفەر: جگە لە منالان لە هەزار و دووسەد كەس زیاترن.

هاڕون: ژمارەی ئەوانەی پلەو پایەی بەرزیان لەدەوڵەتدا هەیە چەندە؟

جەعفەر: بیست و پێنج کەسن

هارون: (لەپڕ) ئازاد بەختیی بەرمەکی و ڕۆزبەهانی بەرمەکی کێن؟

جەعفەر: (ڕەنگی تێکدەچێ وزمانی تێکدەئاڵێ) بۆ... ھ... هیچ ڕووی داوە؟

هارون: ئەمانە خزمی تۆن؟

جەعفەر: بەڵێ لە خزمانی منن... بەڵام لە بەڵخ دا دەژین...

هارون: حاکمی بەڵخ بەتۆمەتی کەهانەتی بتخانەی نەوبەهار دەستگیری کردوون... هەریەکە و دووسەد جەڵدەی لێ داون... من بڕیارم داوە، سووکە پرسیاریان لێ بکەن ئازادیان بکەن...

جەعفەر: گەورەم...

هارون: (قسەی دەبڕێ) ئەم دوو بەستەزمانە، پڕو پاگەندەی سەیریان بەدواوەیە... گوایە لە سەرکردەکانی تۆن و ئامادەی شۆڕشن (بە پێکەنینەوە) بەڵام من ئەم مەوزووعەم چەند بەلاوە گرنگ نییە... لەبیرتە منالێ بووین، کراسەکەی من ئەوەندە بەرین بوو هەردووکمان دەچووینە ناویەوە... تا شەکەت دەبووین هەڵبەز و دابەزمان دەکرد...

جەعفەر: بەڵێ گەورەم

هارون: (دەست دەبات، لەنێو بوخچەکەیدا کراسێ دەردێنێ) دوێنێ شەو بە خەیاتەکانی قەسرم گوت ئەم کراسەم بۆ بدوورن... وەرە با بە یادی جارانەوە هەردووکمان بچینە نێویەوە (هەردووکیان دەچنە نێو کراسەکەوە چەپڵەیێک لێدەدات هەشت کەنیزەی جوان بەدەفەوە دێنە ژوورێ دوو کەنیزەش شەڕابیان پێیە جامێکی زێڕین دەدەنە دەستی هارون و جامێکی زیوینیش، دەدەنە دەستی جەعفەر شەڕابیان بۆ تێدەکەن . شەڕابەکە هەڵدەدەن... دەنگی دەفەکان بەرز دەبنەوە... هارون و جعفەر لە شێوەی زیکری دەرویشان بە ئەللا...



ئەللا زکر دەکەن. کەنیزەکانیش بەدەف بەدەوری هارون و جەعفەردا دەسووڕێنەوە)

هارون: دەی دەی دەی

جەعفەر: (بێ ئیرادە) دەی دەی دەی...

(بۆ ماوەییێک سەمای کەنیزەکان و هەڵبەزدابەزی هارون و جەعفەو بەردەوام دەبێت)

هارون: (دەنەڕێنێ) بەس (هەموو بەترسەوە دەوەستن)

دوو جامی دیمان بۆ تێکەن(دوو جامی دییان بۆ تێدەکەن، یەکبێن دەیخۆنەوە) دەی بەردەوام بن (کەنیزەکان بە دەف و سەماوە، بەدەوریان دەسووڕێنەوە هارون و جەعفەریش هەڵدەپەڕن تا ماوەییێک بەردەوام دەبن، گەلێ بە دەنگی بەرز بەس (کەنیزەکان ڕادەچڵەکن، دەوەستن...)

هارون: دەی (بەهەمان شێوە دەف وسەماو هەڵپەڕکێ دەستپێدەکاتەوە تا ماوەییێک بەردەوام دەبن، ئەوجا بە دەنگێکی گەلێ نزم، وەک ئەوەی خۆی بدوێنێ) بەسە بەس... تەواو، حەوسەڵەم نەما

(بەچاو کەنیزەکان تێدەگەیێنێ، دەچنە دەرێ، خۆی و جەعفەر دەمێننەوە، کراسەکە دادەکەنن... دەستی جەعفەر دەگرێ، دەیباتە سەر تەختی خیلافەت بە زۆر لە سەر تەختەکەی دایدەنیشێنێ...)

ئەگەر بۆ ساتێکیش بێ ئەوا ئاواتەکەت وەدی دێنم و لەسەر تەختی خیلافەت دادەنیشێنم ...باوکت لەگەڵ خەیزەرانی دایکما منیان نایە سەر تەخت... ئەوا منیش بۆ چەند دەقیقەیێک لەسەر تەخت دادەنێم...

(بەشێوەییێکی کۆمیدی)

ئەمیری موئمینین... خەلیفەی ئیسلام ئەمر بفەرموون

جەعفەر: گەورەم... نابێ... هەرگیز... ئەمە جێی من نییە

هاڕون: دەبێ دانیشی وەک خەلیفەش ئەمر بکەیت...
(عەبدوڵڵا دێتە ژووری، ئەم دیمەنە دەبینێ بە سەرسوڕمانەوە دەیەوێ قسە بکات. هاڕون نایەڵێ: بە عەبدوڵڵا...) ئادەی کڕنۆش بۆ خەلیفەی ئیسلام ببە.
(عەبدوڵڵا ڕوەو هاڕون دەوەستێ کڕنۆش دەبات)
هاڕون: حەیوان... گوتم. بۆ خەلفەی ئیسلام، بۆ ئەمیری موئمنین
(عەبدوڵڵا بەناچاری ڕوو لە تەختی خیلافەت دەکات و کڕنۆش دەبات)
هاڕون:(بە عەبدوڵڵا) تۆ بۆ دەرەوە...
(کڕنۆش دەبات بۆ جەعفەر) ئەمرکەن گەورەم...
جەعفەر: (بەلێوە لەرزەوە) گەورەم...
هاڕون: (بە تووڕە بوونەوە) دەبێ ئەمر بکەی...
جەعفەر: دەمەوێ، ئەو کەسەی نێوانی من و تۆی تێکداوە، بۆم بانگ کەیت.
هاڕون: زۆرن... زۆر زۆرن...
جەعفەر" ئەوەی مەیسەر دەبێ
هاڕون: ئێستا مەگەر عەبدوڵلات بۆ بانگ کەم
جەعفەر: عەبدوڵڵا، یانی نیواونیوی دوژمنەکانم...
هاڕون: ڕەنگەزیاتریش بێ
جەعفەر: بۆم بانگ کە
هاڕون: ئەمر دەکەی گەورەم...
جەعفەر: بەپەلە...
هاڕون: (دەچێتە دەرێ، عەبدوڵڵا لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ژووری هاڕون کڕنۆش دەبات، عەبدوڵڵاش لاسایی هاڕون دەکات) فەرموون گەورەم...



جەعفەر: (بە عەبدوڵڵا) هەرکەسێ دوژمنایەتی خەلیفە بکات، سزاکەی چییە؟
عەبدوڵڵا: (بە بێ بیرکردنەوە) مەرگە...
جەعفەر: حوکمەکە کەمتر کەوە...
عەبدوڵڵا: چاوەکانی هەڵکۆڵن...
جەعفەر: کەمتری کەوە...
عەبدوڵڵا: هەردوو دەستی ببڕن
جەعفەر: لە مەیش کەمتر... سزایەک بێت دڵۆپە خوێنێکی تیا نەڕژێت...
عەبدوڵڵا: مەگەر ئیهانەی بکەیت
جەعفەر: چۆن
عەبدوڵڵا: جنێوی بدەرێ... تفی لێکە...
جەعفەر: (بەهاڕون) تۆ دەڵێی چی...؟
هاڕون: ئەوەی ئەمیری موئمنین و خەلیفەی ئیسلام پێ چاکە ئەڵبەتە پیرۆزە
جەعفەر: عەبدوڵڵا بخەرە سەر چۆک... با شێوەی کەر وەربگرێ...
هاڕون: (عەبدوڵڵا دەخاتە سەر چۆک، هەردوو دەستیشی لەسەر زەوی دادەنێ)
جەعفەر: سواری ئەو کەرە بە
هاڕون: (سواری پشتی عەبدوڵڵا دەبێ)
جەعفەر: تاوی دە...
هاڕون: (وەک ئەوەی سواری کەر بووبێ تاوی دەدات... سێ چوار جار لەمسەر تەختی خیلافەتەوە بۆ ئەوسەری هۆڵەکەی دەبات)
جەعفەر: بەسە... ڕایگرە... بینێرە دەرێ...
هاڕون: (ڕای دەگرێ لەسەر پشتی دێتەخوارێ، عەبدوڵڵا دەباتە دەرێ)

(هاڕون دێتــە ژوورێ، دەبینێ جــەعــفــەر لەســەر تەخت هاتۆتە خوارێ).

هاڕون: (بە جەعفەر) بچۆرەوە سەر تەخت... ئەمرکەردن خۆشە

جەعفەر: نەخێر ناچمە سەر تەخت... ئەمر کردن خۆش نییە

(هەردووکیان چوار مشقی لە تەنیشت تەختەکەوە دادەنیشن)

هاڕون: ڕۆژگار بەپەلە تێدەپەڕێ... گەلێ هەوراز و نشێوی تێدا بوو هەر جارەو ڕوخسارێکی دەخستە ڕوو، جارێ گەش و پڕ لە بزە جارێکی تر مڕومۆچ... ئەم ڕۆژگارەمان سەیر بوو، جارێک ڕەشەباو لافاو... جارێکی دیش ئارام... ئەرێ بڵێ بزانم چەند منداڵت هەیە؟

جەعفەر: زۆرن.

هاڕون: چەندن؟

جەعفەر: دوانزە.

هاڕون: (قاقا پێدەکەنێ) خۆش بەحاڵت... من ئەوەندە ژنان و کەنیزانم ئاوس کردووە، نازانم ژمارەی مناڵەکانم چەندن تەنانەت ناوی زۆربەیان نازانم... تۆ دڵنیایت دوانزە مناڵت هەیە.

جەعفەر: (بێدەنگە )

هاڕون: باشە ئێستا هەندێ کاری دیم هەیە ... دەبێ جێبەجێیان بکەم ... هەر بەیادی جارانەوە، شەوێکی پڕشەڕاب و ژن و سەما و گۆرانیم بۆ ئامادە کردوویت چەندین کەنیز، ڕۆمی، فارسی، یۆنانی،عەرەبم، بۆ ئامادەکردوویت... بەکورتی شەوێکی شاهەنەم بۆ ئامادە کردوویت... بەهیوام تاشەو دادێت زۆر نەخۆیتەوە(چەپڵە لێدەدات هەمان کەنیزەکان دێنە ژوورێ) جەعفەر بەئێوە دەستێرم... تا شەوێکی سووری بریقەدارم بۆ ئامادە کردووە.

(کەنیزەکان بەچوار دەستە، جەعفەر هەڵدەگرن وەک مناڵ دەیخەنە سەر دەست و دەیبەنە دەرێ)



## دیمەنی دوو

*(بانێژەی قەسرەکەی هاڕون... کاتی خۆر ئاوابوونە هاڕون، زوبەیدە، عەبدوڵڵا...)*

عەبدوڵڵا: (دێتە بانێژەکە، کڕنوش دەبات، گەلێ بەکەیف خۆشییەوە) گەورەم، مووسای بەرمەکی لەگەڵ محەممەدی برای کەوتنە نێو داوەکەوە بە ئاسانی غافڵگیر کران...

هاڕون: مووسا زیرەک بوو چۆن بەئاسانی کەوتە داوەوە

عەبدوڵڵا: قوربان (تەیری زیرەک لەدەنووکەوە پێوە دەبێ)

هاڕون: (نیمچە تووڕەیە) مەبەستت؟

عەبدوڵڵا: بەوردی عەقڵ مووسامان خوێندەوە

هاڕون: بە ڕەوانتر قسەبکە

عەبدوڵڵا: ماوەیێکە بەندە و ڕاوێژکارانم لە هەموو ژیانی مووسا کۆڵاینەوە... بۆمان دەرکەوت کەسێکی ئازایە... جا ئێمەش داوەکەمان بۆ شوێنێکی دیی دانا...

هاڕون: حەیوان ڕوونتر قسە بکە

عەبدوڵڵا: گەورەم گوتم بۆمان دەرکەوت پیاوێکی ئازایە... ئیدی ئێمە حیسابی شێرمان بۆ کرد... ڕوومان لە چنگ وکەڵبەی نەکرد... ڕوومان لە عەقڵەکەی کرد...

هاڕون: (بە تووڕەبوونەوە) گوتم بەڕەوانی قسەبکە، ئەمشەو گەلێ کاری

گرنگم لەبەر دەستدایە لەلایەکەوە وەعدم بەجەعفەری بەرمەکی داوە، جوانترین شەوی بۆ برِازێنمەوە دەمەوێ بەغدا بەشێوەییێکی دی ببینم!! مێشکم بەجوانیش ئیش ناکات... دەمەوێ بێ پێچ و پەنا بە رِەوانی قسەکانت بکەی.

عەبدوڵڵا: ئەڵبەتە جەنابی خەلیفە چاک دەزانی شێر حەیوانە

هارِون: دەتەوێ بڵێیی هەموو ئازاییێک حەیوانە...

عەبدوڵڵا: گەورەم نەک هەموویان

هارِون: ئەی؟

عەبدوڵڵا: زۆربەیان...

هارِون: بەکورتی بۆم باس کە...

عەبدوڵڵا: گەورەم ئێمە یەکسەر رِوومان لە عەقڵەکەی مووسا کرد هەر بەوپیاوەی کە بە خەتی رِەمز کاغەز دەنووسێ بەناوی جەعفەرەوە کاغەزێکمان بۆ نووسی.

هارِون: چیتان بۆ نووسی

عەبدوڵڵا: بەم شێوەیە کاغەزەکەمان بۆ رِازاندەوە لە جەعفەرەوە بۆ مووسا. هارِون گەلێ نەخۆشە پێ دەچێ ژەهر خوارد کرابێ، بە پەلە لەگەڵ محەمەدی برامدا بگەنە بەغدا... هەرچی زووە ئاگاداری فەزڵیش بکەن بگاتە بەغدا... ئەمە یەک دووەم ئەو دوو فەوجەی هارِون لە بەغدا دووری خستنەوە بەنامەییێک هەردوو فەوجەکەم گەرِانەوە بۆ بەغدا پێویستییان بەسەرکردە هەیە... پەلەکەن...

هارِون: چۆن ئەم کاغەزەتان گەیاندە دەستی

عەبدوڵڵا: (بەزەردەخەنەوە) هەر لەرِێی یەکێ لە کەنیزەکانی خۆیەوە... کە لە مێژە لە نێو قەسرەکەی بەغدایدا چاندبووم.

هارِون: چۆن؟



عەبدوڵڵا: هەر لە رِێی یەکێ لە بەرمەکییەکانەوە دەستم گەیشتە ئەو کەنیزە...

هارِون: بەکورتی بۆم باس بکە...

عەبدوڵڵا: هەر کە کاغەزەکە دەگاتە دەستی، لەگەڵ محەمەدی برای و دە کەسێ وەک پاسەوان خۆیان دەگەییێننە دەوروبەری بەغدا، ئێمەش بەدوو سەد سەربازی عەرەبەوە لە پێشوازییاندا بووین... با ئەوەشم لەبیر نەچێ، مووسا بەهەمان خەتی رِەمز کاغەزێک بۆ فەزڵی برای دەنووسێ داوای لێ کردووە بەپەلە بگاتە بەغدا ئێمەیش زۆر بەگەرمییەوە چاوەرِێی دەکەین...

هارِون: دەستخۆش، ئەمە سەرەتای کارەکەم بۆ ئاسانتر دەکات... بچۆ بۆ نهۆمی خوارەوە... جەعفەرم سپاردۆتە دەست دە کەنیزەی هەڵبژاردە... لە کونی دەرگاوە سەیرکە بزانە وەزعی چۆنە، زوو ئاگادارم کەوە... فەزڵی کورِی رِەبیعم بۆ بانگ کە، ئەویش لە خوارێدا چاوەرِێیە...

عەبدوڵڵا: ئەمر دەکەی گەورەم (دەرِوات)

هارِون: (بە زوبەیدە) چەند گۆزە شەرِابت هێناوە...

زوبەیدە: (بەساردییەوە) وەک خۆت گوتت یەک گۆزە...

هارِون: (لە بانێژەکەوە سەیری خۆر ئاوا دەکات) ئەوا هەتاوە سوورەکەیش ون بوو... ئێستا دەبێ بەغدا بەشێوەییێکی دی رِۆشن کەمەوە...

(فەزڵی کورِی رِەبیع دێتە بانێژەکە، کرِنۆش دەبات)

فەزڵ: ئەمر کەن گەورەم

هارِون: (بەخوێنساردییەوە) ئەوا خۆر ئاوا بوو... وەک نەخشەکەم بۆ کێشاویت، برِۆ دەست بەکار بە... بەغدام بەشێوەیەک بۆ رِۆشن دەکەیەوە دەرزییێک لەسەر زەوییەکەدا بەچاو ببینرێ... دەمەوێ لە

هەموو شوێنەکانی بەغدا لە یەک کاتدا دەست بەکاربن...

فەزڵ: ئەمر دەکەن گەورەم... هەموو شتێ ئامادەیە تەنها چاوەڕێی ئەمری ئێوەین...

هارون: بڕۆ کاری خۆت ببینە...

فەزڵ: (کڕنۆش دەبات، پاشەوپاش دەکشێتەوە، لەم کاتەدا عەبدوڵلا دێتە بانێژەکە، وەک ئەوەی مژدەیێکی خۆشی پێ بێ پەلەیەتی، بێ ئاگایانە خۆی دەکێشێتە پاشۆڵی فەزڵ بەپشتا دەکەوێ... زوبەیدە بەم دیمەنە پێدەکەنێ هارونیش لاسایی زوبەیدە دەکاتەوە...)

عەبدوڵلا: (بەزەردەخەنەی مەراییەوە) گەورەم لە نێو دە کەنیزی نیمچە ڕووتدا بەشوەێکی سەیر دەخواتەوە...

هارون: سەیر؟

عەبدوڵلا: بەڵێ گەورەم

هارون: چۆن؟

عەبدوڵلا: هەر جارەو کەنیزێ بانگ دەکات...

هارون: قسەکانت تەواو کە...

عەبدوڵلا: گورەم زوبەیدە خانم لێرەدایە!

هارون: (ئاوڕ لە زوبەیدە دەداتەوە) من نازانم عەبدوڵلا چ دەڵێ... بەڵام دەزانم جەعفەر بەزەوقە ئێستا هەرچییەک دەکات، ئێمەیش ئەمشەو لاسایی دەکەینەوە...

زوبەیدە: (بەتووڕەییەوە) لاسایی مەجوسەکان؟

هارون: بێ ئەمەک مەبە، فێری زەوق و چێژ وەرگرتنی نیعمەتەکانی ژیانیان کردین...

زوبەیدە: ئەو زەندیقانە؟



هارون: (بەتووڕەییەوە) زەندیق... زەندیقی چی...من خۆم نازانم مانای ئەم وشەیە چییە... باوکیشم نەیدەزانی، هەر هەوەندە دەزانم هەر کەسێ دوژمنایەتیمان بکات بەتۆمەتی زەندیق ڕەشە خەڵکەکەی لێ هان دەدەین... ئەوجا لەنێوی دەبەین، هەر هەمان ڕەشەخەڵکەکەیش ئافەرین و دەستخۆشیمان لێ دەکەن...

(بە عەبدوڵلا)

ئادەی بڵێ لە کونی دەرگاکەوە چیت دەبینی... ئێمەیش... من و زوبەیدە ئەمشەو لاسایی دەکەینەوە...

عەبدوڵلا: (بەشەرمەوە) گەورەم... زوبەیدە خان... خانمی خانمان لێرەدایە... شەرم دەکەم...

هارون: (بەتووڕەییەوە) ئەمرت پێ دەکەم...

عەبدوڵلا: (بەترسەوە) شەرم دەکەم...

هارون: (بەزەردەخەنەوە) لە کێ؟

عەبدوڵلا: (بەهەمان ترسەوە) لە خانمی خانمان شەرم دەکەم.

هارون: (قاقا پێدەکەنێ) هیچپووچ ئەی بۆ شەرمت نەدەکرد ڕۆژانە ڕاپۆرتی قەسرەکەی زوبەیدەت بۆ دەخوێندەوە... ئەی بۆ شەرمت نەدەکرد باسی ئەو دەرمانانەت دەکرد، جبریلی پزیشک بۆی دەگرتەوە.

(زوبەیدە ڕەنگی تێک دەچێ بەئاشکرا ئەژنۆکانی دەلەرزێ)

عەبدوڵلا: گەورەم من فەرمانی ئێوە جێبەجێ دەکەم... ئەمرەکانی ئێوە ئەوە بوو کە دار و بەردی هەموو قەسرەکانی زوبەیدەو گەورەپیاوانی دەوڵەتت بۆ بکەم بەچاو و گوێ.

هارون: چاکت کرد... بڵێ بزانم چیت دی...

(زوبەیدە سەری شۆڕ کردووەتەوە، دەیەوێ بڕوات هارون دەستی دەگرێ و بەتوورەیەوە)

مەڕۆ...

(بە عەبدوڵڵا) زوو کە...

عەبدوڵڵا: (دەلەرزی) گەورەم بەدەستی ڕاست گۆزەکەی گرتبوو بەدەستی چەپیش جامەکە...

زوبەیدە (دەقیژێنێ) وس... بێ حەیا

هارون: (بەسەر سوڕمانەوە سەرنجی زوبەیدە دەدات) چ زوو تێگەیشتی... من جارێ تێ نەگەیشتووم چی کردووە...

(بە عەبدوڵڵا)

بەدەستی ڕاست گۆزەکە و بەدەستی چەپیش جامەکە؟

عەبدوڵڵا: بەڵێ گەورەم

هارون: (بە زوبەیدە) تەواوی کە... چی دەکات

زوبەیدە (ڕەنگی لەڕوودا نەماوە) نازانم...

هارون: ئەی بۆ قیژاندت؟

زوبەیدە: حەزم لەوە نییە قسەی بێ ناموسانە ببیستم!

هارون: (بە عەبدوڵڵا) تۆ دەڵێی چی؟ ڕاستە زوبەیدە حەزی لەم قسانە نییە؟

عەبدوڵڵا: (دەلەرزێتەوە) گەورەم

هارون: (دەنەڕێنێتە سەری) جوابم دەوێ

عەبدوڵڵا: (زمانی تێکئالاوە) زوبەیدە خانم... حەزی... لە ... (قسەکەی تەواو ناکات)

هارون: دەڵێی ڕاپۆرتەکانت لەبیر چۆتەوە...

عەبدوڵڵا: گەورەم



هارون: یا، خۆت، شتت بۆ هەڵبەستووە؟

عەبدوڵڵا: گەورەم، خەتەکان دیارن... خەتی من نین هی خەفیە نووسەکانن...

هارون: دەی بڵێ بزانم، جەعفەر چی دەکرد...

عەبدوڵڵا: لوولەی گۆزەی شەرابەکەی بەدەستی ڕاستی خستبووە نێوان هەردوو مەمکی کەنیزێ، شەرابی پیادەکرد، بەسنگ وسکیا، شەرابەکە دادەچۆڕا دەستی چەپیشی بە جامەکەوە بوو، بستێ لە خوار ناوکی ڕایگرتبوو، کە جامەکە پڕ دەبوو... یەکبین هەڵی دەدا و دەیگوت

زوبەیدە: (دەقیژێنێ) بێ حورمەت

هارون: (بە زەردەخەنەوە زۆر بە هێمنییەوە) چی دەگوت؟

عەبدوڵڵا: گەورەم کفری دەکرد

زوبەیدە: (بە ترسەوە) ئەو بەرمەکییانە... بێ حەیا... بێ ناموسن.

هارون: (بە پێکەنینەوە) نەمگوت بە زەوقن

(لەم کاتەدا لەهەر چوار لای بەغدا ئاگر بەرز دەبێتەوە) ئەمری من بەغدای ڕۆشن کردەوە.

بە(عەبدوڵڵا) تۆ بڕۆ لە کونی دەرگاکە سەیرکە بزانە جەعفەر چی دەکات.

(عەبدوڵڵا کڕنۆش دەبات و پاشەو پاش دەکشێتەوە)

هارون: (شێت ئاسا سەیری هەر چوار دەوری خۆی دەکات) زوبەیدە... زوبەیدە... سەیرکە... بەغدا چەند سوورە

زوبەیدە (دەستی ئۆخەی بەسەر سنگی خۆیا دەهێنێ) بەر لەئێستا ئەم تەنوورت داخستبا.

هاڕون: هەمـوو شـتێ لە کـاتی خـۆی... ڕازپۆشین کـاتی خـۆی هەیە، ڕاز دركاندنیش کاتی خۆی هەیە.

زوبەیدە: (دەشڵەژێ)

هاڕون: (دەست بۆ لای ڕاست درێژ دەکات) سەیری ئەو ئاگرە سوورە کە ...ئەو قەسرەکەی جەعفەری بەرمەکییە، کە شەوانە، بەچوار هەزار مۆم ژوورەکانی ڕۆشن دەکردەوە... بەوردی سەیرکە ئەوا ئاگرەکە گەیشتە باغەکەی... ئەوا گەیشتە، تەویلەکەی کە چوار سەد ئەسپی ڕەسەنی تیا بەخێو دەکرد... سەیرکە گوێ شل کە... حیلەی ئەسپە زەندەق چووەکان ببیستە.

(سەیری لای چەپی دەکات)

زوبەیدە... سەیری... ئەو ئاگرە بێ ئامانەش ئاگری قەسرەکەی فەزڵی برای جەعفەرە... بە فەزڵی کوڕی ڕەبیعەم گوتووە، لە هەزارو دوو سەد کەسی بەرمەکی، تەنها یەحیا و فەزڵ و ژنەکەی یەحیا بەزیندویەتی بهێڵێتەوە

(زوبەیدە وەک منداڵ هەڵبەز و دابەز دەکات و پێدەکەنێ)

زوبەیدە: خۆزیا پێت دەگوت، ئەو پیرە کەرەش بکوژی... ئەو سەری مارەکەیە.

هاڕون: دەزانم سەری مارەکەیە... دەمەوێ لە زیندانی نێم ڕۆژی دە جار مردن بە چاوی خۆی ببینێ

زوبەیدە: ئەوەتا دەسووتێن... خانوویان، سامانیان دەسەڵاتیان... ئەوەتا ئێرانییەکان دەبن بە خۆڵەمێش...(بە دەنگی نزم) ئای بۆ ئەو ڕۆژەیش ئەو قەحپە زادەیە ببینم... وەک ئەمان، بە دەستی ئەمینی کوڕم ئەوها دۆزەخێکیان بۆ داگرسێنێ...

هاڕون: (لادەکاتە لاوە) ئەوە چیت گوت؟



زوبەیدە: خۆزیام بۆ ئەو ڕۆژە دەخواست، غەیرە عەرەب بەدەستی ئەمینی جێنشینت تووشی هەمان چارەنووس بن.

هاڕون: (شێتانە بە دەوری زوبەیدەدا دەسووڕێتەوە)

بڕیارم داوە تەنها سیانیان... تەنها سیانیان بە زیندوویەتی بهێنێننەوە...ئەوانی دی بە بڕیاری هاڕون هاڕون ئەلڕەشید لەنێو دۆزەخی ئەم دونیایەدا بسووتێنم...(سەیری لای باکور دەکات)

زوبەیدە... ئەوە قەسرەکەی مووسایە... سەیری باشور کە... قەسرەکەی محەمەدی برای مووسا... چۆن دەسووتێ سەیری

ناو جەرگەی بەغدا کە هەموو خانوو بەروی بەرمەکییەکانە...

زوبەیدە... زوبەیدە سەیری دەسەڵاتی هاڕون کە... لەم دنیایەدا چ دۆزەخێکی داگیرساندووە... شەڕاب شەڕاب شەڕابم دەیێ... هەمان ئەم ئاگرەی بەغدا لە ناخمدا بەرز بۆتەوە...شەڕابم دەیێ تا زیاتر ئاگرەکەی ناخم بگەشێتەوە...

(گۆزەکە و جامە زێڕینەکە لەدەستی زوبەیدە وەردەگرێ، لەبانیژەکەوە جامەکە هەڵدەداتە خوارێ.)

(سەربەرز دەکاتەوە دەم بەلولەی گۆزەکەوە دەنێ.)

هاڕون: زوبەیدە، قەت بەغدات بەم جوانییەوە بینیوە؟

زوبەیدە: (بەئەسپای) هێشتا مەئمون...

هاڕون: «بەدەنگی بەرز» چیت گوت؟!

زوبەیدە: (خۆی لە پرسیارەکە دەدزێتەوە، بەدەست ئیشارەت بۆ باشووری بەغدا دەکات) سەیری ئەو گڕە سوورە بەرزە بکە ئەوە قەسری کامیانە؟!

هاڕون (دەست دەخاتە بەر چاوی، بە جوانی سەیر دەکات) ئەوە یەک قەسر

نیــیــه... ئەو دوانزە دانەی نزیک بەیەکن... جـوان دیقـەتی دەیێ... سەیرکە ... سەیر...

زوبەیدە: ئەوە هەمـوو بەغـدا سـوور هەڵگەڕا ئا ئەوەندە قـەسـر و باغ و سامانیان هەبووە، وائێمە نەمان دەزانی؟!

هارون: بڕیارم داوە، کـاروانسـەراکـانیـان... باغ قـەسـر... هەمـوو ...هەمـوو...(دەسـتی زوبەیدە دەگـرێ) بخـۆرەوە... وەک ئەم گـڕە سوورانە. سەمای سوور سەمای شێتانەم بۆ بکە سەیری ئەم گڕەی لای باکـور بکە دووسـەد گـەز زیاتر بەرز بۆتەوە...(بەدەنگی بەرز) ئاگـری سـوور... سـەوز وشک، دارو بەرد هەرچی زیروحیـان هەیە ڕایـماڵە(بە زوبەیدە) دەمت بکەوە...

زوبەیدە: قەد شەڕابم نەخواردۆتەوە

هارون: (پێدەکەنێ)وابێ خەفیە نووسەکانی عەبدوڵڵا درۆ دەکەن!

زوبەیدە: قەد شەڕابم نەخواردۆتەوە

هارون: دەترسم درۆیێکی دیش بکەیت... بڵێیت لە تۆ زیاتر چ پیـاوێکی دیم نەناسیوە.

زوبەیدە: (بەتووڕەییەوە) هارون... دەمت داخە

هارون: (بە پێکەنینەوە) زوبەیدە دەمت بکەوە

زوبەیدە: گوتم دەمت داخە

هارون: دەڵێم دەمت بکەوە

زوبەیدە: (بەترسـەوە دەمی دادەچەقـێنێ، هارون بە لەتردانەوە بەدەوری زوبەیدەدا دەسوڕێتەوە، لوولەی گۆزەی شەڕابەکە دەخاتە نێو دەمی زوبەیدە، چەند قـەترە شـەڕابێک دەخـاتە نێـو دەمـیـەوە، لـوولەی گـۆزەکـە دەردەکـات... سێ چوار جـار، ئەم کـارە دووبارە دەکـاتەوە... ئەو جا خۆی بێن بە شەڕابە کەوە دەنێ،)



هارون: هەرگیز بەغدام بەو جوانییە نەبینیوە... سەیرکە چەند جوانە... کە عـەبدوڵڵا شـەرمی لەتۆ دەکـرد... گـۆناکـانت سـوور هەڵگەڕانەوە... ئێـستا بەغدا لە گـۆنا شـەرم داگـرتووەکانی تۆ دەچێ... پاش چەند ڕۆژێکی دی، ڕەنگی بەغـدا بەڕەنگی گـۆنا شـەرم داگـرتووەکـانی عەبدوڵڵا دەچوێنم... عەبدوڵڵا کە دەیگوت شـەرم دەکەم ، زوبەیدە خانم لێرەیە... ڕەنگی ڕوخساری بەڕەنگی خۆڵەمێش دەچوو... ئای بەغدا پایتەختی ئیسـلام، دوو ڕەنگی سەیرت لەخـۆگرت، ڕەنگی ڕاپۆرت نووسێ و ڕەنگی ڕاپۆرت لەسەر نووسراوێ...

زوبەیدە: (دەلەرزێتەوە) ها... ها...

هارون: ناحەقت نەبوو تۆیش ئینسانی!

(لەم کاتەدا عەبدوڵڵا دێتە سەرێ و نزیکی بانێژەکە دەبێتەوە)

عەبدوڵڵا: گەورەم

هارون: (قسەکەی پێ دەبڕێ) هەر خەریکی کفرە

عەبدوڵڵا: لەکفر ئەولاتریش!!

هارون: (بە عـەبدوڵڵا) تۆ بڕۆ ڕاپۆرت لە سـەر ئەم شـەوە سـوورەی زوبەیدە ئامادە بکە.

(بە زوبەیدە)

هەڵسـە ئێـمـەش بچینە نێـو نوێن و لاسایی جەعـفـەر بکـەینەوە... شەڕابەکەمان تەهوڕترکەین.

## دیمەنی سێ

(بەرە بەیانە:
جەعفەر لە نێو کەنیزەکاندا خەوتووە. مەسرور بەتوندی لە دەرگا دەدات)

مەسرور: جەعفەر... جەعفەری بەرمەکی... هەڵسە زووو لەگەڵ ئێمەدا وەرە.

جەعفەر: (لەودیو دەرگاکەوە) باشە... بۆ وا تووڕەی... دەڵێی نامناسیتەوە.

(دەرگاکە دەکرێتەوە، جەعفەر دێتە دەرێ)

مەسرور: من خائین و بێ شەرەف ناناسم...

جەعفەر: (دەبینێ جگە لە مەسرور دە دوانزە سەربازی پڕ چەک دیارن... دەست دەخەنە سەر شانەکانی مەسرور)
مەسرور ئەوەندە تووڕەو و توند تەبیعەت مەبە... من ئەم قسانەت بەنەگوتراو دەژمێرم... مەسرور ئازیز بۆ لێم تووڕەی...

مەسرور: (بەتوندی، دەست بەسنگی جەعفەرەوە دەنێ) من ئازیزی، خائین و بێ شەرەف و بێ ناموسان نیم وا دەیانەوێ دژ بە خەلیفەی خوا کودەتا بکەن... زووکە دەی، لەگەڵما وەرە.

جەعفەر: چاکە ئەوا من لەگەڵ تۆدا دێم بۆلای ئەمیری موئمنین

مەسرورو (بەبێ ئەهەمییەتەوە) تازە درەنگە، ئەو نایەوێ تۆ ببینێ

جەعفەر: (بە ترسەوە) مەبەستت چییە؟

مەسرور: (بە زەردەخەنەی تەوسئامێزەوە) عەجیب



تۆ پیاوێکی بەفەراسەت ناوبانگت دەرکردووە... کەچی ئێستا هەند گەوج و ئەحمەقی... ئەمرم پێیە سەرت بپەڕێنم...

جەعفەر: (لەرز دایگرتووە) تۆ لێت تێکچووە... هەرگیز ئەمیری موئمنین ئەم جۆرە بڕیارە نادات... چ عەقڵێ دەیبڕێ، خەلیفە، هارون، هارونی برام بڕیار بدات لە گەردنی جەعفەری بەرمەکی بدەن...

(کیسەییێک پارە لە گیرفانی دەردێنێ)

ئەم کیسەیە پێنچ سەد لیرەی زێڕی تێدایە... ها... دیاری منە بۆ تۆ...

(مەسرور لێی وەردەگرێ)

وەرە منێش ببە بۆ لای ئەمیری موئمنین... تا بۆتی بسەلمێنم کە، تۆ بە هەڵەدا چوویت.

مەسرور (کیسە زێڕەکە دەخاتە گیرفانی) زێڕە پیسەکانی تۆ بەکەڵکی من نایەت...

جەعفەر: دە ئەوەندەی دیت دەدەمێ

مەسرور: هیچت نەماوە... هیچتان نەماوە هەموو شتێکتان بوونەتە خۆڵەمێش ...
ئەمشەو ژنەکەی یەحیای باوکت کە چوار سەد کەنیزی هەبوو، لەسەر شۆستەکانی بەغدا خەوت، هیچ کەسێ دەرگای بۆ نەکردنەوە.

جەعفەر : (دەلەرزێ) چی؟

مەسرور: (بە تووڕەییەوە) پێشم کەوە!

جەعفەر: (دەست بەگریان دەکات و دەپاڕێتەوە) لێگەڕێ با خەلیفە ببینم.

مەسرور: ئەو نایەوێ بتبینێ.

جەعفەر: (بە پاڕانەوەوە) دە خۆت بچۆ بیبینە، دڵنیام لەکاتی مەستیدا ئەم بڕیارەی داوە.

مەسرور: پێویست ناکات، زۆر بڵێیت...

جەعفەر: دڵنیام تۆ نابەخشێ پێت دەڵێ بۆ پرست پێ نەکردمەوە...

مەسرور: (هەندێ بێدەنگە، لە پەیژەکانەوە دەچێتە سەرێ پاش هەندێ دێتەوە خوارێ) لەبەر خاتری جەنابت خەلیفە پێی گوتم: دایک قەحپەی حەرامزادە... دەبێ شەفاعەت بۆ خائین و بێ شەڕەف نەکرێ.

جەعفەر: (بەگریان و پاڕانەوە دەکەوێتە سەر پێڵاوەکانی مەسرور) دەمەوێ تەنها ئەوەی لێ بپرسی، چ خیانەتێکم کردووە.

مەسرور: (دەچێتە پەنا گوێی جەعفەر و بەئاستەم دەچپێنێتە گوێیەوە) عەباسە... ئا... ئەمشەو عەباسەم گەیاندە لای حەسەن و حوسێن ئەوا ئێستایش تۆ دەگەیەنمە لای عەباسە...

جەعفەر: (دەسبەرداری گریان و پاڕانەوە دەبێ، بەدەنگی بەرز هاوار دەکات و دەکەوێتە سەر زەوی زووکە... بمکوژە... نەفرەت لەتۆو لە خەلیفەی حوشتر لەوەڕێن (حوشترلەوەڕێن)

مەسرور: خائین بێ دەنگبە... با گوێی لێ نەبێ ... گەر ئەم جنێوانەت بژنەوێ زیندە بەچاڵت دەکات.

جەعفەر: گوتم پەلەکە.

مەسرور: (جەعفەر پەلەکێش دەکات، دەیباتە پشتی پەردەیەکەوە) بۆ ئەوەی ئازارت زۆر نەبێ گەردنت بەرزکەوە...

جەعفەر: گوتم پەلەکە.

مەسرور: شمشێرەکەی دەوەشێنێ... خوێن بەژێر پەردەکەدا ڕێچکە دەبەستێ...



## دیمەنی چوار

*(هەمان دیمەنی یەکەمی بەشی یەک هاڕونی یەک لەناو تابووتدایە و هاڕونی دوو ڕادەکێشێ لە هەمان بیاباندان هاڕونی یەک لەناو تابووتەکەوە)*

پێم گوتی، خۆت ماندوومەکە. بستە زەوێک نادۆزیتەوە، لەگۆڕم نێی... من نەمردووم و نامرم...

هاڕونی دوو: (تابووتەکە لەسەر شانی خۆی دادەگرێ) دەزانم بستە خاکێ نادۆزمەوە قایل بێت و بتگرێتە خۆی.

هاڕونی یەک: پێم خۆشە وا گەیشتوویتە ئەم قەناعەتە.

هاڕونی دوو: قەناعەتی هەردووکمانە...

هاڕونی یەک: هەر جمکەکەی جاران نین!!

هاڕونی دوو: بلێ هەر جمکەکەی بەر لەدایکبوونمانین هەموو شتەکانی تۆ دەزانم... تەنها  شتێ نەبێ دەمەوێ بزانم، لە شەوی قەتل و عامەکە پەشیمان نیت.

هاڕونی یەک: (لەناو تابوتەکەوە پێدەکەنێ) نەخێر... یەحیا و فەزڵم بەزیندوویەتی هێشتەوە یەحیا دەست وپێی بەزنجیرەوە بوو، پاش سێ ساڵ زیندانی مرد.
فەزڵیش پاش هەشت ساڵ زیندانی لەژێر جەڵدەدا مرد.
سبەینێی ئەو شەوە لە بەرچاوی خۆمدا حەوت سەد سەریان لە جەستە جیاکردەوە.

هارونی دوو: پەشیمان نەبوویتەوە...
هارونی یەک: نەخێر... تەنانەت هەر شاعیرێ شیعری بۆ نووسیبان... دەگیرا ئیعدام دەکرا.
هارونی دوو: من و تۆ جمک بووین
هارونی یەک: بەڵێ
هارونی دوو: من ماندووم... دەمەوێ لەیەکدی جیاببینەوە
هارونی یەک: لە یەکدی جیاببینەوە؟! ئەمەیان نە بەدەستی تۆیە و نە بە ئیرادەی منە... قەدەری من و تۆیە، من هەرچییەک بکەم تۆ ببی بەشاهید... هەرچییەکی دیش بکەم تۆببی بەهاندەری من...
لە کۆتاییشدا تۆ لەباتی من پەشیمان ببیەوە تۆ لەباتی من خۆت بخۆیتەوە...
هارونی دوو: وانییە... لەم چۆڵەوانییە بە جێت دێڵم.
هارونی یەک: چۆ ڵەوانی نییە
هارونی دوو: کەس نابینم
هارونی یەک: چاک سەیری خوارێ بکە... سەیری ئەو خەڵکە بکە. دانیشتوون و سەیری سەرگوزەشتەی ئێمە دەکەن
هارونی دوو: کەس نابینم
هارونی یەک: جوان دیقەتیان بدە...
هارونی دوو: تاریکە... تەنها هەست بە جووڵەیان دەکەم ... سیما و ڕوخساریان نابینم.
هارون یەک: من چل و چەند ساڵێک بوومە گۆڕستانێکی گەڕۆکی تۆ... تۆیش چل ڕۆژە بوویتە گۆڕستانی گەڕۆکی من... هارونی دوو: ڕاستە
هارونی یەک: تۆ گۆڕت بۆ من نەدۆزییەوە



هارونی دوو: بەڵێ
هارونی یەک: ئەوا من گۆڕی خۆم دۆزییەوە.
هارونی دوو: یانی پارچە زەوییەکت دۆزیوەتەوە قایل بێت بتگرێتە خۆی.
هارونی یەک:نەء...
هارونی دوو: ئەی چۆن دەڵێی گۆڕی خۆم دۆزییەوە.
هارونی یەک: وابزانم ئێستا تاریکییەکە، هەندێ ڕەویوەتەوە
هارونی دوو: بەڵێ
هارونی یەک: دە چاک سەیرکە... ئەو دانیشتوانە دەبینی وا سەیرمان دەکەن...
هارونی دوو:(بەحەپەسانەوە سەیری دانیشتوانی شانۆ دەکات. لە نێو تابووتەکەی هارونی یەکەوە هەڵمێکی سوور بەرز دەبێتەوە بەرەو ناو هۆڵی بینەران پەرش دەبێتەوە لەگەڵ پەرش بوونەوەی هەڵمە سوورەکە لەناو تابووتی هارونی یەکەوە ئەم دەنگە بەرز دەبێتەوە)
ئەوە من گۆڕی خۆم دۆزییەوە...
ئەوەتا لەگەڵ هەناسەدا هەڵدەمژرێم.
ئەوا چوومە نێو ناخیانەوە... ڕەوا داگیرم کردن ئێستا هەموویانم
هەموویان هارونن
هارون نەمردووە
نامرێ... تا ئینسانێ بمێنێ... هارون زیندووە هارون نامرێ.